کتێبخانەی (PDF)

SAYA

پڕفرۆشترین کتێب لە لیستی ئەمازۆن و نیویورک تایمز

ڕیچارد تێمپلار

# یاساکانی بیرکردنەوە

وەرگێڕانی: زۆزگ ئومێد

THE RULES OF THINKING

RICHARD TEMPLAR

# پێڕست


بەشی یەکەم

**خۆت بیربکەرەوە** ........................................ ١١

بەشی دووەم

**بیرکردنەوەی نوشتۆک** ........................................ ٣٢

بەشی سێیەم

**بیرکردنەوەی تەندروست** ........................................ ٦٨

بەشی چوارەم

**بیرکردنەوەی ڕێکخراو** ........................................ ١١٦

بەشی پێنجەم

**بیرکردنەوەی داهێنەرانە** ........................................ ١٣٩

بەشی شەشەم

**چارەسەرکردنی کێشە** ........................................ ١٧١

بەشی حەوتەم

**بیرکردنەوەی بەکۆمەڵ** ........................................ ٢٠٦

بەشی هەشتەم

**بڕیاردان** ........................................ ٢٣٧

بەشی نۆیەم

**بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە** ........................................ ٢٨٥




CamScanner الممسوحة ضوئيا بـ

# ناساندن

دیکارتی فەیلەسوفی فەرەنسی لە ووتە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت " من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم " بۆیە ئەوکاتە بەتەواوی هەست بەبوونی خۆت دەکەیت کە خاوەنی تواناگەلێك بیت بۆ پرسیارکردن لەبارەی ژیان و بوونی خۆتەوە. هەرچەندە ئەم ووتەیە زۆرتر بەلای فەلسەفەدا دەڕوات، بەڵام ئەو ڕاستیە دەخاتەڕوو کە بیرکردنەوە ڕەگی بوونمانە و گرنگترین کارە ئەنجامی بدەین.

کەواتە چەند بە ڕوونی و چالاکی و یەکگرتوویی بیر بکەینەوە، هێندە باشتر و چاکتر دەتوانین بژین. سەرکەوتن و بەختەوەری لە ڕێژنەی بیرکردنەوە ئەرێنیەکانمانەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەگەر هەمیشە بیرۆکەکانی مێشکمان بە نارێك بزانین و هەردەم هەوڵ و کۆششمان بۆ بەرەوپێش بردنیان بێت. بیرکردنەوەکانی ئێمە کاریگەری لەسەر هەستەکانمان هەیە، بۆیە گرنگترین کار ئەوەیە کە ئەم بناغەیە بە ڕاستی و دروستی بنیات بنێین. جارێك بە باشی بیربکەرەوە، دواتر دەتوانیت تەواوی بناغەی ژیانت لەسەر ئەو بیرکردنەوە ڕاستە دابنێیت.

ئەم کتێبە بریتی نییە لە چەند ستراتیجی و زانیاریەك تا لەرێیەوە بیربکەیتەوە. لە جێگای دی کتێبگەلێکی زۆر هەن کە دەکرێت بەسوودتر بن، بەڵام ئەو تەکنیکەی لێرە هەیە دەستخستنی لە شوێنێکی تر ئەستەمە. ئەم کتێبە لەوەدا جیاوازە کە لەبارەی ژیری مێشك و ڕێگاکانی



CamScanner الممسوحة ضوئيا بـ

بیرکردنـەوەوە دەدوێت. لـەبارەی تێگەشتن لـە پرسیاری " مـن بـۆ بـیر دەکەمـەوە ؟ " و بـەکارهێنانی ئـەم بیرتیژیەیـە بـۆ بـرەودان بـە شـێوازی بیرکردنەوەت. هەر وەکو ئەم قسە باوەی کە دەڵێت " کاتێـک بیرۆکەیـەک دەدەیـت بـە کەسـێك، ئـەوا بەشـی یـەك ڕۆژی دەكـات، کاتێـك خـودی بیرکردنەوە فێری کەسێك دەکەیت، ئـەوا بـۆ هـەموو ژیانی بەسیەتی"، منیش دەمەوێت سەرگوزەری ژیانێکی پڕ ئـەزموون و تێبینیتـان لـەبارەی جۆرەکانی بیرکردنەوەوە بۆ بگێڕمەوە کە لەو باوەڕدام سوودێکی ئێجگـار زۆری دەبێـت بۆتـان و بـە خووگـەلێکتان بناسـێنم کـە مێشکتان دەباتـە ئاستی مێشکە گەورە و ناوازەکانەوە، دەتکات بە کەسێك کـە لـە ڕێگـەی یاسا و ڕێساوە بیربکەیتەوە.

خوو لـە هـەموو شتێك گرنگترە. ئێمـە هـەموو ژیانمـان لـە بیرکردنـەوەدا بەسەردەبەین و ناشزانین چۆن بیربکەینـەوە و بـە چ شـێوەیەك كـۆنترۆڵی بکـەین، کەمتەرخـەم و تەمبـەڵ دەبـین بـەبێ ئـەوەی خۆمـان هەسـتی پێبکـەین. کاتێـك لـە تاقیکردنـەوەی لێخـوڕینی ئۆتۆمۆبێلـدایت هـەموو شتەکان ڕێك وەکو ئەوەی پێشتر فێربوویت بـەکاریان دەهێنیـت، بـە پێـی یاسا کاردەکەیت، بـەڵام دوای چـەند ساڵێك لـە دەستخستنی مۆڵەتەکـەت دەست لە سووکانی ئۆتۆمۆبێلەکـەت بـەردەدەیت و پێـت بـە ئەسـتەم لـە کلاجەکە دەدەیت و ..... ئیتر بـیر ناکەیتـەوە. شـتێکی باشـە کـە ئێستا دەتوانیـت ئەوەنـدە ئـەنجام بـدەیت و سـووکانەکە بـە شـێوەیەکی هەڕەمەکی با بدەیت، بەڵام لـە هەمانکاتـدا خاڵـە سـەرەکی و گرنگـەکانت لەبیرچووەتەوە بەبێ ئەوەی خۆشت هەستی پێبکەیت.



CamScanner الممسوحة ضوئيا بـ

لەوانەیە لە منداڵیدا هەندێك بیركردنەوە و شێوازی بیركردنەوەی باش و بەسوود فێربووبین، بەڵام دەبێت بە فیلتەری بیركردنەوەی ئێستاماندا تێبپەڕن و كۆنترۆڵیان بكەین. دەتوانین كارامەیی و خووی نوێ فێرببین و كۆنەكانیش لە تۆز و خۆڵ پاكبكەینەوە و خراپەكانیش لە ژیانماندا بكەینە دەرەوە. توێژەرەوەكان گەشتوونەتە ئەو ڕاستیەی كە جێگیربوونی خوویەكی نوێ پێویستی بە ٦٦ ڕۆژە. تەنها دوو مانگ بەسە. توێژینەوەیەكی گونجاو و بێ سەرباس و بەرنامەی كار بوو، بۆیە پێویست ناكات گومانمان بو دروستبێت لەبارەی ئەو ئامارە و زانیاریەی داویەتی بەدەستەوە، لەهەمان كاتیشدا توێژینەوەیەكی ئاساییبوو و بەپێی پێویستیش ئاماژەی بە خۆشی و بەسوودی و كاتی خووە نوێكە و ئەو كلیلانەی نەكردبوو كە پێویستن بۆ دروستكردنی جیاوازی. بەلام هێشتا شتێكی بۆ ڕوون كردووینەتەوە، ئەو شتەش بریتیە لەوەی كە دەتوانین ژیرانەتر بیربكەینەوە ئەگەر بتوانین بۆ ماوەی دوو مانگ كار بە كتێبی یاساكان بكەین ( لە كۆتایی كتێبەكەدا بەشێك هەیە كە زیاتر یارمەتیت دەدات لە چۆنیەتی ئەنجامدانی ). هەر كە دەستت پێكرد یەكسەر جیاوازیەكە لەخۆتدا بەدی دەكەیت، لەوانەیە لە ٦٦ ڕۆژیش كەمترت پێ بچێت، كەواتە لە ئێستاوە دەتوانیت خوویەكی نوێ فێرببیت.

زانیاریەكان هەر ئاوا لە مێشكی ناخودئاگادا نامێننەوە، بەڵكو لەبەر ئەوەی كتێبی یاساكانی بیركردنەوە دەخوێنیتەوە بۆت دەردەكەوێت كە نۆربەی یاساكان لە پرۆسە خودئاگاییەكانی مێشكتدا بەكاردێت. زۆربەی ئەو بیركردنەوە خراپ و نەرێنیانەی بۆمان دروست دەبێت، دەرئەنجامی

ئەو ڕاستیەیە کە ئاگادار نین لەوەی مێشکمان چۆن کار دەکات. کەواتە دەبێت فێربین چۆن مێشکمان زیاتر کۆنترۆڵ بکەین و بە ڕێگە ڕاستەکەدا ببەین. کە ئەم شێوازە بیرکردنەوەیەت کرد بە خووی خۆت، ئەوا بیرکردنەوە هێندە کاتت بەفیڕۆ نادات. زۆربەی جار هەوڵ و کۆششێکی زۆر دەدەن – هەرچەندە دەشزانین کە بە باشی و ئەرێنی بیرناکەینەوە– بۆیە لەوانەیە ئەم جۆرە بیرکردنەوە نوێیە بەهەمان قەبارەی بیرکردنەوە کۆنەکانت کاتت لێبگرێت. شتێکی تر، بوون بە کەسێك کە بە یاسا بیردەکاتەوە مانای ئەوە نییە کە هیچ کاتێك پشوو نەدەیت و نەتوانیت لە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنیدا قسە بکەیت. لەبەر ئەوە دەبێت پشوو بە مێشکت بدەیت بەهەمان شێوەی پشوودان بە جەستەت.

کۆنترۆڵکردنی بیرکردنەوەکانت بریتیە لە پرسیارکردن لە خودی خۆت و تێبینیکردنی چۆنیەتی کارکردنی مێشکت، چونکە مێشك بیرۆکەت – بە باش و خراپەوە – پێدەدات، بۆیە دەبێت ئاگاداری بیت. بۆ نموونە ئەگەر خۆت و هاوڕێیەکت لەسەر شۆردنی قاپەکان دەمەقاڵێتانبوو، ئەوە دەتوانن هەردووکتان پێکەوە بیشۆن بەبێ گوێدانە ئەوەی سەرەی کێیە. ئەو کەسەی بە یاسا بیردەکاتەوە دەپرسێت " باشە بۆ ئەم دەمەقاڵەیەمان کرد ؟ ئەمە چییە ڕوودەدات " دەمەقاڵە و هەڵپرژان لەسەر قاپشۆردنێك شتێکی بێ مانایە و هێندە ناهێنێت. ئەوان وا هەست دەکەن کە بەپێی پێویست گرنگیان پێ نەدراوە و وەلا نراون، وا هەست دەکەن کە کەسانی دی سوودیان لە دڵساف ئەمان وەرگرتووە. لەکاتێکدا سەرقاڵی ئەم بیرکردنەوانەیت دەبینی قاپ شوشتنەکە کۆتایی پێهاتووە



CamScanner الممسوحة ضوئيا بـ

و تۆش کێشەکەت دیارینەکردووە. ڕاستە هەردووکتان پێکەوە شۆردتان، بەڵام بەهۆی دیارینەکردنی کێشەکەوە جارێکی دیکە دەمەقاڵەکەتان لەسەر قاپ شوشتنێك دەستپێدەکاتەوە.

هەندێ شێوازی بیرکردنەوەی ژیرانە واتلێدەکەن هەست بە دڵخۆشی و گونجانێکی زیاتر بکەیت، و لە هەمانکاتدا ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوەی هەست بە یارمەتی و دەستیاری کەسانی دی بۆ بڕیاردانێکی باشتر و کارکردنێکی چالاکتر بکەیت. یاساکانی بیرکردنەوە پەرە بە توانای داهێنان، کارامەیی چارەسەرکردنی کێشە، توانای شیکردنەوەی حاڵەتەکان، هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتنێکی ژیرانە دەدات. بیرکردنەوەی ئەرێنی کاریگەریەکی بەرچاوی لەسەر هەموو بەشەکانی ژیانت دەبێت، کارگەریەکانی لەشوێنکار و ماڵ و لە پەیوەندیەکانتدا دەردەکەوێت.

ئەم کتێبە بەشێوەیەکی گشتی و تا ڕادەیەك باسی چۆنیەتی بیرکردنەوە ناکات. بەڵکو زۆربەی یاساکان بۆ لابردنی ئەو ڕێگر و پوش و پەڵاشانەیە کە لە کاتی بیرکردنەوەدا دێنە مەیدان و لەمپەر لەپێش بیرکردنەوە ڕوون و باشەکاندا دروست دەکەن. ناواخنی کتێبەکە باس لە خۆبەدوورگرتن لە حەزە کەسێتیەکان و گومانی باش و خراپ بەرامبەر ئەوانی دی و چاڵەکانی کاتی بیردنەوە دەکات. گەر یەکجار بەم کارانە هەستایت، دواتر شێوازەکانی بیرکردنەوە لات ڕوون و ئاسانتر دەبن.

ناچێتە مێشکەوە گەر بڵێین تەنها ١٠٠ یاسای بیرکردنەوە هەیە. بەڵام ئەم ١٠٠ کلیلە زۆر زیاترن لەو پێویستیەکانت زیاترن و دەتوانیت بە چەند یاسایەکی کەم گۆڕانکاریەکی بەرچاو لەخۆتدا بەدی بکەیت. کاتێك کۆنترۆڵی ئەم یاسانەت کرد، زیاتر و باشتر تێبینی شتەکان لە خۆتدا

المسوحة ضوئيا بـ CamScanner

دەکەیت و چاکتر لەخۆت تێدەگەیت. تکایە ئەگەر حەزتان لێیە دەتوانن یاسا و بیر و بۆچوونی خۆتان لە پەیجی فەیسبووکەکەم بڵاوبکەنەوە و دەستگیرۆیی کەسانی دی بکەن تا ببن بە بیرکەرەوەیەکی باش.

ریچارد تێمپلار

www.facebook.com/richardtemplar



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

بەشی یەکەم

# خۆت بیربکەرەوە

ئەگەر بتەوێت ببیت بە بیرکەرەوەیەکی سەرکەوتوو، دەبێت خۆت هەوڵبدەیت و کۆشش بکەیت. دەبێت خۆت بیربکەیتەوە. نابێت ڕێگە بە هیچ کەسێك بدەیت لەجیاتی تۆ بیربکاتەوە. لەوانەیە هەستت پێ نەکردبێت، بەڵام زۆر سەرت دەسوڕمێت لەوەی ئێمە چەند زۆر بە ئاسانی بیرکردنەوەکانی کەسانی دی لە خۆماندا جێبەجێ دەکەین و کاریگەریان لەسەر ژیانمان هەیە.

زۆر باشە، من ڕێتێپێدەدەم تا خۆت کار لەسەر بیردۆزی ڕێژەیی بکەیت. هەندێك بواری تایبەت هەیە کە زانیاریەکی تەواوت پێ نییە هەتا خۆت بیربکەیتەوە، لەبەر ئەوە دەبێت ڕێگە بە زانا و ئابووریناس و ئەندازیاری و ئامارچیەکان بدەیت تا لەجێگەی تۆ بیربکەنەوە. تەنانەت ئەگەر بەکارێکی لەم شێوەیەش هەستیت ئەوا نابێت باوەڕ بە هیچ وشەیەکیان بکەیت هەتا دڵنیا دەبیتەوە لەوەی ئەوان لە کارەکەی خۆیاندا شارەزان و لایەنگری هیچ شتێکی دیارکراو نین.

جگە لەو شتانەی پێشتر باسمان لێوە کرد ، ئەگەر پێویستت بە ڕاهێنانێکی باش و ئاستبەرز بوو تا لە خودی پرۆسەی بیرکردنەوە تێبگەیت، ئەوا لە ئێستاوە من پێت دەڵێم دەبێت بۆ خۆت و خودی خۆت بیربکەیتەوە. هەتا بیرکەرەوەیەکی سەربەست و سەربەخۆ نەبیت، ناتوانیت بەخۆت بڵێیت بیرکەرەوەم.

CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

هەرکەسەو جیهانبینی جیاوازی هەیە و لە گۆشەنیگایەکی ترەوە تەماشای ڕووداوەکان دەکەن، هەموو جارێك لۆجیکی کەسانی دی بۆ تۆ ناگونجێت. هەمووومان وەکو تاکێك دروستکراوین، تەمبەڵیە ئەگەر کەسێك لەجیاتی تۆ بیربکاتەوە، تەنانەت بەمشێوەیە بەپێی پێویست ئەنجامێکی باش و ماقوولت نابێت. کەواتە یاساکانی بەشی یەکەم بناغەگەلێکەن کە دەبێت لەپێشچاوت بن هەتا سوود لە یاساکانی تر وەربگریت.

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## یاسای یەکەم

# خۆت لە لاساییکردنەوە بەدوور بگرە

کاتێک کە منداڵیت هەر ئەوەندە دەزانیت بکەیت کە دایک و باوکت پێتدەڵێن، ئەگەر بڵێن ئانیشک خستنەسەر مێز خراپە، وە چاکە ئەگەر هەموو ڕۆژێک جل و بەرگی ژێرەوە بگۆڕیت، ئەوا باوەڕیان پێدەکەیت. گرتنەخۆی بەها و یاسا و سیستەمەکانی خێزانەکەت بەشێکە لە قۆناغی منداڵیت، کە گەورەتر دەبیت، هەست دەکەیت مامۆستاکەت تۆزێک یاسا و ڕێساکانی لە دایك و باوکت جیاوازترە، وە دواتر هاوڕێیانی قوتابخانەت لەوانەیە خاوەنی چەن بیروڕا و بەهاگەلێك بن کە تێکڕا جیاوازبن لە ئەوانیدی. لەبەر ئەوە گۆڕانگاری لە دیدگا و گۆشەنیگاکانی پێشووترتدا ڕوودەدات و ئەو بیرۆکانەش لەو هاوڕێ و هاوپۆلانەتەوە وەردەگریت کە لەوانەیە ئێجگار جیاواز لە خێزانەکەت بیربکەنەوە. دواتر لە تەمەنی گەنجێتیتدا زۆر بەووردی بیر لەمانە و لە شتەکانی تریش بە گشتی دەکەیتەوە.

بێ گومان هیچ شتێك لەوە ئاسانتر و ئیسراحەتر نییە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بیت کە لە زۆربەی ڕووەکانەوە وەکو خۆت بیردەکەنەوە. کاتێك بەها، پێوانە و سنوور بۆ خۆت دادەنێیت، ئەوا بەدوای کەسێکی هاودید و گونجاودا دەگەڕێیت. ئەمەش مانای ئەوەیە لەگەڵ ئەو کەسەدا زۆر لەیەك دەچن، توشی دەمەقاڵێی بێ سەر و بن نابن. وەختێك گوێت لە شتانێك دەبێت کە تۆش بەهەمان شێوە بیرت لێکردووەتەوە، ئەوا هەست بە باوەڕبەخۆبوون و پشتگیرییەك لە ناوەوەتدا سەر هەڵدەدات، واتلێدەکات هەستبکەیت کە تۆ لەسەر ڕێگە ڕاستەکەیت، تین و تاو



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

دەدات بەتێڕوانینەکانت. ئەمە هەستێکی تا بڵێی باشە و دەتوانن کاتێکی زۆر لەگەڵ یەکدیدا بەسەرببەن هەمیشە بېن بە پشتگیریکاری بیروڕاکانی بەرامبەر و وا لەیەکدی بکەن هەست بە جەوهەر و بەهای خۆتان بکەن.
دەتوانیت هاوڕێیەك بدۆزیتەوە ڕێك وەکو خۆت بیربکاتەوە، یان دەتوانیت لە شوێنێك کاربکەیت کە تەواوی کەسەکانی دی کە لەوێ کاردەکەن وەکو تۆ بیر بکەنەوە. ئەمە ئەو زاراوەیەیە کە باسی لێوە دەکەین، "هۆدەی دەنگدانەوە"، بەڵێ ئەم شێوازە زۆر ئاسان و بێ کێشەیە، بەڵام ناهێڵێت ببیت بە خۆت. لە جیهانەکەی خۆتاندا هەمووتان دەنگتان بۆ یەك شتە، هەمان باوەڕتان هەیە، لایەنگیری یەك ئامانج دەکەن، بە هەمان پێوەر دادگایی دەکەن و گشت خاوەنی یەك بەهان.
تێکڕا بۆ تۆڕێکی کۆمەڵایەتی دەگەڕێنەوە کە وەك ئێوە پشتگیری هەمان مەبەست و ئامانج دەکات.
ئیتر بیرکردنەوە بە شێوەیەکی دی تا بێت قورستر و تاقەتپڕووکێنتر دەبێت. لێرەدا شتێك هەیە، لە ڕاستیدا تۆ خۆت لە توشبوون بە هەر تێڕوانینێکی جیاواز دەپارێزیت بەرامبەر ئەو جیهانەکەی کە بۆ خۆتت دروستکردووە، مەگەر لە هەزاردا یەك خۆت و هاوڕێکانت هەموو کۆببنەوە و خۆبەزلزانانە بڵێن کە ئێوە هەڵەن. ئەم کارەشت مانای ئەوەی کە ناتەوێت تێڕوانینەکانت بگۆڕیت، گەر گۆڕیشت لەوانەیە هاوڕێکانت پێت بڵێن کە چەند هەڵەیت، وە ئەم کاردانەوەشیان شتێکی خۆش نابێت بۆت.
بەڵام هێشتا دنیا لێوڕێژە لە خەڵك، لە خەڵکانێك کە لە هەموو شتێکدا هاوڕا نین لەگەڵتدا. لەوانەیە بەدەگمەن توشیان بیت، بەس ئایا دەکرێ



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ئەو هەموو خەڵکە هەڵە بن؟ هەندێکیان هەر وەکو تۆ زیرەك و لێهاتوون و وەکو تۆش متمانەیان بە بیر و باوەڕەکانیان هەیە. لەوانەیە زیاتر لە تۆش متمانەیان بە بیر و باوەڕیان هەبێت و لە ڕاستیدا لەوانەیە ڕەوا و ماقوولتریش بن لە تۆ- چونکە تۆ وازت لە بیرکردنەوە هێناوە، خۆت بیرناکەیتەوە، لەجیاتی ئەوە چویتەتە ناو گروپێکەوە کە تێڕوانینەکانتان تێڕوانینی کۆمەڵە، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی خۆت هێندە ماندوو نەکەیت تا بەرەوپێش بچیت. لەوێ تۆ ئیدی کەسێکی سەربەخۆ نیت، بەڵکو کاڵفامانە بویت بە سەرێك لە ڕانەمەڕەکە.

ئەگەر دەتەوێت ببیت بە کەسێك کە توانای بیرکردنەوەی لە یاساکان هەیە، ئەوا دەبێت ئەم بارودۆخە بگۆڕیت و سەرتاپا هەڵسەنگاندنێکی نوێ بۆ شتەکان بکەیتەوە و مەودای تێڕوانینەکانت زیادبکەیت و بە مێشکێکی کراوەی ڕاستەقینەوە گوێ بۆ بیرۆکەی کەسانی دی شل بکەیت. باشترین ڕێگاش بریتیە لە هەڵبژاردنی هاوڕێکانت بەپێی ئەوەی کێن، نەك بەپێی ئەوەی باوەڕیان بە چییە. با لە هەموو تەمەنێك هاوڕێت هەبێت، لە کلتووری جیاواز و پێشینەی هەمەجۆر. لەو نێوانەدا بەشێوەیەکت لێدەکەن ژیان و جیهان جیاوازتر ببینیت، وە ئەگەر لە تێڕوانینەکانتدا لەگەڵ هەموویاندا هاوڕا نەبوویت- چونکە ئەوانیش هەموویان وەکو یەك نین- ئەوکات دەبێت خۆت بیربکەیتەوە.

**هاوڕێکانت لەسەر بناغەی کەسێتیان هەڵبژێرە نەك لەسەر بناغەی باوەڕیان**



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

یاسای دووەم

# لە هیچ مەترسە

لەوانەیە لە بیرکردنەوە و مێشکی خۆت بترسیت. کێ دەزانێت سەر بۆ کوێ دەکێشێت؟ لەوانەیە ئەو کەسانەی لەگەڵیدا دەژیت تووشی چەند یاسا و ڕێسا و بناغەیەك بیت ژیان و گوزەرانت بۆ قورس بکات. لەوانەیە خۆت وەکو کەسێك ببینی کە لە تاوا دەستی بە چڵە پووشێکەوە گرتووە هەتا ئاو لەگەڵ خۆیدا نەیبات. دەکرێت ڕووبەڕووی دانپێدانان ببیتەوە، دانپێدانانێك کە تێیدا دەڵێت " من هەڵەم "، یان بەلایەنی کەمەوە بەڕاستی و درووستی بۆی نەچووم و هەڵمنەهێناوە. یەکێك لەو لەمپەرانەی کە لەبەردەم کەسێکی سەربەست و سەربەخۆدایە ترسانە لە جیاوازبوون لە کەسەکانی تر.

سەیرکە، لێت تێدەگەم. بەڵام دەتوانیت تەماشای شتەکان بە چاوێکی نەرم و نیان و میانڕەو بکەیت. هیچ پۆلیس و سەربازێك لێتناپرسێتەوە لەسەر ئەوەی چۆن بیردەکەیتەوە. پێویست ناکات هیچ کەسێك بزانێت بیرکردنەوەت چۆنە هەتا خۆت پێیان نەڵێیت. پێویست ناکات لەگەڵ خێزانەکەتدا دابنیشیت و بڵێیت " ئەو شێوازەی ئێوە دەژین من بەهەڵەی دەزانم و بەهەموو شێوەیەك ڕەتی دەکەمەوە ." بیرکردنەوە بۆ خۆت مانای ئەوە نییە یەکسەر بچیت هاوبەشی پێ بکەیت لەگەڵ کەسانی تردا، مەگەر خۆت بتەوێت و ڕێگەی پێبدەیت.

ئەگەر هاوڕێکانت خاوەنی پێشخان و باوەڕی جیاوازبوون، ئەوا ئەم کارەت بۆ ئاسانتر دەبێت. کاتێك لاسایی خەڵکانی دی ناکەیتەوە و بیرکردنەوەیەکی سەربەخۆت هەیە، ئەوا بیر و بۆچوونەکانت ئاسانتر

وەردەگیرێن و خۆشی دەبینی لە گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە هاوبیر و هاوڕاتن و تەنانەت ئەو کەسانەشی لەگەڵت پێکنایەن. بەدڵنیاییەوە دەبێت جیاوازیەکانی کەسانی دی قبووڵ بکەیت و لێیان نەترسیت. گوێیان بۆ بگرە و دواتر خۆت بیربکەرەوە.

ئەگەر وا ڕاهاتوویت لەگەڵ هەموو کەسانی دەوروبەرتدا هاوڕابیت، شتێکی بێ شکە کە بۆت سەخت و پڕ هەڵدێرە ئەگەر پێیان بڵێیت کە من هەمان بیر و بۆچوونی ئێوەم نییە. بۆیە بوەستە و ئارام بگرە پێش ئەوەی بیرۆکەکانت بخەیتەڕوو، پاشان خۆت بەشێوەیەك ئامادە بکە کە ئەوان لەتۆ بترسێن. تۆ خۆت بڕیار دەدەیت چۆن ئەم کارە دەکەیت، بەڵام زۆر بەختیار و ئاسوودەتر دەبیت لەبارەی هەڵبژاردەکەتەوە گەر پێشتر بیرت لێکردبێتەوە و خۆتت بۆ ئامادەکردبێت. زیاد لەوە، ئەگەر ڕێز لە بیر و بۆچوونەکانی کەسانی دی بگریت، ئەگەری زیاترە ئەوانیش ڕێز لە بیرۆکەکانی تۆ بگرن، وە دەبێت هەر بەم شێوەیەش بێت. خۆم تێبینیم کردووە ئەو کەسانەی کە ڕێز لە ڕوانگەی کەسانی دی دەگرن– ئەگەر لەگەڵیشیدا هاوڕا نەبن – ئەوا ڕێزی زیاتریان لێدەگیرێت لەچاو ئەو کەسانەی جیاوازی قبووڵ ناکەن.

بیرکردنەوەی خودی مانای ئەوە نییە تەنها لە شتە گشتیەکانی وەکو سیاسەت و ئاین خۆت بیربکەیتەوە و بەهایان بۆ دابنێیت و خاوەنی بیرۆکەی تایبەت بە خۆت بیت. بەڵکو دەبێت لە بواری کارکردن و شتە کرداریەکانیشدا بەخۆت بیربکەیتەوە. ئەگەر کارەکەت لەگەڵ کەسانی دیدا هاوبەشە و لەگەڵ ئەواندا کار دەکەیت ئەو شتێکی تاڕادەیەك قورس و سامناکە پێیان بڵێیت " من پێم وایە ڕێگەیەکی باشتر هەیە بۆ

ئەنجامـدانی ئـەم کارانـە." بـەڵام بـۆ یـەکجاریش بێـت پێیـان بڵـێ و مەترسـە،بە بـەڕێزی و بـێ سەرزەنشـت کـردن، بـەدوای وەڵام و کاردانەوەیـەکی ئەرێنیـدا بگـەڕێ. ئەگـەر بـە وردی و وریاییـەوە بیرتکردبێتـەوە، ئـەوا لەوانەیـە لەسـەر ڕێچکە ڕاستەکە بیت و خـەڵکیش بۆچوونەکانت بەرز بنرخێنن. ئەگەر گوتیان بیرۆکـەکانت بـەپێی پێویسـت بـاش نـین، ئـەوا شـتەکە بەسـەر کەسـایەتی خۆتـدا مەشـکێنەرەوە و شیکردنەوە بۆ سەرنجەکانیان بکە- چونکە ئەگەر هەیـە ڕاسـتبن. کەواتـە کارامەییـەکانی بیرکردنـەوەت بـۆ جـارێکی دی زاخـاو و تیـژ بکـەرەوە و نەکەی واز بهێنیت. هەموو بیرکەرەوە سەربەخۆکان پێویستیان بە بـوێری هەیە. تەماشای گالیلیۆ و داروین بکە، تەنها ئەوەت بەسە کـە هـاوڕێ یـان هاوپیشەکەت پێت بڵێت " بیرۆکەیەکی جوانە! " بۆ ئـەوەی دووبـارە پـڕ ووزە و تین ببیتەوە هەتا جارێکی دی دەنگت بە زوڵاڵی دەربڕیت.

**ئەگەر ڕێز لە بیر و بۆچوونەکانیان بگریت، ئەوا ڕێزگرتنی ئەوانیش لە بیر و بۆچوونەکانی تۆ ئەگەری زیاترە**

یاسای سێیەم

# بیر لە هاندەر و مەبەستەکان بکەرەوە

هەندێك کەس توانای قایلکردنیان لە کەسانی دی زیاترە، ئەگەر بێتو ئەو کەسانە بیانەوێت ئۆتۆمۆبێلێکت پێ بفرۆشن، لە کارەکەتدا بیرۆکە و پلانی ئەوان بەکاربهێنیت، بەشداری ئاهەنگەکەیان بکەیت یان باسی چۆنیەتی خراپبوونی عەلاگەی نایلۆن بۆ ژینگەت لەگەڵدا بکەن. دەبێت خۆت بەدوور بگریت لەوەی کوێرانە و پێش قایمکردنی بیرۆکەکانت لە مێشکتدا دوایان بکەویت و بە بۆچوونەکانیان قایل بیت.

ئێستا لەوانەیە هیچ پێویستت بە ئۆتۆمۆبێلەکەی ئەو نەبێت. لەلایەکی دیشەوە عەلاگەی نایلۆنیش بۆ ژینگە خراپ بێت. کەوایە ئەگەر کەسێك ویستی قایلت بکات بە بیروباوەڕەکەی خۆی یان گوێ لە ئامۆژگاریەکانی بگریت، ناتوانیت یەکسەر لەسەر ئەو قسەیەیان بڕیار لەسەر باشی و خراپی ڕوانگەی بیرکردنەوەیان بدەیت. دەبێت بزانیت بۆچی دەیانەوێت قایلت بکەن.

هەمیشە باشە ئەگەر تێبگەیت لەوەی کەسانی دی چیان لە تۆ دەوێت و بۆچی ئەو شتە دیاریکراوەت لێ داوا دەکەن. هەندێك جار لەوانەیە بەس لەبەر گەیشتن بەو ئامانج و ئەنجامانەی خۆیان بیانەوێت تۆ قایل بکەن، ئەوان دەیانەوێت شتێکیان لێبکڕیت، بەشداری لە شتێکدا بکەیت، هاوڕایان بیت لە شتێك، لە بۆنەیەکدا ئامادە بیت یان واژۆ لەسەر سکاڵانامەیەك بکەیت هەتا بگەن بە مەرامی تایبەتی خۆیان. هەندێك جار بە ئاسانی بیرۆکەیەکت پێ دەڵێن و دەیانەوێت لەگەڵیاندا هاوڕا بیت- لەوانەیە بیانەوێت قایلت بکەن لەسەر ئەوەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

هەڵساوە بە کردنەوەی گەراجێکی نوێ ئۆتۆمۆبێلەکان. هەستێکی زۆر خۆش و پڕ ئاسوودەییە کە دەبینیت کەسێك لەگەڵتدا هاوڕایە، بەڵام لەدوای ئەوەی کارەیان پێت نەما ڕاستیەکەت بۆ دەردەکەوێت.

هەر کە لەمێشکی خۆتدا بەجوانی و بەڕوونی گەشتی بەوەی چیان لە تۆ دەوێت، بڕیاردانی خۆت لەسەر ویست و ئامانجەکانیان زۆر ئاسان دەبێت. هاوڕێکەت باسی خۆشی و بەزمی ئاهەنگەکەنت بۆ دەکات چونکە دەیەوێت تۆش لەگەڵیدا بەشداربیت. ئەو لە هیچ شتێك دڵنیا نییە، تەنها وادادەنێت خۆش دەبێت. ئایا لەگەڵ هاوڕێکەتدا هاوڕایت؟ ئایا دەتەوێت بڕۆیت بۆ ئاهەنگەکە؟ ئایا لەبەر خۆشی دەچیت بۆ ئاهەنگەکە یان بۆ ئەوەی هاوڕێکەت بەتەنها بەجێنەهێڵیت؟ ئەگەر لە مەرامی پشت هەوڵە قایلکەرەکانی هاوڕێکەت تێبگەیت، ئەوا ئاسانتر دەتوانیت بزانیت بەڕاستی چیان دەوێت.

بێ شك و گومان دەکرێت ئەو ئۆتۆمۆبێلە بۆ تۆ زۆر گونجاو بێت، ئیتر چ کارت بەوەیە کەسی فرۆشیار هانت دەدات یان نا. بەڵام خۆ ناشتوانیت دەست لە کڕینی ئەو ئۆتۆمۆبێلە هەڵبگریت تەنها لەبەر ئەوەی هانیان داویت هەتا بیکڕیت، ئەگەر ئەو بیرکردنەوە ببێت بە یاسایەك، ئەوکات کەس شتی لە فرۆشیار ناکڕێت. زانینی هاندەری کەسانی دی، بیانوو و هۆکارێك نییە هەتا بیرکردنەوەکانیان ڕەت بکەیتەوە. خاڵی جەوهەری ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە بۆ ئەوەیە وریاتر بیت، دووبار و سێبار پشکنین بۆ هاندەرەکانیان بکەیت و بزانیت ئەو قسانەت بۆ دەکەن کە لە ڕاستیدا پێویستتە یاخود نا.



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

فرۆشیارێکی ئۆتۆمۆبێل لەوانەیە زۆر جۆش و خرۆش و تاسەمەندیت بۆ دروست بکات لەبارەی خێرایی ئۆتۆمۆبێلەکە و ئەو ئاسوودەییەی هەستی پێدەکەیت لەکاتی دانیشتن لەسەر کوشنەکانی، بەلاّم بەبێ بیرکردنەوەیەکی ورد لە شتەکە قایل مەبە. ئایا ئەو شتانەی ئەو باسی دەکات هەمان ئەو شتانەن کە بۆ تۆ گرنگە؟ لەوانەیە هاوڕێکەت بڵێت ئەم پێشانگایە تەنها ڕێگایە بۆ ئەوەی دواتر کارت لە بواری ئەندازیاریدا دەستبکەوێت. ئایا ئەگەری چەندە کڕیارەکانت ئەم بەرهەمەت لێ بکڕن؟ ئەدی باشە بۆ هاورێکەت دەیەوێت ئەو کارەی دەستبکەوێت؟ تەنها بە ناسینەوەی هاندەرەکان دەتوانیت بزانیت ئەو زانیاریانەی کە دەرخواردت دراون چەندە بۆ تۆ گرنگە.

**زانینی هاندەری کەسانی دی بیانوو و هۆکارێك نییە هەتا بیرکردنەوەکانیان ڕەت بکەیتەوە**



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

یاسای چوارەم

# ئاگات لە حەز و ئارەزووەکانت بێت

بۆ خولەکێك بیر لە هاندەرەکانی خەڵکی مەکەرەوە، لەجیاتی ئەوە بیر لە هاندەرەکانی خۆت بکەرەوە. ئەی هاندەرەکانی خۆت چی؟ چی سوودێك لەوە دەبینیت بەو شێوەیە بیربکەیتەوە کە خۆت دەتەوێت؟ بیرکردنەوە بەو شێوازەی کە بۆ تۆ گونجاوە و پێویستی ئارەزووەکانی تۆ دابین دەکات زۆر ئاسانە. دەکرێت بڕیارەکانت بتکەنە خاوەنی سەروەت و سامانێکی زۆرتر، یان بتبەتە شوێنێکی بەرزتر و لە شوێنێکی باشتردا ژیان بەسەر ببەیت. ئەم حاڵەتە لە سیاسیەکاندا بەدی دەکەم، ئەو سیاسیانەی کە زۆر باش دەزانن چۆن بیربکەنەوە هەتا متمانەی خەڵکی بەدەست بهێنن. زۆربەیان کارێك ئەنجامنادەن کە بزانن جەماوەر و پشتگیریکارەکانیان لێ دەتۆرێنێت.

هەموومان ئەو ڕووەکخۆرانەمان بینیوە کە بەهۆی ڕوانگە ئەخلاقیەکانیانەوە لە خواردنی گۆشت بەدووربوون بەڵام دواتر پێداچوونەوەیان بۆ بڕیاەکانیان کرد کە زانیان چەند گۆشتیان لەدەستچووە، نەخێر بە هیچ جۆرێك من سەرزەنشتیان ناکەم، چونکە خۆم یەکێکم لەوان. وەڵامەکە ئەوەیە پێویست ناکات ببیت بە ڕووەکخۆر، بەس بزانە ئەو هاندەرانە چین کە نایەڵن ببیت بە ڕووەکخۆر و بەس.

هەرچۆنێك بێت بیرکردنەوە بەپێی حەز و ئارەزووەکانت هێندە دیار و ڕاستەقینە نییە. بەم دواییانە قسەم لەگەڵ کەسێك کرد کە زۆر حەزی لە کارێك بوو و داوای کارەکەی کرد، بەڵام دەستی نەکەوت و پێی نەدرا. داوای ئەوەی کرد بۆ وەرنەگیراوە و وەڵامەکەی پێدرا. بەڵام دوای

ماوەیەك هاتەوە و لێژنەی چاوپێکەوتنی بە نادادپەروەر و بە هەڵە زانی و تاوانباری کردن بەوەی خاڵە بەهێزەکانی ئەمیان بەدینەکردووە.

لەڕاستیدا ئەوە ئەرك و لێپرسراویەتی لیژنەی چاوپێکەوتن نییە بەدوای ئەو کوالێتیانەدا بگەڕێن کە دەیانەوێت، بەڵکو لێپرسراویەتی کارویستە ئەو کوالێتی و کارامەییانە پیشانی لیژنەکە بدات. بەڵام ئەم هاوڕێیەمان دەیویست هەڵەکە بخاتە ملی لیژنەکە، چونکە ئەوە تەنیا ڕێگە بوو کە ئیسراحەت و ئاسوودەیی بە دڵی بدات و هێشتا وابزانێت کە باشترین و کارامەترین کارویستە. کێشەکە ئەوەیە کە ئەم کەسە شتێك فێر نەبووە لەم چاوپێکەوتنەدا، لەبەر ئەوە لە چاوپێکەوتنەکانی دواتریشدا ئەگەری زۆرە قبووڵی نەکەن و شکست بهێنێت.

دەبێت هەمیشە لەگەڵ خۆتدا سەرڕاست و ڕاستگۆ بیت، ئەوەشت لەبەر چاو بێت کە هەموو جارێك بەم ڕاستگۆییەت دڵخۆش نابیت. ئەگەر کارویستی لەگەڵ خۆیدا ڕاست بێت و بەویژدانەوە قسە بکات، دەبێت بڵێت یان ئەم شیاوی کارەکە نەبووە، یان تواناکانی خۆی بەپێی پێویست دەرنەخستووە.

ڕێزی خودی بەشێکی گەورەی ئەو تەڵەیەیە کە هەوڵدەدات فریومان بدات هەتا بیرکردنەوەمان بە لاڕێدا ببات و ئاراستەی مەبەستەکانمان بگۆڕین. بەغیلی بەشێکی دی ئەم داوەیە و پەیوەندی بە ڕێزی خودیەوە هەیە. شتێکی زۆر ئاسانە بەشێوەیەك بیر بکەیتەوە کە هاوڕێکەت بۆیە ئەو کارە چەور و خۆش و پڕ داهاتەی دەستکەوتووە لەبەر ئەوەی بەڕێوبەرەکەی یارمەتی داوە، بیر ناکەیتەوە لەوەی توانای بەڕێوەبردنی ئەو کارەی لەتۆ باشتر بێت. دووبارە دەیڵێمەوە، ئەگەر بەم شێوازە

بیرکردنەوەیە بڕۆیت ئەوا دەرفەتی کاری داهاتووشت لەدەست دەچێت، چونکە ئەم جۆرە تێڕامانە ڕێگرە لەوەی خۆت بەرەو پێشەوە ببەیت و برەو بە تواناکانت بدەیت.

ئەگەر کەسێکیت کە خەڵکانی دی کەیفیان پێت دێت، ئەوا دەبێت زۆر ئاگادار بیت لە خستنەڕووی بیر و بۆچوونەکانت. زۆربەمان دەمانەوێت خەڵکی ئێمەی خۆشبوێت و ئێمەش دڵخۆشیان بکەین، وە ئەگەر دەزانیت بەڕێوبەرەکەت وا حەز دەکات کە لەگەڵیان هاوڕابیت یان جێی خۆت هەم لە کار و هەم لەلای هاوڕێکانت قایمتر دەکەیت گەر بۆچوونەکانت پیشان بدەیت، ئەوا ئیدی هاندەرێکت هەیە هەتا ڕوانگەکانت ڕێکبخەیتەوە و بەشێوەیەکی لێبکەیت کە لەگەڵ ئەواندا بگونجێت. ئەم تەکنیکە شتێکی زۆر باشە هەتا لای هاوڕێکانت بمێنیتەوە، بەڵام شتێکی هێندە باش نییە گەر بتەوێت ببیت بە بیرکەرەوەیەکی سەربەخۆ.

**ڕێزی خودی بەشێکی گەورەی ئەو تەڵەیەیە کە هەوڵدەدات فریومان بدات هەتا بیرکردنەوەمان بە لاڕێدا ببات .**



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

یاسای پێنجەم

# ئاگات لە سۆزی ناو قووڵایەکانی دڵت بێت

ئەگەر زۆر سووریت لەسەر ئەوەی کەسانی دی کۆنترۆڵت نەکەن و بەکارتنەهێنن، ئەوا دەبێت ئاشنای ئەو ڕێگایانەش بیت کە لەلایەن ئەوانەوە بەکاردێت تا کاریگەریت لەسەر دروستبکەن. ئەگەر شوێنەکەیان بناسیتەوە و دەستنیشانیان بکەیت، ئەوا بەرگریکردنت زۆر ئاسان دەبێت. کەواتە ئەگەر ئەمجارە کەسێك ویستی قایل، ڕازی و باوەڕت پێ بکات و ماستاوت بۆ بکات هەتا گۆشەنیگای بینینی ئەوان قبووڵ بکەیت، ئەوا بیر لەو تەکنیکانە بکەرەوە کە بەکاریدەهێنن. بەشێوەیەکی گشتی زیاتر هەست و سۆز بەکار دەهێنن لەجیاتی حیکمەت و ژیری. ئیشی تۆش وەکو بیرکەرەوەیەك بەرگریکردنە.

لە گۆشەنیگای ئەوەوە بەکارهێنانی سۆز و خۆشەویستی دەسپێکێکی زۆر چاکە. ئەگەر کەسێك قایلت بکات لەسەر ئەوەی هەردووکتان هەمان بیر و بۆچوونتان هەیە ئەوا هەنگاوێکی زۆر باشی ناوە. بۆیە کەسێکی قایلکەر دەیەوێت ڕازیت بکات کە بۆچوونی هەردووکتان لە یەك جێگاوە دێت و لە هەمان گۆشەنیگاوە تەماشای ڕووداوەکان دەکەن. بەردەوام جەخت لەسەر لێکچوونەکانی نێوانتان دەکاتەوە، هەمیشە لەسەر جودانەبوونەوەی بەها و بارودۆخەکانتان دەدوێت. ئەوان پێتان دەڵێن ئەوانیش درکیان بەوە کردووە کە هەستی بوون بەباوك چۆنە، هەستی کارکردن لە ئۆفیس، هەوڵدان و کۆششکردن بۆ گێڕانەوەی قەرز، خۆشی وەرگرتن لە کڕینی پۆشاك و جلوبەرگ و بوون بە خاوەنی پشیلەیەك چۆنە. ئەزموونە هاوبەشەکان هەردووکتان پێکەوە لە یەك قاڵبی

بیرکردنەوەدا دادەنێت، بۆیە ئێستا دەتوانن دەستان بگرن و بتاندەنە پێش خۆیان و بتانبەن بۆ ئەو ئەنجامەی کە خۆیان مەبەستیانە. گوێیان بۆ ڕادێرە، بەس کوێرانە دوایان مەکەوە. پرسیاری ئەو شوێنەیان لێبکە کە دەیانەوێت بتبەن، تا بزانیت هەمان شوێنە کە تۆش مەبەستە.

ئەگەر سۆزیارانە و بە هەست و سۆز کۆنترۆڵت بکەن، ئەوا دواتر دەتبەن بۆ ئەو شوێنەی کە خۆیان مەبەستیانە. دەزانین کە هەست و سۆز چەکێکی گەلێك بەهێزە، بۆیە دەیانەوێت تووڕە و دڵ پڕ لە قینت بکەن بەرامبەر ئەو نادادپەروەریەی کە خۆیان کامپەینیان دژی ڕاگەیاندووە یان بتخرۆشێنن و بتوورووژێنن لەبارەی ئەو پۆشاکەی کە دەیانەوێت پێت بفرۆشن یاخود دوودڵت بکەن لەبارەی پەیداکردنی پارە و داهاتی زیاترەوە. کاتێکیش بە هەست و سۆز بیردەکەیتەوە ئەوا ئەگەری زۆرە هۆشیاریت لەدەست بدەیت. هەتا زیاتر دەست بەسەر هەست و سۆزەکانتدا بگرن، زیاتر دەچیتە ژێر کۆنترۆڵەوە و ناتوانیت بەشێوەیەکی هۆشیارانە وەڵامیان بدەیتەوە. ئەگەر بیرکردنەوەی هۆشیارانە بکەیتە ئامانجی خۆت ئەوا دەتوانیت وەڵامی قسە پڕ هەست و سۆزەکانیان بدەیتەوە و باشتر لە مەبەستیان تێبگەیت.

یەکێکی دی لە فێڵ و تەڵەکەکان بریتیە لە قسەی زل و باقوبریق. ئەم جۆرەیان بەشێوەیەکی پەنهان و ورد کاریگەری لەسەر مێشکی ناخودئاگا هەیە. هەموومان هەڵدەستین بە کردنی ئەم کارە، تەنانەت خودی خۆشت ئەنجامی دەدەیت، بەڵام ئەوە گرنگە کە بەشێوەیەکی ژیرانە لەناو خۆتدا پەی پێببەیت بیدۆزیتەوە. ڕێگاگالێکی هەمەجۆر هەیە بۆ پەسنکردنی شتەکان و ڕووداوەکان، لەهەمان کاتدا ئەو هاوەڵناوانەی بەکاریان

دەهێنیت دەکرێت زۆر بەهێز و کاریگەر بن. وادابنێ دەتەوێت دوو ڕۆژنامە لەسەر سیاسیەك بخوێنیتەوە کە تێیدا وەسفکراوە، ئەگەر هەردوو ڕۆژنامەکە لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە تەماشای سیاسەتمەدارەکە بکەن، دەبینیت هەر یەکێکیان بە شێوەیەك و جیاواز لە یەکدی وەسفی دەکەن. لەوانەیە یەکێك لە ڕۆژنامەکەیدا بە کەسێکی بوێر و ئازا ناوزەندی بکات، لە هەمان کاتدا ڕۆژنامەکەی دی وەکو کەسێکی سەرکەش بیناسێنێت، خۆ هەردووکیان لەبارەی کەسێکەوە دواون و پەسنیان کردووە، بەڵام هەر یەکێکیان کاریگەریەکی جیاوازی لەسەر تۆ هەیە. ئایا کابرای سیاسەتمەدار کەسێکی بەهێز و بوێرە؟ یان توندڕەوە؟ ئایا ئاگای لە باری کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی باش هەیە یان نا؟ ئەم وشە و هاوەڵناوانە دەتوانن تەواوی ئەو کەسایەتیەی ناو ڕۆژنامەکەت لەپێشچاو دروستبکەن. بۆخۆم هەمیشە حەزم لەوە بووە بزانم میدیا بە کێ دەڵێت تیرۆریست، بە کێ دەڵێت یاخی، بە کام گروپ دەڵێت شەڕکەرانی ئازادی و بە کێش دەڵێت هێزی بەرگری. زۆربەی کات تەنها جیاوازی نێوان ئەم کەس و گرووپانە ئەو وشە و شێوازانەیە کە کەسی نووسەر هەوڵدەدات وەسفیانی پێبکات. بۆیە ئاگات لەو وشانە بێت کە کەسی بەرامبەر دەیەوێت شوێنی وشەکانی نێو مێشکی خۆتی پێبگرێتەوە. با هەمیشە لە مێشکتدا زاراوەگەلێکی بێلایەن هەبێت تا بەجوانی بیربکەیتەوە و ئاسۆت ڕوون و ئاشکرا لێ دیار بێت.

ئەم ووتەیە بکە بە ئەڵقەیەك و بیکە بە گوێتدا، بە شێوەیەکی ئاگایی یان نائاگایی بێت، تۆش تووشی ئەو تەکنیکانە دەبیت کە خۆت بەکاریدەهێنیت بۆ قایلکردنی خەڵکی دی. کەواتە هەر کەسێك ویستی بیر

و بۆچـوونەکانی ئـەوت پـێ ڕاسـت بـێ مانـای ئـەوە نییـە هەوڵـدەدات کۆنترۆڵت بکات یان هەڵتبخەڵەتێنێت. لەگەڵیان هاوڕا بیت و هاوڕا نەبیت، ئـەوە مـافی خۆیانـە کـە پارێزگـاری لـە بیربۆچـوونەکانی خۆیـان بکـەن و دەریببڕن. تۆش دوای ئەوەی بە شێوەیەکی هۆشیارانە و دوور لە هەموو خەوشێك بیرت لێ کردەوە دەتوانیت قبوڵی بکەیت یان نا.

**ئەگەر شوێنەکەیان بناسیتەوە و دەستنیشانیان بکەیت، ئەوا بەرگریکردنت زۆر ئاسان دەبێت**



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

یاسای شەشەم

## ساویلکە مەبە

ئەگەر باوەڕت بەو قسانە کردووە کە تا ئێستا بۆم کردوویت، ئەگەر لەبەر ئەوە باوەڕم پێدەکەیت کە قسەی بریقوباقت بۆ ناکەم، ئەوا جارێکی دی بیربکەرەوە. بەڵێ، خۆم باوەڕم بە هەموویانە، بەس دەبێت تۆ خودی خۆت بیریان لێبکەیتەوە. چۆن دەزانیت من کەسێکی ڕاستگۆم؟ خۆ تۆ منت نەبینیەوە، نازانی من کێم و شێوە و شکڵم چۆنە. تەنها لەبەر ئەوەی کتێبێکم نووسیوە و لەچاپمداوە مانای ئەوە نییە زانام بە هەموو شتێك.

تەماشام بکە، ناتوانیت لە تەواوی ژیانتدا باوەڕ بە کەس نەکەیت، بەس شتێکی باشیش نییە زۆر باوەڕ بە خەڵکی بکەیت و نابێت زیادەڕۆی تێدا بکەیت. باشترین چارەسەریش ئەوەیە خۆت بیربکەیتەوە. سوپاست دەکەم کە کتێبەکەمت کڕیوە یان لای هاوڕێکەیت بە قەرز هێناوتە و تکایە بە ئیسراحەتی خۆت بیخوێنرەوە. هیوادارم کاتێك دەیخوێنیتەوە و بیری لێدەکەیتەوە هەست نەکەیت کە کات و پارەکەت بەفیڕۆ چووە. بەس باوەڕ بە هەموو شتێك مەکە کە نووسیومە بەس تەنها لەبەر ئەوەی لەم کتێبەدا نووسیومە.

باسی ئەو ڕێگایانەم کرد کە خەڵکی بەکاری دەهێنن هەتا بیر و بۆچوونەکانی خۆیان لەجێگەی ئەوانەی خۆت بژەننە مێشکت. بەڵام هێشتا کەسانێك هەن کە بە بیرۆکەی نوێ و زیرەکانەوە دێنە پێشێ، یان هێندە باش تۆ بناسن خاڵی لاوازت بزانن و بەرامبەرت بەکاریبهێنن. شتەکە ئەوەیە کە ئەگەر خۆت بیر بکەیتەوە، ئەوا پێویست ناکات باوەڕ



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

بە کەسانی دی بکەیت یان نەیکەیت. شتێکی وا گرنگ نییە و نایەوێت، چونکە تۆ لە ژێر دەستی ئەواندا نیت بەڵکو تۆ لەژێر دەستی خۆتدایت.

بێ شك و گومان لە هەندێ بواری ژیاندا مەسەلەی باوەڕ دێتە مەیدان، بەس لەکاتی قایلکردندا باشترین شت ئەوەیە کە خۆت بیربکەیتەوە، بۆ ئەوەی لە دوورەوە و لەنێو مێشکی خۆتدا هەڵسەنگاندنی بۆ بکەیت.

لەبەر ئەوەی بیکردنەوە تاکە چارەسەرە، بۆ ئەوەی نەبیت بە کەسێکی ساویلکە هەمیشە بوار بە مێشکت بدە هەتا بیر لە شتەکان بکاتەوە و ڕووداو و قسەکان هەڵبسەنگێنێت. هەرگیز ڕێگە بە کەسێك مەدە شێوازێکی بیرکردنەوەت پێبڵێت کە خۆت پێت خۆش نییە. ئەگەر پەستانێکی زۆرت بخەنەسەر مانای وایە ئەوان دەترسن کاتێك خۆت بیرتکردەوە بە ڕاستیەکان گەیشتیت ئەوا بەرپەرچیان دەدەیتەوە. ئەو ئۆفەرانە دەزانیت کە دەڵێت ناوت لێرە تۆمار بکە و سبەینێ خەلاتێکت پێدەدرێت یان داشکاندنێکی گەورەت بۆ دەکرێت، یاسایەکەی ڕەها لە ژیانی خۆمدا ئەوەیە کە هەرگیز باوەڕ بەو ئۆفەرانە ناکەم و بەدەگمەنیش قایلدەبم بەوەی ئەو بەخشیشانە تەنها بۆ یەك ڕۆژ بێت و بەس.

قەت باوەڕم بە سەودایەك نییە هەتا خۆم بیرم لێ نەکردبێتەوە و هەڵمنەسەنگاندبێت. ئەگەر شتەکەم بە ڕاستی بوێت ئەوا نرخەکەی چەند بێت دەیدەم، ئەگەر لە ڕاستیدا بەدڵم نەبێت و نەمەوێت ئەوا چەند فلسێکیش زۆرە تا پێی بدەم.

بوەستە، شتێکی دی هەیە دەبێت بیری لێبکەیتەوە ... پارە خرکردنەوەی دەزگا خێرخوازیەکان، بەناوی پیرۆزیەکانەوە فێڵت دەکرێت فێڵت لێبکەن و پارەت لێبکشنەوە! جبەخانەکەیان بە بیانوی



CamScanner الممسوحة ضوئيا بـ

پاکبوونەوە لە گوناه و تاوان پڕ کردووە، هەندێجار ڕاستەوخۆ پێت دەڵێن و هەندێك جاری دیش بە ناڕاستەوخۆ. من وەکو خۆم باوەڕێکی زۆرم بە کاری خێرخوازی هەیە، بەڵام ئێمە ئەوەندە داهاتمان هەیە لە ساڵێکدا کە تەنها بەشی کاری خێرخوازی و پاکبوونەوە لە تاوان دەکات. بۆیە بەجوانی بیر لە کاری خێرخوازی بکەرەوە، دەتەوێت هاوکاری ئاژەڵ، جەنگاوەرانی کۆنی جەنگ، خەڵکی بەساڵداچوو، منداڵ یان ژینگە بکەیت، پارەیان بدەرێ ئەگەر ماوە ماوە بێت یان لە بۆنە و مەراسیمی تایبەتدا بێت. پارە مەکە بە خێر بەس تەنها لەبەر ئەوەی کەسێك دێت و داوای یارمەتی و پارەت لێدەکات و تۆش هەست بە تاوان دەکەیت. ئەگەر تەنها لەبەر پێویستی و ئاتاجی ئەوان نەبوو یارمەتیان بدەیت، ئەوا لەو شوێنە دووربکەوەرەوە و بزانە دەتەوێت یارمەتیان بدەیت یان نا. هەموو کاتێك دەتوانیت لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە خێر بکەیت، یان هیچ نەبێت بەیانی بێیتەوە. ئەگەر وا بیردەکەیتەوە کە ئەم جارە ڕەق و زبر بووی لە هەڵسەنگاندنەکاندا، کێشە نییە، بەس نییە بیر دەکەیتەوە.

**باوەڕ بە هەموو شتێك مەکە کە نووسیومە بەس تەنها لەبەر ئەوەی لەم کتێبەدا نووسیومە.**

CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

بەشی دووەم

# بیرکردنەوەی نوشتۆك

یەکێك لە بنەڕەتە ڕەهاکانی بیرکردنەوەیەکی تەندروست بریتیە لە نوشتۆکی. هەندێکمان بە سروشتی خۆی بە نوشتۆکی لەدایکدەبێت، بەلآم هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە هەموومان بەشێك لە نوشتۆکیمان تێدایە. هەواڵێکی خۆشتریشم پێیە، هەواڵەکەش ئەوەیە دەتوانی ڕێژەی نوشتۆکبوون لە خۆتدا زیادبکەیت، ئەویش بە مەشقپێکردنی مێشکت تا گونجاوتر بیربکاتەوە و شتەکان باشتر هەڵبسەنگێنێت.

با زیاتر نوشتۆکی ڕوونبکەینەوە. هەتا زیاتر نوشتۆك بیت، خێراتر و باشتر دەتوانیت لە هەر شتێکی نەرێنی، خراپ و ئاقاربەلاداچوو بگەڕێیتەوە. زۆربەمان دەتوانین ئەو کاتەمان بیربچێتەوە کە پاسەکەمان لەدەستداوە و بەبۆنەیەوە دواکەوتووین لە کارەکەمان، بەلآم هەموومان ناتوانین بەرگەی ژیانێکی پڕ ناخۆشی و جنێودان و نەخۆشیەکی سەخت بگرین. بێ گومان بەرگەی ناگرین، بەلآم هێشتا کەسانێك باشتر لەوانی دی بەرگەی دەگرن. کەواتە چ شتێك وایان لێدەکات مانا بدەن بەو ژیانە پڕ ناسۆر و تراژیدیایەی تێیدان؟

کەسە نوشتۆکەکان باوەڕێکی زیاتریان بە خۆیان هەیە، متمانەیان بەو هێزەیان هەیە کە کۆنترۆڵی ژیانیانی پێدەکەن. ئەم نوشتۆکیەش باوەڕو متمانە و هیوایەکیان پێدەدات کە هەر ڕۆژێك دێت و ئەمان لەم ناخۆشیە نەجاتیان دەبێت.

لە ئەزموونی خۆمەوە ئەو کەسانەی کە بە باشترین شێوە مامەڵە لەگەڵ کارەساتەکانی ژیانیاندا دەکەن، هەمان ئەوانەن کە بە باشترین شێواز

CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

مامەڵە لەگەڵ لەدەستدانی پاسەکەدا دەکەن. شتێکی زۆر باشە، چونکە لە ڕێگەی ئەم ڕووداوانەی وەکو لەدەستدانی پاس، سووتانی خوانێک یان تووشبوون بە هەڵامەتێکی قورس و دەستکورتی بە ڕادەیەک نەتوانیت شتێك بۆخۆت بکڕیت، دەتوانیت ڕێژەی نوشتۆکی خۆت زیادبکەیت. کاتێك باوەڕ بە تواناکانی خۆت دەکەیت لە مامەڵەکردن لەگەڵ شتە بچووکەکاندا، ئەوا متمانە بەخشین بە تواناکانت لە مامەڵەکردن لەگەڵ شتە گەورەکاندا ئاسانتر دەبێت. دەی کەوایە با تەماشایەکی ئەو شێوازە بیرکردنەوانە بکەین کە ڕێژەی نوشتۆکی لە کەسایەتیدا زیاتر دەکات.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

یاسای حەوتەم

# خۆت بناسە

هاوڕێیەکم تووشی نەخۆشیەکی زۆر مەترسیداربوو بوو. بە دڵنیاییەوە خەڵکی پرسیاریان لە حاڵ و گوزەرانی دەکرد، پرسیاریان لە باری ئێستای نەخۆشیەکەی و ئەو شتانەی دەتوانێت بیانکات و ئەو شتانەشی ناتوانێت بیانکات دەکرد، دەیانویست بزانن چۆن دەتوانن یارمەتی بدەن. ئەم هەواڵپرسینەی ئەوان هاوڕێکەمی زۆر ئیزعاج و بێورەکردبوو بۆیە لە کۆتاییدا ئیمەیلێکی بۆ گشتیان نارد و سوپاسی خەمخواردنەکەیانی کرد و گوتیشی چیدی نایەوێت لەسەر ئەو بابەتە قسەیان لەگەڵدا بکات. دواتر بۆی ڕوونکردمەوە لەبەر خودی نەخۆشیەکە ئەو کارەی نەکردووە، بەڵکو بەهۆی ئەوەوە کردوویەتی کە خەڵکی ئەو بە نەخۆشیەکەی پێناسەدەکەن و بە دەردەداریەکەیدا دەیناسنەوە.

ئێستا ئەم هاوڕێیەم کەسێکی زۆر نوشتۆکە و تێگەشتنێکی دی بۆ نەخۆشیەکەی هەیە و خۆی و نەخۆشیەکەیشیێ بە دوو بوونی جیاواز دەزانێت. ئەو دەبوایە وەکو کەسێکی نەخۆش بەردەوام بوایە لە ژیان و لە هەمان کاتیشدا ئەم هەڵوێستەی هەواڵپرسینی کەسانی تری لەخۆی دووردەخستەوە. ئەو نەیدەویست کەسە نزیک و هاوڕێکانی وەکو کەسێکی نەخۆش و بیمار تەماشای بکەن، چونکە ئەم کارەیان وای لێدەکرت ئەویش بە هەمان چاو سەیری خۆی بکات. ئەو چەند ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی وەکو دایك، هاوڕێ و هاوپیشە هەبوو، بۆیە دەیویستی بەو شێوازە بناسرێتەوە کە خۆی پێیخۆشە. هاوڕێکەم حەزیدەکرد کە

تەماشای دەکەن ئەو وێنانە ببینن کە خۆی بۆ خۆیی دروستکردبوو ، نەك وەکو نەخۆشیك سەیری بکەن. بە کێشانی ئەم خاڵ و سنوورانە لە دەوروبەری، کەسایەتی خۆی و نەخۆشیەکەی لەیەك جودا کردبوویەوە.

ئەمە ئەوپەڕی نوشتۆکبوونە. چەقی مامەڵەکردن لەگەڵ پەستان و وورەدان بە خودە تا بەسەر چەرمەسەریەکانی ژیاندا سەربکەویت. زۆربەمان سنووری نێوان خۆمان و کێشەکانمان تێکدەدەین و لێمان تێکەڵ و پێکەڵ دەبێت. هەرکاتێك زانیت بیرکردنەوە زاڵبوون بەسەر بارودۆخەی کە تێیدایت قورستر دەکات، ئەوکات دەتوانیت بە شێوەیەکی دی بیر لە حاڵ و گوزەرانت بکەیتەوە. پێویست ناکات وەکو هاوڕێکەم بە کەسانی دی بڵێیت نامەوێت لەسەر نەخۆشیەکەم قسە بکەم، بەڵام بۆ هەندێ کەس تاکتیکێکی باشە. یەکێك لە هاوڕێکانی دوای ئەوەی مێردەکەی مرد ڕازی نەبوو پێی بڵێب " بێوەژن " چونکە وشەکە وەسفی ئەو حاڵەتەی دەکرد کە تێیدابوو نەك خودی خۆی.

خاڵە جەوهەریەکە لەوەدایە بزانیت چۆن مامەڵە لەگەڵ نەخۆشی مەترسیدار و تەنگ و چەڵەمەکانی ژیاندا دەکەیت و بە ڕێزی خودیت بڵێیت کە ناتەوێت بە ناخۆشی و کێشەکانتدا بناسرێیتەوە. ناتەوێت وەکو کەسێکی مێردمردوو تەماشات بکەن. ئەگەر قسەکانیان بە تەواوی ژیان و بوونی خۆتەوە ببەستیتەوە، ئەوا نیشانەیەکی پرسیاری گەورە لەسەر تەواوی کەسێتیت و بەهاکات وەکو کەسێك دروست دەکەیت. دەرکران لە کارەکەت مانای ئەوە نییە کە تۆ کارمەندێکی باش نیت، ئەگەر بێئیشبوونەکەت بکەیتە حاڵەتێکی کەسێتیت ئەوا وەکو ئەوە وایە چیایەکی زۆر گەورەت لەبەردەم باوەڕتدا دانابێت کە ناتوانێت بەسەریدا

سەربەکەویت. هێشتا بوارت ماوە کارێکی نوێ بدۆزیتەوە تا خۆت وەکو دۆڕاوەیە تەماشا نەکەیت.

پچڕانی پەیوەندیەکی سۆزداری و دەستنەکەوتنی کار بریتی نییە ڕەنگدانەوەی تۆ بە ڕووی بووندا. بیر لەو شتانەی نێو ژیانت بکەرەوە کە هیچ پەیوەندیان بە بێئیشبوونی تۆوە نییە، بیر لە تەواوی ژیانت، هاورێکانت، خێزانەکەت، کارامەییەکانت و خاڵە بەهێزەکانت بکەرەوە. ئەگەر لەگەڵ خۆشەویستەکەتدا جیابوونەوە مانای ئەوە نییە تۆ شکستخواردوویت، بەڵکو تەنها مانای ئەوەیە ئێوە بەیەکەوە نەگونجاون و تەواو. بەڵێ باش دەزانم لەو کاتی ئەو حاڵەتانەدا بیرکردنەوە بەم شێوەیە قورسە، بەڵام دەبێت هەمیشە بەبیری خۆتی بهێنیتەوە کە ئەمە بەشێکی ژیانتە و هەمووی نییە. پەیوەندیەکە هەرچەندێك گرنگ بێت بۆت، پێناسەی ڕاستی و هەمەگیری تۆ ناکات. ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە، جیاکردنەوەی خۆت لە کێشەکانت، یارمەتیدەرێکی زۆر گەورە دەبێت لە زاڵبوون بەسەر ناخۆشیەکانتدا.

**ئەگەر بێئیشبوونەکەت بکەیتە حاڵەتێکی کەسێتیت ئەوا وەکو ئەوە وایە چیایەکی زۆر گەورەت لەبەردەم باوەڕتدا دانابێت کە ناتوانیت بەسەریدا سەربەکەویت**

یاسای هەشتەم

# بەدوای پشتگیریدا بگەڕێ

پێدەچێت کەسە نوشتۆکەکانی دەوروبەرمان زیاتر یارمەتیان بدرێت و بە تۆڕێک لە خەڵکی دەستیار دەورەدرابن. لەوانەیە ئەم پشگیریە بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵانە و لەبواری کاردا نەبێت، بەڵام لەلایەن کەسانی وەکو هاوڕێ و خێزانەوە دەستگیرۆیی دەکرێن کە هەر بە ڕاستی دەیانەوێت یارمەتیان بدەن لە زاڵبوون بەسەر کێشەکانیاندا. لەهەمان کاتدا بەم شێوەیەی ئێستای ئەوەندە باش نییە، چونکە دەبێت یارمەتیدەرەکانت گونجاو و ماقوڵ بن و لە کارەکەیاندا باشبن. هەندێک کەس – خودا ڕەحمیان پێ بکات – لە کاتی یارمەتیدانیشدا ڕەچاوی قسەکانیان ناکەن و شتی نابەجێ دەڵێن. بۆیە ئەم هاوڕێیانەی کاتی دڵخۆشیت لەژیانت لاببە کاتێک حاڵەتێکی سەخت و دژوارت بەسەردا دێت، بەم کارە چاکەیەکی زۆر گەورە لەگەڵ خۆتدا دەکەیت. بیربکەرەوە دەتەوێت کام هاوڕێت لات بێت و هاوخەمت بێت، وە دەتەوێت کام هاوڕێت لات نەبێت و هاوخەمت نەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا بیر لە جۆری ئەو یارمەتیانە بکەرەوە بە پێویستت پێیە. یارمەتیدان لەلایەن هاوڕێکەتەوە شتێک نییە مەرایکردنی بوێت، ئەگەر پشتگیریەکەی سوودت پێنەگەیەنێت ئەوا لەسەرت ئەرک نییە قبوڵی بکەیت. دەکرێت ئەوەندە کێشە و ناڕەحەتیت زۆربێت کە نەتەوێت گاریگەری نەرێنی لە هاوڕێکانت وەربگریت تەنها لەبەر ئەوەی نیازیان بەرامبەرت باشە. پێویست ناکات ڕووبەڕوو پێیان بڵێیت " یارمەتی ئێوەم ناوێت ". بەڵکو دەتوانیت زۆر بەشێوەیەکی سادە و ساکار ئیدی

بانگهێشتنامەکەیان قبووڵ نەکەیت هەتا شتەکان ڕوو لە باشی دەکەن یان تەنانەت هەر یەکەمجار دەتوانیت پێیان نەڵێیت کە نەخۆش کەوتوویت، ئەم فێڵەیان هەندێجار سەردەگرێت و هەندێك جاریش دەبێتە کێشە بۆت. ئەگەر وا هەست دەکەیت کاتێك کارێکی تایبەت بەدەستنەخەیت ئەوان پێیان ناخۆش دەبێت، کەواتە برۆ چاوپێکەوتن بۆ ئەو کارە تایبەتە بکە بێ ئەوەی ئەوان پێی بزانن.

باشە لەکاتی تووشبوونی ناڕەحەتیەکدا شوێنی کام کەس لە ژیانتدا زیاتر دەکەیت؟ ئەگەر واز لەو کەسانە بهێنیت کە بە کاریگەریە نەرێنیەکانیان و بە قسە هەڵەق و مەلەقەکانیان بارودۆخت ناخۆشتر دەکەن ( هەرچەندە لەوانەیە کاری لەو شێوەیەش نەکەن) ئەوا کارێکی زۆر باش دەکەیت. تۆ کەسی ئەرێنی و گەشبینیت لە دەوروبەری خۆت دەوێت.

بەس ئەوەندە ئەرێنی و گەشبینیش نەبن پێت بڵێن تۆ هیچ نەخۆش نیت و لەخۆڕا خۆت لەجێگادا خستووە. بەڵکو لەو جۆرە بێت کە هەمیشە دەڵێت " هیچ نییە ! هێندە خەفەت مەخۆ " چونکە تۆ لەو کاتەدا پێویستت بە هەست و سۆزە نەك کەسێك پێت بڵێت تۆ نەخۆش نیت. ئەگەر کەسێك بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ کردی، ئیدی نابێت قبووڵی بکەیت کە تۆ خراپی.

گوێم بۆ شل بکە، ئەگەر قسەی یەکێك وای لێکردی هەست بە خراپبوونی خۆت بکەیت، ئەوا ئەو قسەیە سوودێکی ئەوتۆت پێناگەیەنێت. لەمەودوا لە مێشکتدا بیچەسپێنە، ئەگەر قسەکانیان بارودۆخی تۆ باشتر نەکەن، ئەوە خەتای ئەوانە، کێشەکە لە ئەوانەوەیە نەك تۆوە.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

لـه کەسـانێك دووربکـەوەرەوە کـە هەوڵـدەدەن کێشـەکانت بـۆ چارەسـەر بکەن بە هێنانەوەی چارەسـەرێك و بڕیـاردان لـەجیاتی خـودی خـۆت یـان هەر خۆیان بڕیارێك دەربکەن لەجێگای تۆ. بەم جۆرە سـوودت پێناگـات و نوشتۆکیت پەرەناستێنێت. کاتێك دەڵێت تۆ خۆت ناتوانیـت بیربکەیتـەوە و کێشەکانت چارەسەر بکەیت ئەوا پەیامێکی نەرێنی و ڕووخێنـەر دەداتـە خودنائاگات. قسەیەکی ئەوان بە هیچ شێوەیەك ڕاسـت نییـە و سـەرەڕای ئەوەش تۆ دەتەوێت خۆت لەو جۆرە باوەڕە بـە خـۆت بـەدووربگریت. تـۆ بـەهای خـۆت هەیـە، دەتوانیـت بڕیـار دەربکـەیت و ژیـانی خـۆت بـەڕێوە ببەیت، من زۆر سوپاستەکەم ئەگەر بەم شێوازە مامەڵە بکەیت.

کە توانیت بیر لە پێویستیەکانی خۆت و ئەو کەسانە بکەیتەوە کە دەتوانن ئاتاجیەکانت بۆ دابین بکـەن، ئـەوکات دەتوانیـت چـواردەورت بـە کەسـی دەسـتگیرۆیکەر و یارمەیـدەری ڕاسـتی پڕبکـەیت هـەرکاتێك تووشـی کێشەیەك بوویت. داواکاریەکانی خۆتیان پێ بڵێ، ئایا دەتـەوێت کەسێك هەبێت ئاگای لە منداڵەکانت بێت؟ یان کەسێك بێت و کەمێك پەستانی نەخۆشیەکەت لەلا کەم بکاتەوە؟ یان کەسێك بەس گوێت بـۆ شـل بکـات؟ کەسێك یارمەتیت بدات لە نامە نووسیندا؟ یان پێویسـتت بـە کـەس هەیـە بێت بۆلات و خواردنت بۆ لێبنێت و دوای ئـەوە لـە بەفرگرەکـەدا دایبنێـت هەتا دواتـر بیخۆیـت؟ ئـەو کەسـانەی کـە بەڕاسـتی دەیانـەوێت یارمـەتیت بدەن، دەگەڕێن بەدوای باشترین ڕێگادا تا پێویستیەکانت پڕبکەنەوە.

**دەتوانیت بڕیار دەربکەیت و ژیانی خۆت بەڕێوە ببەیت، سوپاستەکە، من زۆر سوپاستەکەم ئەگەر بەم شێوازە مامەڵە بکەیت**

یاسای نۆیەم

# جڵەو بگرە دەست

هەرکاتێك بابەت دێتە سەر ڕووداوەکانی ژیانت، کەسەکانی دەوروبەرت دەبن بە دوو جۆرەوە. کۆمەڵەیەکیان کە باوەڕیان بە چارەنووس هەیە و پێیان وایە کە مرۆڤ توانای گۆڕینی هیچ شتێکی نییە، کۆمەڵێکیشیان پێیان وایە مرۆڤ ئازادی دراوەتێ و خۆی دەتوانێت کۆنترۆڵ بەسەر ژیانیدا بکات. هێشتا زانست بە تەواوی بۆ نەسەلمێندراوە کە کام کۆمەڵەیەیان ڕاستی ڕەها دەڵێن، بەڵام دڵنیایە کە ئەو کەسانەی باوەڕیان بە کۆنترۆڵ کردنی ژیانی خۆیان هەیە دڵخۆشتر و ئاسوودەترن.

متمانەبوون بەوەی کە خۆت کۆنترۆڵی ژیانت دەکەیت دەسپێکێکی جەوهەرییە بەرەو نوشتۆکبوون. لەسەرو هەموو شتێکەوە متمانە بەخۆبوون هانتدەدات لەگەڵ نەهامەتیەکانی ژیانتدا ڕابێیت، یان ڕێگایەکی نوێ بدۆزیتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەگەر چی کاریگەریەکەشی کەم بێت. ناتوانیت کەسێکی مردوو زیندوو بکەیتەوە، بەڵام ئەگەر متمانەت بە کاریگەری باوەڕ و بڕیارەکانت لەسەر شێوازی مامەڵەکردنت لەگەڵ کێشەکاندا هەبێت، ئەوا بێ یەك و دوو چارەسەر و شیفایەکی هەر بۆ دەدۆزیتەوە.

هەندێك کەس کە دووچاری نەخۆشیەکی سەخت دەبن یەکسەر خۆیان لە خواردنی کۆمەڵە خواردن و خواردنەوەیەك دەگرنەوە. لەوانەیە بڵێیت کە ڕێجیمەکەیان سەرپێیە و هیچ بەڵگەیەك نییە لەسەر ئەوەی خۆگرتنەوەیەکیان سوودێکیان پێدەگەیەنێت. لەوانەیە ڕاستت پێکابێت، لەوانەشە نیشانەت لە ئامانجێکی هەڵە گرتبێتەوە. هیچ گرنگ نییە تۆ

ڕاست بکەیت یان نا. ئەوەی گرنگ و بەرچاوە کە ئەم کەسانە بە جێبەجێکردنی ئەم کردارەیان نوشتۆکی خۆیان زیاد دەکەن. کەواتە هیچ نەبێت لەم ڕووەوە ڕێجیمەکەیان سوودێکی گەلێک گەورەیان پێدەگەیەنێت.

ئەی باشە هیچ جێگرەوەیەك هەیە لەجیاتی ئەوەی خۆت کۆنترۆڵی ژیانی خۆت بکەیت؟ باشە، ئەگەر تۆ باوەڕت بەوەیە کە چارەنووس هەموو ژیانتی داگیرکردووە، ئەوا هەر ڕووداوێکی ناخۆش و ناچیز بەسەرتدا بێت ئەوا تۆ خۆت بە قوربانی و چارەنووسیش بە تاوانبار دەزانیت. دانانی خۆت بە قوربانی چارەنووس هەموو توانا و هێزێکت لێدەسەنێتەوە و دەتکات بە کەسێك کە نەتوانیت هەنگاوێك لەسەر پێکانی خۆت بنێیت. ئەم بیرکردنەوەیەت هیچ سوودێك بە باوەڕی خودیت ناگەیەنێت و توانای جڵەو گرتنیشت لەژێر دەست دەردەکات.

هەرکاتێك شتێکی ناخۆشت بەسەردا هات هەوڵبدە چارەسەری بکەیت. ئەگەر ناتوانیت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریت لەسەریان هەبێت، ئەوا شێواز و جۆری کاردانەوەکانت بگۆڕە. جیاوازتر لە پێشوو بیربکەرەوە، کەسێك هەڵبژێرە هەتا داوای ئامۆژگاری لێبکەیت و پشتت بگرێت، لە کێشەکە بە قووڵی ڕابمێنە، یۆگا بکە، پیاسەیەکی دووروودرێژ ئەنجامبدە و کاتێکی باش بدە بە مێشکی خۆت تا ڕووداوەکان لە پێش خۆی ڕوون بکاتەوە، گرنگ نییە کام لەو هەڵبژاردنانەی سەرەوە ئەنجامدەدەیت، بەس هیچ نەبێ شتێك بکە و دەستەوەستان مەبە. باوەڕبوون بە کۆنترۆڵکردنی ژیانی خۆت سوودێکی زۆر و زەبەندەت پێدەگەیەنێت.



CamScanner الممسوحة ضوئيا بـ

ئیدی هەموو ئەو ڕاهێنان و مەشقانە ئەنجامبدە کە سوودێکت پێدەگەیەنێت. هەر کاتێك کۆنترۆڵ لەژێر دەستی خۆتدا بوو نوشتۆکیش بەرەوپێشەوە دەچێت. کەوایە بەدوای کارێکی دیکەدا بگەڕێ، یان ڕەخنەیەك لە بەرامبەرەکەت قبوڵبکە، چاولەدووی ئامۆژگاری کەسە شارەزاکان بە، ڕێجیمەکەت بگۆڕە یان هەر شتێکی دی ئەنجام بدە کە دەزانیت سوودت پێدەگەیەنێت. هەستان بە ئەنجامدانی کردارەکە و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستیەکە دووقات سوودت پێدەگەیەنێت. دەتوانیت بەو شێوەیەی دەتەوێت داهێنەر بیت. ئەگەر وا هەست دەکەیت ڕەنگکردنی گەرماوەکەت بە شین دڵخۆشت دەکات، دەی کەوایە ڕەنگی شینی بکە. کەسێك دەناسم سەرەڕای ئەوەی هەوڵ و کۆششێکی زۆری دەدا، بەس هێشتا دڵی بە ئیشەکەی خۆش نەبوو و ڕقی لێی بوو، بۆیە کارەکەی بەجێهێشت. دواتر نەیتوانی ئیشێك چنگ بخات، بۆیە زۆر بەزەیی بە خۆیدا دەهاتەوە. ئیدی خۆی سەرقاڵکرد بە نووسینەوە، نووسینێك کە هەر لە سەرەتاوە حەزی لێیبوو و بەڵێنیشی بەخۆی دابوو ڕۆژێك لە ڕۆژان دەست بە نووسین بکات. ئیدی ئەو کەسە نەیتوانی ئیشێکی دی بدۆزێتەوە، چونکە لە بواری نووسیندا چووە ڕیزی پێشەنگەکانەوە.

**کەسانێك کە باوەڕیان بە کۆنترۆڵ کردنی ژیانی خۆیان هەیە دڵخۆشتر و ئاسوودەترن**

یاسای دەیەم

# نوشتۆک بە

بۆچی ئەندازیارەکان لەکاتی دروستکردنی باڵەخانەیەکدا لەجیاتی ئاسن پۆلا بەکاردەهێنن؟ باشە خۆ ئاسن بەهێزترە! بەلام پۆلا سوودێکی گەلێك گەورەتری هەیە لە ئاسن، چونکە پۆلا نوشتۆکە. پۆلا بەهۆی توانای چەمانەوەیەوە بە ئەستەم دەشکێت. لەوانەیە هەستێکی ناخۆشت هەبێت کاتێك لەسەر نهۆمی سەری سەرەوەی باڵەخانەیەکیت و بیناکە وەکو جۆلانەیەك ئەملاولا بکات، بەلام لەڕاستیدا ئەوە ئەو جوولانەوەیەیە کە ڕێگرە لەبەردەم شکان و ڕووخانی باڵەخانەکەدا. دەبینیت! پۆلا نوشتۆکە.

گەر لە گۆشەنیگایەکی زانستیەوە لە نوشتۆکبوون بڕوانین، دەبینین بەمانای توانای چەمانەوەی ماددەکان دێت کاتێك هێزێکیان دەخرێتەسەر، بە مانایەکی دی توانای گەڕانەوەیانە بۆ شێوەی بنەڕەتی و سەرەتایی خۆیان. ئێمەی مرۆڤیش ماددەین و پێویستمان بە ڕێژەیەك لە نوشتۆکبوون و چەمانەوە هەیە بۆ ئەوەی لە هەمبەر ناخۆشیەکانی ژیان و ڕەشەبا توندەکاندا بنوشتێینەوە و لە کۆتاییدا بگەڕێینەوە سەر شێوەی بنەڕەتی خۆمان.

کاتێك دووچاری زریانێکی مێشکی و فیکری بووین، دەبێت ئامادەیی ئەوەمان تێدابێت هەندێك شت لە پێناویدا ببەخشین. دەکرێت وا بیربکەیتەوە کە وەستان لە بەردەم زریان و ڕەشەباکاندا باشترین شێوازی ڕووبەڕوو بوونەوەیان بێت، بەلام ئەگەر شکایت، ئەوکات هیچ شتێك دادت نادات و چاکبوونەوەت شتێکی زەحمەت و ئازاربەخش

دەبێت. بابڵێین حەزت چووەتە خانوویەك و دەتەوێت بیکڕیت. ئیدی بۆ ماوەی چەند ساڵێکە پارەی بۆ کۆدەکەیتەوە و لە کۆتایدا ئەو خانووەت بەرچاوکەوت کە خۆت حەزت لێیّ بوو و مێشکتی داگیر کردبوو، دواتر ئۆفەرەکەت قەبووڵکرا و ئیتر بیرلەوە دەکەیتەوە ژوورەکان بە چ شێوازێك بێت و چ ڕەنگێکیان دەکەیت و چۆن دەیڕازێنیتەوە. پاشان تەماشادەکەیت ئۆفەری کڕینەکە هەڵوەشاوەتەوە، لەوانەیە فرۆشیارەکە پێت نەفرۆشێت یان لەوانەیە نرخی خانووەکە بەرزبوونەوەی بەخۆوە بینیبێت

باشە کاردانەوەت چی دەبێت بەرامبەر ئەم ڕووداوە — کە وەکو کارەساتێك دەردەکەوێت، نا؟ — لە کاتێکدا ئەم ڕووداوە نووشتۆکی تۆ بەرامبەر شتە لەناکاوەکانی ژیانت پیشاندەدات؟ زۆربەی کەس بە ڕووداوێکی ناخۆشی لە قەڵەم دەدەن، بەس بۆ تۆ چەند ناخۆشە و چەند کاتت دەوێت هەتا چاك دەبیتەوە؟ ئەگەر تەنها بیر لەو خانووە بکەیتەوە و وابزانیت هیچ خانویەکی دی نییە، کاریگەرییەکی زۆر خراپی لەسەر نوشتۆکیت هەیە لەچاو ئەوەی چەند هەڵبژاردەیەکی دی بخەیتە پێشچاوی خۆت. هەرچۆنێك بێت دەبێت خانوویەکی تر بکڕیت و ئیدی لەوێدا ژیان بەسەر ببەیت. تەنها جیاوازی لەم دوو حاڵەتەدا بریتیە لە ڕاهاتن لەگەڵ بیرۆکەی خانو کڕیندا. هەتا بیرکردنەوەکات نوشتۆکتر بێت، زووتر لەو بیرکردنەوە ڕوخێنەرانە ڕزگارت دەبێت و دڵت دەچێت بە خانویەکی نوێدا و خێراتر لە خانوە نوێکەدا ژیانت دادەمەزرێنیت.

ئەم شێوازە لە بیرکردنەوە کارامەیە دەتوانیت جار بە جار لەگەڵ کێشە بچووك و ئاساییەکاندا بەکاریبهێنیت، ئەو کێشانەی کە زیاند



CamScanner الممسوحة ضوئيا بـ

نائومێدکەرن، نەك ڕووخێنەر. داتناوە لەگەڵ هاوڕێ خۆشەویستەکاندا بڕۆیت و خوانێکی خۆش و بەلەزەت لە دەرەوە پێکەوە بخۆن، بەس کە گەشتیتە بەردەم چێشتخانەکە دەبینیت داخراوە. ئیدی بێتاقەت و دلگران دەبیت یان دەڵێیت " وەرن ئەوە کەی کێشەیە، گرنگ ئەوەیە لەگەڵ خۆشەویستەکانتدا بیت، با لە شوێنێکی تر نان بخۆین، یان تەماشای فیلم لە شوێنێکی دی بکەین "؟ لە داهاتوودا لەوانەیە ئەو کەلوپەلەی دڵخوازی تۆیە لە فرۆشگا نەمابێت، دواکەوتوویت و شەمەندەفەرەکەت لەدەستچووە یان هەر کە گەشتیتە شوێنی سەیرانەکەت یەکسەر کێشەیەکت تووشبوو، لە هەموو حاڵەتەکاندا نوشتۆکانە بیربکەرەوە و لەگەڵ ڕووداوەکاندا ڕابێ. باشە چی لەدەست دەدەیت ئەگەر لەگەڵ ڕووداوە بچووکە ناخۆشەکانی ژیاندا ڕابێیت هەتا نوشتۆکیت بەرامبەر ڕووداوە گەورە ڕوخێنەرەکانی ژیان زیاتر بێت ؟

**نوشتۆکی بەمانای توانای چەمانەوەی ماددەکان دێت کاتێك هێزێکیان دەخرێتەسەر، بە مانایەکی دی توانای گەڕانەوەیانە بۆ شێوەی بنەڕەتی و سەرەتایی خۆیان**

یاسای یازدەیەم

# ئاگات لە خۆت بێت

ئەو ڕووداوانەی کە لە ژیانتدا ئەزموونی دەکەیت، چەندیش ناخۆش بێت، هێشتا دەتوانیت وانەیەکی لێوە فێرببیت. ئەگەر هیچ فێر نەبیت ئەنجامەکە ناگۆڕێت و جارێکی دی تووشی هەمان ئەزموونی ناخۆش دەبیتەوە. قسەم لەگەڵ کەسێکدا دەکرد کە بەم دواییانە هاوسەرەکەی لەدەستدابوو. ژیانێکی پڕ تەنگ و چەڵەمە و ناخۆشی هەبوو، لە تەمەنی پازدە ساڵیدا دایکی خۆشەویستی لەدەستدابوو. پێی گوتم کە جاری یەکەم زۆر بە زەحمەت لەژێر باری ئەو ناخۆشییەدا خۆی بۆ ڕاستکرابوویەوە، بۆیە ئەمجارە هەڵەیەکی لەو شێوەیە دووبارە ناکاتەوە. ئەوەی بۆم باسکردن، ئەوەی لەم خانمەدا هەیە پێی دەگوترێت نوشتۆکی.

بیر لەو کارەساتانە بکەرەوە کە لە ژیانتدا ڕوویداوە و لە هەمان کاتیشدا بیر لە کاردانەوەکانت بکەرەوە بەرامبەری. کاتێك ناخۆشی و کارەساتی نوێ دێنە پێشت بیر لەوە بکەرەوە چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت. ئەگەر بە هەمان شێواز و هەمان ڕێگە لە ڕووداوەکان نزیکببیتەوە، ئەوا هەمان ئەنجامت بۆ دەردەچێت. کەواتە بوەستە و ئیستێك وەربگرە و هەوڵبدە شتێکی نوێ ئەنجام بدەیت. بیر بکەرەوە لە پێشوودا کام کاردانەوەت باش بووە، کامەش خراپ و چۆن بتوانیت لە داهاتوودا کاردانەوەکانت بگۆڕیت.

ئایا هیچ کاتێك خۆت کۆکردوەتەوە و بتەوێت باشتر ببیت و خۆت بەرەو پێشەوە ببەیت؟ باشە، ئەگەر کارەکەت ئەنجامێکی باشی نەبوو، ئەوە

پێشنیار دەکەم ڕێگەیەی نویێ تاقیبکەیتەوە، بۆ نمونە داوای یارمەتی و مۆچیاری لە کەسێکی دی بکە. ئایا جار هەبووە خۆت بۆ شتێك یەکلایی کردبێتەوە و تەواوی هەوڵی خۆتت دابێت، کەچی هیچ ئەنجامێکی نەبێت؟ ئەگەر وەڵامەکە بەڵێیە، دەی کەوایە ئیدی بۆ بە هەمان ڕێگە لە ڕووداوەکان نزیکدەبیتەوە؟

ڕاهاتن لەگەڵ ڕووداوەکاندا بەس بە قسە نابێت، دەبێت کرداریشی لەگەڵدا بێت. ئەگەر پەیوەندیە سۆزداریەکەت لە حاڵەتی تێکشکاندایە، باشە چی لە ئەزموونەکەی پێشووترتەوە فێربوویت؟ ئایا واباشترە قسەی زیاتر بکەن؟ یان کەمتر؟ یان ئیتر شەوانە زووتر بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە؟ ئەگەر لەگەڵ منداڵە گەورەکەتدا تووشی گرژیەك بوویت کاتێك تەمەنی گەشتە هەرزەکاری، ئەدی ڕێگایەکی نویێ هەیە تا لەگەڵ منداڵەکەی تریشدا نەکەویتە هەمان ئالۆزییەوە؟ ئەگەر ڕێگایەکی نوێت نەدۆزیوەتەوە ئەوا دووبارە دووچاری هەمان کێشە و گرفت دەبیتەوە. هاوڕێیەکم، کاتێك منداڵەکانی لەسەر زەویەکە دادەنیشتن زۆر هاواری بەسەردا دەکردن و دەیگوت بۆ لەسەر قەنەفە و کورسیەکان دانانیشن. ڕۆژێکیان کوڕەکەی پێی گووت بۆچی وا دەڵێیت دایە، هاوڕێکەشم هەرچی گەڕا نەیتوانی و نەیزانی بەهانەیەك بهێنێتەوە، دواتر گەشتە ئەو باوەڕەی هەمان شت کە دایك و باوکی بەرامبەر ئەم بەکاریان هێناوە، ئەمیش بەرامبەر منداڵەکانی بەکاردەهێنیت ب. بۆیە پێکەنی و گوتی لەکوێدا حەزتان لێبوو لەوێدا دابنیشن. گۆڕانکاریەکی بچووك بوو، بەڵام بەشێوەیەکی بەرچاو پەیوەندیەکەیانی بەرەو پێشەوەبرد.



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

کاتێك تەمەنم لە بیستەکاندا بوو، هاورێیەکم کە تەمەنی لە شەستەکاندا بوو پێی گوتم " کە بەساڵدا چوویت واز لە هەڵە کردن مەهێنە، بەس هەوڵبدە هەڵەیەکی شیاو و ماقووڵ بکەیت. " پێی گوتم هەتا بەساڵداچووە زیاتر گووتویەتی " ئاهـ ، ئەم ڕێگایەم پێشتر بەکارهێناوە و هیچ سوودێکیشی نەبووە، کەواتە ڕێگایەکی نوێ بەکاردەهێنم. " هەندێجار سەری گرتووە و هەندێك جاریش سەری نەگرتووە، بەس هیچ نەبێت ڕێگایەکی نوێی بەکارهێناوە. ئەو حاڵەتەی کە دڵم زۆر تووند دەکات بینینی ئەو کەسانەیە کە تەمەنیان زۆر بووە و هەرگیز بیریان لەوە نەکردووەتەوە ڕێگایەکی نوێ بۆ نزیکبوونەوە لە کێشەکانیان دابڕێژن، وە هۆکار چییە هەموو جارێك ڕووبەڕووی هەمان ئەنجام دەبنەوە؟

خۆت بناسە. خاڵە لاوازەکانت بناسە، بزانە چی یارمەتیت دەدات، بزانە لەگەڵ کام ڕووداوەدا خۆت پێڕادەگیرێت و لەگەڵ کامەشدا خۆت بۆ ڕاناگیرێت، بزانە ئەو هەست و سۆزە نەرێنیانە چین کاتێك تووشی ڕووداوێکی ناخۆش دەبیت بەکاریان دەهێنیت، بزانە توورە و بێئومێد دەبیت و بەزەیت بە خۆتدا دێتەوە یان زوو هەڵدەچیت. هەتا زیاتر لە دەروونی خۆت تێبگەیت، باشتر ڕووبەڕووی ناخۆشیەکان دەبیتەوە و زووتر دێیتەوە شوێنی خۆت.

**هەتا زیاتر لە دەروونی خۆت تێبگەیت، باشتر ڕووبەڕووی ناخۆشیەکان دەبیتەوە و زووتر دێیتەوە شوێنی خۆت**

یاسای دوازدەیەم

# چۆن بوو بێت هەر وایە

کاتێك سەرمام دەبێت و تووشی هەلامەت دەبم ، دانیپێدا دەنێم کە حەزدەکەم ئاماژەی پێبکەم. هەرچەندە شتەکە ڕووکەشانە دەردەکەوێت، هەرچەندە ئەم ڕەفتارەشم نەرێنییە. ئێ باشە خۆ ئەو ڕەفتارە نەرێنییەم وەکو شتێکی ئەرێنی تەماشا ناکەم؟ هەر چۆنێك بێت، دەبێت ئیدی واز لە باسکردنی کێشەکانم بهێنم. لەبەر ئەوە وازناهێنم کە خەلکی پێیان ناخۆشە، بەس لەبەر ئەوەی لەجیاتی ئەوەی باشتربم، حالم خراپتر دەبێت. هەرجارێك ئاماژە بەو کێشەیەم دەکەم، دەبەنگی خۆمم بیردەکەوێتەوە. گوێم لە قسەکانی خۆم دەبێتەوە کە دەلێم " ئێستا باشترم " یان " لەو کاتەوەی تۆ پرسیارت کردووە کەمێك باشتربووم " بەس لەناکاو بووووم چ هەژەندێکە، حالم خراپترە."

خەسووشم – کە کەسێکی زۆر خۆڕاگرە – ڕێك بە پێچەوانەی منەوەیە. کاتێك پرسیاری لێدەکرێت سەرمابووە و هەلامەتی گرتووە، دەلێت " هەلامەتی چی، کوا من هەلامەتم گرتووە. " سوورە لەسەر ئەوەی کە هیچ کێشەیەکی نییە و باشە. خالە جەوهەریەکەی ئێرە – کە دەبێتە هۆکاری ئەوەی واز لەو خووەم بهێنم – ئەوەیە کە ئەو زۆر باشتر مامەلە لەگەل نەخۆشی و کێشەکانی ژیانیدا دەکات. یان ئەوەتا بە تەواوی لەبیری دەکات، یان هەر کەسێك هەوالی دەپرسێت دەلێت باشم. ئەو گوێی لە خۆیەتی کاتێك دەلێت باشم، بۆیە هەست بە باشی دەکات.

ئەم جۆرە قبوولکردنە نوشتۆکی دروست دەکات. بەرامبەر کێشەکانی زۆر لە من نوشتۆکترە، کەواتە من دۆڕاوم و ئەویش براوە. کاتێك تووشی

کێشەیەکی گەورەتر دەبیت، قبووڵکردن باشترین شتە. قبووڵکردن بە مانای دەستهەڵگرتن نایەت، بەمانەی وازهێنان نایەت.

ئەم قبووڵکردنەی خەسووم مانای ئەوە نییە دەسڕ نەکرێت و ئاوی لیمۆ و هەنگوینی گەرم نەخوات. بەدڵنیایەوە هەموو ڕێگاکانی چاکبوونەوە لەو نەخۆشیە دەگرێتەبەر. ئەگەر لیمۆشی لێ ببڕێت تەنها تۆزێك پێی ناخۆش دەبێت و دەڵێت " خۆ من پێویستم بە لیمۆ نییە هەتا چاکببمەوە " خاڵە گرنگەکەی لێرەدا باسی دەکەم ئەوەیە خەسووم قبووڵی دەکات کە تووشی هەڵامەت بووە و هەموو ڕێگەچاریەکیش دەگرێتەبەر هەتا خۆی لێ ڕزگار بکات. خۆ کوتان بە زەویدا و هاواکردن و جوێندان هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕن و لە هەڵامەتەکە چاکت ناکەنەوە. پەسیوەکە کاتی خۆی وەردەگرێت و ئەویش لەگەڵیدا دەژی و ژیان بەرێدەکات.

هەتا کێشەیەك نەناسیتەوە و دەستنیشانی نەکەیت ناتوانیت چارەسەری بۆ بدۆزیتەوە. ئەگەر لە مێشکی خۆتدا واتداناوە کە ئەو شتەی نەگۆڕە، بیگۆڕیت، ئەو شتە نابەزێندرێت، بیبەزێنیت، ئەوا هەر لەو شوێن و پلەیەی خۆتدا دەچەقیت و دەمێنیتەوە. ئەوە نەخۆشیەکە و لەوانەیە ئازارت بدات، ئەدی باشە چی دەکەیت لەگەڵ کێشە گەورەکاندا؟ پێتدەڵێم هەتا پێت بکرێت شتەکان بگۆڕە، بەڵام هەندێ شتیش هەیە لەژێر دەست دەردەچێت و بە هیچ ناگۆڕێت. لەوانەیە شتەکە یان ڕووداوەکە لە ڕابردوودا ڕوویدابێت، لەوانەشە نەتوانیت خۆتی لێ بەدوور بگریت. بەهەرحاڵ زووبێت یان درەنگ دەبێت قبووڵی بکەیت هەتا کێشەیەکی تری بەسەردا نەهاتووە. تەنها کار بتوانن ئەنجامی بدەن

دۆزینـەوەی چارەسـەرێکە بـۆ کێشـەکە. هەنـدێ جـار ئـەم هۆنراوەیـەی چلینەکانی خەیام بیری خۆم دەخەمەوە کە دەڵێت:

" دەست دەجووڵێت و دەنووسێت، فەرمانێکی پێیە،

دەڕوات و بەرامبەر ژێری نە بەزەییەکی پێیە،

ناکرێت فریوی بدەین تا نیوەی ڕستەکە بسڕێتەوە،

یان بە فرمێسك وشە وشەی بۆ بکوژێنێتەوە. "

لەوانەیە وەکو هۆنراوەیـەکی خـەمبار ببیـنن، بـەڵام مـن هەمیشـە وەکـو چەسپێنەر و یارمەتیدەرێك چاوم لێکردووە، وابزانم شاعیریش هـەر بـەو نیەتەی نووسیوە. ئەگەر هەوڵبدەیت شەڕ لەگەڵ دەستەکەدا بکەیت ئەوا دۆراویت، بۆیە واباشترە لەگەڵ دەستەکەدا یەك بگریت و بەردەوام بیت.

**قبووڵکردن بە مانای دەستهەڵگرتن نایەت، بەمانەی وازهێنان نایەت.**

یاسای سیازدەیەم

# زۆر مێشکی خۆتی پێوە سەرقاڵ مەکە

کاتێك بە ئەزموونێك یان ڕووداوێکی ناخۆشدا تێدەپەڕیت خەڵکی پێت دەڵێن " زۆر بیری لێ مەکەرەوە " ماناکەی ئەوەیە کێشەکە وەکو خۆی بهێڵەوە و گەورەتری مەکە. ئەگەر بیرکردنەوە هیچ لە بارودۆخەکە نەگۆڕێت، ئەوا فەرامۆشکردن باشترین چارەسەرە.

ئەم قسەیە واتایەکی زۆر مەزنی هەیە. زۆر قورسە ئەرێنی و نوشتۆك بیت کاتێك تۆ لە ئازار و ناخۆشیدا دەتلێیتەوە. لەوانەیە خستنەکەناری کێشەکە، یان هەڵمژینی هەوایەکی نوێ و کات بەسەربردن لەگەڵ هاوڕێکانتدا باشترین بیرۆکە و چارەسەر بێت. تۆ دەتەوێت پەستانەکە لەسەر خۆت کەمبکەیتەوە، کەواتە هەر ڕاهێنان و کردارێك کە واتلێبکات پەستانت لەسەر کەمبێتەوە و یارمەتیت بدات، دەکرێت بیکەیت.

لێرەدا " بەڵام "ێك دێتە ناو بابەتەکەوە. ئیسراحەتێك بە خۆت بدە، بەڵام لەگەڵ کێشەکانتدا چاوشارکێ مەکە. ئەگەر ئێستا لەبەریان هەڵبێیت ئەوا هیچ شتێکت بۆ چارەسەر ناکرێت و یەك یەك کۆدەبنەوە و دەبنە کێشەیەکی گەورەتر لە داهاتوودا.هەندێك جار نکۆڵی کردن لە کێشە بچووکەکاندا بۆ ماوەیەکی کاتی سوودی دەبێت — هەرچەندە خۆم باوەڕم پێی نییە و بە تاکتیکێکی زۆر لاوازی دەزانم — بەڵام ناکرێت بۆ هەمیشە هەر بەو شێوەیە نکۆڵی لێبکەیت. ئەگەر بیربکەیتەوە ناماقوولی ئەم ڕێگایەت بۆ دەردەکەوێت، چونکە هەتا خۆت لە کێشەکان بەدوور بگریت و نکۆڵیان لێبکەیت، هەلی تاقیکردنەوە و ئەزموونکردنی زۆر ڕێگات نابێت کە یارمەتیدەرت دەبن تا زیاتر نوشتۆك بیت. ئەگەر دان

بەو ڕاستیەدا نەنێیت کە لە ژیانتدا ڕوودەدات، ئەوا نە دەتوانی داوای پشگیری بکەیت نە جڵەوگیری ژیانی خۆت بکەیت و نە بەباشی ئاگات لە خۆت بێت. گرنگترین خاڵ و جەوهەری بابەکەتە وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا ئەوەیە کە هەتا دان بە بوونی بارودۆخێك لە ژیانتدا نەنێیت، ئەوا ناتوانیت قبووڵی بکەیت و وانەی لێوە فێربیت.

چۆن دەزانیت کام جۆرەی فەرامۆشکردن و خۆ گێلکردن باشە و کامەشیان خراپ؟ کاریگەربوونی فەرامۆشکردن لەسەر کەسەکە بەپێی ڕێژەی خۆ لێ لادانەکەیە نەك بەپێی جۆر. ماددەی بێهۆشکەر، ئەلکهول، زۆرخواردن و سەرکێشیە مەترسیدارەکان کاریگەرترین کارانێکن، بەتایبەتی ئەگەر بتەوێت هەست و سۆزی خۆت بشاریتەوە دەکرێت تەماشای تەلەڤیزیۆن یان یاری کۆمپیوتەر بکەیت، بەڵام بە ڕادەیەك کە هەموو بیر و مێشکت داگیرنەکات.

لێرەدا کارەکە گرنگ نییە، بەڵکو مەبەست لە کارەکە گرنگە. ئەگەر پێویستت بە کەمێك حەوانەوەیە، کێشە نییە، کاتی خۆت وەربگرە و بحەسێرەوە. ئەگەر بەس تەنیا شوێنەکەت بگۆڕیت، ئەوە هیچ سوودێکت نەکردووە، بەڵکو دەبێت شێوازی بیرکردنەوەشت لەگەڵی بگۆڕیت. هەموو بەیانیەك پێش ئەوەی دەست بە کار بکەم کوپێك چا ئامادە دەکەم، تەنها بۆ ئەوە دەیکەم تا خۆم لە کارەکە بدزمەوە و کەمێك درەنگتر دەستپێبکەم. سەرەڕای ئەوەش خۆم ئەوەندە ئاگادارم کە هەست بەم حاڵەتە ڕۆژانەیەم بکەم، هەمووی پێنج خولەك دەخایەنێت شلەی نێو جەستەشم زیاد دەکات. کێشە نییە ئەگەر ڕۆژانە بۆ ماوەیەکی کەم چاوپۆشی لەو کردارانەی خۆت بکەیت کە کارەکەت دوادەخەن، بەڵام

کێشەکە ئەوەیە نیوەی ڕۆژەکەت چاوپۆشیان لێبکەیت و بەشێوازێك ڕەفتاربکەیت کە هیچ شتێك نییە لە کارەکەت دواتبخات.

دەبێت هەندێك کات بدەیت بە خۆت هەتا تێبگەیت لەو بارودۆخەی تێیدایت و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەیت. دەبێت بوار بە خۆت بدەیت، هەتا بیربکەیتەوە لەوەی چۆن دەتوانیت کۆنترۆڵی ژیانی خۆت بگریتە دەست، هەتا فێرببیت ئەو ڕووداوانە قبوول بکەیت کە ناتوانیت بیانگۆڕیت.

پێویستە نەترسی لە تەنها مانەوەی خۆت و بیرکردنەوەکانت. من فەرمانت پێناکەم، بەس دەمەوێت بە زووترین کات چاك ببیتەوە، لەوانەیە لە یەکەمجاردا وەکو شتێکی ترسێنەر دەربکەوێت، بەڵام تەنها ڕێگا کە کاریگەریەکی ئێجگار زۆری هەیە ئەم ڕێگایەیە.

## یاری چاوشارکێ لەگەڵ کێشەکانتدا مەکە

## یاسای چواردەیەم

# خۆتت خۆشبوێ

پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان نوشتۆکی و ڕێزی خودیدا هەیە. ئەگەر خۆتت خۆشبوێت باشتر ڕووبەڕووی ناخۆشیەکانی ژیان دەبیتەوە، لەچاو ئەوەی خۆت خۆشنەوێت. بۆیە هەر شتێك لە ئێستادا ڕێزی خودیت بۆ بنیادبنێت و گەشەی پێبدات، ئەوا لە داهاتوودا دەبێتە هۆی پەرەپێدانی نوشتۆکیت.

ڕێزی خودی، بەمانای ئەوە دێت وەکو مرۆڤێك چەند ڕێز بۆ خۆت دادەنێیت و چەند باوەڕت بە خۆتە. ڕێزی خودی و متمانەبەخۆبوون دوو شتی لێك جیاوازن، متمانەبەخۆبوون بۆ زیاتر بەکارهێنانی کارامەیی و تواناکانە، بەڵام ڕێزی خودی بۆ بابەتە گەورەکانە، بۆ باوەڕبوون بە توانا و هێز و ڕێزە سروشتیەکانی تاکە کەسە.

ئەگەر ڕیزی خودیت کەمبێت، تەرکیز دەخەیتە سەر خاڵە نەرێنیەکانی ژیان و بوونتەوە، دەڵێیت " من هاوڕێیەکی زۆر خراپ و بێفەڕم " یان " من هەموو جارێك بە هەڵە لە شتەکان تێدەگەم " و " من کەسێکی گێژ، گەلحۆ، ئیزعاج و بێسوودم. " ئەگەر بە خۆت بڵێیت " من هەمیشە لووتبەرزم " مانای وایە ڕێزی خودیت کەمە. هەر یەکێك لەم بیر و بۆچوونانەی دەربارەی خۆت هەتە، ئەگەر لە منداڵیەوە پێت گوترابێت و



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

بەگوێتدا درابێت، ئەوا ڕێزی خودیت زیاتر دێتەخوارەوە و هۆکارەکان بۆ نزمکردنەوە و بگرە نەهێلانی ڕێزی خودی شوێنی خۆیان قایمتر دەکەن و گەمارۆیەکی باشتری دەدەن.

تەماشاکە، من ناتوانم بە دوو سێ لاپەڕە ڕێزی خودیت بۆ زیاد بکەم. خۆزگە بمتوانیایە. ئەگەر لە وشەکە ورد ببیتەوە دەبینیت پێوانەیەک نییە بۆ ئەو ڕێز و کارامەیی و خۆشەویستیەی کە بەرامبەر بە خۆت هەتە، بەڵکو شێوازی تەماشاکردن و بینینی ئەو ڕێز و هێزەی ناختە. بە کورتی پێوانەیەک نییە بۆ بەهاکانت، بەڵکو شێوازی تەماشاکردنیانە.

مەبەستی من لێرە تەماشاکردنی ڕێزی خودیتە لە شەبەنگێکەوە، دەیبینیت لە سەری سەرەوەیە - هەرچەندە نابێت زۆریش بەرز بێت چونکە تووشی نەخۆشیەکی وەکو نارسیزم و خودئەڤینی دەبیت - بەڵام ئەگەر هۆکارەکانت شیاو و گونجاو بێت، ئەوا هەر هۆکارێک دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ڕێژەی نوشتۆکی. ئەگەر ڕێزی خودیت کەم و نزمە، باوەڕم پێ بکە کە خۆت لە ڕاستیدا بەو شێوەیە نیت، ڕەنگدانەوەی ڕاستی ناخت ئاوها نییە و وەکو مرۆڤێک تەماشای خۆت ناکەیت. بەدوای ڕێگاگەلێکدا بگەڕێ کە لەگەڵ بیرکردنەوەتدا بگونجێت تا باشتر و چاکتر ڕاستیەکە بدۆزیتەوە.

کەواتە شێوازی بیکردنەوەت بگۆڕە. بوەستە لە بەراوردکردنی خۆت بە کەسانی دی و بەرامبەر بەو وێنەیەی کە لە مێشکی خۆتدا بۆ خۆتت داناوە. دەبێت " خۆت " بیت. بۆیە بیر لەو پێوەر و ئاستانە مەکەرەوە کە ناتوانی پێیان بگەیت. لەجیاتی ئەوە بەدوای خاڵە ئەرێنیەکانی ژیانتدا بگەڕێ، بەلایەنی کەمەوە ڕۆژی یەکجار ئەو کارە ئەرێنیانە بێنە

پێشچاوی خۆت کە ئەنجامت داون. گەورە بن یان بچووک کێشە نییە، بەس بیهێنەرەوە بیر و مێشکی خۆت. بیربکەرەوە هەموو جارێك نەرم رەفتاربوویت، بیربکەرەوە هەموو لەوەی گەشتوویت بە هەموو ئامانجەکانت. رێگە مەدە هیچ بیرێکی نەرێنی بێتە ناو مێشکتەوە. ئەگەر چوار میل بەپێ ڕۆشتوویت، ئەوا بەخۆت بڵێ کە " من چوار میل بەپێ ڕۆشتووم"، بیر ژمارەی ئەو میلانە بکەرەوە کە بڕیوتن، نەك ئەوانەی نەتبڕیون. چوار میل باشە.

تەماشای خەڵکی مەکە تا بزانیت دەتوانن چی بکەن و دواتر سەرزەنشتی خۆت بکەیت لەبەر ئەوەی تۆ ناتوانی بەو کارە هەڵبستیت. ئەگەر لە حاڵەتێکدا کارەکەیان بە گرنگ دەزانیت، ئەوا هەوڵی ئەنجامدانی بدە- بەس بەپێی حاڵەت و خێرایی خۆت نەك هی کەسی تر - ئەگەر کارەکەشیان بە گرنگ نازانیت، ئێ باشە بۆ مێشکی خۆتی پێوە سەرقاڵ دەکەیت؟ گرەو دەکەم کەسیان ئەوەندەی تۆ نازانن خواردنێکی خۆش و بەلەزەت لێبنێن، ناتوانن وەکو تۆ یاری تۆپانێ بکەن، یان منداڵێکی گرینۆك ژێر بکەنەوە. ئەگەر ئێمە کاری خۆمان بە کاری کەسێکی بلیمەت و بەتوانان بەراورد کرد، ئەو هیچ شتێکمان بۆ نامێنێتەوە جگە لە نزمبوونەوەی ڕێزی خودی. هەموو کەسێك چەند توانایەکی هەیە و کەس ناتوانێت هەموو شتێك ئەنجامبدات، هیچ کەس لە هەموو شتێکدا تواناناند نییە.

لەکۆتاییدا دەورروپشتی خۆت بەو کەسانە قەرەباڵغ بکە کە هەمیشە پشتگیری بیرکردنەوە ئەرێنیەکانت دەکەن، وە هەروەها لەو کەسانە بەدوور بە کە باشی و چاکی و ئەرێنی خۆتت پێنالێن و لێت دەشارنەوە.

لەوانەیە بیرکردنەوە و بۆچوونەکەیان ڕاست بێت، بەڵام بە دڵنیایەوە سوودی نییە.

**پێوانەیەك نییە بۆ ئەو ڕێز و کارامەیی و خۆشەویستیەی کە بەرامبەر بە خۆت هەتە، بەڵکو شێوازی تەماشاکردن و بینینی ئەو ڕێز و هێزەی ناختە، بە کورتی پێوانەیەك نییە بۆ بەهاکانت، بەڵکو شێوازی تەماشاکردنیانە**



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

## یاسای پازدەیەم

# ئامادەبە تا کێشەکان چارەسەر بکەیت

زۆر شێواز و تەنکیك هەن تا لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکاندا بەکاریان بهێنیت. بەشێوەیەکت لێدەکەن تووشی هەر ڕووداوێك ببیت بتوانیت زوو بێت یان درەنگ لەژێر باری هەستیت و خۆت ڕزگار بکەیت. بە مانایەکی دی نوشتۆکیت زیاد دەکەن، ئەوەی کە ئێمە دەمانەوێت.

ئەگەر هەر ئێستا زانیت کە باوکت تووشی نەخۆشیەکی سەخت و مەترسیداربووە، ئەگەر زانیت دیسان منداڵەکەت لەبارچووە، هاوسەرەکەت هەموو پارەکەتانی لە قوماردا دۆڕاندووە، ئەو نمرەیەت بەدەست نەهێناوە کە خۆت دەتەوێت، منداڵەکەت پێویستی بە نەشتەرگەریەکی گەورەیە یان بەڕێوبەرەکەت کەسێکی زۆر بلّح و ناچیزە، چی دەکەیت؟ لەوانەیە لە سەرەتاوە هەست نەکەیت کە دەتوانیت لە ڕێگەی ئەم ناخۆشیانەوە بتوانیت کارامەیی و شتگەلێکی نوێ فێرببیت. هێشتا چەندین کارامەیی هەیە کە لە ناخماندا داپۆشراوە و پەنهانە، ئێمە تەنها سوود لە هەندێکیان وەردەگرین. کارامەییە داپۆشراوەکانت ئێجگار دەتوانن یارمەتیت بدەن.

وەڵامی پرسیارەکەش ئەوەیە کە چەندین کارامەیی هەیە کە ئامادەن بۆ بەکارهێنان و چاوەڕێی کاتێکی لەو شێوەیەن تا بەکاربهێنرێن. بیرتکردوەتەوە لەوەی چی باشە بۆ تۆ؟ شتێکیت وەکو چارەسەر دۆزیوەتەوە و کەچی دوایی هەر لە پاسەکە دواکەوتبیت و بەو سەرماوسۆڵەیە بڕۆیت بۆ سەر کارەکەت؟

هەندێ لەم کارامەییە نوێیانە بەبەردەوامی بەکاربهێنە ئەگەر بارودۆخەکە باش بێت یان خراپ. هەندێکی تریشیان تەنها لەو کاتانەدا بەکاربهێنە کە ئیدی دەبێت بە شێوازێکی نوێ مامەڵە لەگەڵ کێشەکاندا بکەیت. دەبێت هەندێك کارامەیی ئامادەکراوت هەبێت و چاوەڕێی کاتێك بکەیت تێیدا بەکاریان بهێنیت، چونکە ئەگەر ئامادەیان بکەیت دەتوانیت هەرکاتێك ویستت بەبێ هیچ ماندووبوونێك بەکاریان بهێنیت. لەبەر ئەوەی لەو کاتانەدا ئەو کارامەییانە بە ئاسانی بەدەستەوە نایەن.

لە بەشی داهاتوودا چەند ڕێگەیەکی نوێ هەیە کە دەتوانیت سوودیان لێوەربگریت ئەگەر بیکەیت بە خوو و ڕەوشتی خۆت و لەسەریان بەردەوام بیت. تەنانەت لەو کاتانەشی کە هیچ پێویستت پێیان نەبێت ئەوان هەر سوودی خۆیان دەگەیەنن و بەرهەمەکەت نیشان دەدەن. هەندێك تاکتیکیش هەیە دەبێت بۆ خۆتیان بەکاربهێنیت. ڕێگاکان قورس نین، بەڵام هەندێك کارامەیی ئەگەر پێویستیشت پێی نەبێت شایەنی ئەوەیە فێری ببیت، وەکو، یۆگا، وەرزش، تێڕامان، پاسکیل لێخوڕین. گەرماوێکی خۆش، چوونەدەرەوە لەگەڵ هاوڕێکانت و یاریکردن لەگەڵ پشیلە یان سەگەکەت. هەموویان پێویستیان بە ڕاهێنان نییە، بەڵام دەشبێت بزانیت کامیان یارمەتیدەرت دەبن. ئەگەر ئەو کارامەییانەی دەیزانیت چارەسەری هەموو کێشەکانی ژیانت ناکات، دەتوانیت تەکنیکی نوێ فێرببیت. ئەگەر هەموو ئەو کارامەییانەی دەیزانیت تەنها بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ماڵەوەیە، دەتوانیت بیر لە گەشەپێدانی چەند کارامەییەك بکەیتەوە بۆ شوێنکارەکەت، یان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵەکانت.



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

وه هـەروەها ئامـادەكردنی تەكنیـەكانت تـەواوی بابەتەكـە نییـە، بـەڵكو دەبێت بزانیت لەكوێدا بەكاریان دەهێنیت. دەبێت بیركردنـەوە بكـەیت بـە خوو، دەبێت بەشێوەیەك بیت كە بڵێیت " ڕۆژێكی سەخت و بێزاركەربوو، وا پێمباشـە تۆزێـك پیاسـە بكـەم یـان هەسـت بـە بێتاقـەتی و دڵتـەنگی دەكەم، دەبێت بۆ ماوەی ٢٠ خولەك ئیسراحەت بە مێشكم بدەم " بزانـە ستراتیجیەكانت كامانـەن، كـەی پێویسـتت پێیانـە و كامیـان یارمـەتیت دەدەن.

| |
|---|
| **دەبێت هەندێك كارامەیی ئامادەكراوت هەبێت و چاوەڕێی كاتێك بكەیت تێیدا بەكاریان بهێنیت** |

یاسای شازدەیەم

# کێشەکان لە مێشکت بکەرە دەرەوە

دەبینیت زۆرجار لە نێوەندی قەیرانێکدا مێشکت پڕیەتی لە پەستان و خەم و بیر و بۆچوون و هەست و سۆز. نازانیت لەکوێوە دەست بە چارەسەرکردنی کێشەکانت بکەیت، لەبەر ئەوەی مێشك و هزرت ئەوەندە پەرش و بڵاون کە ناتوانیت ڕێکیان بخەیتەوە. وەك بڵێیت نووقوم بوویت، وەك بڵێیت دۆڕاو و بەزاویت.

لەم حاڵەتەدا دەرکردنی شتەکان لە مێشکت و نووسینەوەیان لەسەر کاغەز باشترین چارەسەرە. توێژینەوەکان دەریانخستووە کە ئەو کەسانەی ئەم شێواز و ڕێگایە بەکاردەهێنن پەستانیان لەسەر کەم دەبێتەوە و خێراتر لە کۆستە دەروونیەکە نەجاتیان دەبێت.

یەکێك لە خاڵە گرنگەکان ئەوەیە لە کاتی ناخۆشیەکدا ناتوانیت کێشەکان یەك بە یەك لە مێشکتدا ڕێکبخەیت و چارەسەریان بکەیت، بەڵام لەسەر کاغەز ئەم کارە زۆر ئاسانترە، دەتوانیت هەموو ئەوەی لەناو مێشکتدایە بنووسیت و ڕێکیان بخەیت. بەم کردارەت دەتوانیت هەموو کێشەکانت بە تێکەڵ و پێکەڵی بنووسیت و دواتر ڕێکیان بخەیت، یان دەتوانیت یەك لەدوای یەك بە شێوەیەکی ڕێك و پێك بیانووسیت، خاڵە جەوهەریەکەش ئەوەیە کە تۆ ئیدی مێشکت لەو بارە قورسە ڕزگار دەکەیت. ئەگەر پێویستی کرد دەتوانی پیشانی کەسانی تری بدەیت، ئەوەیان کەوتووەتە سەر خۆت.

لەوانەیە بتەوێت شتێك لەبیر نەکەیت، کەوابێت بینووسەرەوە. دەتوانیت هەست و سۆز بۆ کەسێکی خۆشەویستت دەربڕی کە مردووە د

هـەرکاتێکیش ویستت شتی زیاتری بۆ بنووسیت بگەڕێیتەوە سەر کاغەزەکە. بەم شێوازە ئیدی خەمی ئەوەت نابێت لە داهاتوودا شتەکانیشت لەبیربچێتەوە.

ئەگەر کەسێکی دیاریکراو سەرچاوەی کێشەکانتە – بەڕێوبەرەکەت کە پلەی بەرز نەکردویتەتەوە یان هاوسەرەکەت کە بەجێی هێلاوێت – دەتوانیت نامەیەکیان بۆ بنووسیت. من نالێم پێویستە نامەیان بۆ بنووسیت، ئەوە بابەتێکی تەواو جیاوازە، بەلام من دەلێم نووسینەوەی هەستەکانت لەسەر پارچە کاغەزێك کاریگەرییەکی زۆری لەسەر باشترکردنی بیرکردنەوەکانتە. هەمیشە وا ئامۆژگاری دەکەم هەر لەسەر پەڕەیەك بینووسن چونکە ئیمەیل کەمێك مەترسیدارە. چونکە لەوانەیە لەو کاتەدا دەست لەسەر دوگمەی " ناردن " دابگریت و دواتر لێی پەشیمان ببیتەوە. هەر بە شێوەی باو و باپیرانمان ئێوەش لەسەر کاغەز بنووسن. دواتر بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر مەیخوێنەرەوە. ئەگەر دوای ئەو ماوەیە هەر هەستت کرد دەبێت بینێریت، ئەوکات بینێرە. ئەگەر دلنیانیت لە ناردنی، ٢٤ کاتژمێری دیکەش بوەستە. پیش ئەوەی بینێریت بیر لەو کاریگەرییە بکەرەوە کە دروستی دەکات و هەمان کاریگەریش یارمەتیت دەدات. ئەگەر بارودۆخی دەروونیت باشتر نەکات ئەوا واباشترە نەینێریت.

چەندین ڕێگە هەیە بۆ ئەوەی بە ڕێك و پێکی بۆچوون و هەستەکانت لەسەر کاغەز بنووسیت. بۆ نموونە هەندێك کەس بە هۆنراوە مێشکیان دەحەسێتەوە. چەند ڕێگایەکی دیش هەیە بۆ ئەو کێشانەشی کە کەمێك لەوانی دی بێزارکەرترن. ئەگەر کێشەیەکی ئابووری جدیت هەیە، ئەوکات

دەتوانیت لەسەر لاپەڕەیەك و بەڕێكخراوی ڕێژەی داهات و خەرجیەكانت بخەیتە سەر كاغەز، لەوانەیە ئەم كردارە نەك ببێت بە چارەسەرێك بۆ كێشەكانت، بەڵكو بتكات بە كەسێكی دەوڵەمەندیش.

ئەگەر داواكاری كارەكەت یان ماڵەوەت زۆرە، دەتوانیت لیستێك یان چەند لیستێكی بۆ دابنێیت. بە كردنەدەرەوەی كێشەكان لە مێشكت و نووسینەوەیان لەسەر كاغەز ئەوا تۆ مێشكت لە هەژموونی بیرۆكە نەرێنیەكان ڕزگاركردووە و مێشكت دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی تاوی هەڵسەنگاندنەكانی لە شوێنێكی دی بدات. پێویستە گێژاوەكان لە مێشكت بهێنیتە دەرەوە و ئەم تەكنیكەش باشترین شێوازی دەركردنیانە لە مێشكت.

**بەم كردنەدەرەوەی كێشەكان لە مێشكت و نووسینەوەیان لەسەر كاغەز ئەوا تۆ مێشكت لە هەژموونی بیرۆكە نەرێنیەكان ڕزگاركردووە**

ياسای حەڤدەیەم

# خۆت لە هەندێك سستی بەدوور بگرە

با ئەم پرسیارانە وەلآم بدەینەوە:

١. كۆمەڵە كەسێكت بۆ خوانێك بانگهێشتكردووە. زۆر هەوڵ دەدەیت تا شتێكی جیاواز و بەرچاویان پێشكەش بكەیت. بەداخەوە ماوەیەكی زۆر لە فرنـدا دەمێنێتـەوە، كەچـی بـەو شـێوەیە دەرنەچـووە كـە خـۆت دەتەوێت. چۆن بیردەكەیتەوە؟

a) كێ گوێ دەداتە خـواردن. گـرنگ كەسـەكانن، ئـەوان هـەموویان كاتێكی خۆشیان بەسەر بردووە.

b) دەبوایە كاتم بۆ فرنەكە دابنایە، دەبێت پێش ئەوەی خواردن بۆ میوان لێبنێم خۆم یەك دوو جار تاقیم بكردایەتەوە.

c) من هیچ لە چێشت لێنان نازانم، ناشزانم بۆ ئاوا ناخۆشم لێنا.

٢. هـەوڵی دەستخسـتنی كـارێكی نـوێ دەدەیـت، كەچـی كارەكـەت پێنادرێت. چۆن بیردەكەیتەوە؟

a) زۆر شـەرمە بـۆ مـن. بـەلآم قـەینا، هەوڵـدەدەم كـارێكی تـر بدۆزمەوە. ئـەم جـارە پاكێجەكـەی كـە پێشكەشـی دەكـەم هـەوڵ دەدەم بەهێزتر بێت.

b) هەڵـەی خـۆم بـوو، خـۆم لـە چـاوپێكەوتنەكەدا بـاش نـەبووم، ئەمجارە زانیاری زیاتر لەسەر كۆمپانیاكە كۆدەمەكەوە.

c) من ئەوەندە باش نیم هەتا ئەو كارەم پێ بدرێت.

پێموایە دەزانن لێرەدا مەبەستەكەم چییە. ئەگەر ( a )یت هەڵبژارد، ئـەوا تـۆ كەسـێكی زۆر نوشـتۆكیت و تێگەشـتوویت كـە ژیـان هـەموو جارێـك

تەواوی نیعمەتەکانی خۆی نادات بەدەستەوە و ئیدی ئەوەش هەڵەی تۆ نییە و ژیان خۆی بەو شێوەیەیە. هەڵبژاردەی ( a ) بەمانای تەمبەڵ بوون و خۆدزینەوەت نایەت، بەڵکو تۆ وەکو کەسێکی ڕاستبین پیشان دەدات.

هەڵبژاردەی ( b ) کەمێك دڵڕەق و بێبەزەییانەیە، بەلاّم لە هەمان کاتیشدا زۆر گرنگە، چونکە خۆت لەسەر شتێکی دیاریکراو سەرزەنشت دەکەیت. بۆ جارێکی دی هەوڵی باشتر دەدەیت و ئامانجێکت بۆ خۆت داناوە.

ئەگەر هەڵبژاردەکەت ( c ) بوو ئەوا تۆ ئەم نسکۆیە دەکەیت بە بەهانەیەك بۆ ئەوەی لە تەواوی ژیانتدا خۆت وەکو نەفرەتلێکراوێك تەماشا بکەیت. لەجیاتی ئەوەی بۆ باشە بەکاریبهێنیت، بۆ پەرەپێدان و بەهێزکردنی لایەنە نەرێنیەکانی مێشك و بیرکردنەوەت بەکاریدەهێنیت. لەڕای خوا، خۆ تۆ شتێکی هێندە خراپت نەکردووە، بەس تەنها شیوەکەت بۆ ماوەیەکی زیاتر لە فڕنەکدا داناوە و تەواو بڕایەوە، یان نەتزانیوە مامەڵەکردنت لە چاوپێکەوتندا بە چ شێوازێك بێت.
کەسە نوشتۆکەکان دەزانن چۆن خۆیان خۆشبووێت و نەرم و نیانبن لەگەڵ خۆیاندا. ئەمەش واتای خۆدزینەوە لە بابەت و کێشەکە نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە سەرزەنشکردنی خود سوودێکی وەهای نییە. کە زانیت لە چ شوێنێك و لە کام کاتدا بە هەڵەدا چوویت - ئەگەر هەستی پێبکەیت - ئیدی ئەوەندە بەسە. خۆت لە پێشچاوی خۆت سووك و نزم مەکەرەوە. هەڵبژاردەی ( b ) هەندێك سەرزەنشتکردنی خودی پێوە دیارە، بۆ نموونە " دەبوایە بەو شێوەیەم بکردایە " یان " هەڵەی من

بوو "، بەڵام تەنها ئاماژە بەو هەڵانە دەدات کە لە پرسیارەکەدا هەن، ئەو هەڵانەی کە ناو بە ناو هەموومان ئەنجامی دەدەین.

ئەگەر شێوازی بیرکردنەوەت لەگەڵ هەڵبژاردەی ( c )دایە، ئەوا دەتوانیت جۆری بیرکردنەوەی ( b ) بکەیتە ئامانجی خۆت و دواتر بەرەو ( a ) هەنگاو بنێیت. گوێ بگرە، هەندێ جار " باش " بەسە و پێویست بە زیاتر ناکات. ناتوانین لە هەموو شتێکدا بلیمەت بین، وە پێویستیش ناکات هەوڵ بدەین لە هەموو شتیکدا کارامە بین. تەنها بیر لەوە بکەرەوە بەم کارەت چەند کەس هەست بە نەرێنیبوون و خراپبوونی خۆیان دەکەن.

ئەگەر نسکۆیەکی بچووکی ژیانت بە هەموو بوونتدا بڵاو بکەیتەوە، ئەوا چاکبوونەوە زۆر زەحمەت دەبێت، بەڵام ئەگەر کێشە کەسیەکانت لەگەڵ هەموو بوونتدا تێکەڵ نەکەیت و حسابێکی جیاوازیان بۆ بکەیت، ئەوا چاکبوونەوە ئاسانترە. بۆیە ئەگەر ئەمجارە ڕووداوێك یان شتێك بەو جۆرە نەبوو کە تۆ دەتویست، ئەوا خۆت ببورە و بزانە کە ئەو هەڵەیە هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵ کەسایەتی تۆدا نییە.

**گوێ بگرە، هەندێ جار " باش " بەسە و پێویست بە زیاتر ناکات**



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

بەشی سێیەم

# بیرکردنەوەی تەندروست

دڵ و مێشکمان پێکەوە گرێدراوە. ئەگەر بتەوێت هەست بە دڵخۆشی، باشی و تواناداری خۆت بکەیت، دەبێت بە مێشکت ئەو ڕێگایە دابنێیت کە دەتگەیەنێت بەو ئامانجە. هەر لەسەر ئەم بناغەیە زۆربەی چاسەرەکانی بواری دەروونزانی دامەزراون. بەڵێ دەرمان ڕێگەیەکی چارەسەرکردنە، بەڵام تەنها ڕێگا نییە، باشترین شیفا ئەو شێوازە بیرکردنەوانەیە کە واتلێدەکەن هەست بە باشی بکەیت.

هەرچەندە شێوازی ژیانی هەندێ کەس پرۆسەکە ناخۆش و قورس دەکەن، بەڵام ئەگەر هەموومان بە شێوازێکی یارمەتیدەرانە بیربکەینەوە، ئەوا پێکڕا هەست بە باشی خۆمان دەکەین. زۆربەی بابەتەکان دەربارەی ئەو شێوازانەی بیرکردنەوەیە کە فێرمان دەکات چۆن بیرۆکەکانمان دابرێژین تا ژیانێکی باش دەستەبەر بکەیت.

کۆتا بەش جەخت لەسەر چەند شێوازێکی بیرکردنەوە دەکاتەوە کە بناغەی بنیاتنانی نوشستۆکین، بۆیە هەرکات ناخۆشی و تەنگ د چەڵەمەیەك ڕێی پێگرتین و لەسەر ڕێڕەوی خۆمان لایبردین، ئەوکات دەتوانین خێراتر و زووبەزوو چاکببینەوە.

ئەم بەشەیان وات لێدەکات ئاگات لەخۆت بێت و لە نێوان ڕووداوە گەورەکانی ژیاندا نەپلیشێیتەوە، لەهەمان کاتیشدا یاساکانی ئەم بەشە دەبێتە ڕێبەری هەڵوێستێکی تەندروست لە کاتە پێویستەکاندا. دەتەوێت هەمیشە دڵخۆش بیت، وە ئەو کەسانەش کە بە دڵخۆشی و ئاسوودەیی

CamScanner

دەیانبینیت ڕێبواری ئەم ڕێگایەن و جێبەجێکەری ئەم یاسا و ڕێسایانەن. بەدڵنیاییەوە هەندێکمان بە سروشتی خۆمان تەندروستین، بەڵام هەندێکی دیکەمان دەبێت هەوڵ و تەقەلایەکی زیاتر بدەین. ئەم یاسایانە دەتکاتە خاوەنی مێشکێکی تەندروست و بیرکردنەوەیەکی ئەرێنی.



CamScanner الممسوحة ضوئيا بـ

یاسای هەژدەیەم

# خۆت بە دڵخۆش بزانە

لە ژیانماندا ئاشنای کەسانێکین کە سیستەمی بوونیان بەشێوەیەک دانراوە کە هەمیشە ئاسوودەن. ڕووگەشییەکەیان هی ئەوە نییە کە ژیانیان لە ژیانی ئێمەمانان خۆشترە، بەڵکو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەڵوێستەکانیان بەرامبەر ڕووداوەکانی ژیان لە ئێمە جیاوازە. هەر بە ڕاستی ئەگەر سەردانی هەژارترین و کاولترین شوێنی سەر ئەم زەوییە بکەیت کەسانێک دەبینیت — سەرباری ناخۆشییەکانی ژیانیان — کە ئەرێنیانە بیردەکەنەوە. ئەگەر ئەوان بتوانن بەو شێوەیە بیربکەنەوە ئەی ئێمە بۆ ناتوانین؟

وەڵامەکەش ئەوەیە کە ئەرێنیبوون پەیوەست نییە بە حاڵ و بارودۆخی ژیانمانەوە، بەڵکو پەیوەستە بە شێوازی بیرکردنەوەمانەوە. بێ شک و گومان کاتگەلێک هەیە کە کەسە ئەرێنییەکان ئاسوودەییەکەیان بەڕێژەی جاران نامێنێت، بەڵام هێشتا باشتر مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکەدا دەکەن لەچاو ئەو کەسانەی کە دڵۆپێک لە ئەرێنیبوونیان تێدا نەماوە. من زۆر کەسم بینیوە کە دوای چەندین ساڵ لە بەیەکەوەبوون هاوسەرەکانیان مردوون و ئەم جیهانەیان بەجێهێشتووە، بینینی ئەو حاڵەتانە زۆر سامناک و ناخۆشە، بۆ ئەوان ناخۆشترین ڕووداوی ژیانیانە. هەندێکیان بەشێوەیەک دەکەونە ناو چاڵەکانی نائومێدییەوە کە دەرهاتنیان لێی مەحاڵە.

کاتێک دەبینیت تەواوی ئەو ژیانەی کە ماویانە لە خەم و ناخۆشی و پەژارەدا بەسەریدەبەن کاریگەرییەکی زۆرت لەسەر دروست دەبێت.



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

هەڵبژاردەی خۆیانە بە چ شێوەیەك بیر دەکەنەوە. لە سەرەتاوە دەگرین و حاڵ و گوزەرانێکی پڕ خەم و ناخۆشیان دەبێت، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات دەڵێن ئێمە زۆر بە بەخت و بەختیاربووین، چونکە بیر لەو کاتانە دەکەنەوە کە لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا ژیاون، بیر لە منداڵەکانیان و ئەو ساتە پڕ خۆشیانە دەکەنەوە کە بەیەکەوە هەیانبووە. ئەم شێوازەش لە بیرکردنەوە بە ژیانە نوێیەکەیان ڕادەهێنێت، فێریان دەکات چۆن بەبێ هاوسەرەکەیان و بەتەنها ژیان بەسەر ببەن.

بیرکردنەوەکانت کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی لەسەر هەستەکانت هەیە. دەکرێت لە سەرەتاوە هەستی پێنەکەیت، بەڵام ئەم بیرکردنەوە ئەرێنیانە بەجۆرێکن کە دواتر هەستەکانیش وەکو خۆیان لێدەکەن. هەمیشە ئەرێنیانە بیربکەرەوە، هەموو جارێك تەماشای نیوە پڕەکەی پەرداخەکە بکە و ڕووپۆشە زیوینەکە بدۆزەوە و تەرکیزت بخەرە سەری. دەبێت لێرەدا بڵێم کە کەس وادانانێت پەرداخەکە هەمووی پڕە، بەڵام نابێت هێندە بیر لە نیوە ونبووەکەی نێو پەرداخەکە بکەیتەوە، بەڵکو هەمیشە تەماشای نیوە پڕەکەی بکە. نابێت بەزەیت بەخۆدا بێتەوە. بەڵێ، ئەگەر بەزەیت بەخۆتدا بێتەوە ئەوا هەمیشە تەماشای نیوەی بەتاڵی پەرداخەکە دەکەیت، ئەگەر بەردەوام بیت لەسەر ئەو بیرکردنەوەیە ئەوا بەدڵنیایەوە هەست بە خراپبوونی خۆت دەکەیت. دەزانم زۆر قورسە لەکاتێکی وادا خۆت لە بیرکردنەوە نەرێنیەکان بدزیتەوە، کاتێك هاوسەرەکەت لەدەستداوە یان ڕووداوەکانی ژیان بەدڵ و ئارەزووی تۆ نییە. بەڵام ئەگەر کۆنترۆڵی خۆت نەکەیت نیوە بەتاڵەکە جێی نیوە پڕەکەی پەرداخەکە دەگرێتەوە و هەموویت لێ دەبێت بە هیچ و بەشە

ئەرێنیەکەش لەپێش چاوت نامێنێت. ئەو کەسانەی کە بەزەییان بەخۆیاندا نایەتەوە دڵخۆشترن لەوانەی کە بەچاوێکی بەزەییەوە تەماشای خۆیان دەکەن. زۆر ئاسانە، ئێجگار سادە و ساکارە. ئینجا دەتەوێت لە کام کۆمەڵەیە بیت؟

من هەرگیز پێشنیاری ئەوەتان بۆ ناکەم کە بە هیچ شتێك دڵتەنگ نەبن. بەس باشە ئەگەر مەبەستیشم ئەو شتە نەبێت، ئەگەر خۆت بەو شێوەیە لێبکەیت، دڵخۆش نابیت؟ بەڵام لەهەمان کاتیشدا لە ڕاستی بەدوورە. خاڵی گرنگی ئەم بابەتە بریتیە لە نکۆڵی نەکردن لەو ڕووداوە ناخۆشەی کە بەسەرتدا هاتووە و لەهەمان کاتیشدا ڕەتکردنەوەی دەربڕینی ئەو هەستە نەرێنیانەیە کە لەبارەی ڕووداوە ناخۆشەکەوە هەتە. ئەگەر نکۆڵی لە بوونی ڕووداوە نەرێنیەکان بکەیت، ئەوا خاوەنی بیرکردنەوەیەکی ناتەندروستیت. دەبێت کێشەکان بناسیت و بناسێنیت، دەتوانیت بۆ ماوەیەك دڵتەنگ یان تووڕە ببیت، و دواتر بەدوای هۆکارگەلێکدا بگەڕێیت تا بتکاتە خاوەنی بیرکردنەوەیەکی ئەرێنی. بۆ نمونە وەکو " دەستکورتی زۆر ناچیز و ناخۆشە، بەڵام بەس نییە دەتوانم کرێ خانوەکەم بدەم " ناخۆشیەکانی ژیان ئاسان لەسەرت ڕاناوەستێت، بەڵام دەبێت بەدوای ئەو شتانەدا بگەڕێیت کە باشە و لەو بیرکردنەوە نەرێنیانە دەتکەنە دەرەوە، نەك شتێك ئاسان یان خۆش بێت.

> **ئەو کەسانەی کە بەزەییان بەخۆیاندا نایەتەوە دڵخۆشترن لەوانەی کە بەچاوێکی بەزەییەوە تەماشای خۆیان دەکەن**

## یاسای نۆزدەیەم

# تەماشای خەڵکانی تر بکە

بەشێوازێك لە شێوازەکان ئەم یاسایە درێژەپێدەری یاسای پێشووە، چونکە یەکێك لە باشترین ڕێگاکانی بەزەیی نەهاتنەوە خۆددا، بریتیە لە زۆر بیرنەکردنەوە لەو کێشانەی کە تێیدای. لە ماڵەوە پان مەبەرەوە بەسەر قەنەفەکەدا و هەر خەفەت بخۆیت، لەجیاتی ئەوە بڕۆ دەرەوە و بیر لە کێشەکانی کەسانی دی بکەرەوە.

هەمووما هاوڕێیەك یان خزمێکمان هەیە کە بەناو ناخۆشیەکدا بڕوات. بیربکەرەوە چۆن دەتوانیت یارمەتیان بدەیت، بزانە چییان پێویستە و چۆن پشتگیریان بکەیت. لەوانەیە هەموو پێویستیەکەیان تەنها ئەوەبێت یەك تۆز گوێیان بۆ بگریت و ئەوانیش داخەکانی دڵی خۆیانت بۆ هەڵبڕژن. یان دەتوانیت بیانبەیت بۆ نەخۆشخانە، لەجیاتی ئەوان بچیت بۆ بازاڕ، یارمەتیان بدەیت لە نووسینی ڕاپۆرتێکدا یان بۆ یەك ڕۆژ چاودێری منداڵەکانیان بکەیت. هیچ نەبێت تەلەفۆنێکیان بۆ بکە، چونکە لەوانەیە یەك تەلەفۆنی تۆ لە هەفتەیەکدا یارمەتیان بدات بەسەر کێشەکەیاندا زاڵبن.

فەرامۆشکردنێکی زۆر باشە بۆ تۆ و پشتگیریەکی زۆر گەورەیە بۆ ئەوان، بگرە باشترە لە هەر شتێکی دی بتوانیت ئەنجامی بدەیت. کاتێك دەستگیرۆیی خەڵك دەکەیت بۆ خۆت بیرکردنەوەکانی کۆدەکەیتەوە و لە ئەنجامدا کێشەکەت سەنگی پێشووی نامێنێت. ئەم کردارە ڕێزی خودی لە بوونتدا بنیاد دەنێت، لەبەر ئەوەی لە کاتی یارمەتیداندا هەست بە چاکی و باشی و یارمەتیدەری خۆت دەکەیت و دوای ماوەیەکیش ئەم

ڕێزی خودیە هەستت بەرامبەر بە خۆت باشتر دەکات و بەشێوەیەکت لێدەکات بتوانیت لەگەڵ چەرمەسەریەکانی ژیانی خۆتدا ڕێ بکەیت.

مەرج نییە تەنها لە نێوان هاوڕێ یان خزم و ناسیاوەکانی خۆتدا بەدوای کەسێکی ئاتاج بە یارمەتیدا بگەڕێیت. زۆربەی کەسەکان لە ڕێکخراوە خێرخوازیەکاندا خۆبەخشی دەکەن هەتا چاو لە کەسانی دی بکەن و دەستگیرۆییەکەیان بەهەدەر نەڕوات و لە هەمان کاتیشدا هەست بە باشبوونی خۆیان بکەن. دەکرێت لەبەر یارمەتیەکانت واز لە ڕۆشتن بۆ هۆڵی وەرزشی بهێنیت، یان چوونەدەرەوە لەگەڵ هاوڕێکانتدا بە ڕێژەیەک کەم بکەیتەوە و کاتی زیادە بە تەماشاکردنی تەلەڤیزیۆنەوە نەکوژیت. ئێمە هەموو جارێك دەڵێین کە کاتی بەتاڵمان نییە، چونکە خۆمان بڕیارمانداوە کاتەکانمان بە "هەر شتێك بێت" پڕبکەینەوە. دەتوانین بڕیاربدەین کاتەکانمان بە چ شتێك پڕبکەینەوە و ئەگەر پێویستیشی کرد شتێك لاببەین و بە دانەیەکی دی جێیبگرینەوە. هەڵبژادنەکەمان بە شێوەیەك بێت کە لە داهاتوودا دڵخۆش و ئاسوودەمان بکات.

ئەگەر بڕیاری ئەنجامدانی ئەم کارە بدەیت — کە زۆر جەختی لەسەر دەکەمەوە و پیشنیار دەکەم جێبەجێی بکەیت — دەتوانیت لە هەفتەیەکدا یەك کاتژمێر لەکاتی خۆت بۆ یارمەتیدانی کەسانی دی تەرخان بکەیت. دەکرێت هەڵبژاردەکەت لێپرسراویەتیەکی گەلێك بچووکی هەبێت و دەشکرێت لێپرسراویەتیەکەی گەلێك گەورە بێت. دەتوانیت هەفتەی یەك کاتژمێر بە شەواندا یارمەتی تیمی میلی یان چەند ڕۆژێك لە ساڵێکدا یارمەتی قوتابخانەیەك بدەیت. دەتوانیت یارمەتی وردە فرۆش یان بەقاڵێك بدەیت. تەنانەت دەتوانیت لە ڕێکخراوێك ناوت تۆمار بکەیت

و بە خۆبەش لە کاتێکی دیاریکراودا پشتگیریان بکەیت وەکو: بەسەرکردنەوەی دایک و باوکە پەککەوتوەکان و بەڕێوەبردنی پێشبڕکێیەك. هەتا زیاتر بیر لە کەسانی دی بکەیتەوە، کێشەکانی خۆتت باشتر بۆ چارەسەر دەکرێت. دەتوانیت بە بیانوی خێرکردنەوە لەماڵەوە نامە بنووسیت و بۆ خەڵکانی بنێریت، بەلام بۆ ئەوەی خێر یان یارمەتیەکەت بە کەسانێکی زۆر بگات دەبێت شتێك لە نێوانتاندا ببێت بە پەیوەندی و بەیەکتانەوە ببەستێتەوە — لەم کاتەشدا ڕێکخراوەکان باشترین ئامرازی پەیوەندین.

لەبیرت نەچێت ئەم پشتگیریەت چەندە یارمەتی ئەوان دەدات هێندەش یارمەتی تۆ دەدات، هەردوولا براوە دەبن. لە بیرکردنەوە نەرێنیەکەی خۆت دەرت دەهێنێت و ووزەیەکت پێدەبەخشێت کە بۆ هەموو ژیانت دەتوانی ڕێی پێ ببڕیت.

دەبینیت؟ ئەوە بۆ ماوەی چەند خولەکێکە بەهۆی خوێندنەوەی دوو لاپەڕەوە کێشەکانی خۆتت لەبیرکرد.

## وات لێدەکات لەناخەوە هەست بە باشی خۆت بکەیت

### یاسای بیستەم

# لە ئێستادا بە

دەتەوێت لە کەیدا بژیت، ڕابردوو، ئێستا یان داهاتوو؟ هەمووومان مـەیلمان بەلای کاتێکدا دەچێت و هەر سێ کاتەکەش لایەنی بـاش و خراپـی هەیـە. تەنانـەت ئەگـەر مەیلیشـت بـەلای ئێسـتادا بـڕوات، ئـەوا زۆربـەی جـار نائاگایانە تێیدا دەژیت.

چەنیدن توێژینەوەی زۆر باش هەیە بەناوی " هۆشیاری "، ئەگـەر کـاری پـێ بکرێـت ئـەوا شـڵەژان و پەسـتان و نائومێـدی کـەم دەکاتـەوە. لەبـەر ئەوەی لەڕێی ئەم هۆکارانەوە دەتوانیت پیشتر هەستەکان بناسیتەوە و بەریان پێ بگریت پێش ئەوەی سەنگەری خۆیان قایم بکەن. " هۆشیاری " بریتیە لە کات تـەرخانکردنێکی ڕۆژانـە بـۆ کۆمـەڵێك ڕاهێنـانی دیـارکراو. مەزنترین سوودیشـی کاتێك دەردەکەوێت کـە لـە بـەکارهێنانی بـەردەوام دەبیت، چونکە هەتا زیاتر کـاری پێبکـەیت، زیـاتر ڕەگ لـە کەسـایەتیتدا دەچەقێنێت دەبێت بە خوو و ڕەوشتت، هەتا وایلێدێت دەبێت بـە بەشێك لە ژیانت و هەرکاتێك بتەوێت بە ئاسانی دێت بە دەستەوە.

پێش هەموو شتێك دەبێت ڕۆژانـە چـەند خولـەکێکی بـۆ تـەرخان بکـەیت. دەکرێت کـات و شـوێنەکە دیـاریکراو بێـت و دەکرێـت دیـاریکراو نـەبێت و بگۆڕێت، هەر شوێنێك و هەر کاتێك تۆ پێت باشە. با هەمیشە لەبیرت بێت کە تۆ ئەم بیرکردنەوەیە دەکەیتـە خـوو و هـاودەم و هاوسـەفەری خۆت. پێویست ناکات شوێنەکە زۆر بێدەنگ بێت، بەس ناشبێت دەنگە دەنگی زۆر تێدابێت و لە کاتی بیرکردنەوەدا بتپچڕێنن. شـوێنێکی ئاسایی وەکو

پارك یان شەمەندەفەر كێشەی نییە. ئەگەر حەزناكەیت دابنیشیت، ئەوا دەتوانیت بە پیاسەكردنەوە بیربكەیتەوە.

ئێستاش كاتی شتە قورس و فریودەرەكەیە، لە سەرەتاوە فریودەر و ناخۆش دەردەكەوێت بەڵام بە تێپەڕبوونی كات و بە ڕاهێنانی زیاتر ئاسان دەبێت. تەنها تەركیز لەسەر ژیانی ئێستات بكە و وەكو كەسێك لەدوورەوە تەماشای بكە و هەڵیبسەنگێنە. بزانە كاتێك لە بیركردنەوەكانت دووریت چییان لێ دەمێنێتەوە. تەماشا بكە و بڕیار لەسەر هیچ شتێك مەدە. بۆخۆت گوێبدەرە چریكە چریكی چۆلەكەكەی پاڵت و سەیری قاچە ماندووەكانت بكە و تەماشای بیركردنەوەكانت بكە بێ ئەوە بڕیاریان لەسەر بدەیت.

دەزانم، ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەم پێداوە كەمێك قورسە. كە لە دوورەوە وەستاوی هەوڵ نادەیت مێشكت بەتاڵبكەیتەوە – وەك بڵێی نزا دەكەیت – بەڵام لە هەمان كاتدا ناتەوێت بیركردنەوەكان مێشكت سەرقاڵ بكەن. لە ئێستاوە پێت دەڵێم كە لە سەرەتاوە سەركەوتوو نابیت هەتا ڕاهێنانی زیاتری لەسەر نەكەیت. زۆر ئاساییە، بەڵام هەركاتێك زانیت بیركردنەوەكانت خەریكە زاڵ دەبێت بەسەرتدا یان تەنانەت ملە تاتكێش دەكات، ئەوا خۆت بهێنەرەوە شوێنی تەماشاكەرەكە و مەهێڵە لەناو بیركردنەوەكانتدا ڕۆبچیت.

كۆنترۆڵكردنی بیركردنەوەكان لەلایەن مێشكتەوە گرنگی هۆشیاریت بۆ دەردەخات. چونكە لە زۆربەی كاتەكاندا ئێمە لەم حاڵەتەدا دەژین، بە واتایەكی تر لە لایەن هەست و بیركردنەوەكانمانەوە كۆنترۆڵكراوین.



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

لێرەدا هۆشیاری ڕۆڵێکی زۆر گەورە و کاریگەر دەگێڕێت بە جیاکردنەوەی بوونمان لەگەڵ وەڵام و پەرچەکرداوەکانماندا.

ئەگەر هۆشیار بیت هیچ کێشە نییە ئەگەر خەمێکی زۆرت لە دڵ یاخود مێشکدا بێت. " بەڵێ، زۆر قەلەقم بۆ سیمینارەکەی سبەی " ئەم کێشەیان منیش زۆرجار پێش پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانم هەمە. لە دواوە بوەستە و تەماشای بیرۆکەکانت بکە- خۆتیانی تێمەگەیەنە، هەوڵی چاککردنی هیچ مەدە، بەس سەیربکە و تێبینی بکە.

**لە دواوە بوەستە و تەماشای بیرۆکەکانت بکە- خۆتیانی تێمەگەیەنە**



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

## یاسای بیست و یەکەم

# پەستان هەڵبژاردەیەکە و هیچی تر

لێرەدا باسی یاسایەکتان بۆ دەکەم کە لە کوڕەکەمەوە فێربووم کاتێک لە تاقیکردنەوەی ناوەندیدا بوو، وە زۆر سوپاسی کوڕەکەشم دەکەم کە ئەم یاسایەی لێوە فێربووم. کوڕەکەم کەسێك کە زۆر مورتاحانە خوێندنەکەی دەکات و زۆر خۆی ماندوو ناکات. هەرگیز ڕێگایەکی قورس بەکارناهێنێت ئەگەر ڕێگایەکی ئاسانی لەبەردەست بێت. ئەم کارەشی بە " نزیکبوونەوە لە تاقیکردنەوەکان بە شێوەیەکی ئابووریانە " ناودەبات. هەرچۆنێك بێت کاتێك تاقیکردنەوەکانی نزیك دەبویەوە زۆر بە مێشکێکی ساف و ئیسراحەت و بەبێ شڵەژان چاوەڕێی دەکرد. پێی گوتم " باشە من تێناگەم بۆچی لەکاتی تاقیکردنەوەدا هەموو دەشڵەژێن و خۆیان تێکدەدەن. هیچ پێویست بە پەستان لەسەرخۆ دروستکردن ناکات، خۆ تاقیکردنەوە هەر ناخۆشە، شڵەژانیش ناخۆشتری دەکات، کەوایە بۆ خۆم تێکبدەم؟ "

منیش بە هێمنیەکەوە پێمگوت کە هەموو کەسێك وەکو ئەو بەم شێوەیە ئاسوودە و مورتاح لەدایك نەبووە. پێمگوت خۆ خەڵکی خۆیان پەستان هەڵنابژێرن، شتێکە و تیایاندایە و ناتوانن خۆیانی لێ بەدوور بگرن.

ئەم قسانەم بۆ کرد، بەڵام دەبوایە زیاتر بیرم لێکردبایەتەوە. لەوانەیە ئەو ڕاستی گوتبێت. لەوانەیە پەستان و شڵەژان لەگەڵ بوونماندا بێت و خۆمان فێری نەبووبین. تەماشای هەموو کەسانی دەورووبەرم کرد، لە شڵەژاوترینیانەوە هەتا مورتاحترینیان، بیرم دەکردەوە تۆ بڵێی کوڕەکەم

ڕاستی گوتبێت. ئێستا من کەسێکم کە ناوە ناوە پەستانم دەکەوێتە سەر. بە ئاسانی پەستانم لەسەر دروست دەبێت و لە هەمان کاتیشدا بەزوویی ڕزگارم دەبێ لێی. من کەسێك نیم کە پەستان لە ژیانمدا نەبێت، بۆیە بڕیامدا ئەم یاسایە لەسەر خۆم جێبەجێ بکەم.

تاقیمکردەوە، ئەنجامەکەی زۆر سەرسوڕهێنەر بوو. لەو کاتەوە بە دەگمەن پەستانم لەسەر دروست دەبێت. هەر کاتێك شتێکی ئومێدبڕ و ناخۆش بەسەرمدا بهاتایە، یەکسەر مێشکم خۆی بۆ پەستان دروستکردن ئامادە دەکرد. دەمودەست مێشکم بیری دەکردەوە لە ڕووداوە ناخۆشەکە خۆی و ئەو ڕووداوە ناخۆشانەی دی کە دەکرێت بەهۆیەوە دروستبن. بیری لە پەرش و بڵاوبوونەوەی کێشەکە و نارەحەتی چارەسەرکردنی دەکردەوە.

مێشکم هەر لە دوای دۆزینەوەی بەهانەیەك بوو تا پەستانم لەسەر دروستبکات. خۆی دەکرد بە چەندین کەند و کەندەلاندا و تەنها مەبەستیشی نانەوەی پشێوی بوو. وایلێدەکردم تەلەفۆن بۆ فەرمانگەی کارەبا بکەم و بڵێم حسابەکەم هەڵەیە – ئەمە تەنها نموونەیەکی بچووکی نێو خەروارێکە. مێشکم هەر لە خۆڕا بیری دەکردەوە و چەندین بابەتی بەسەر یەکدا تێکەڵ دەکرد. دەیگوت " ئەوە ١٠ خولەکە تەلەفۆنەکەیان هەڵنەگرتووە ..... ئێستاش هەر ڕامدەوەستێنن ..... ئەگەر ئەم کێشەیەم بۆ چارەسەر نەکەن ئیتر من بێ کارەبا دەمێنمەوە ..... تەنها ٢٠ خولەك ماوەتەوە و دەبێت تەماشای ئیمەیڵەکانیشم بکەم... هتد و هتد و هتد ....... " زۆر خۆشبوو هاا. تەنانەت نیوەیان ڕوودی نەدا و هەر ڕووشنادەن. هەموو جارێك ئەمە کارم بوو، گشت ئەو حاڵەتە ناخۆشانەی

کە دەکرێت لە داهاتوودا ڕووبدەن دەمهێنایە پێشچاوی خۆم و بەشێوەیەك مامەڵەم لەگەڵ دەکرد کە ڕاستی بن و ڕووبدەن.

بۆیە ئێستا بیرکردنەوەکانم دەوەستێنم. ئەگەر شتێکم پێ چارەسەرکرا ئەوا دەیکەم. ئەگەر نەشمتوانی ئیدی ڕێگە بە مێشکم نادەم هێندە بیرکردنەوەی پەستاندروستکەر بخزێنێتە ناو خۆی. بیرکردنەوە ڕەتدەکەمەوە و بەخۆم دەڵێم دەکرێت ژیان هەڵە یان کێشەیەکی تێدا بێت و ئەوە ئێستاش کێشەیەکم تووشبووە " تۆزێك هۆشیارم، نا؟ " پێویست ناکات بە پەستان دروستکردن حاڵی زۆر ناخۆشتر و قورستر بکەیت. هەموو جارێك بەبیری خۆمی دەهێنمەوە کە من پەستان دروست ناکەم. ئەگەر زۆریش حاڵم خراپ بێت و پێویستی کرد ئەم ویردە دەڵێم " هەموو ئەو کەسانەی کە خۆشمدەوێن ساغ و سەلامەتن، باشی ئەوان بۆ من بەسە " ئێستاش پەستان بووەتە شتێك کە لە ڕابردوومدا هەبووە و ئێستا نییە – بەمەرجێك کەسە خۆشەویستەکانم باش بن. ئەگەر من بتوانم جێبەجێی بکەم، تۆش دەتوانیت.

| |
|---|
| **دەکرێت ژیان هەڵە یان کێشەیەکی تێدا بێت و ئەوە ئێستاش کێشەیەکم تووشبووە** |

یاسای بیست و دووەم

# پێویست بە ئاسایبوون ناکات

هاوڕێیەکم هەیە کە لە شەو و ڕۆژێکدا تەنها چوار کاتژمێر دەخەوێت. ئەو تەنها پێویستی بەوەندەیە و کاتێکیش هەڵدەستێتەوە زۆر چوست و چالاکە. یەکێکی دیش دەناسم کە بە بچووکترین شت فرمێسک لە چاویدا جۆگەلە دەبەستێت. کەسێکیش کە لە بتڵێك دەترسێت ئاوی گەرم تێدا بێت. ژنێك دەناسم کە سێ کار دەکات و دانەیەکی دیش کە لە ژماردنی مەنجەڵەکانی ماڵەکەیدا چەندین جار هەڵە دەکات و دەبێت لە سەرەتاوە دەستپێبکاتەوە. هەندێك کەسیش دەناسم هەتا پاڵ بە شتێکەوە نەدەنەوە ناحەوێنەوە. هەموو ئەم کەسانە وەکو من و تۆ وان. ڕووگەشن، لەبەر دڵ و بەناوبانگن.

زۆر ئاساییە ئەگەر خەمی ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی کارێك بێت. ئایا لە کارەکەتدا زۆر خۆت ماندوو دەکەیت؟ جلی نامۆ لەبەر دەکەیت؟ شێوەزارەکەت هەڵەیە؟ زۆر دەشڵەژێیت؟ ئایا لەبەر خواروخێچی و ڕەفتارە ناباوەکانت شاز دەردەکەویت؟ گوێم بۆ شل بکە، ئەم شتانە کەسێتی تاکەکەس پێکدەهێنن. ئەوە جیاوازیەکانتە کە تۆ پیشان دەدات، نەك ئەو شتانەی کە وەکو هەموو مرۆڤێکی دی هەتە. هیوام وایە بە چەند شێوازێك لە خەڵکی دی جیاواز بیت و نامۆ و نائاسایی دەربکەویت. جا شازیەکەت هەر شتێك بێت، ئەگەر حەز و ئارەزوو، ترس ، بەرزویستی یان ڕەفتارەکانت بێت.

کاتێك یارمەتی هەرزەکارەکان دەدەم لە پڕکردنەوەی فۆڕمی زانکۆدا زۆر دڵخۆشم بەوەی کە چەند جیاوازن. هەموویان تەمەنیان وەکو یەکە، لە

هـەمان قوتابخانـە خوێندویانـە، کەچـی کەسـێك دەیـەوێت ببێـت بـە ڕۆژنامەوان، یەکێکی دی بە کیمیاگەر، دانەیەکیان بە فەیلەسوف و ئـەوی دیش بە شارەزا لە ئەدەبیاتی فەڕەنسیدا. هەنـدێکیان خولیـای کارێك لـە مێشکی داون کـە داهـاتێکی زۆریـان بـۆ پێکـەوە بنێـت، هەنـدێکی دیکـە کارێکیـان دەوێـت کـە بتـوانن بەهۆیـەوە گەشـت بکـەن و کۆمەڵەیـەکی دیکەش خـاوەن کارێك بـن کـە بتـوانن جیهـان بگـۆڕن. چـەند گرنگـە کـە هەموویان بەم شێوەیە لە یەك جیاوازن.

هێشتا زۆربەمان دەمانەوێت خۆمان نەبین، خوازیـارین ببـین بـە کەسـێکی دیکە. باشە ئەمە چۆن ڕوویدا؟ باشە سنووری نێـوان " جیـاوازی باشـە " و " جیاوازی باش نییە " کامەیە؟ با من پێت بڵێم، سـنوورێکی لـەوجۆرە نییە. ئەگەر لەگەڵ هەموو کەسێکدا بەڕێزەوە مامەڵە بکەیت، ئـەوا هـەموو جیاوازیـەکان قبـووڵکراوە. ئەگـەر باسـەکە بێتـە سـەر تـاك، ئـەوە بەدڵنیاییەوە دەتەوێت لەو بوارەدا کار بکـەیت کـە خـۆت حـەزت لێیـەتی. کە کارەکانی تریشت پێ خۆش نییە مانای ئەوە نییە کە کارەکان خۆیـان خراپن، بەڵکو تۆ حەزت پێیان نییە و بۆ تۆ ناگونجێن و تەواو.

شتێك نییە بەناوی " ئاسایی "یەوە، ئەگەریش شتێکی لەو جـۆرە هـەبێت ئەوا ژیان زۆر وەڕسکەر دەبێت. بۆیە ئەگەر وا هەستت کرد کـە تـۆ وەکـو خەڵکانی تر نیت، ئەوا پیرۆزبایی لە خۆت بکە. هەرکاتێك بە خۆتـت گـوت " من ئاسایی نیم " یەکسەر دەستخۆشیەك لەخۆت بکە. ئێمـە هـەموومان ئاسایی نـین و ئەمـەش شـتێکی زۆر باشـە. ئەگـەر کەسـێك بـەگوێرەی جیاوازیـەکانت بڕیـاری لەسـەردایت، ئـەوە بـە هـیچ شـێوەیەك بـیر لـە بڕیارەکانی ئەو مەکەرەوە و پێویست ناکات خۆتی پێوە سەرقاڵ بکـەیت.



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

دەزانم ئەگەر بڕیاردەرەکە کەسێکی نزیکی وەکو خێزانت یان بەڕێوبەرەکەت بێت ، ئەوا ئەوا فەرامۆشکردنی توانجەکانی کارێکی قورس دەبێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەمە تەنها بیرکرنەوەی ئەوانە و ئەوانیش دەکرێت هەڵەبن. هەر تاکێك دەتوانێت ببێت بە هەر کەسێك کە دەیەوێت بەمەرجێك ئازاری کەسی دی نەدات.

بۆیە بەردەوام بە و گۆرانکاری لەو شتانەدا بکە کە لەگەڵ تۆدا ناگونجێن و لەهەمان کاتیشدا ئەو شتانە مەگۆڕە بەبیانوی ئەوەی لەگەڵ کۆمەڵدا بگونجێت یان ئاسایی بێت. پەستانێکە کە هیچ پێویست نییە بیخەیتە سەر خۆت. بێ شك و گومان تۆ ئاسایی نیت. تۆ خۆتیت.

**هەر تاکێك دەتوانێت ببێت بە هەر کەسێك کە دەیەوێت بەمەرجێك ئازاری کەسی دی نەدات**

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## یاسای بیست و سێیەم
# هەستەکانت هەڵبسەنگێنە

بیر و هەستەکان لێك جیاوازن و هەمان شت نین. پێویست ناکات لێکدانەوەیەکی هۆشیارانە بۆ هەستەکانت بکەیت هەتا باوەڕیان پێبکەیت و بە شتانێکی ماقوولیان بزانیت. زۆر ئاساییە ئەگەر تووڕە، دڵتەنگ و بێئومێد بیت و نەشتوانیت بەهانەیەکیان بۆ بهێنیتەوە و بیاسنەلمێنیت. هەمیشە هەستەکان شتێکی ئاساین، لەبەر ئەوەی خۆیان لەڕاستیدا هەر بەو شێوەیەن، هەر ئاوها دروستکراون. دەکرێت ئەو ڕەفتارانەی بەبۆنەی هەستەکانتەوە دەیکەیت هەموو جارێك ڕاست و شیاو نەب.، بۆ نموونە کە بێئومێدی ڕووی تێکردی مانای ئەوە نییە لەگەڵ خۆت و خەڵکیش توندوتیژ بیت، بەڵام لە ڕاستیدا هەستێك هەیە بەناوی بێئومێد بوونەوە و کەس ناتوانێت نکۆڵی لێبکات. ئەو کەسانەی کە دەڵێن " بۆچی ئاوها هەستدەکەیت؟، بەڕاستی هیچ لە تۆ ناوەشێتەوە و شتێکی ژیرانە نییە " ئەوا لە ڕاستیدا خۆیان شتێکی نا هۆشیارانە و نا لۆژکیان گوتووە. لە کۆمەڵە کەسێك گوێم لە دڵدانەوەی بەم شێوەیە بووە " ئارام بگرە و وەرەوە سەر خۆت، هیچ پێویست ناکات تووڕە بیت ..... " بەس خۆ مێشك و ژیری هەستی تووڕەبوون بەڕێوە نابات هەتا بە پێویستی نەزانێت. تووڕە بوون و نائومێدی و هەموو هەستەکانی دی شتێکە لە مرۆڤدا هەیە و جار جاریش تێیدا دەردەکەوێت.

وە خەڵکیش نابێت چاوەڕێی تۆ بن تا هەستەکانی خۆتیان بۆ بسەلمێنیت، چونکە لە ڕاستیدا خۆشت تاقەتت نییە لێیان تێبگەیت یان بزانیت لەکوێوە هاتوون. شتێکت پێدەڵێم، بەزۆر پێتان ناکەم، بەس



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

لەهەمان کاتیشدا زۆر سوودی لێدەبینن. ئەگەر توانیت بە شێوەیەکی لۆژیکی و هۆشیارانە بیر لە هەستەکانت بکەیتەوە، ئەوا زۆر لەپێش ئەو کەسانەیت کە بەو کارەی تۆ هەڵناستن.

پێش هەموو شتێك دەبێت بزانیت هەست بە چی دەکەیت، ناوێکی بدەرێ. نا نا مەبەستم ئێریك یان بەبلس نییە، بەڵکو ناوێکی شیاو. بیربکەرەوە بزانە کام وشە پڕ بە پێستیەتی. هەوڵبدە زۆر ورد و وریا بیت، بەس ناوی مەنێ دڵخۆشی یان دڵ تەنگی و تەواو، بیر لە وشەیەك بکەرەوە کە بە باشترین شێوە وەسفی بکات. ئایا بێ ئومێدی یان خەمۆکی دایگرتویت؟ باشە لە ترسا وات لێهاتووە؟ یان شڵەژاویت؟ ئەدی باشە تووڕەیت؟ یان هەست دەکەیت هەموو شتەکان ئیزعاجت دەکەن؟ ئەم شیکردنەوەیە تەنها هەستەکانت بۆ دەستنیشان ناکات ، بەڵکو دەرفەتێکیشت پێدەدات هەتا لەو هەستە تایبەتە دوور بکەویتەوە. ئەم کردارە بەرهەمی هۆشیاریە، هۆشیاریەك کە یارمەتیت دەدات لە هەستە کاتیە ناخۆشەکانت جوودا ببیتەوە.

ئێستا تێگەشتی لەوەی هەست بە چی دەکەیت. ئەی باشە دەتوانیت بزانیت بۆ هەست بەم شتە تایبەتە دەکەیت؟ مەبەستم لە هۆکارە سەرەکیەکەیە، ئەو هۆکارەی کە خۆشت بەتەواوی بۆت جیاناکرێتەوە. لەوانەیە بەبۆنەی هاورێکەتەوە دڵت تەنگ بێت، لەوانەیە دوای قبوڵ نەکردنی پێشنیارەکەت لەلایەن ئەوەوە بەم شێوەیەت لێهاتبێت، بەڵام بابەتەکە قبوڵنەکردن نییە، بەڵکو ئەو هەستەیە کە بەهۆی قبوڵنەکردنەکەوە تووشتبووە. نازانم بەهۆی چیەوە بێتاقەت و تووڕە

بوویت، بەلام ئەگەر خۆت بەجوانی بیری لێبکەیتەوە لەوانەیە سەرەداوەکە بدۆزیتەوە.

خستنەبەر هەژموونی هەستەکانت لەلایەن مێشکتەوە یارمەتیت دەدات تا بێیتەوە سەر خۆت، تا دووبارە دەست بەسەر مێشک و بیرکردنەوەکانتدا بگریت. ئەمەش مانای ئەوە نییە لە هەستەکانتەوە پێشبینی ئاکامەکان بکەیت، چونکە هەستەکان بەدڵی خۆیان چیان بوێت دەیکەن، بەلام بیرکردنەوە لێیان هیچ نەبێت دەتگەیەنێت بە ڕوانگەیەک تا لێیەوە تەماشای هەستەکانت بکەیت. لەوانەشە لەکاتی بیرکردنەوەدا ئەو هەستە بدۆزیتەوە کە زۆربەی جار پێوەی دەردەکەویت و بەڕووتەوە دیارە. ئەوکات هەست دەکەیت بۆچی زۆربەی کات بێتاقەت، بێئومێد، پەشیمان یان گەشبینیت.

ئەگەر ئێستا هەست بە بێ ئومێدی بکەیت، ئەوە مانای وایە کە مێشکت ئامانجێکی گەورەی داناوە و پێی نەگەشتووە. بەمانایەکی دی پێشبینیەکانت لە خودی توانای مێشک و جەستەت زیاتر بووە. چونکە ئومێدبڕان لەئەنجامی نەگەشتنتە بە پێشبینی و ئامانجەکان. کەواتە ئەگەر ئەمجارە پێشبینی شتێکت لە کەسێک، ڕووداوێک یان هەر شتێکی دیکە کرد ئەوە باشترە پێشبینیەکانت نزیک بن لە ڕاستیەوە.

یەکێکی دی لە سوودەکانی جیاکردنەوە بیر و هەستەکانت ئەوەیە دەبێت کاتێکی زۆر بوەستیت هەتا هەستێك کە تێیدا دەژیت، نەمێنێت و بڕوات. لەوانەیە هەستەکانت پێڕانەگیرێت و کۆنترۆڵت بۆ نەکرێت، بەلام خۆ دەتوانیت کاریگەریت هەبێت بەسەر پەرچەکردارەکاندا. بیرکردنەوە دەتوانێت کۆنترۆڵی کردارەکانت بکات، دەتوانێت کۆنترۆڵی ئەوە بکات



المسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ئایا ئیمەیلێك لەکاتی توورەیدا بنێریت، یان هاوار بەسەر دایکتدا بکەیت، یان بۆخۆت شەو لە ماڵەوە بەتەنیا بمێنیتەوە لەکاتێکدا دەتوانیت بڕۆیتەدەرەوە و خۆشی ببینیت.

**بەزۆر نییە، بەس لەهەمان کاتیشدا زۆر سوودی لێدەبینن**



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## یاسای بیست و چوارەم

# بە خۆت پێبکەنە

لە یاساکانی بیرکردنەوەیەکی تەندروستدا گەلێك ڕێگای تێدایە بۆ جیابوونەوە و خۆ قووتارکردن و تێبینیکردنی هەست و بیرکردنەوەکان. شتێکی زۆر گرنگ و کاریگەرە ئەگەر لە دوورەوە تەماشای خۆت بکەیت و هەڵسەنگاندن بۆ خۆت بکەیت، ئەو تێبینیکردنە واتلێدەکات لە ڕوانگەیەکەوە ڕووداوەکان لێکبدەیتەوە.

چەند ساڵێك لەمەو پێش لە کەمپینێکی خێرخوازیدا وەکو خۆبەخشێك بەشداریم کرد، لەوێ کارمان ئەوە بوو گوێ بۆ کەسانێك بگرین کە بەناو حاڵەتێکی ناخۆشدا تێپەڕدەبوون. ناتوانم ئەو هەموو سوودە بژمێرم کە لە بارەی ژیان بەگشتی فێربووم، ئیدی زانیم کە خەڵکی چۆن مامەڵە لەگەڵ پێشهاتە ناخۆشەکانی ژیانیاندا مامەڵە دەکەن، فێربووم چۆن یارمەتی خەڵکی بدەم و ببم بە پشتیوانیان، فێربووم چۆن ڕێگری لە کۆسپەکانی ژیان بکەم.

یەکێك لەو شتانەی کە دۆزیمەوە ئەو پەیوەندیە بوو لەنێوان ئەو کەسانەی کە دەیانزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی ژیان بکەن لەگەڵ ئەو مرۆڤانەی کە هەر بە سروشت گیانێکی گاڵتە و گەپیان هەبوو. کەسانێك بوون کە دەیانتوانی لەکاتی کێشەکانیاندا بە خۆیان و ڕووداوەکەش پێبکەنن ئەگەر لە حاڵەتێکیشدا حاڵەتەکەیان شایەنی پێکەنینیش نەبوایە. گەشتم بە دۆزینەوەی ئەو هۆکارەی کە وا لە مرۆڤەکان دەکات لە ناخۆشترین ساتەکانی ژیانیشیاندا بەخۆیان پێدەکەنن. بۆ ئەوەی بە [illegible] لەناو کێشەکانت بێیتە

ممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

دەرەوە و لێیان دووربکەویتەوە و تەماشای خۆت بکەیت. دواتر تێبینی ئەوە دەکەیت کە هەم لە کێشەکانت جودا بویتەتەوە و هەم لە گۆشەنیگا و پەنجەرەیەکەوە تەماشای ژیانی خۆت دەکەیت.

بەدڵنیاییەوە بەس ئەم کردارە بە تەنها کێشەکانت بۆ چارەسەر ناکات، بەڵام یارمەتیەکی زۆریشت دەدات. شێوازی دوورکەوتنەوە لە بیر و بۆچوونەکانت یارمەتیدەرت دەبێت لە مامەڵەکردن و چارەسەرکردنی کێشە بچووکانی ژیانت، وەکو ئەو کاتانەی کە چەترەکەت لەبیردەچێت و دەخوسێیت، یان چێشتەکەت لەبەردەم میوانەکاندا داناوە و کەچی تەماشا دەکەیت نەکوڵاوە لەبەر ئەوەی بیرتچووە فڕنەکە دابگرسێنیت.

بەهەمان شێوە لەکاتی کێشە گەورەکانیشدا دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی نەڕوخێیت و خۆت بەپێوە بگریت.

ئەگەر بتوانیت هەموو ڕۆژێک بەرامبەر کێشەکانی خۆت پێبکەنیت ئەو دەبینیت کە پەستانەکەی سەرت بەشێوەیەکی بەرچاو کەمدەکات.

یەکێك لە باشترین تەکنیکەکانی ئەم شێوازە بیرکردنەوە کە زۆر ڕام لێیەتی، ئەو کاتانەیە کە ڕووداوە ناخۆشەکەی ئەو ڕۆژەم بەشێوەیەکی گاڵتەئامێزانە دەنووسمەوە، خۆم من هەر لەبەر بێ چەتریەکەم خوساوم، یان لە ترافیکەکەدا گیرمخواردووە، یاخود لەبەر ئەو مامەڵە ناخۆشەی کە لە مارکێتەکەدا لەگەڵم کراوە خەریکە دەتەقم، کەوایە با چیرۆکەکە بنووسمەوە و تۆزێکیش بە خۆم پێبکەنم.

لەم ڕۆژانەدا هاوڕێیەکم چیرۆکێکی ژیانی خۆی بۆ دەگێڕامەوە، باسی ئەو کاتەی دەکرد کە لەگەڵ ڕێکخراوەکەیاندا - خۆی سەرۆکی ڕێکخراوەکە بوو - دوای ئەوەی هەستیانکرد کە بەهۆی چەوری و پاشەڕۆدە



CamScanner الممسوحة ضوئيا بـ

مەتبەخەکەیان بۆنێکی ناخۆشی لێدەهات، بۆیە هەستان بە پاککردنەوەی بۆری و مەنهۆڵی پشتی مەتبەخەکە. زۆر قێزەونبوو، کە پاشماوەکەیان دەردەکرد لە عەرەبانەیەکی دەستیان دەکرد. دوای دە خولەك لەناکاو پشکنەرێکی وەزارەتی تەندروستی دەرکەوتبوو. نەدەبوایە پشکنەرەکە عەرەبانە دەستیەکە ببینێت، بۆیە هاورێکەشم دەبوایە بە پشتی مەتبەخەکەدا عەرەبانەکە بباتە دەرەوە – وەك ئەوەی قاچاخی بکات – پێش ئەوەی کابرای پشکنەر بگات. هاورێکەم تازە بە تازە قات و ڕیباتێکی نوێی کڕیبوو، لەکاتی گواستنەوەی عەرەبانەکەدا لە چەوریدا دیار نەمابوو. ئەو ڕووداوە لەوانەیە لەو کاتەدا زۆر ناخۆش و ناچیز بووبێت، بەڵام هاورێکەم بەشێوەیەك دەیگێڕایەوە کە وا دەردەکەوت تەماشای لایەنی پێکەنیاوی ڕووداوەکەی کردبێت. لە ئەنجامدا ڕووداوێك لە ئەوپەڕی پەستاندروستکردندا بۆ ئەو بوو بوو بە شتێکی زۆر پێکەنیاوی.

**بۆ ئەوەی بە خۆت پێبکەنیت دەبێت لەناو کێشەکانت بێیتە دەرەوە و لێیان دووربکەویتەوە و تەماشای خۆت بکەیت**

## یاسای بیست و پێنجەم

# بەردەوام هەوڵی فێربوون بدە

هەر شتێك لەشوێنی خۆیدا پەنگبخوات و بوەستێت ئەوا تێکدەچێت و ئیدی دەبێتە شتێکی ناتەندروست. بەهەمان شێوە ئەگەر مێشکیش بەکارنەهێنرێت ئەوا بۆگەن دەبێت و لە ئیش دەکەوێت. ئەگەر دەتەوێت تەندروست بمێنیتەوە، دەبێت بە ئەندازەی جەستەت مێشکیشت چالاك بێت. بەکورتی فێربوونی کارامەیی و زانیاری و ئەزموونی نوێ مێشکت بە زیندووی دەهێڵێتەوە.

ئەگەر بەم شێوەیە نەبێت ئەوا ژیان دەبێتە شتێکی دووبارە بووەوە و ئیدی حەز و ئارەزووت بۆ شتەکان نامێنێت. تێنیسەن دەڵێت " وەکو بڵێی ژیان بەس لە هەناسەدان پێکهاتبێت و تەواو ". من بەتەواوی ژیانی ئەو کەسانە بەرز دەنرخێنم کە ژیانێکی ڕۆتینی و دووبارە دەبەنەسەر و هیچ خۆشیەك لە گەشتکردندا نابیننەوە. زۆر ئاساییە، بەڵام هێشتا لە ژیاندا چەندین ڕێ ماوە تا تەی بکەن بۆ ڕاهێنان و زیندوو هێڵانەوەی مێشکیان.

هەموو مرۆڤێك لە کێبڕکێدایە – من، تۆ و هەمووان. دەکرێت هەر تاکێکمان کەیفی بە جۆرێك کێبڕکێ بێت و ئەوەش شتێکی ئاساییە. لەوانەیە تۆ حەز لە بەڕێوبردنی تیمێکی ناوخۆیی بکەیت، من کەیفم بە شیکارکردنی مەتەڵ بێت، کەسێکی کە خۆشی لە فێربوونی زمانی ئیسپانی ببینێت و دانەیەکی دیکەش شەیدای سەرفەرکردن بۆ وڵاتە دوورەدەستەکان بێت. ئەو شتە بدۆزەرەوە کە خۆشی لێدەبینیت و

ئەنجامی بدە. وە ئەگەر حەزت بە ئەنجامدانی چەند شتێکە، ئەوا بیاندۆزەرەوە و خۆشی لە هەموویان ببینە.

بەڵام لە یەك شتدا مەچەقە و خووی پێوە مەگرە. کاتێك دەست دەکەیت بە شیکارکردنی مەتەڵێك و ئاسانە، یان خولی فێربوونی زمانی ئیسپانیەکەت زۆر چێژبەخشە، ئەوا ڕامەوەستە و بڕۆ بەدوای شتێکی نوێ و جیاوازدا بگەڕێ. هەموو ئەم شتانە ڕاهێنان بە بەشێکی جیاوازی مێشکت دەکەن، بۆیە تێکەڵکردنیان شتێکی باشە. خووەکەت مەگۆڕە بۆ خوویەکی هەمان شێوە، بەڵکو عەودالّی خوویەکی تەواو جیاواز بە. ئاهەنگێك ڕێکبخە یان خۆت فێری بۆیاخ کردن بکە، یان دەستبکە بە کارێکی لاوەکی.

هەرکاتێك وەڵامەکانت بۆ شتە نوێیەکان " من هیچ شتێکی لێ نازانم " یان " پێشتر شتێکی لەو جۆرەم تاقی نەکردوەتەوە "بوو، ئەوا بەهانە و هاندەرێکت هەیە تا فێریان ببیت. زۆربەی خەڵك ئەو قسانە دەکەن بە بیانوو و دەڵێن نا، بەڵام لەجیاتی گوتنی نا دەبێت ئەو قسانە بۆ تاقیکردنەوەی کارەکە ڕاتبکێشن و هانتبدەن. ئێمەش پێویستمان بە شتێکە کە هیچی لێ نەزانین و پێشتر تاقیمان نەکردبێتەوە. ئەگەر بەو شێوەیە نەبین ئەوا بۆ هەمیشە مێشکمان بۆگەن دەمێنێتەوە. ئەدی باشە بۆ مێشکمان بۆگەن بکات و خراپ بێت؟

فراوانکردنی زانیاریەکانت بەهەمان ڕێژەی فێربوونی کارامەیی نوێ گرنگە. بابەتێك هەڵبژێرە کە خۆت حەزت لێیەتی و ئەوەی دەتوانیت لەبارەیەوە فێرببە. زەحمەتە ببیت بە سەرۆکی وڵاتێك، بەڵام هیچ قورس نییە ئەگەر بگەیتە ئاستێك کە لە هەموو هاوڕێ و خەڵکانی دی زیاتر

زانیاریت پێبێت. هاوڕێی زۆرم هەیە کە لە دەرەوە بوارەکانی خۆیاندا بەشێوەیەك زانیاریان هەیە کە کەسی دیم نەبینیەوە بەو شێوەیە شارەزا بێت، زانیاریان هەیە لەسەر بابەتەکانی وەکو : چەکی سەدەی ناوەڕاست، شێوازەکانی فۆنتی نووسین، مێژووی ڕامیاری، گوڵە کێویەکان، هونەری هاوچەرخ، ژمێریاری سەدەی بیستەم و تەکنیکی بیناکاری بەشیوەیەکی ئابووریانە و چەندین بواری دیکە.

چیت بیردەکەوێتەوە کاتێك بە خەڵکی دەڵێیت " من تەنها دەمویست مێشکی ئێوە بجوولێنم و ..... " ئایا هەر بە ڕاستی ئەوە مەبەستی تۆیە؟ نەخێر ئەوە ڕێگای فێربوون نییە، تۆ بۆ نوێکردنەوە و زیندووهێلانەوەی مێشکی خۆت فێردەبیت و بۆ کەسی دیکەی ناکەیت. بەلام وەلامی پرسیارەکە بۆت ڕووندەکاتەوە کە تا چەند ئەو کارە بۆ فێربوونی خۆت دەکەیت و لە چ شوێنێکی ڕێگەکەدایت. زۆربەی کەس لەو پەیامە تێناگات. لەوانەیە ئەو بابەتەی تۆ باسی دەکەیت بەلای ئەوانەوە گرنگ نەبێت و تەنانەت شایەنی گاڵتەپێکردنیش بێت، یان لەوانەیە ئەوان نەیانەوێت ئاستی زانیاری و ڕۆشنبیری خۆیان زیاد بکەن. کەواتە بۆ خۆت فێرببە.

**هەموو مرۆڤێك لە کێبڕکێدایە - من، تۆ و هەمووان**



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

یاسای بیست و شەشەم

# کەس حەز لە بێتوانایی ناکات

مــن هــەرگیز حەزناکــەم بەشــێوەیەکی بــیردۆزی و تیــۆری لــە بــارەی دەروونزانیەوە بدوێم، چونکە هەمیشە دەمەوێت لە ڕێگە کردارەکیەکەوە باسی لێوە بکـەم. بـەڵام بیردۆزێـك هەیـە کـە ئەگـەر بتانـەوێت سوودێکی ئێجگار زۆری لێدەبینن. بیردۆزەکە باس لەو هەستە دەکات کـە لـە کـاتی فێربوونی شتێکی نوێدا بۆت دروست دەبێت و دەریدەخات کـە فێربـوون چوار قۆناغی هەیە:

١. بێتوانـایی ناهۆشـیار : حاڵەتێکـە کـە تەنانـەت دەرك ناکـەیت بەوەی کە تۆ ناتوانیت هـیچ شـتێك بکـەیت و هـیچ نازانیت لـەبارەی ئـەو شتەی کە دەتـەوێت ئـەنجامی بـدەیت. بـۆ نمونـە کاتێـك دەتـەوێت فێـری ئاژوونتی ئۆتۆمۆبێل بیت و کەچی نازانیت پێویستە چی فێرببیت.

٢. بێتوانایی هۆشیار : حاڵەتێکە کە دەزانیت ناتوانیت کارەکـە بـە ڕێکوپێکی ئـەنجام بـدەیت. بـۆ نمونـە دەسـت دەکـەیت بـە لێخـوڕینی ئۆتۆمۆبێلەکـە بـەڵام هەسـتدەکەیت کـە ناتوانیـت سـووکانەکە بەباشـی بجوولێنیت، یان هەمیشە بە نەرمی یان بە هەڵە ئیستۆپ دەگریت.

٣. تواناداری هۆشیار : حاڵەتێکـە کـە دەتوانیـت کارەکـە ئـەنجامی بدەیت و خۆشت دەزانیت کـە دەتوانیـت ئـەنجامی بـدەیت. لـە سـەرەتای ئاژووتنی ئۆتۆمبێلەکەدایت و دەزانیـت چـۆن بتوانیـت سـێ خـاڵی ئـەنجام بدەیت یان لە ناکاو بوەستیت و پارك بکەیت.

٤. توانـاداری ناهۆشـیار : حاڵەتێکـە کـە زۆر بەباشـی دەتوانیـت کارەکە ئـەنجام بدەیت بـەڵام خـۆت هەسـتی پێناکـەیت. بـۆ نمونـە ئـەوە



CamScanner

چەند ساڵێکە ئۆتۆمۆبێل لێدەخوڕیت و کەچی هەموو کارەکان بەبێ بیرکردنەوە دەکەیت.

دەتوانیت ئەم پرۆسەیە لەکاتی فێربوونی ئاژووتنی ئۆتۆمۆبێل، خواردن دروستکردن یان پرۆگرامی کۆمپیتەری بەکاربهێنیت. وە هەروەها دەتوانیت لە کارامەییە کەمتر هەستپێکراوەکانی وەکو : پێکەنین بە خود و ئاگا لەخۆبوون بەکاربهێنیت.

هۆکاری ئەوەی کە من ئەم بیردۆزە - بەبێ گوێدانە ناوە درێژ و ناقۆلاکەی - ڕوون دەکەمەوە ئەوەیە کە شتێکی زۆر باش و سوودبەخشە گەر بیر لە پرۆسەی فێربوونی خۆت بکەیتەوە. شتێکی دیش کە پێویستە بیزانیت ئەوەیە کە یەکێك لەم چوار قۆناغە زۆر ناخۆشە. مەبەستم - بێتوانایی هۆشیار - قۆناغی دووەمە، کەس حەزی لێ ناکات.

بێتوانایی هۆشیار ( من ناوێکی نوێی بۆ دادەنێم " تۆ زۆر خراپیت و خۆشت دەزانیت " ) حاڵەتێکە کە متمانەبەخۆبوونت دەبێتە هەزار پارچەوە و تەرکیزت تەنها لەسەر هەڵەکانی خۆتە. لەهەمان کاتیشدا وابیردەکەیتەوە کە هەموو کەسێك لە تۆ چاکترە و گومانت هەیە لەوەی قەت ئەم کارە فێرببیت، بە کورتیەکەی باوەڕت بە خۆت نامێنێت.

دووبارە تەماشاکردنەوەی ئەم یاسایە زۆر ئاساییە، چونکە دەکرێت لەپێناو فێربووندا زۆر ڕووداوت بەسەردا بێت، باشترین کاتیش بۆ ئەوەی ئەم یاسایە بەبیر خۆت بهێنیتەوە ئەو کاتەیە کە دەتەوێت کارێکی نوێ پەیدا بکەیت، یان بتەوێت ببیت بە دایك یان باوك، یاخود بتەوێت یاساکان یان هەر شتێکی دی بەکاربهێنیت و فێری لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێل



CamScanner الممسوحة ضوئيا بـ

ببیت. هەرکاتێك هەستت بە بێتوانایی خۆت کرد، ئەوا یەکسەر یاسای بیست و شەشەم بەبیرخۆت بهێنرەوە. بە خۆت بڵێ ئاساییە کە بیر لە بێتوانایی خۆم بکەمەوە. من کەسێکی خراپ و بێتوانا نیم و خۆشم هەستی پێبکەم. باشە کەواتە بەردەوام دەبم و کۆڵنادەم هەتا دەبم بە کەسێکی بەتوانا و باش یان هەر شتێکی دی کە بێتواناییەکەی پێشوم لەمێشکم وەدەرنێت. لە کۆتایدا بەخۆت دەڵێیت من هەستم نەدەکرد و نەمدەزانی ئەوەندە باش و لێهاتووم. دواتر شتەکان بۆت ئاسان دەبێت و گوڵەکانم بەدەمتەوە پێکدەکەنن و فێری کارامەییەکی نوێ دەبیت.

**شتێکی زۆر باش و سوودبەخشە گەر بیر لە پرۆسەی فێربوونی خۆت بکەیتەوە**

یاسای بیست و حەوتەم

# بە ڕاهێنان پێشدەکەویت

من پێموایە ئەگەر ئێستا ئەم کتێبە بخوێنیتەوە، مانای ئەوەیە کە تۆ حەزت لە فێربوونی کارامەیی نوێیە. کارێکی زۆر باش دەکەیت، چونکە بەو جۆرە هەڵوێستەت ڕێگایەکی دوورتر لە ژیان دەبڕیت. وەکو تۆ منیش حەزدەکەم لە هەندێك شتدا زانیاری بەدەستبهێنم و فێربیم. پێش چەند ساڵێك زمانێکی نوێ فێربووم و زۆریش چێژبەخش بوو. هەرگیز ناتوانم بەتەواوەتی بەو زمانە قسە بکەم، بەڵام هیچ نەبێ دەتوانم کاری خۆمی پێ بەڕێ بکەم، منیش هەر ئەوەم دەوێت. هەرچەندە لە سەرەتاوە لە فێربوونی زمانەکەدا زۆر خراپ بووم، بەڵام وانەکان زۆر خۆش و چێژبەخش بوون، لەهەمان کاتیشدا بەرە بەرە هەستم بە باشبوونی خۆم دەکرد.

لە دەمی منداڵیشمدا زۆر ڕقم لە کەمانچە دەبوویەوە. هیچ پێشکەوتنێکم لە خۆمدا بەدی نەدەکرد و زیاتر لەوەش زۆر ڕقم لەوە بوو ٣٠ خولەك بێ دابڕان بەدەستمەوە بیگرم. هەموو وانەکان بەس خوا خوای ئەوەم بوو وانەکە زوو تەواو بێت و قوڵم تۆزێك سوکنایی پێدابێت.

کلیلی فێربوون لە بەردەوامبووندایە. فێربوون و فێرکردن هەردوو پرۆسەیەکی یەك لەدوای یەکن، خۆ دارێکی جادوویت پێنیە و یەکسەر بەهۆی جادووەکەوە خۆت فێربکەیت. ئەگەر فێربوونی کارێکت بەلاوە چێژبەخش نەبێت، ئەوا هەر زوو جۆش و خرۆشت بۆی نامێنێت. زۆر زەحمەتە ئەگەر ئارەزووی فێربوونی شتێکت نەبێت و تەنها لەبەر ئەوەی بۆ داهاتووت سوودی هەیە بیکەیت. چەندین مانگی ناخۆش و پڕ



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

سەرنێشە و کاتکوژ تەنها لەبەر ئەوەی دەکەیت کە ئەم کارە بۆ داهاتووت باشە؟ نەخێر من پێم وانییە. دەبێت شەیدای کارەکەت بیت، حەزت لە کێبڕکێیەکانی ناو کارەکەت بێت، هەوڵبدەیت خۆت بسەلمێنیت و بەرەوپێشەوە هەنگاو بنێیت.

ئەگەر لە فێربووندا خاو و لەسەرخۆ بیت، ئەوا زۆری دەوێت هەتا دەگەیت بە ئامانجەکەت و شوێنێك کە ئیدی دان بە باشی و کارامەیی خۆتدا دەنێیت. بەڵام لە هەمان کاتدا لەم جۆرە فێربوونەدا هەم خۆشی دەبینیت و هەم ئەم بیرکردنەوە ئەرێنیە یارمەتیدەرت دەبێت لە تێپەڕاندنی کۆسپ و لەمپەرەکانی کاتی فێربوون. لە کاتێکی وەهادا دەبێت بە پشتیوانت کە ئیدی هیچ شتێکت بەدەستەوە نەماوە. واز لەو بیرکردنەوەیە بهێنە کە دەڵێت بیربکەرەوە تا بەتەواوی فێرببیت و کێشەت نەبێت، بەڵکو تۆ پێویستت تەنها بە پێشکەوتنە.

ئەگەر کارێك هەڵبژارد، بەڵام دواتر هەستتکرد حەزت لە کارەکە و ئەسڵەن پرۆسەی فێبوونیشی نەماوە، ئەوا هەوڵبدە بە شێوازێکی دی – کە بەلای خۆتەوە خۆش و چێژبەخشە – لێی نزیك ببیتەوە، بۆ نمونە پۆل یان کاتی وانە خوێندنت بگۆڕە، یاخود شێوازی فیربوون یان مامۆستا و فێرکار و هاوڕێکەت بگۆڕە.

ڕێگایەکی تر تا خۆشی کارەکەت بۆ دەربکەوێت و حەزت لێی ببێ بیرکردنەوەیە لە بەرەوپێشچوون و پیشکەوتن. هەرچەندە لە فێربووندا خاو و خراپ بیت، واباشترە بیر لەو کاتانە بکەیتەوە کە گەشتوویت بە ئامانجەکەت و فێربوویت و هیوابڕاو نەبیت. بۆیە کۆنترۆڵ بەسەر ئەو قۆناغەدا بکە کە تێیدایت، ئەو ڕێگەیەت لەپێشچاو بێت کە بڕیوتە،



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

هەمیشە ئەو ئەنجامگەلە باشەت لەبیربێت کە بەدەستتهێناوە. هەندێك کەس حەزدەکەن کە پێشکەوتنەکەیان لە تیانوسێك یان لەهەر شوێنێکی دیدا بێت، بنووسنەوە، تۆش بە هەمان کار هەڵسە ئەگەر زانیت سوودی لێدەبینیت. خاڵە گرنگەکە لێرەدا بەردەوامدانە بە فێربوون و تەرکیز نەخستنەسەر خاڵە لاواز و هەڵەکانتە. کێشە نییە ئەگەر هەڵە و خاڵە لاوازەکانت دیاری بکەیت تا لە پرۆسەی فێربووندا باشتر بیت، بەڵام نابێت زۆر بیریان لێبکەیتەوە و ببنە مۆتەکەی ناو خەونەکانت. باشترە سەرکەوتنەکانت بژمێریت، ئەگەر چی بچووکیش بن.

**پرۆسەیەکی یەك لەدوای یەکە، خۆ دارێکی جادوویت پێنییە و یەکسەر بەهۆی جادووەکەوە خۆت فێربکەیت**

## یاسای بیست و هەشتەم

# هێندە بیر لە کێشەکانت مەکەرەوە

باشە ڕقت لەو کاتانە نابێتەوە کە هەرچی بکەیت ناتوانیت بەسەر بیرکردنەوەکانتدا زاڵببیت؟ بیرکردنەوە لە کێشەیەك کە ناتوانی چارەسەری بکەیت، یاخود ترسێکی بێ بنەما و بنەچە، بارودۆخێك کە حەز بکەیت بەشێوەیەکی دی مامەڵەت لەگەڵ بکردایە یان بیر لە شتێك بکەیتەوە کە کەسێك پێیگوتبیت و لەسەر دڵت گران بووبێت؟ گەر هیچت پێنەکرێت ناخۆشە، مەگە وا نییە؟ هەر بیر دەکەیتەوە و بیر دەکەیتەوە هەتا کاتێك کە ئیدی بیرکردنەوەکانت بەتەواوی جڵەوگیریان کردوویت و زۆر زەحمەتە خۆت لەدەستی ڕزگار بکەیت.

ئەم خووپێوەگرتنە، یان ئەم زۆر بیرکردنەوەیە هەستێکی زۆر نەرێنیت بۆ دروست دەکات و سەردەکێشێت بۆ پەستان و شڵەژان و ئومێدبڕان. لەڕاستیدا ناوە ناوە تووشی ئەم حاڵەتانە دەبین، هەرچەندە دەروونمان بەهێزیش بێت، ئەوا کات بۆ کات دەبین بە تەڵەی ئەم دڕندەیەوە. لە خراپترین ئاکامیشدا بە نەخۆشی و بێهێزی جێتدەهێڵێت و کارێکت پێدەکات نەتوانیت یەك جووڵەش بەرامبەر کێشەکانت بکەیت.

یەکێك لە ناخۆشترین ئەو حاڵەتانەی کە بەسەر کەسی خاوەن کێشەدا دێت بیرکردنەوە و تێڕامانێکی ئێجگار زۆرە لەو حاڵەتەی تێیدایەتی و تەرکیز خستنەسەر کێشەکەیە. ئەوەی شایەنی تەرکیز خستنەسەرە کێشەکە نییە، بەڵکو ئەو "هەست"انەیە کە بەشێوەیەکت لێدەکەن ئیدی لەبەرامبەریدا دەستەوەستان ببیت و هیچت پێنەکرێت. باشترین کار دان پێدانان بەو حاڵەتە پڕ شڵەژانەیە کە تێیدایت، نەك ڕاکردن و هەڵهاتن بۆ

کارێکی دی کە ناتوانیت بەهۆی هەمان بێ تاقەتیەوە ئەنجامی بدەیت.
تەنانەت ئەگەر خۆت بۆ کارەکەی تریش ئامادە بکەیت، ئەوا ناتوانی لەو هەستە نیگەرانیە نەجاتت بێت کە تووشتبووە. ئەگەر بەو شێوەیە بکەیت ئەوا کێشەیەکی ترت بۆ خۆت دروستکردووە و بڕایەوە.
کەواتە باشترین چارەسەر ئەوەیە نەهێڵێت هەستە نەرێنیەکانت وەچە بخەنەوە و زیاد بکەن. بەڵام ئەم شێوازەش لە کێشە بەدەر نییە. چونکە ئەگەر من پێتان بڵێم " بیر لە هەرچی دەکەنەوە بیکەنەوە، بەس بیر لە ورچێکی سپی مەکەنەوە " ئێ باشە یەکەم وێنە کە بە مێشکتدا دێت چیە؟ بێ گومان ورچێکی سپیە. کەواتە ئەگەر هۆشیارانە ویستت بیر لە شتێك نەکەیتەوە، ئەوا لەوانەیە ئەو ویستە بۆت ببێتە کێشەیەکی تر نەك چارەسەرێك. ئاسانترێکە ئەگەر دان بە بیرکردنەوە و کێشەکانتدا بهێنیت، چونکە دوای ماوەیەك لە مێشکت بەرە بەرە دەردەچن و تۆش دەبێت خۆت بۆ ئەو کاتە ئامادە بکەیت کە ئەو حاڵەتەت بەسەردا دێت.
بیر و هەستە ئەرێنیەکانت ئامادە بکە تا لەرێیەوە ڕووبەڕووی بیر و هەستە نەرێنیەکان ببیتەوە. ئەگەر لە فڕین لەنێو فڕۆکەدا دەترسیت، ئەوا بیر لەو کاتە بکەرەوە کە گەشتەکە کۆتایی پێهاتووە و تۆش لە شەقامەکاندا بەدڵخۆشی و ئیسراحەت پیاسە دەکەیت. ئەگەر بەردەوام ئەو کاتەت بیر دێتەوە کە بەڕێوبەرەکەت زۆر سەرزەشتی کردیت، ئەوا بیر لە کاتێك بکەرەوە کە بۆ ئەنجامدانی کارێکی چاك پێیدا هەڵدایت و وەسف و سەنای کردیت.
ئەگەر بەردەوام بیر لە حاڵەتێك دەکەیتەوە کە چارەسەرت بۆ نادۆزرێتەوە، ئەوا بیر لەو شتانە بکەرەوە کە کێشەکەت لەپێشچاو ئاسان



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

دەکەن. بزانە بۆچی ئەو "شت"ە هەستی دڵتەنگی ، شەرمەزاری، تاوانباری و بێ ئومێدیت لا دروست دەکات. دواتر بیر لە تێپەڕاندی ئەو هەستانە بکەرەوە، چونکە ئەم شێوازە لە بیرکردنەوە واتلێدەکات لە حاڵەتەکە بێیتە دەرەوە، تێتدەگەیەنێت کە ئەم کێشەیە میراتێك نییە لە باوانتەوە بۆت مابێتەوە، بەڵکو تەنها کێشەیەکە و بەس.

لەسەرو هەموویەوە، خۆ لادان و خۆ گێلکردن سوودێکی ئێجگار زۆری هەیە، ئەگەر بتوانیت بەکاری بهێنیت بۆ ئەوەی مێشکت لەو خوو و بیرکردنەوە نەرێنیە نەجات بدەیت. بۆ نمونە بیر لە شتانێك بکەرەوە کە هەستی ئەرێنیت بۆ دروست دەکەن، دەکرێت لە شوێنێك ڕابکەیت یان پەیوەندی تەلەفۆنی بە هاوڕێیەکتەوە بکەیت یاخود یاری و تەماشای تەلەڤیزیۆن بکەیت. لێرەدا هۆشیاریش ڕۆڵی خۆی دەبینێت بە لەبیربردنەوەی کێشەکە خۆی و تێبینیکردنی لە دوورەوە تا لێی ڕزگاربببیت و چارەسەرێکی بۆ بدۆزیتەوە.

**بیر و هەستە ئەرێنیەکانت ئامادە بکە تا لەڕێیەوە ڕووبەڕووی بیر و هەستە نەرێنیەکان ببیتەوە**



CamScanner الممسوحة ضوئيا بـ

## یاسای بیست و نۆیەم

# لە خووە خراپەکانت دوورەپەرێز بە

ئەگەر دەزانیت مێشکت چەند حەزی لە قووڵکردنەوە و دووبارە لێدانەوەی کێشەکانە! ئەگەر بتزانیایە سەرت دەسوڕما. زۆر کەیفی بە لێدانەوەی ڕووداوە نەرێنیەکانی ژیانت دەکات. وەك بڵێی هەستی پاراستنێکی درۆزنانە بە مێشکت دەبەخشێت. ئەگەر ئەم بیرکردنەوە دووبارەیە سوودت پێبگەیەنێت، ئەوا ئاساییە و بگرە زۆریش باشە. بۆ نمونە ڕۆژی دووجار ددان شۆردن یان ناوە ناوە ڕاهێنانکردن. وە هەروەها کێشە نییە ئەگەر ئەم ڕەفتارانەت نەبێت بە ڕێگر لەهەمبەر ژیانی ڕۆژانەدا، بۆ نمونە تەماشاکردنی هەواڵەکانی کاتژمێر ١٠، یان لەپێکردنی گۆرەوی پێی چەپت پێش پێی ڕاستت. ئەی باشە چی دەڵێیت لەبارەی ئەو خوو و ڕەفتارانەی کە ڕێگر دەبن لە ژیانی ڕۆژانەت، بۆ نمونە نانخواردنی بەیانی ڕێك لە کاتژمێر ٦ ی بەیانیدا، یان هەستان لە جێگە خەوەکەت بۆ ئەوەی بزانیت دەرگاکەت بە قوفڵ داخستووە یان نا و خۆشت سوور دەزانیت کە داتخستووە؟

هەموومان خوویەکمان هەیە لە ژیاماندا کە لێی پەشیمانین و هەندێکی دیکەش دووچاری خوویەکەی زۆر خراپتر لەوەی ئێمە بوونەتەوە، بۆ نمونە شەوان دوو بۆ سێ جار لە جێخەوەکەت هەستیت تا بزانیت دەرگاکەت داخستووە، یان نینۆکەکانت لە ترساندا بخۆیت. تەنانەت سادە و ساکارترین خوو – بۆ نمونە شۆردنی ئۆتۆمۆبێلەکەت هەموو یەکشەمەیەك – هەستێکی ناخۆشت لەلا دروست دەکات ئەگەر وا بزانی بەزۆر و ئیلا دەبێت بیکەیت. ئەگەر ئەم زۆرکاریانە ببن خولیایەك و ژیانت

داگیر بکەن، ئەوا پێیوستت بە چەندین ڕاهێنانی پرۆفیشنالانەیە تا لەدەستیان ڕزگارت بێت. بەڵام زۆربەمان کێشەیەکی وا گەورەمان نییە و لەوەی ئەوان بچووکترە، تۆزێک کاڵترە، ڕەفتارگەلێکمان هەیە کە ئەوپەڕی وامان لێدەکات شڵەژاو یان نیگەران بین.

هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەستەی کە خووەکان بۆمان دروست دەکەن و بەزۆر دەیچەسپێنن بەسەرماندا. هەمان ئەو شتەت پێدەدەن کە مێشکت لەکاتی تووشبوون بە کێشەیەکدا دەیەوێت، نەک ئەو پێداویستییەی کە کێشەکەی پێ چارەسەر دەبێت. دەزانم کەی هاوسەرەکەم شڵەژاو یان نیگەرانە، چونکە تێبینیم کردووە هەرکاتێک حاڵی باش نەبێت دەڕوات کەلوپەلەکانی سەر ڕەفەکە ڕێکدەخات. ڕێکخستن و جووڵاندی کەلوپەل خوویەکی زۆر سادە و ساکارترە لەچاو سێجار پشکنینی دەرگاکە تا بزانیت داخۆ داتخستووە، یان بزانیت ژمارەی ئەو پەتاتەی کڕیوتە جووتە یان تاک.. گەلێک خووی نامۆ هەیە کە لەکاتی شڵەژان و نیگەرانیدا ڕووپۆشێکی ئارامی ساختەت بەبەردا دەکات.

دەی کەوایە چۆن خوویەکی خراپ لادەبەیت کە بووە بە ڕێگر لە بەردەمتدا؟ . ئەگەر لەکاتی شڵەژان و نیگەرانبووندا خوو و بیرکردنەوەت خراپتر دەبێت، ئەوا کەمبوونەوەی شڵەژان کاریگەرییەکی ڕاستەوانەی هەیە و خووەکەت کاڵدەکاتەوە. کەواتە ژیرانەترین و باشترین ڕێگا تا لە خووە خراپەکانت بێیتە دەرەوە دیاریکردن و دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارانەیە کە تووشی شڵەژان و نیگەرانیت دەکەن.



CamScanner الممسوحة ضوئيا بـ

ئەگەر خۆگێلکردن بە لایەنە باشەکەیدا بەکاربهێنیت، ئەوا سوودێکی ئێجگار زۆری لێدەبینیت. ئەگەر ناشوانیت دەمودەست بە کارەکە هەڵبستیت، ئەوا جێگرتنەوەی خوویەك بە خوویەکی دی دەبێتە جێگرەوەی ئەم کارە. بەکارهێنانی جگەرەی کارەبایی لەجیاتی جگەرەی ئاسایی و ڕێکخستنی کەلوپەلەکانی سەر ڕەفەکە لەجیاتی شوێن گۆڕینی کتێبخانەکەت - کە کاریگەریەکی کەمتر دەخاتە سەر ژیانت چونکە خێراترە - نموونەیەکی دیاری خۆ لادانن. لەوانەیە دڵت بەم چالاکیە نوێیەت زۆر خۆش بێت، یان دەکرێت بڕیاری کەمکردنەوەی هەمان خوو بدەیت. لە کۆتاییدا خۆ لادان و خۆ گێلکردنیش دەبێت بە خوویەك کە چارەسەرێکە بۆ ئەو خووانەی دەتەوێت لەدەستی ڕابکەیت.

باشترین ڕێگا و تاکتیك تا ئێستا ناسینەوە و دەستنیشانکردنی ئەو خووە خراپانەیە لە دەمی دەستپێکردنیاندا و ڕێگری کردنە لە بڵاوبوونەوە و زاڵبوون بەسەرتدا. ئاسانترین کات بۆ زاڵبوون بەسەر خووەکانتدا، کاتی دەستپێکردنیانە. کەواتە ئەگەر دەتەوێت لەسەر جێخەوەکەت هەڵبستیت و بڕۆیت بزانیت دەرگاکەت داخستووە یان نا، ئەوا یەکسەر لەوێدا بوەستە و واز لەو بیرکردنەوەیە بهێنە. خۆتی لێلابدە، گۆرانیەك بڵێ، خۆت بشۆ یان هەر شتێکی دی بکە کە ئەو کارەت لەبیر دەباتەوە. باشترین کاتیش تا دەستپێبکەیت، ئێستایە.

**ئاسانترین کات بۆ زاڵبوون بەسەر خووەکانتدا، کاتی دەستپێکردنیانە**

وانەی سییەم

# گرنگی بە ماناکان بدە

ئەندامێکی خێزانەکەم هێندە کامڵخوازە کە زۆر بە دەگمەن شتەکان لە کاتی خۆیدا تەواو دەکات. هەڵە و ناتەواوی هێندە بچووک لە کارەکەیدا بەدی دەکات کە کەسی دی هەر ئاگای لێ نییە، دواتر دەیەوێت هەڵەکان چاکبکاتەوە هەرچەندە کاتیشی نەمابێت و بگرە لە مۆڵەتی خۆشی لایدابێت. حەزدەکات هەموو پارچەیەك لە کارەکەی تەواو کامڵ بێت. خووەیەکی وەکو شتێکی ئاسایی و خۆڕك دەبینم، بەڵام پێمگوت کە: کاتێك کەسێك داوای کارێکت لێدەکات دەیەوێت جۆرێتی کارەکە باش بێت و لە کاتی خۆیدا تەواوبێت. بۆیە بەئەنجام گەیاندنی کارێکیش لەکاتی خۆیدا بەشێکە لە کامڵی کارەکە، وە ئەگەر کارەکە لە دوامۆڵەتی خۆیدا نەکرێت ئەوا بەشێك لە کامڵبوونی خۆی لەدەست دەدات.

پێناسەکردنەوەی کامڵبوون بەم شێوەیە کاری تەواوکردن و بەئەنجام گەیاندن ئاسانتر دەکات. کاتێك بەم شێوەیە لە پێناسەکە تێگەشتیت ئەوا ئەو مەیلە کامڵخوازەی کە هەتە دەتگەیەنێت بە مانای ڕاستەقینەی " کامڵبوون " و دەبێت بە هاندەرێك تا کارەکە لەکاتی خۆیدا بەجێ بگەیەنیت. شێوەپێدان و پێناسەکردنەوەی بیرە نەرێنیەکانت بەم شێوەیە دەبێت بە کلیلێك تا قوفڵی ئەو ڕەفتار و خووانە پێ بکەیتەوە کە دەتەوێت بیانگۆڕیت.

هاوڕێیەکم کە هیچ شتێکی لەکاتی خۆیدا بەئەنجام نەدەگەیاند لە کۆتایدا تێگەیشت – دوای هەموومان – کە زۆر لە کارەکانیدا دوادەکەوێت بۆیە لەکاتی خۆیدا تەواوی نەدەکرد. یان هەر کارەکە تەواو نەدەکرد، یاخود

ە خولەکەکانی کۆتاییدا ئامادەی دەکرد. لە هەموو ڕووەکانەوە بۆ خەڵکی ناخۆش بوو. بۆیە لەجیاتی ئەوەی ئەم ڕەفتارەی بە " بێ خەمی " لە قەڵەم بدات، بە " بایەخ نەدان " لەقەڵەمی دەدا. ئەم کارەشی کاریگەریەکی یەکسەری هەبوو و دواتر بوو بە کەسێك کە وەکو هەموو مرۆڤێکی دی دەتوانرا پشتی پێ ببەسرێت.

واتاکان – بەکارهێنانی وشەکان و واتا بەخشین پێیان – کرۆکی چۆنیەتی بیرکردنەوەکانی تۆ پێکدەهێنن. بۆیە ئەگەر دەتەوێت گۆڕانکاری لە هەڵوێست و ڕەفتارتدا بکەیت، ئەوا جارێکی دی بیر لەو وشانە بکەرەوە کە بۆ پێناسەکردنی خۆت هەڵیاندەبژێریت. ئەگەر ناتەوێت ببیت بە کەسێکی " زۆر شەرمن " ئەوا داخراویەکەت بەو ناوە بانگ مەکە. لەجیاتی ئەوە دەتوانیت خۆت بە کەسێکی " گوێگر " لەقەڵەم بدەیت و کارامەییە کۆمەڵایەتیەکانت پتر پەرە پێبدەیت. جیهان پێویستی بە گوێگرانێکی زیاترە.

ئەگەر هەست بە نزم و کەم بوونی ڕیزی خودیت دەکەیت – کە زۆربەمان هەستی پێدەکەین – ئەوا زۆر ئاگات لەو زمانە بێت کاتێك لە باسکردنی خۆت بۆ کەسانی دیکەدا بەکاری دەهێنیت. ناخودئاگات باش گوێی لێنە و جیاوازی نێوان " من دەرنەچووم " و " من ئەمجارە دەرنەچووم " دەکات. بەکارهێنانی هەمان زمان دووبارە و دووبارە بەرامبەر خۆت کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەکانت دروست دەکات. ئایا چاوپێکەوتنەکەت " زۆر خراپ "بوو یان " بەو شێوەیە نەبوو کە خۆت حەزت لێیبوو؟ "دا دەردەکەوێت کە جیاوازیەکی کەمیان لەنێواندا هەیە، بەڵام یەکێکیان لەوەی دی زۆر نەرێنیترە. ئایا تۆ کەسێکی خۆسەپێنەریت، یان جددی؟



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

لووتبەرزیت، یان گرنگی بە خۆت دەدەیت؟ لە کارێکدا خراپیت، یان هێشتا بەباشی خۆت بۆ ئامادە نەکردووە؟

لەوانەیە تۆزێك گاڵتەجاڕانە بێت ئەگەر بە خۆت بڵێیت پیسوپۆخڵ، بەس دواتر بڵێیت " ئووپس، یاسای سییەم بەمن ناڵێت پیسوپۆخڵ، بەڵکو دەڵێت زۆر گرنگی بە پاکوخاوێنی نادات". بەڵام دواتر سەرت دەسوڕمێت کە دەبینیت چەند بە ئاسانی دەتوانیت بیکەیت بە خوو. کاتێك ئەو کارە دەکەیت و لە بوونتدا جێگەی بۆ دەکەیتەوە، ئەوا ناخودئاگا لە بەرامبەرتدا ئاقڵانە دادەنیشێت و بەجوانی گوێت بۆ دەگرێت.

## ناخودئاگات گوێ بۆ تۆ دەگرێت



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

یاسایی سی و یەکەم

# پەستان هەڵبژاردەیەکە و هیچی تر

جارێکیان مامۆستایەك پێی گووتم کە یەکێك لە فریودەرترین و قورسترین کارەکان مامەڵەکردنە لەگەڵ قوتابییە بەرزویستەکاندا، چونکە کاتێك بە هەموو هێز و توانایانەوە هەوڵ بۆ کارێك دەدەن و دەزانن بەدەستی دەهێنن، دواتر لەجیاتی ئامانجی پێشوو نیشانە لە ئامانجێکی قورستر و بەرزتر دەگرنەوە. ئێستا لەوانەیە ئەم کردارەی قوتابییەکان باش دەربکەوێت، چونکە لە کۆتاییدا دەبنە خاوەنی نمرەیەکەی بەرزتر. لەڕاستیدا ئەگەر مامۆستایەکان تەنها گرنگی بە نمرە بدەن، ئەوکات بەدەستهێنانی نمرەیەکەی بەرز دەبێتە بەرزترین ئامانج تا قوتابییەکان هەوڵی بۆ بدەن. بەڵام مامۆستایەکی باش لەگەڵ نمرەدا گرنگی بە خۆشگوزەرانی قوتابیەکەیشی دەدات. کێشەکە لێدرەدا ئەوەیە خوێندکارەکان هەرگیز هەست بە باشی و چاکی خۆیان ناکەن، چونکە زۆربەیان ناگەن بە ئامانجەکەیان و نمرەی بەرزیان پێ نایەت. بەکورتیەکەی لە خوێندن دادەبڕێن و سەرکەوتوو نابن. دەکرێت کاریگەری ئەم کردارە لەشێوەی پارادۆکسێکدا بهێنیتە پێشچاوت، کاتێك دەبینیت بە بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان ڕێزی خودیان ڕوو لە نزمبوونەوە دەکات.

زۆربەمان لە دەمی خوێندندا ئەم کارەمان کردووە و ئێستاش بەردەوامین. هەندێکیشمان هەرچەندە لەکاتی خوێندندا بەم کارە هەڵنەستاوین، بەڵام ئێستا وەکو کەسێکی پێگەیشتوو هەوڵێکی بێوچان دەدەین تا مامەڵە لەگەڵ ئەم خووانەدا بکەین. لە کاتی کارکردندا بێت

یان لە ژیانی تایبەتی خۆماندا هێندە ئامانجەکەمان بەرز ڕادەگرین تا لەکۆتاییدا پێی ناگەین. دواتر نەفرەت لەخۆمان دەکەین و سەرزەنشتی خۆمان دەکەین کە بۆچی نەمانتوانیوە بگەین بە ئامانجێك کە خۆمان بەرز ڕامانگرتووە. چەند شتێکی بێ ئەقڵانەیە!

ئەگەر جەنابت کەسێکی بەمشێوەیەیت - ئەگەر وابیت خۆت لە من باشتر دەزانیت - ئەوا پێویستە هەست بە پووچێتی ئەم بیرکردنەوەیە بکەیت و شێوازی تێڕامانیشت بگۆڕیت، چونکە بەم جۆرە تۆ نابیتە کەسێکی دڵخۆش. وە هەروەها لە ژیانی ڕاستیشدا ناتوانیت ئامانجێك زیاتر لەوەی ئێستات بەدەستبهێنیت. یاسای ٢٧ت بەبیر بێتەوە، ئەگەر چاوت لە خەڵاتەکەی بەردەمت بێت ئەوا بە هەموو خێرایی خۆتەوە پێشدەکەویت و هێندە پەستانت لەسەر نییە تا ئامانجەکەت زیاتر بەرزبکەیتەوە.

بیر لە قادرمەیەك بکەرەوە. با بڵێیت لە سی پلیکانە پێکهاتووە. هەموو پلیکانەکان بەدوای یەکدا نین، بەڵکو کە دە دانەی یەکەمت بڕی دەبێت تۆزێك بە پێ بڕۆیت تا دەگەیتە دە دانەکەی دی، دواتر دە دانەی تر دەبڕیت و دەبێت هەندێك بەپێ بڕۆیت تا دەگەیت بە پلیکانەکانی تر. کەواتە لە نێوان هەر دە پیلکانەیەکدا بوارێك هەیە تا هەناسەیەك هەڵبمژیت و بێیتەوە سەر خۆت. تێگەشتیت! ئەو وێنەیە لە مێشکتدا بچەسپێنە.

ئێستا کاتی خاڵە گرنگەکەیە: دەستکاری ئامانجەکەت مەکە. ئامانجەکە هەر لە یەکەم جارەوە لەشوێنی خۆیایەتی و هەر لەوێ دەمێنێتەوە. هەر کە دە پلیکانەت بڕی پیرۆزبایی لە خۆت بکە، بڵێ ئەی ئافەرین، گەشتیتە ئامانجەکەت. دەتوانیت تەماشایەکی دواوە بکەیت و بزانیت

چەند پلیکانەت بڕیوە. بۆ ساتێك چێژ لە سەرکەوتنەکەی خۆت وەربگرە. تۆ شایستەیت سەرکەووتنیت.

ئێستا تۆ دەزانیت کە دە پلیکانەت بە سەرکەوتوویی بڕیوە، ئەی باشە حەز لە بڕینی دە پلیکانی دی دەکەیت؟ قەیچێکات با دە پلیکانەی دیش سەربکەوین. پرۆسەکە دووبارە بکەرەوە و هەست هەرکاتێك دە پلیکانەت بڕی هەست بە چێژ و خۆشی سەرکەووتن بکە. بەردەوامبە لە دووبارەکردنەوەی.

ئەم ڕێگایە تاکتیکێکی زۆر سادە و ئاسانە تا بیر لە ئەرك، ویست یان ململانێیەك بکەیتەوە. لە ڕێگادا هێواش نابیتەوە و ئەو ئامانجە بەدەستدەهێنیت کە خۆت دەتەوێت و لە کاتی ڕۆشتن بەسەر پلیکانەکانیشدا هەست و بیرکردنەوەت بەرامبەر خۆت دەگۆڕێت. دابەشکردن و پارچە پارچە کردنی هەر ئەرکێك دەکرێت سوود و قازانجت پێ بگەیەنێت، بەڵام دەبێت ئامانجی هەر بەشێك یان پارچەیەك جیابکەیتەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگادا هەست بە باشی و سەرکەوتوویی خۆت بکەیت.

**ئامانجەکە هەر لە یەکەم جارەوە لەشوێنی خۆیایەتی و هەر لەوێ دەمێنێتەوە**

## یاسای سی و دووەم

# بەدوای بەهانەدا بگەڕێ

نابێت یەکسەر بازبدەیت بۆ ئەنجام و لێکەوتی بیرکەدەوەکانت، لەبەر ئەوەی شتێکی ئاقلانە و باش نییە. کاتێك گوێت بۆ گفتوگۆیەك شل کردووە، یان خەریکی دۆزینەوەی چارەسەریت بۆ کێشەیەك، ئەوا خۆت دەزانیت کە دەبێت پارێزگاری لە بیرکردنەوەکانت بکەیت. بەڵام لە بوارە کۆمەڵایەتیەکەدا چەند شتێك دێنە پێشت کە بە ئاسانی ناتوانیت بەرگری لە خۆت بکەیت و زووبەزوو دەکەویتە ناو تەڵەکەوە.

ناوە ناوە بیرم دەکەوێتەوە کە بۆ ماوەیەکە لەگەڵ هاوڕێیەکمدا پەیوەندیم نییە و پچڕاوە. هەرکاتێك ئەم حاڵەتە بەسەرمدا دێت خۆم لە قاڵبی هاوڕێیەکی خراپ دەبەمە دەرەوە و بیر لە هەستە ناخۆشەکانی ئەوان ناکەمەوە– ئەو هەستە ناخۆشانەی کە بەهۆی پەیوەندی نەکردنی منەوە تووشی بووە. چونکە بەخۆم دەڵێم ئەگەر من ماوەی شەش مانگە پەیوەندیم نەکردبێت بە ئەوەوە، خۆ ئەویش بەهەمان شێوە پەیوەندی بە منەوە نەکردووە. من وا هەستناکەم کە لەبیرکراو و خۆشنەویستراوم — زیاتر بەهۆی ئەوەی کاتم نییە — کەواتە بۆچی وابیرنەکەمەوە کە ئەوا خاوەن هەمان هەستی من بێت؟ بۆ درێژەدان بە پەیوەندیەك دەبێت هەردوولا هاوکاری یەکدی بن و کاتێکیش هەر کەسێك دەڕوات بەلای ژیانی خۆیدا و دوور لە یەکدی دەژین و لەبەر سەرقاڵی بواری پەیوەندیکردنیان نامێنێت، ئەوا نابێت بڵێین هەڵەی ئەمە یان ئەو، چونکە بەشێکی ژیان هەر بەو شێوەیەیە، کەس خەتابار نییە.



CamScanner الممسوحة ضوئيا بـ

وادانێ لەکاتی پیاسەکردنت بەسەر شەقامێکدا هاورێیەکت دەبینیت، کەچی ئەو ناوەستێت تا سلاوت لێبکات و بگرە تەماشاشت ناکات. یەکەمجار چی بە مێشکتدا دێت؟ ئەو کەیفی بە من نایەت و خۆیم لێ دوور دەخاتەوە. من نازانم تۆ بیر لە چی دەکەیتەوە، بەلام بەش بە حالی خۆم ئەوەندە سەرقال و مەژغوولم کە نامەوێت بشیبینم. یان هەندێك جار بەباشی نایناسمەوە – ئەگەر ئەو بەباشی منی ناسیبێتەوە. من دەزانم کە حالەتێکی وا ڕوودەدات، چونکە پێم دەلێن " کاتێك ئۆتۆمۆبێلەکانمان بەلای یەکدیدا تێپەڕی سلاوم لێ کردیت بەلام تۆ وەلامت نەدایەوە و بگرە هەر تێبینی منیشت نەکرد ". باشە بۆچی وابیرناکەیتەوە کە کەسەکە ئاگای لێ نەبووبێت و تەنها سووتفەیەك بووبێت و تەواو؟

کاتێك کەسێك وادەردەکەوێت لەگەلتدا خراپ بێت، یان بەرامبەرت ڕووگرژ بێت، یاخود سەرزەنشتت بکات، ئەوا یەکسەر بازمەدە بۆسەر ئەنجامەکان و بڕیارێکی لەبارەوە بدەیت. هەمیشە بیر لە ئەگەرەکانی دی، یان ئەو ڕەفتار و ڕوونکردنەوانە بکەرەوە کە دەکرێت مەبەستیان بێت. لەوانەیە نیازی گووتنی شتێکیان هەبێت، بەلام بە شێوازێکی هەلە دەریببڕن، ئەم حالەتە بەسەر تۆدا هاتووە، کەواتە بۆچی بۆ ئەوانیش بەر لە هەمان ئەگەر ناکەیتەوە؟

مەگەر لەکاتێکدا بەلگەی تەواوت پێبێت لەسەریان کە ئەوان هەلەبوون ئینجا دەتوانیت بڕیار بدەیت. باشە ئەگەر شتێکی بەو شێوەشیان کردبێت بۆچی لەبیری خۆتی نابەیتەوە وادانێیت هیچیان نەوگوتووە د بچیت بەدوای خۆشیەکانی خۆتدا؟ پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان تەژیە بە لێکتێنەگەشتنی بچووك و کەم بایەخ. هانلۆن ڕەیزەر دەلێت " هەرگیز

شتێك لە دڵ مەگرە كە بەهۆی گەمژەیی كەسی بەرامبەرەوە ڕوویداوە ".

لەم حاڵەتەدا جێگەی " گەمژەیی " بە " سوتفە " یان " لێك تێنەگەشتن " دەگرمەوە. ڕاستی بڵێم زۆربەی جار سوتفە و لێك تێنەگەشتن بەسەر گێلی و گەوجیدا سەردەكەون.

**باشە ئەگەر شتێكی بەو شێوەشیان كردبێت بۆچی لەبیری خۆتی نابەیتەوە وادانێیت هیچیان نەوگوتووە**

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

بەشی چوارەم

# بیرکردنەوەی ڕێکخراو

کاتێک لەژێر پەستاندایت ناتەوێت بیرکردنەوەکانت ببەسرێنەوە، هەتا زیاتر بەهێز و بەرگەگر بیت لەڕووی پلان و ڕێکخراوی بیرکردنەوەکانتەوە، ئەوا کەمتر دەشڵەژێیت و کاتێکی زۆرترت بۆ دەگەڕێتەوە تا بیر لەو شتانە بکەیتەوە کە پێویستە ئەنجامبدرێن.

بێ شك و گومان مەبەستی من ئەوە نییە بڕۆیت لەخۆتەوە کارێک ئەنجام بدەیت. چونکە خۆ مەژغولکردن بە کارێکەوە کاتەکەمان لێدەبات و ئێمەش وابیردەکەنەوە کە لە کێشەکە ڕزگارمان بووە. بەڵام مەژغوڵبوون هێندەش کارێکی باش نییە. چونکە کاتێک خۆت بە شتێکەوە بۆ ماوەیەکی زۆر سەرقاڵ دەکەیت ئیدی هیلاك و ماندوو دەبیت و دەبینیت هیچ شتێکیشت نەکردووە.

بۆیە دەبێت کات بۆ بیرکردنەوە تەرخان بکەیت، تا دڵنیا ببیتەوە لەوەی کاتێك دەستت بە کارێك کرد، بە ڕێك و پێکی و بە شێوازێکی ڕاست و ڕەوان بکەیت. تا ئیدی ئەرخەیان بیت کە کاتەکانت لە کاری ناپێویستدا بەفیڕۆ نادەیت.

ئەو کەسانەی کە بە مانای وشە لە نرخ و بەهای بیرکردنەوە تێگەیشتوون، هەمان ئەو مرۆڤانەن کە بە هەوڵ و ڕەنجدانێکی کەم بەرهەم و کاریگەریەکی زۆریان دەبێت. ئەو کەسانەن کە خێزانێکی گەورە بەڕێوەدەبەن، خاوەن پلە و ئیشێکی باڵان و هێشتا کاتیان بۆ دەمێنێتەوە تا کۆمەڵایتیبوونی خۆیان پیشان بدەن و خولیا و حەزد

ئاواتـەكانیان بهێننـە دی. ئـەوان بـەم هـەموو كـارە هەڵدەسـتن چـونكە "بیركردنەوەیەكەیان ڕێكخراوە".

ئەگەر تۆ بەم شێوەیە نیت، بەڵام حەز دەكەیت بـەم شـێوەیە بیـت، ئـەوا بێ ئومێد مەبە. خۆ كەسانی دی بە جـادوو فێـری نـەبوون. تـەنها دەبێـت هەندێك ڕێگا و فێـڵ فێرببیـت و بـەردەوام بیـت لـە خوێندنـەوە و زانیـاری وەرگرتن لەبارەی "بیركردنەوەی ڕێكخراوە"وە.



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

 یاسای سی و سێیەم

# باوەڕت بە ڕێکخستن هەبێت

لەوانەیە ئەم یاسایە قورسترین یاسای بەشەکە بێت. هەرکاتێك بەباشی مامەڵەت لەگەڵ ئەمەیاندا کرد، ئەوا ئەوانی دی بەشێوەیەی بەرچاو ئاسان دەبن. مشتومڕێك هەیە لەسەر ئەوەی هەندێك کەس بە سروشتی خۆیان ڕێکخراون و بەشێکی دیکەش شپرزە. ڕاستیەکی زۆر بچووك لە قسەکەدا هەیە، بەڵام ئەم ڕاستیە مانای ئەوە نییە نیشانەکەی پێکابێت. بۆ نمونە هەندێك ئاژەڵ هەر لە سروشتیانەوە توانای مەلەکردنیان هەیە وەکو سەگ، هەندێکی دیکەش ئەو توانایەیان نییە. بۆ نمونە من خۆم نەمدەزانی مەلە بکەم، بەڵام دواتر هەوڵمدا و زۆر باشیش فێربووم. تەنها لەبەر ئەوەی وەکو کەسێکی ڕێکخراو لەدایك نەبوویت، مانای ئەوە نییە دەست بکەیت بە بەهانە هێنانەوە و هیچ هەوڵێك بۆ ڕێکخستنی خۆت نەدەیت. " من حەزمدەکرد کەسێکی ڕێکخراوتر بوومایە " ئێ تەواو! خۆت ڕێکبخە.

خەڵکی ئەم بەهانەیە بۆ ڕێکنەخراوی خۆیان دەهێننەوە، بەڵام لەڕاستیدا بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی خۆیاندایە. تۆ قوربانی نیت، لەوانەیە توانای فێربوونی مەلە، لەبەرکردنی خشتەی ڕۆژانەت، ئاژووتنی ئۆتۆمۆبێل، بوون بە خێزان و خۆ ڕێکخستنت هەبێت. هێندە سروشتی خۆت سەرزەنشت مەکە و مەڵێ ناتوانم فلان و فلان بکەم. ئەگەر کەسێکی ڕێکخراونیت ئەوا بارودۆخەکەی خۆت قبووڵبکە و هەوڵبدە فێری ڕێکخراوی ببیت. هەمووی هەر ئەوەندەیە.

دڵی بابەتەکە لێرەدایە، لەو کەسانەدایە کە ڕێکخراونین و لەهەمانکاتیشدا کەسێکیٚ شڵەژاو نین، ئەوان خۆیان سەرقاڵناکەن بە کار و چالاکی بێهوودەوە و ئێمەش بەو شێوەیە دەیانبینین. تێبینی نووسین و لیست دروستکردن و برەوپێدان بە ستراتیجی و .......... ئەم هەموو کات بەفیڕۆدانە. ئێ باشە بۆ یەکسەر نەچینە سەر کارەکە و تەواو؟ پێویست دەکات هێندە خۆمان تێکبدەین؟

تەماشامکە و گوێم بۆ شل بکە. ئەگەر دەتەوێت ببیت بە کەسێکی بیر ڕوون و چالاك ئەوا دەبێت واز لەو جۆرە بیرکردنەوەیە بهێنیت. واز لە پۆزش هێنانەوە بهێنە. سەیرێکی دەوروبەری خۆت بکە، تەماشای ئەو کەسانە بکە کە وەڵامی ئەو ئیمەیڵ و نامانە نادەنەوە کە بۆیان دێت، یان لە کۆتا خوولەکدا بلیتی شەمەندەفەر دەکڕن و دەبێت دووقات پارەی پێبدەن و ئەوانەی کە کتێبەکەت بۆ ناهێننەوە و لە کۆتایدا بۆت دەردەکەوێت ونیانکردووە، ئەوانە کەسانێکن کە بێخەمن و ڕێکخراوی بەلایانەوە شتێکی هێندە گرنگ نییە، خۆشیان بەشێوەیەك دەردەخەن وەکو بڵێی ئەم ڕێکنەخراوی و شڵەژاویی لە سروشتیاندا بێت و لەدەستی خۆیان چووبێتە دەرەوە.

ئەو کەسانەشی کە لە ژیانیاندا بەردەوام لە پێشکەوتندان، ئەوانەی کە کارگەلێکی مەحاڵ ئەنجام دەدەن و هەمیشە بەڵێنەکانیان دەبەنەسەر، ئەوانە مرۆڤانێکن کە ڕێکخراون و لیست و تیانووس و تێبینیان هەیە، بۆ نموونە ئەگەر کلیکەلەشیان نەدۆزنەوە ئەوا یەکسەر دەچن بۆ ئەو شوێنەی کە هەموو جارێك کلیلەکەی لێ دادەنێن، چونکە هەمیشە کلیلەکانیان لە یەك شوێنی دیار دادەنێن.

کەسی بێخەم و بێ بەرنامە زۆر ئیزعاجە، وانییە؟ ڕاستە لە ژیاندا چەند کەسێکی جدی و ڕێکخراوم ناسیوە کە کەمێك نارەحەتیان کردووم، بەلاّم هەرگیز دەردەسەری و نائاسوودەییەکەیان نەگەشتووەتە ئاستی کەسێکی کەمتەرخەم. وە زۆریش شەرمەزارم کە ئەم وەسفانەی سەرەوە بەشێکبوون لە ژیانی پێشووم. هەتا ئەوکاتەی زانیم کە خۆم چەند ئیهمال و بێمێشکم و کەسانی ڕێکخراویش جڵەوی ژیانی خۆیان لەژێردەستدایە و بەکەیفی خۆیان بەکاری دەهێنن. ئیدی تێگەیشتم کە من بەهانە و پۆزش دەهێنمەوە و حەزم لە ڕێکخراوی نییە. بۆم دەرکەوت کە ڕێکخراوی هەر لە سروشتی خۆیەوە بەو شێوەیەیە کە : ئەگەر کار و کردارەکانت ڕێکخراو بن، ئەوا دەبیت بە کەسێکی ڕێکخراو.

بۆیە ئەگەر مێشکێکی ڕوون و ساف و دوور لە هەموو شپرزەییەك دەوێت، ئەگەر خوازیاری ژیانێکیت کە حەز و ویستەکانی خۆتی تێدا ئەنجام بدەیت، ئەوا یەکەم هەنگاوت دەبێت لە ناسینی خودی خۆتەوە دەستپێبکات، ئەو خودەی کە لە توانایدایە بە شێوەیەکی ڕەها ڕێکخراو بێت و خۆشی و چێژ لە ژیان ببینێت.

## کەسانی ڕێکخراو جڵەوی ژیانی خۆیان لەژێردەستدایە

## یاسای سی و چوارەم

# خۆت فێری ئامادەکردنی لیست بکە

ئەگەر کەسێکی لە ژیانتدا لیست ئامادە دەکەیت و بەو پێیە دەڕۆیت، ئەوا دەتوانیت ئەم یاسایە بپەڕێنیت و نەیخوێنیتەوە. چونکە هەموو شتەکان بۆ تۆ ڕوون و ئاشکرایە، من بۆ فێرکردنی ئەو کەسانەم داناوە کە هێشتا لیست دروست ناکەن. باشە بۆ لیست دروست ناکەیت؟ کێ دەستی گرتوویت؟ لەم حاڵەتەدا لە زۆربەی کەسە شپرزەکانەوە دوو بەهانە و پۆزشم گوێ لێبووە، یەکەمیان بە بەفیڕۆدانی کاتی دادەنێن، چونکە — بەقسەی خۆیان — دەتوانن لیستیش دانەنێن و کارەکانیشان بکەن، یان دروستکردنی لیستێکی زۆر و زەبەندە بە شتێکی ناڕەحەت و بێ ئومێدکەر لە قەڵەم دەدەن.

کەواتە با لە بەهانەی یەکەمەوە دەست پێبکەین. گرنگ نییە چەند سەرکەوتوویت لە کارەکەتدا، چونکە ئەگەر بە لیست ئیش بکەیت، ئەوا هەمیشە کاتێکی زیاترت بۆ دەگەڕێتەوە، چونکە تۆ بە لیست کار دەکەیت و هەتا کارێك تەواو نەکەیت ناڕۆیتە سەر کارێکی تر. نابێت لەگەڵ هەموو کارەکاندا بە یەك شێواز مامەڵە بکەیت، چونکە لەڕاستیدا هەر کارێك دەبێت بەشێوازی تایبەتی خۆی لێی نزیکببیتەوە. بۆ نمونە دەکرێت دانە دانە وەڵامی نامە و ئیمەیڵەکان بدەیتەوە، بەڵام ناکرێت جلەکانت دانە دانە بشۆیت.

دەتوانیت هەرکاتێك مێشکت ئامادەیی بۆ بیرکردنەوە پیشاندا ئەوا تۆش یەکسەر بیر لە شتەکان بکەیتەوە و بیاننوسیت، چونکە بەم شێوەیە خێراتر دەبیت، ئەگەر مێشکت ئامادەیە تۆ بۆ کارەکە دوادەخەیت بۆ



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

کاتێکی تر؟چیٚ لەوە باشتر کە مێشکت ئامادەیە؟ ئەگەر بەم شێوەیە بیرتکردەوە ئەوا شتەکانت باشتر دێتەوە یاد و هەتا باشتر بێنەوە یادت خێراتر کار و لیستەکانت ڕێکدەخەیت. بۆیە ئەگەر لەدەرەوەی ماڵە یان ئۆفیسەکەت بوویت و شتێکت بە مێشکدا هات یەکسەر بینوسە، چاوەڕێی ئەوە مەکە بگەیتە ماڵەوە ئینجا بینووسیت. ڕاستە لەوانەیە هەتا دەگەیتە ماڵەوە بیرۆکەیەکی باشتر بە مێشکتدا بێت، بەڵام تۆ جاریٚ لە خەمی ئەم بیرۆکەیەی ئێستادا بە. بۆیە دەمودەست بیرۆکەکە بنووسە و قەت لەیادت ناچێت چونکە لە شوێنێکدا بەنووسین تۆمارت کردووە.

دوای ئەوەی بیرۆکەکانت لەشێوەی لیستێکدا نووسی، ئەوکات دەتوانیت هەموو بیرۆکەکان لە مێشکت دەربکەیت – چونکە هەموویت تۆمار کردووە – و لەسەر دانەیەکیان بە چڕوپڕی دەست بە ئیشکردن بکەیت، بەم شێوازە مێشکت زۆر ئاسوودە و سووك دەبێت و دەتوانیت باشتر کارەکانت بەڕێوە ببەیت. گرنگترین شت کە دەیکەیت لەکاتی لیست داناندا " پاشەکەوتکردنی کاتە " ڕاستە کاتی خۆت بە دانانی لیستەوە خەرجکردووە، بەڵام لە کۆتاییدا دەزانیت چەند کاتت بۆ گەڕاوەتەوە. هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تۆ مێشکت بەو شێوەیە ڕێکخستووە و دەزانیت کاری دواترت چی دەبێت.

زۆر خۆشحاڵم تا ئێستا هاتووین. ئێستا باسی ئەوە دەکەم ئایا لیستێکی دوور و درێژ ترسناکە یان نا. بەڵیٚ ترسناکە، بەس باشە بۆ لیستێکی هێندە گەورە دروست دەکەیت؟ پێویست ناکات ئەوەندە شتەکە گەورە بکەیت، تەنها چەند لیستێکی بچووك بەسە. دەشتوانی لیستێی گەورە دابنێیت، بەڵام دەبێت شوێنی هەر شتێك دیار بێت و تێکەڵ و پێکەڵ

نەبن بەسەر یەکدا. وادانێ دەتەوێت سەفەرێك بۆ دەرەوەی ولآت بکەیت، ئەوکات دەتوانیت لیستێك بۆ ئەو شتانە دابنێیت کە پێویستە بیانکڕیت، لیستێك بۆ ئەو فرۆشیارانەی کە مامەڵـەیان لەگەڵدا دەکەیت و دانەیەکی دیش بۆ ئـەو شـتانەی کـە دەتـەوێت لـەوێ بیکـەیت و چەند لیستێکی دیکەش. ئەگەر حەزت لە لیست دروستکردن نییە ئەوا دەتوانیت بە خـۆت بڵێیت : دروستکردنی لیست زۆر لەو کاتە خۆشترە بچم بـۆ فڕۆکەخانـە و پاساپۆرتەکەم لەبیرچووبێت.

ناسراوێکم دەیگوت واباشترە لیست بەم شێوازە دەستپێبکات:

a) شتێکی خێرا.

b) شتێك خۆت حەزت لێبێت.

c) شتێك پێشتر ئەنجامت دابێت.

بەم شێوەیە ئیدی سێ کاری یەکەمی خـۆت یەکسـەر دادەنێیـت و هەسـت بە بەرەوپێشچوونی خۆت دەکەیت.

**نابێت لەگەڵ هەموو کارەکاندا بە یەك شێواز مامەڵە بکەیت، چونکە لەڕاستیدا کارە جیاوازەکانی دەبێت بەشێوەی جیاواز لێیان نزیك ببیتەوە**

## یاسای سی و پێنجەم

# مێشکت فراوان بکە

کاتێك مێشکت زۆر سەرقاڵە و تێکپڕژاووە بەسەر یەکدا، ئەوکات ناتوانیت لە کارکردندا چالاك ببیت و کاریگەریت لەسەر خۆت و خەڵکانی تریش هەبێت. تۆ دەتەوێت بیر لە بیرۆکەیەکی نوێ بکەیتەوە، کەچی تەماشا دەکەیت مێشکت نایپەرژێتە سەر بیرۆکەکە و شوێنی بۆ ناکاتەوە، هێندە مەژغوولە کە هەر گرنگیشی پێنادات. دواتر هەست بە بارودۆخت ناکەیت و بەخۆت دەڵێیت " ئۆف، دەبێت دواتر بە فلان و فلان بڵێم کە.... " یان " ئای خوایە گیان، دەبێت بڕۆم بزانم چەندما. ماوە... " یاخود " دەبێت ئەم کارە بۆ سێ شەممە تەواو ببێت .... " ئەو هەموو بیرکردنەوەیە ناهێڵێت ئەو کارە بکەیت کە ئێستا بەتەمایت دەستپێبکەیت. یان شتێکت لەبیر دەچێتەوە، یاخود لەم کارەوە دەچیت بۆ سەر کارێکی دی بێ ئەوەی کاری پێشووترت بەئەنجام گەیاندبێت، یان هەردووکیان.

ئەگەر دەتەوێت کارێکی گەورە بکەیت، بۆ نمونە ڕێوڕەسمێك ڕێکبخەیت یان ماڵەکەت بگوازیتەوە، دەبێت پێش دەستپێکردن بە کارەکە چەند تێبینیەك لای خۆت بنووسیت. بەس نابێت تەنها هەندێك شت بنووسیت و ئەوانی دیکە واز لێبهێنیت، بەڵکو دەبێت یەك بە یەك هەمووی بنووسیت. بەڵێ، هەموو شتێك، تەنانەت ئەگەر زۆریش بچووك بێت.

پێشتر کارم لەسەر پرۆژەیەك دەکرد کە لە بواری بەڕێوبردندا بوو، بۆ هەر شوێنێك بچوومایە تیانووس و پێنووسێکم پێبوو. ئەگەر لە کەسێکەوە شتێکی بەسوودم گوێ لێبووایە یەکسەر دەمنووسی. ئەگەر

خۆم شتێکم بیر بکەوتایەتەوە یان قسەیەك کە دەبوایە بە کەسێکی ترم گوتبایە، ئەوا دەمودەست دەمنووسی. کە دەخەوتم لەپاڵ سەرمدا دامدەنا بۆ ئەوەی لەوکاتەشدا هەر شتێکم بە مێشکدا بێت ئەویش بنووسم. لە کۆتایی ڕۆژەکەدا بەسەر هەموو تێبینیەکانمدا دەڕۆشتمەوە و ڕێکمدەخستن. دەکرێت تێبینیەکانت لە تیانووسدا نەنووسیت. لەجیاتی ئەوە دەتوانی ئیمەیلێك بۆ خۆت بنێریت، کاغەزی بچووك بلکێنیت بە بەفرگرەکەوە، لەسەر تەختە یان مێزێك بینووسیت یاخود لە هەر شوێنێکی دی کە حەزت لێیەتی.

مەبەستی من لێرەدا ئەوە نییە فێرت بکەم چۆن شت بنووسیت — هەرچەندە کە زۆریش گرنگە. ئەوەی وەکو تێبینیەك لە تیانووس و لەسەر تەختە و هەر جێیەکی دی نووسیوتە نووسراوێکە و تەواو. ڕاستە وەکو سیستەمێك وایە کە نەهێڵێت شتەکانت بیربچێتەوە. بەڵام گرنگترین شت ئەوەیە کە تۆ دەبێت چیت لە مێشکدا بێت؟ هیچ. بۆشایی. دەبێت مێشکت ببێت بە شوێنێکی ئامادە بۆ پاشەکەوتکردنی شتی نوێ. بەتاڵیەکی خۆش، ئیسراحەت، ڕوون و چێژبەخش. کەواتە ئێستا دەتوانیت بەبێ هیچ پەستانێك دانە دانە بیر لە تێبینیەکانت بکەیتەوە، چونکە تۆ هەموو شتەکانی ترت لە مێشکت کردووەتە دەرەوە و لەسەر کاغەزێکت نووسیوە. ئەگەر هەر شتێکی دی ویستی بێتە ناو مێشکتەوە یەکسەر لایبە و دووبارە مێشکت لە شتەکانی دی پاك بکەرەوە.

شتێکی دی هەیە کە بەبڕوای من شایەنی نووسینە — ئەگەر کەسێك بەتەمابوو شتێکت بۆ بگەڕێنێتەوە یان پێت بڵێت، ئەوا لای خۆت بە تێبینی بینووسە. لەسەر تەختەڕەشێك یان لە هەرشوێنێکی دی بێت

بینووسە بۆ ئەوەی ئەگەر بۆی نەگەڕاندیتەوە بیرخەرەوەیەك هەبێت پێت بڵێت شتێکت بۆ نەگەڕێنراوەتەوە. بەس بیر لەو ئاسوودەییە بکەرەوە کە لەڕێگەی ئەنجامدانی ئەم کارانەوە بە مێشکی خۆتی دەبەخشیت.

هەموو ڕۆژێك ئیمەیڵەکانم سەرتاپا دەسڕمەوە. لەبەر ئەوە لە بەرنامەی ئیمەیڵەکەمدا تەنها ئەو شتانەی لێیە کە دامناوە بیانکەم، یان ئەو کەسانەی کە چاوەڕوانی وەڵامیانم. دوای ئەوە وەڵامیان دامەوە ئیدی ئەو نامانەش دەخەمە ناو ئەرشیفی ئیمەیڵەکەمەوە. بەڵێ دەزانم بۆ هەندێ کەس زۆر مایەی گاڵتەجاڕی و پێکەنینە، بەس دەزانیت چی؟ من هیچ گرنگی بە بیرکردنەوەی ئەوان نادەم! ئەوەی شایەنی بایەخپێدانە لای من ئاسوودەیی مێشکی خۆمە، چونکە بەرنامەی ئیمەیڵەکەم هەموو شتێکم بۆ دەکات و گشت پێویستیەکانم بیردەخاتەوە و منیش ئیدی دەتوانم مێشکم بە چالاکی بهێڵمەوە بۆ شتەکانی تر.

**ئەو هەمووە بیرکردنەوەیە ناهێڵێت ئەو کارە بکەیت کە ئێستا بەتەمایت دەستپێبکەیت**



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

یاسای سی و شەشەم

## باری مێشکت قورس مەکە

بە سوود وەرگرتن لە یاسای پێشوو دەتوانین بزانین کە پلانە دەروونی و لەشیەکانمان چەندێك شوێن لە مێشکماندا داگیر دەکەن. وەهەروەها سەرباری ئەو کار و پلانانەش کە دەبێت کاتێکی زۆریان بۆ تەرخان بکەین و بەباشی مێشکی خۆمانی بۆ بخەینە کار هاوڕێ لەگەڵ ئەو شتە ورد و بێبایەخانەشی بەگشتی کە لە ژیانماندا ڕوودەدەن.

چەند چاوچنۆك و برسی نووسینی لیستیش بیت هێشتا چەند کار و شتێك هەیە کە نایانکەیتە تێبینی و نایاننووسیت. بۆ نمونە دەتەوێت بچیت بۆ بازاڕ و بیردەکەیتەوە یەکەمجار بڕۆیت بۆ کام فرۆشگا، دەبێت سەرەتا بچیت بۆ دووکانی جلشۆرەکە هەتا ئەو هەموو جلەی پێتە لەوێ دایبنێیت و دواتر بڕۆیت بۆ مارکێتەکە تا یەکسەر خواردنەکانت بکڕیت و لە بەفرگرەکەی دانێیت بۆ ئەوەی نەتوێتەوە. یان پۆستەچیەکە دوای نیو کاتژمێری دیکە دەگات یاخود دەبێت بڕۆیت بۆ دەرمانخانە و بەس ڕێگاکە دوورە و تاقەتت نییە. ئەمانە هیچی لە تیانووسدا نانووسیتەوە، بەڵام هێشتا شوێنێکی مێشکت داگیر دەکەن.

لەوانەیە ئەم کۆتایی هەفتەیە بەتەمای هەڵواسینی ئەو ڕەفە نوێیانە بیت کە کڕیوتە. بیردەکەیتەوە کام جۆرە برغو و لە کوێ دەستی بخەیت، بەخۆت دەڵێیت کە چووم بەدوای دایکمدا بۆ وێستگەکە لەوێوە دەیکڕم. لەوانەیە ئەگەر بڕۆیت بۆ فرۆشگایەکی دی بتوانیت لەگەڵ برغوەکەدا بڕیە و داریش بکڕیت، بەس ئەمجارە دەبێت پێش ئەوەی دایکت بگاتە وێستگەکە تۆ پێداویستیەکانت کڕیبێت......



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ژیان پڕیەتی لە شتانێك كە پێویستە بیریان لێبكەیتەوە، بۆ نمونە :
تەلەفونكردن بۆ بانك، بانگهێشتكردنی خزمەكانت بۆ ئاهەنگ،
ئامادەكردنی منداڵەكانت بۆ وەرزی نوێی خوێندن، گۆڕینی كارەبای
ماڵەكەت، لە ژەمەكاندا كام خواردن دروستبكەیت و ناسنامەكەت نوێ
بكەیتەوە. ئەم هەموو شتە بەشێوەیەكی بەرچاو بە ژیانتەوە دیار نابێت
و ون دەبێت، بەلاَم هەرگیز ئەو كاتانەت بیرناچێتەوە كە پەستانێكی
جدی زۆرت لەسەرە و تۆش دەبێت كارەكان بە ئەنجام بگەیەنیت
،ناتوانیت ئەو ڕووداوانەی ژیانت بە كەم تەماشا بكەیت. لەڕاستیدا بارێكی
قورسە و هەتا ئەو جۆرە كارانە لە ژیانتدا زیاتر بێت پتر هیلاك دەبیت.
ئەگەر كۆمپیتەرێك – كە شتی زۆری تێدایە – بەكاربهێنیت لەچاو ئەوەی
هیچی تێدا نەبێت زۆر خێراترە.

زۆربەمان بەشێوەیەك ڕاهاتووین كە هەمیشە ئەم شتانە لە مێشكماندا
ئەمدیو و ئەودیو پێبكەین، لەوانەیە لەو كاتەدا زەرەرێكی وای نەبێت،
بەلاَم كاتێك بارێكی قورسمان دەكەوێتە سەرشان دەبنە مایەی
دروستكردنی پەستانێكی گەورە. دەبێت لەم حاڵەتە تێبگەیت، تا زیاتر
تێبگەیت باشتر كارەكانت بەڕێوەدەبەیت. ئەگەر كارێكی گرنگت لەپێشە
ئەوا كارە بچووكەكانی دی واز لێبێنە و هەڵیان بگرە بۆ كاتێكی دی و
خۆت لە هەندێ سستی و تەمبەڵی ڕزگاربكە. بزانە ئەگەر خەریكی
پرۆژەیەكیت كە دەتگەیەنێت بە لوتكەی كارەكەت، ئەوا دەبێت كێشە
بچووكەكانی ماڵەوەت لەبیر خۆت ببیتەوە. هەندێ كات تەرخان بكە بۆ
ئاسوودەیی مێشكت، بۆ نمونە برۆ بۆ سینەما، یاری كۆمپیتەر بكە،
قاوەیەك بخۆرەوە یان گەمە لەگەڵ سەگەكەتدا بكە.

هەمیشە بزانە کە هەمان شت بەسەر خێزان و کەسانی دەورەبەریشتدا جێبەجێ دەبێت. هەرگیز چاوەڕێی منداڵەکانت مەکە ژوورەکەیان پاکبکەنەوە لە کاتێکدا لە ناوەندی تاقیکردنەوەکانداندان – ئەگەر پشویەکیشیان وەرگرت دەبێت دەبێت لە کاتێکی شیاودا بێت. هەر بەم بۆنەشەوە ئەم یاساییە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە بۆچی پیاوەکانی پێشووتر لە هیلاك و ماندووی ژنەکانیان تێناگەن، نازانن کە مێشکی هاوسەرەکانیان بەهۆی بیرکردنەوە لە پێویستی ماڵ و منداڵ و هاوسەرەکەی هێندە شەکەتە کە ناتوانێت زیاتر بیربکاتەوە.

**ئەم هەموو شتە بەشێوەیەکی بەرچاو بە ژیانتەوە دیار نابێت و ون دەبێت، بەڵام هەرگیز ئەو کاتانەت بیرناچێتەوە کە پەستانێکی جدی زۆرت لەسەرە و تۆش دەبێت کارەکان بە ئەنجام بگەیەنیت**

یاسای سی و حەوتەم

# دوامۆڵەت بکە بە هاوڕێ و ئاشنای خۆت

ئەو لێدوانەی "دۆگلاس ئادامس"م زۆر بەلاوە جوانە کە باسی خێرایی گەشتنی دوامۆڵەتی کارەکان دەکات. پێم وایە هەموومان بەو حاڵەتە ئاشنا بین. وە زۆربەشمان – کات بۆ کات – دەگەینە دوامۆڵەت و کەچی کارەکەمان هێشتا تەواو نەکردووە. لەوانەیە زۆر سەرقاڵبووبین بە ڕێکخستنی ژیانمانەوە، یاخود خۆمان بۆ دوامۆڵەتێکی دی ئامادەکردبێت کە لە هی ئەم کارە گەورەتر و گرنگتربووبێت.

ئەگەر لە ژیاندا دوامۆڵەت نەبوایە ئەوا دڵنیام ئەم شتانەی کە ئێستا کردوومە هیچیانم نەدەکرد. دوامۆڵەت شتێکە کە ناتوانین خۆمانی لێ لابدەین و لەهەمان کاتیشدا وەکو هاندەرێکە بۆ بەئەنجام گەیاندنی لێپرسراویەتیەك، بۆ نمونە کاتێك بڵاوکەرەوەی کتێبەکەم دوامۆڵەتێکی پێداوم و منیش دەمەوێت لەکاتی خۆیدا تەواوی بکەم، یان بینینی منداڵەکانم بە برسێتی واملێدەکات خواردنیان بۆ دروستبکەم.

کەواتە دەبێت دوامۆڵەت هێندە بە شتێکی خراپ نەیەتە پێشچاومان. ڕاستە پەستان و ناڕەحەتیەکی زۆر دەخانە ژیانمانەوە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا هاوڕێمانە. ئەو مێشك بەشێوەیەك تێدەگەیەنێت کە هیچ شتێکی دی توانای تێگەیاندنێکی هێندە باشی نییە. وە زۆرجاریش سەرمدەسوڕمێت کە چۆن گەشتووم بە دوامۆڵەت و ئاگاشم لە خۆم نەبووە و پێم نەزانیوە.

هاوڕێیەکم هەیە زۆر ڕقی لەو دوامۆڵەتانەیە کە خۆی دایدەنێت، بۆ نمونە لەوانەیە گەشتەکەی لەدەست بچێت بەهۆی ئەوەی قەت ئەو لیستە تەواو

ناکات کە پێش گەشتەکە بۆخۆی داناوە. چونکە دوای ئەوەی کە لیستەکەی بەتەواوەتی دانا هەر شتی تری بۆ زیاد دەکات تا وایلێدێت فریای هیچیان ناکەوێت. بۆ نمونە ئەگەر پلانی یەکەمی کڕینی چاویلکەیەکی ڕەشی بەرخۆر بێت لە فرۆکەخانەکە، دوای ئەوەی کە کەلوپەلەکانی ئامادەکرد دەڵێت ئەی باشە بۆچی پێش ڕۆشتنم بۆ فرۆکەخانەکە نەیکرم؟ ئیدی بەم بۆنەیەوە دەبێت سەفەرێکی دیکەش بکات. یان ئەگەر چاولیکەکەش بکرێت دیسان کاری تر بۆ لیستەکەی زیاد دەکات، بۆ نمونە دوای ئەوە چاویلەکەکەی کڕی دەڵێت باشە بۆ دیاریەك نەکرم بۆ پورم؟ کەچی ڕۆژی لەدایکوونی پوری دوو سێ هەفتەی دیکەیە و دەتوانێت دوای گەڕانەوەی لە گەشتەکەی بە ئیسراحەت و کاوەخۆ دیاریەکەی بۆ بکرێت.

بەم شێوازە هاوڕێکەم لیستێکی هەیە کە بەردەوام شتی دیکەی بۆ زیاد دەکات و کاتێکیش ناتوانێت لیستەکەی تەواو بکات توورە و دەهری دەبێت.

لابردن و خۆ ڕزگارکردن لە شتی بێ سوود و زیادە لەکاتی نزیکبوونەوەی دوامۆڵەتدا تەکتیکێکە دەتوانیت بەکاریبهێنیت تا کارەکان لەکاتی خۆیدا تەواو بکەیت. هاوڕێکەم دەبێت دوای دانانی لیستەکەی یەك خەتی ڕەش ڕەش بەژێریدا بهێنێت و کە کارێکیشی تەواوکرد لەپاڵیدا بنووسێت " تەواوم کردووە "، دەتوانێت هەندێك شتی زیادەش لە خوارەوەی لیستەکەدا بنووسێت، بەلام دەبێت تەنها لەکاتێکدا بیانکات کە کارە گرنگەکانی پێشتری تەواو کردبێت.

لەڕاستیدا زۆربەمان هەمان هەڵە ئەنجام دەدەین، بەڵام پێی نازانین. کێشەکە ئەوەیە کاتێك دوامۆڵەتی کارێك نزیك دەبێتەوە دەمانەوێت ژیانی خۆمان وەکو پێشتر بەڕێ بکەین و هیچ خۆمان تێکنەدەین، بەڵام لەڕاستیدا دەبێت ژیانی خۆمان بگۆڕین. دەتوانیت هەفتەکەی دی پەیوەندی بە دایك و باوکتەوە بکەیت، یان ئەمشەو لەگەڵ هاوڕێکانتدا کۆنەبیتەوە و لەکاتێکدا بڕۆیت بۆ فرۆشگا کە خواردنت پێویست بێت. ئێمە خۆمان لە هەندێك سستی و تەمبەڵی ناپارێزین. ئینکارین و دانی پێدانانێین، بەخۆمان نالێین پێویستە لە هەندێك شتی زیادە بەدوور بین. بێ شك و گومان دەبێت پێش هاتنی دوامۆڵەتی کارێك خۆمانی بۆ ئامادە بکەین و پلانێکی تۆکمەی بۆ دابنێین، بەڵام نابێت هەر بە ئەوەندەوە بوەستین، دەبێت کاری یەکەممان بکەین بە گرنگترین لای خۆمان و هەوڵ و تەقەلایەکی باشی بۆ بدەین. ئەگەر کەسێك داوای کارێکی لێکردی یەکسەر وەڵامی بە بەڵێ مەدەرەوە، بەباشی بیری لێبکەرەوە، نەوەکو دواتر نەتوانیت و بە شەرمەزاری وەڵامەکەت بگۆڕی بۆ نەخێر. فێربە یەك دوو هەفتە لە ڕۆژژمێر و تیانووسی پلانەکەتدا بۆ پشووی خۆت دابنێ و خۆت هێندە هیلاك و سەرقاڵ مەکە بە هیچ شتێکەوە.

**فێربە یەك دوو هەفتە لە ڕۆژژمێر و تیانووسی پلانەکەتدا بۆ پشووی خۆت دابنێ و خۆت هێندە هیلاك و سەرقاڵ مەکە بە هیچ شتێکەوە**



CamScanner الممسوحة ضوئيا بـ

## یاسای سی و هەشتەم

# بڕیاردان بە گاڵتە وەرمەگرە

هەندێك جار ڕێکخستن دەبێت بە کارێکی نەکردە و زۆر قورس لەسەرت دەوەستێتەوە. لەوانەیە بەتەمای ماڵ گواستنەوە بیت، یان لە کارەکەتدا بەرپرسیاریەتیەکی گەورەت لە ئەستۆدا بێت، یاخود خۆت ئامادە دەکەیت بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیری. لەم حاڵەتانەدا دەبێت یەك دنیا و بێشومار بڕیار بدەیت. بۆ نمونە ئەمە کێشە گەورەکانە : باشە خۆمان ماڵەکە بگوازینەوە یان کۆمپانیا بۆمان بگوازێتەوە؟ بەرواری ئاهەنگەکە کەی بێت و کێ بانگهێشت بکەین؟ وە نمونەی کێشە بچووکەکانیش: نابێت ئەم کوپە جوانە بگوازینەوە نەوەکو بشکێت، یان باشە پورە ئێلیزا پێبخۆشە لەلای خاڵە لویسدا دابنیشێت؟

دەتوانیت چەندین ساڵ دابنیشیت و بیر لە هەموو پرسیارەکان بکەیتەوە، شەن و کەویان بکەیت و توێژینەوەیان لەبارە بخوێنیتەوە و باشیەکانیان لەلایەك و خراپەکانیشیان لە لایەکی دی ڕیز بکەیت. بەڵام ئەم هەموو شتە کاتێکی یەکجار زۆری دەوێت و دەکرێت تەواوی پرۆسەکەش بەسەریەکدا تێکبدات. بۆیە ئەگەر بەتەواوی بڕیارت نەدابێت ئەوا نابێت کۆمپانیای گواستنەوە بەکرێ بگریت ، نابێت خەڵکی بانگهێشت بکەیت بۆ ئاهەنگەکە و کەچی هێشتا دڵنیا نین لەو شوێنەی دیاریتان کردووە، نابێت کەلوپەلی ماڵەکەت هەمووی بهێنیتە دەرەوە بێ ئەوەی شوێنێکی ترت بۆیان دیاری کردبێت.

تەنانەت دوای باسکردنی ئەم هەموو یاسایەش هێشتا هەندێك شتی وەکو پەیوەندی کردن بە کەسانی دیەوە یان ئەرکگەلێك کە دەبێت تەواویان

بکەیت مێشکت زۆر سەرقاڵ و هیلاك دەکەن. کەواتە هەتا پێت دەکرێت مێشکت لە ئەرکە ماندووکەرەکان خاڵی بکە. وە بەرەوپێشبردنی ئاست و شێوازی بڕیاردانت باشترین ڕێگای خاڵیکردنەوەی مێشکە.
هەتا شتی کەمتر هەبێت بڕیاری لەسەر بدەیت مێشکت ساف و ڕوونترە، تا زیاتر مێشك و کاتەکانت بەتاڵ بکەیت کارەکەی بەردەستت زووتر بەئەنجام دەگەیەنیت. بڕیاردان شتێکی هێندە ناوازە و ناسکە کە لەکاتی کەمبوونی بوار و هیلاکی مێشکیدا ناتوانیت بەشێوەیەکی باش سوودی لێببینیت. کەواتە بڕیاری بەپەلە و هەڵەشە مەدە، مەگەر ناچار بیت.
بەم شێوەیە وەرچەرخانێکی خودئاگایانە ڕوودەدات، گۆرانێك کە پێت دەڵێت ئەگەر بڕیارێك هۆکار و بەهانەی لەپشتەوە نەبوو، ئەوا جگە لە ڕەنج بە خەساریی و کوشتنی کات هیچت بۆ نامێنێتەوە. بابەتە زۆر گرنگ و وردەکان هەڵبژێرە و کاتی شایستە و پێویستیان بۆ دابین بکە.
خۆشحاڵانە زۆربەی بڕیارەکان خێران و هێندە پێویستیان بە کات نییە، بەڵام ئەگەر بابەتێکی گرنگ بوو دەبێت هۆکاری بۆ بهێنرێتەوە و زیاد لە جارێك بیری لێ بکرێتەوە. من پێت ناڵێم شوێنی ئاهەنگەکەت بە شێر و خەت دیاری بکە، بەڵام بەدڵنیایەوە هەندێك بڕیاری سەرپێیش بە شێر و خەت دەچن بەڕێوە. باشە دەکرێت سابوون و شامپۆکانی ئەم خانووە هەمووی کۆبکەینەوە و بیبەین لە خانوەکەی تر بەکاریبهێنین؟ ئەگەر وەڵامەکە نازانیت مێشکی خۆتی پێوە سەرقاڵ مەکە و شامپۆ و سابوونەکانیش ببە بۆ خانوەکەی تر.
دەبێت ناوی میوانەکان بەجوانی و ڕێکوپێکی لەسەر کارتی بانگهێشتنامەکە نووسرابن، بەس ئەگەر جوانکاریت بۆ کرد و هەر ناوێکت

بە ڕەنگێك نووسی ئیدی لەناکاو گوێت لە خۆت دەبێت دەڵێیت : خێرابکە خۆ ئەوەندە ڕازاندنەوەی ناوێت ئاوا کێشەی نییە، شتی زۆر گرنگترمان ماوە.

بۆیە بەم حاڵەتە دەڵێم وەرچەرخانێکی خودئاگایی چونکە ئەم بیرۆکانەی کە ئێستا لەبەردەستدان ئەگەر بەشێوازی پێشوو مامەڵەت لەگەڵ بکردنایە ئاوا بە ئاسانی بەردەست نەدەبوون و هەوڵێکی زۆریان دەویست، بۆیە ئێستا بە ئارامی بیریان لێبکەرەوە.

**ئەگەر بڕیارێك هۆکار و بەهانەی لەپشتەوە نەبوو، ئەوا جگە لە ڕەنج بە خەساریی و کوشتنی کات هیچت بۆ نامێنێتەوە**



المسوحة ضوئيا بـ CamScanner

یاسای سی و نۆیەم

# کەسێکی دامەزراوی داهێنەر بە

خەڵکی زۆر ڕێگا و شێواز بەکاردەهێنن تا خۆیان ڕێکبخەن، هەندێك لیست و ڕۆژژمێر بەکاردەهێنن، هەندێکی دیکەش بیرخەرەوە و زەنگی ئاگاداری ئەلیکترۆنی. هەموو ئەم ڕێگایانە بۆ هەندێکمان و لە چەند کاتێکی دیاریکراودا سوودمان پێدەگەیەنن. بەس هێندە گێژ مەبە شێوازەکەی خۆت لێ ببێت بە ڕێگا ڕاستەکە و وابزانیت ئەوەی تۆ باشترینە. ئەگەر هەر ڕێگایەك لە شوێنێکدا بە کەڵکت نەهات، ئەوا هەوڵبدە شێوازێکی دیکە بدۆزیتەوە.

ئەندامێکی خێزانەکەم شێوازێکی بیرخستنەوە بەکاردەهێنیت کە بۆ خۆی زۆر چاکە و بە مسۆگەری شتەکانی بیردەکەوێتەوە. ئەو هەرکاتێك بیرۆکەیەك یان کارێکی لە مێشکدا بێت کە چوو ددانی بشوات فلچەکە بە پێچەوانەوە دادەنێت، بەیانیش کە هەڵدەستێت و فلچەکە بە هەڵەوگێڕاوی دەبینێت یەکسەر کارەکەی بەبیردێتەوە. ئەگەر من بم یەك ساڵیش تەماشای فلچەکە بکەم یەك شت چییە بیرم ناکەوێتەوە، بەس ئەم تەکنیکە بۆ خۆی زۆر چاکە و تا ئێستاش هەڵەی نەکردووە.

هەرچەند بیردەکەمەوە نازانم ئەم بیرۆکەیەی لەکوێوە بۆ هاتووە، بەڵام بەڕاستی شتێکی جوان و داهێنەرانەیە. مەبەستەکەش لێرەدا ئەوەیە کە : هەرچۆنێك هەیت ببە، ئاسایی یان ناوازە، هەرشێوازێك کە بۆ ڕێکخستنی خۆت پێت باشە بەکاری بهێنە. هەر ڕاهێنان و هەر ڕێگایەکی ڕێخستن هەتا کوێ و چەند بۆت باش بوو لەگەڵیدا بە و جێبەجێی بکە. چونکە لەڕاستیدا یاسایەکی ئەوتۆ نییە بۆ ڕێکخستنی خود. وامەزانە

تەنها بەدروستکردنی لیست و بە تێبینی نووسینی شتەکان دەتوانێت ڕێکخراو بێت. ڕێگای تریش زۆرە.

منداڵێك دەناسم کە نەخۆشی ئۆتیزم هەیە. منداڵێك لە زۆر قشت و زیرەك و لە هەمان کاتیشدا لە قوتابخانەیەکی قەرەباڵخە. بەڵام بەهۆی نەخۆشیەکەوە دەبێت هەمیشە ئاگاداری خۆی ببێت تا شتی لەبیر نەچێتەوە و خۆی ڕێکبخات، بەکورتی مێشکی وەکو کەسانی دی کار ناکات. بۆیە خێزانەکەی چەند ڕێگایەکی زۆر ناوازەیان گرتووەتەبەر تا ئاگاداری منداڵەکەیان بن، بۆ نمونە هەموو جارێك یاریەکانی قوتابخانەی بۆ دێننەوە ماڵەوە، یان لەکاتی ژەمی نیوەڕواندا دەچن بۆ لای یاخود پارچە کاغەزێك – کە هەموو شتێکی لەسەر نووسراوە – دەدەنە دەستی.

دواتر ئەم منداڵە فێربووە خۆی تەکنیك و فێڵ دابنێت. بۆ نمونە ڕەنگی شتەکان بۆیە دەکات تا بیان ناسێتەوە، یان قردێلەیەکی بچووك دەبەستێت بە جانتاکەیەوە یاخود زەنگی ئاگادارکردنەوە لەسەر مۆبایلەکەی دادەنێت – هەندێ جاریش بیری دەچێت زەنگەکە دابنێت. زۆرجار چەند لیستێکی لەدەستە کە ئێمە هیچ کات پێویستمان پێی نییە، بۆ نمونە لیستێك کە ناوەی ورد و درشتی ئەو کەلوپەلانەی تێدایە کە دەبێت هەموو ڕۆژێك لەگەڵ خۆی بیانبات بۆ قوتابخانە، کەچی قوتابیەکانی تر هەر بە تەماشاکردنی خشتەی وانەکانیان دەزانن بەیانی چی ببەن بۆ قوتابخانە. هەندێك جار بۆ باسکردنی دوو شت، دوو شێوەزاری جیاواز بەکاردەهێنێت، چونکە ئەم جیاکردنەوەیە یارمەتی مێشکی دەدات تا شتەکان زیاتر لەیەك جودا بکاتەوە. بێ شك و گومان

لەوانەیە زۆر کەس هەبن نەخۆشی ئۆتیزمیشیان هەبێت و وەکو ئەم منداڵە لە بیرکردنەوەدا باش بن، بەڵام مەبەستی من سوود وەرگرتنە لەو شێواز و تەکنیکانەی کە ئەو بەکاری دەهێنێت.

هەندێك كەس لەبواری نووسیندا باش نین و بگرە لەوانەیە کەیفیشیان پێی نەیەت، بۆیە چەند ڕێگە و شێوازی دیکە هەیە کە بۆ ئەو کەسانە زۆر لە دروستکردنی لیست و نووسینەوەی تێبینی و ڕەچاوکردنی ڕۆژژمێر باشترە. ئەگەر حەزت لە مۆسیقایە، ئەوا دەتوانیت ئەم دەرفەتە بەکاربهێنیت و لەڕێگەی موزیکەوە خۆت ڕێکبخەیت و شتەکانی بیری خۆت بخەیتەوە. بۆ نمونە دەتوانیت لەشوێنی زەنگی ئاگادارکردنەوە گۆرانیەك دابنێیت. بەکارهێنانی ڕەنگیش بەشێوەیەك لە شێوەکان سوودی بۆ هەندێك کەس هەیە. یان دەتوانیت وێناکردن بەکاربهێنیت، بۆ نمونە ئەگەر وێنای هەنگاو بە هەنگاوی خۆت بکەیت کاتێك کێك دروست دەکەیت، ئەوا کە چووی بۆ مارکێت زۆر ئاسانتر دەتوانیت پێویستیەکانت بەبیر بێتەوە.

بۆیە هەمیشە وامەزانە تاکتیك و شێوازە کۆن و باوەکان تاکە ڕێگەن دوای ئەوان هیچی دیکە نییە، مەگەر خۆت تاقیتکردبێتەوە و بزانیت بۆتۆ زۆر بەسوودە. ڕێگایەك بدۆزەرەوە تا شتەکانت بیر بخاتەوە وە گرنگیش مەدە بە کەسانی ترە، با بۆ ئەوان نەگونجێت خۆ چییە؟ گرنگ تۆیت.

**هەرچۆنێك هەیت ببە، ئاسایی یان ناوازە، هەرشێوازێك کە بۆ ڕێکخستنی خۆت پێت باشە بەکاری بهێنە**

## بەشی پێنجەم

# بیرکردنەوەی داهێنەرانە

لێرەوە گاڵتە و گەپ دێتە ناو یاساکانەوە. خەریکی دیزاینکردنی بەرهەمێکی نوێیت، یان دەتەوێت ئاهەنگێك ڕێکبخەیت، پلان دابنێیت بۆ کاتی پشوو وەرگرتن یاخود پارچە میوزیکێکی نوێ دروست بکەیت. چاوەڕێیت فریادڕەسێکت بگات و ئیلهامت پێ ببەخشێت، بەڵام دەزانی چی؟ دەتوانیت بە مێشکت و شێوازی بیرکردنەوەی خۆت کارەکە بەئەنجام بگەیەنیت. وەك چۆن تۆماس ئەدیسۆن گوتوویەتی " ئیلهام و زیرەکی لە سەدا ١ی کەسی بلیمەت و کۆشش و هەوڵدان لە سەدا ٩٩ی کەسی بلیمەت دروست دەکات . " لەوانەیە پێویستت بە ئیلهامی من نەبێت، کە دەکاتە سەدا ١، بەڵام دەتوانم بۆ لە سەدا ٩٩کەی دیکە ئاراستە و ڕێنمایت بکەم.

لەکاتی کارکردندا بە زۆر کەسی بلیمەت شاد بووم، تەماشا و قسەم لەگەڵ کردوون، بینیومن کە چۆن کارەکانیان بەڕێوە دەبەن. وە دوای چەند ساڵێکیش گەشتم بەو یاسا نەوتراوانەی کە بۆ ئازادکردن و ڕێکخستنی مێشکیان بەکاریدەهێنن، یاساگەلێك کە ڕێگە بە لە سەدا ١ ی ئیلهام دەدات تا کاریگەری خۆی لەسەر مێشك هەبێت. لەڕاستیدا منیش فێری ئەو یاسانە بووم و بەکاریان دەهێنم. شتێکی ڕاست و حاشا هەڵنەگرە کە بیرکردنەوەی داهێنەرانە بە چەند کەسێکی بەختیار بەخشراوە، بەڵام ئێمەش دەتوانین فێر بین، مەگەر وانییە؟ زۆر سادە و ساکارە، تەنها مێشکی خۆت لەسەر ڕابهێنە و تەواو. دوای ئەوەی کە

CamScanner ممسوحة ضوئيا بـ

یاساكانی بیركردنەوەی داهێنەرانەت كرد بە خوویەكی خۆت، ئەوا ئەوكات دەبن بە شتێكی سروشتی بۆ تۆش.

لە بیركردنەوەی داهێنەرانەدا یەك شت زۆر گرنگە، ئەویش تەسلیمبوونە بە بیركردنەوەكانت. دەبێت چاوەڕێی بیركردنەوەكانت بكەیت تا بزانیت بۆ كوێت دەبات. لەوانەیە بزانیت كەی و چۆن دەست پێدەكەیت، بەڵام مەبەست و ئامانج و دوامۆڵەت نازانیت. بۆیە دەبێت مێشكت فراوان بكەیت و چاوەڕێی چەند ئەگەرێكی زۆری لێبكەیت، ئەگەرانێك كە پێشتر بیرت لێنەكردووەتەوە. ئەگەر مێشكت بە باشترین شێوە بەكاربهێنیت و بەپێی پێویست فراوانی بكەیت، ئەوا ئاسانتر بیرۆكە و ئیلهامت بۆ دێت.

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## یاسای چلەم

# ڕاهێنان بە مێشکت بکە

ئەگەر ئێستا پرۆژەیەکت هەیە و دەتەوێت داهێنەرانە کاری تێدا بکەیت – لەوانەشە یەکسەر هاتبیتە سەر ئەم یاسایە بۆ وەرگرتنی بیرۆکەکەی – ئەوا هیوام وایە ئەم یاسایانە سوودت پێبگەیەنن. هەرچۆنێك بێت تۆ دەتەوێت لە ژیانی ڕاستیتدا ببیت بە داهێنەرێکی بەتوانا و ڕۆژانە بیرۆکەی گەورە و بچووکی جێی بایەخ بێتە مێشکتەوە. ئەگەر بێتو ئامانجت پێکەوەنانی بازرگانیەکی گەورە یان شتێکی بچووکی وەکو نووسینی ڕەچەتەیەك بێت، ئەوا پێویستت بەم یاسایانە دەبێت.

بەدڵنیایەوە دەبێت ڕاهێنان بە مێشکت بکەیت. هیچ سوودی نییە ئەگەر دوو سێ یاسا بخوێنیتەوە و بیرۆکەیەکی بلیمەتانەت بۆ بێت و دواتر بە مێشکە داهێنەرەکەت بیری لێنەکەیتەوە و کاری پێ نەکەیت. وەکو ئەوە وایە سەگەکەت یەکجار فێری دانیشتن بکەیت و دواتر پێی نەڵێیت دابنیشە، کەچی دوای چەندین ساڵ پێی بڵێیت دابنیشە و سەرت بسوڕمێت بۆچی سەگەکە لە هیچ تێناگات. کاتێك سەگەکەت بە فەرمانی تۆ دابنیشێت، ئەگەر پێویستیشت پێی نەبێت ئەوا دەبێت ڕۆژی یەك دوو جار فەرمانی پێ بکەیت، بۆ ئەوەی ئەو کاتەی پێویستت بوو دابنیشێت و دانیشتنی لەبیرنەچێتەوە.

مێشکی تۆش لەڕووی ڕاهێنانەوە لە مێشکی سەگەکەت جیاواز نییە. ئەگەر دەتەوێت بیرکردنەوەیەك لە مێشکتدا بچەسپێت، ئەوا دەبێت ئەو ڕێگایانە بگریتەبەر کە هاریکاری مێشکت دەکەن تا بگات بە ئامانجەکەی خۆی. بەو واتایەی کە دەبێت هەموو ڕۆژێك داهێنەرانە بیربکەیتەوە.

کێشەکە لێرەدایە، پێوانە و ستانداردێکمان نییە، بۆ نموونە ئەم هەموو بیرکردنەوانە لە کام شوێنی ژیانە ڕۆتینیەکەتدا جێ دەکەیتەوە؟ یان تا چەند دەتوانیت هەموو بەیانیەک خۆت بشۆیت و جلی ڕێکوپێک لەبەر بکەیت و نانیش بخۆیت؟ یاخود تا چەند گرنگی بە کار یان جل شۆردن یان ناندان بە پشیلەکەت دەدەیت؟

ئەوەی بەلای منەوە جێی بایەخە ڕێگەنەدانە بە مێشک تا لە کەند و چاڵێکدا بمێنێتەوە و دواتر بچەقێت، ئەو چاڵەی کە بەلایەوە قورسە جگە لە داب و نەریت پێوانەیەکی دی بۆخۆی دابنێت. هەر کاتێك ڕاتهێنا کە لە بابەتە بچووکەکاندا جیاواز بیربکاتەوە، ئەوا دواتر خۆی هەوڵی هاتنەدەرەوە لە چاڵە گەورەکانی تریشدا دەدات. بۆیە یەك تۆز گۆڕانکانی لە خۆتدا بکە، کەمێك لە ڕۆتینەکانت کەمبکەرەوە. ئەمجارە ڕێگای چوون بۆ سەرکارەکەت بگۆڕە، ئەمجارە لە پارکێکی جیاواز لەگەڵ سەگەکەتدا پیاسە بکە، خواردنێك لێبنێ پێشتر هەرگیز لێتنەنابێت، پشووەکەت لە شوێنێکی دی بەسەربەرە. وە لە هەمووی گرنگتر، با هەموو شتێکی داب و نەریت بەلاتەوە ئاسایی نەبێت.

هەندێك لەم شتانە بچووکن و هەندێکی دیکەش جێی بایەخ نین، بەڵام لە کۆتایدا هەموویان کۆدەبنەوە و دەبن بە ڕاهێنەرێك بۆ مێشکت تا جیاواز بیربکاتەوە و چاوەڕوانی ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو بکات. هەموو هەلێکی بوون بە کەسێکی داهێنەر بەهەند وەربگرە، چی دەکەیت بیکە، بنووسە، گۆرانی و موزیك لێبدە، هەڵپەڕە. شتێك بکە پێشتر نەتکردبێت، کەلوپەلی ئاهەنگی گواستنەوەی خوشکەکەت دابین بکە، یان دیزاین بۆ



CamScanner الممسوحة ضوئيا بـ

پێشانگا ساڵانەی کۆمپانیاکەت بکە یاخود ئاهەنگێکی جیاواز بۆ سەری ساڵ ڕێکبخە.

ئەگەر زۆر پێداگریت و دەتەوێگ ببیت بە کەسێکی جیاواز و داهێنەر، ئەوا دەبێت پێش هەموو شتێك داهێنەرانە بیر لە ڕێگاکانی ڕاهێنان بکەیتەوە. ئەگەر هەلێکت لەبەردەمدا نییە، دانەیەك دروستبکە. دەرفەتێك بە مێشکت بدە تا ئەوەی لە توانایدایەتی پیشانت بدات. بەم شێوەیە هەرکاتێك بابەتێکی گەورەش بێتە پێشەوە ئەوا مێشکت ئامادەیە و دەتوانێت بەسەریدا سەربکەوێت.

**ئەگەر هەلێکت لەبەردەمدا نییە، دانەیەك دروستبکە**



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

یاسای چل و یەکەم

# مێشکت بە بیرکردنەوە تیژ بکە

تا ڕادەیەك ئەنیشتاین بە پاڵەوانێکی ناو بیرکردنەوەکانم دەبینم، چونکە ئەویش بڕوای وابووە کە ئەندێشە و هێنانەبەرچاو لە خودی زانیاری گرنگترە. ڕاستی قسەکەی ئەنیشتاین کاتێك دەردەکەوێت کە دەتوانین هەموو زانیارییەکان لە شوێنێکدا هەڵبگرین و نەبێتە بار بەسەر مێشکمانەوە. بەڵام ئەندێشە و خەیاڵکردن جیاوازە، ناتوانیت دایبەزێنیتە ناو مۆبایل یان کۆمپیتەرەکەتەوە، بەڵکو دەبێت لەگەڵیدا بژیت، چونکە خەیاڵکردن دەستیار و ڕێگایەکە بۆ بیرکردنەوەی داهێنەرانە. کەواتە لە هەموو شتێك زیاتر ئەوەندەی بتوانین پێویستمان بە فراوانکردنی ئەندێشە و خەیاڵمانە.

ئەنیشتاین درێژەی پێدەدات و دەڵێت: چیرۆك و داستانی ئەفسوناوی بۆ منداڵەکانت بگێڕەرەوە تا ببن بە کەسێکی زیرەك و داهێنەر. ئەگەر دەتەوێت زیرەکتر و مێشك فراوانتر بن ئەوا زیاتر و زیاتر چیرۆکی ئەفسوناویان بۆ بگێڕەرەوە. نووسەری چیرۆك لەکاتی گێڕانەوەدا نەخشەی ڕووداوەکانت بۆ دەکێشیت، بەڵام ئەوە خەیاڵ و ئەندێشەی تۆیە وێنای دیمەنەکانی ناو چیرۆکەکە دەکات. کاتێك خۆت دەیخوێنیتەوە ڕەنگ و دەنگەکانیش دێنە بەرچاوت.

بڕۆ هێنری ڤی ی شکسپیر بخوێنەرەوە، لە هەموو شوێنێك دەستدەکەوێت. زۆر بە تەواوی و بە شێوەیەکی جوان وەسفی توانای ئەندێشە و خەیاڵکردن و چۆنیەتی بەکارهێنانی دەکات. ئەندێشەی مرۆڤ شتێکی لەڕادەبەدەر بێ هاوتا و نائاساییە، وە - بەڕای من -

بەکارنەهێنانی بەشێوەیەکی چالاك و زیندوو و ماندوونەناس،وەکو ئەوە وایە گوناهێکمان ئەنجام دابێت.

خوێندنـەوەی چـیرۆکی خـەیاڵی و ئەفسـووناوی شـتێکی بنـەڕەتی و پێوستە. ئەگەر بتەوێت منداڵەکەت کەسێکی بلیمەت و داهێنـەر دەربچێت ئـەوا سـەرنجەکەی ئەنیشـتاین یارمەتیـدەرت دەبێـت. هـەتا دەتوانیـت چیرۆکیان بۆ بخوێنەرەوە و کتێبیان لەلا خۆشەویست بکە. تەماشاکردنی فیلم و زنجیرە هێندە سوودی نییە، چونکە دیمەن و خـەیاڵ و ئەندێشـەکە لەبەرچاوتە و بۆت کێشراوە. ڕاستە تەماشاکردنی فیلم شتێکی گرنگ و بەرچاوە، بەڵام هەرگیز نابێت بە جێگرەوە بۆ خوێندنەوە. هانیان بدە تـا خۆیان چیرۆك دروست بکـەن. ئەگـەر بەڕاسـتی منداڵـەکانت تێبگەیـەنیت ئـەوا بـۆ چـەندین سـاڵ باوەڕیـان بـە جـادوو و بابـە نوئێـل دەبێـت و ڕێگەیەکیان بۆ دەکرێتەوە تا ئەندێشەخواز بن. چـەندین هـاوڕێم هەیـە کـە منداڵەکانیان پێیان وایە هەر بە ڕاستی پشیلەکەی نـاوماڵیان دەفرێت و دڵم خـۆش بـوو کـە خێزانەکـەیانم بـینی و سەرزەنشـت و گاڵتـەیان پـێ نـەدەکردن و هەسـتیاربوون لەگەڵیانـدا. لەلایـەکی دیکەشـەوە ئـەو خێزانانـەی دیم دەبـینی کـە بـەبێ هەسـت و هۆشـیاری بـە منداڵـەکانیان دەگووت " ئەوەندە گێژ مەبە، کوا پشیلە توانای فڕینی هەیە."

ئەگەر ڕاهێنانێکم دابنایە بۆ ئەوەی ئاسۆ و سنووری ئەندێشەی منداڵـەکان فراوان بێت، ئەوا خوێندنەوەم دادەنا. خۆشحاڵانە پێویست ناکات شتێك گەورە بکـەم و گرنگـی پێبـدەم، چـونکە ئێسـتا چـەندین ڕێگا هەیـە بـۆ ئەوەی هاریکاری منداڵەکـەت بکـەیت تـا ببێتـە خـاوەن بیرکردنەوەیـەکی داهێنەرانـە. خوێندنـەوەی هـۆنراوە و پەخشـان، نووسـین و ژەنـین و



المسوحة ضوئيا بـ CamScanner

گوێگرتن لە هەر ئامێرێکی موزیکی سوودێکی ئێجگار زۆری هەیە - بەڵام دەبێت ماوە ماوە خۆت توند و تۆڵ بکەیتەوە و شتەکان بگۆڕیت تا لەناو چاڵێک لە چاڵەکاندا نەچەقیت. زۆربەی هەرە زۆری گاڵتەباز و کۆمیدیانەکانی جیهان وا لە مێشکت دەکەن لەو چاڵە قووڵەی تێی کەوتووە باز بدات و خۆی لێ ڕزگار بکات، بەتایبەتی شانۆ و دیمەنەکانی مۆنتی پایپۆن.

ئەگەر دیقەتت دابێت زۆربەی نووکتە و شتە گاڵتەئامێزەکان بۆ ئەوەیە مێشکت هۆشیار و ئاگادار بکاتەوە و نەخشەیەک دەکێشێت تا بەستەڵەکەکانی ناوی بشکێنێت. وە گرنگیدان و قووڵبوونەوە لەم جۆرە گاڵتەیانە و کات بەسەربردن لەگەڵ هاوڕێ گاڵتەبازەکانتدا و تەماشاکردنی فیلمی گاڵتەئامێز یەکێکە لە چێژبەخشترین ڕێگاکان تا بیرکردنەوەکانت داهێنەرانە بێن.

**نووسەری چیرۆک لەکاتی گێڕانەوەدا نەخشەی ڕووداوەکانت بۆ دەکێشێت، بەڵام ئەوە خەیاڵ و ئەندێشەی تۆیە وێنای دیمەنەکانی ناو چیرۆکەکە دەکات**



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

## یاسای چل و دووەم

# کەشێکی شیاو دروست بکە

زۆربەمان لەکاتی تەنگ و چەڵەمە و ناخۆشیەکاندا ناتوانین بەشێوازێکی ئەرێنی و داهێنەرانە بیربکەینەوە. ئەگەر لە دیدەنەکەت دواکەوویت و باران بە لێزمە دەبارێت و قەمسەڵەکەت بیرچووە و بولبولەکەشت بە رێك و پێکی نان ناخوات، ئەوا زۆر زەحمەتە لەم کاتەدا ئەرێنی بیت و داهێنەرانە بیر بکەیتەوە.

هەرچۆنێك بووە دەبێت مێشکمان هان بدەین و رازی بکەین تا داهێنەرانە بیربکاتەوە. چونکە باری ئاسایی مێشکمان هەر بەم شێوەیەیە، زۆربەی کات ئێمە کار دەکەین، بەڵام لەگەڵیدا بیرناکەینەوە. بەس بیربکەرەوە لەوکاتەی کە تەرکیزت لەسەر کارە رۆتینیەکانی وەکو قسەکردن، چێشت لێنان، نامە ناردن، خۆشۆردن، تەماشاکردنی تەلەڤیزیۆن و شتی لەم جۆرەیە. ئێمە کاتێکی زۆر کەم دەدەین بە مێشکمان بۆ ئەوەی ئازادانە و بێ هیچ کۆت و بەندێك بیربکاتەوە. دەکرێت داهێنەرانە بیر بکەیتەوە کاتێك خەریکی کارێکیت، بەڵام ئەگەر زۆر لە میشکت نەکەیت ئەوا دووبارە دەگەڕێتەوە سەر سروشتە رۆتنیەکەی خۆی. دەکرێت لە کاتی خۆشۆردندا دالغە لێبدەیت و خەیاڵ بتباتەوە، بەس ئەگەر وریای بیرکردنەوەکانت نەبیت و تەرکیزت لەسەری نەبێت دەڕواتەوە سەر شتە رۆتینی و رۆژانەییەکانی خۆی، بۆ نمونە بیردەکاتەوە ئایا شامۆپی دی بکرێت یان ئەوەندەی ماوە بەسە.

کەواتە کەش و بارودۆخێکی شیاو بۆ مێشکت فەراهەم بکە تا بتوانێت داهێنەرانە بیر بکاتەوە. ڕاستە مێشك بە ووزە کار دەکات، بەڵام لێرەدا

مەبەستم خواردن و خواردنەوە نییە. بیرکردنەوەی داهێنەرانە شتێك نییە بەدوایدا بگەڕێیت، بەڵکو دەبێت خۆت دروستی بکەیت، بۆ دروستکردنی ئەم ژینگەیەش دەبێت کات بۆ بیرکردنەوەکانت تەرخان بکەیت. بۆیە یەکەم شت دڵنیاببەرەوە لەوەی کە مێشکت مورتاح و ئارامە. ناتوانیت و قورسە بە ئارامی و داهێنەرانە بیر بکەیتەوە ئەگەر چاوەڕوانی میوانێکیت، یان دیدەن و چاوپێکەوتنەکەت پێنج خولەکی دی دەستپێدەکات یان خەریکە لەتاوانمیز بکەیت بە خۆتدا.

دەبێت بزانیت لەکوێ و چۆن بەباشترین شێوە دەتوانیت بیربکەیتەوە و کەشێکی لەو شێوەیە فەراهەم بکەیت. ئەگەر هیچ زانیاریت نییە و نازانیت، ئەوا تاقیکردنەوە بکە و بزانە کەی و کوێ بەکەڵکی تۆ دێت. هەندێکمان لە کاتی پیاسەکردندا دەتوانین بەشێوەیەکی باش بیربکەینەوە، هەندێکی دیکەش لەکاتی خۆشۆردن، لە ژوورێکی تاریك، لە کاتی وەرزش یان گوێگرتن لە پارچە موزیکێك.

هەندێکی دیکەشمان هاوڕێ لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەتوانن باشتر بیربکەنەوە و ئەم کارەشیان شتێکی زۆر ئاساییە. لە یاسای " بیرکردنەوەی بەکۆمەڵ "دا زیاتر ئاماژەم بەم بابەتە داوە. هەندێك جار کەسانی دیکە گرنگی بە بابەتەکەی تۆ نادەن، یان گونجاو نییە کەسی دی بزانێت، کەواتە دەبێت بتوانیت بەتەنها و لەگەڵ خۆتدا ببیت بە بیرکەرەوەیەکی داهێنەر. ئەگەر خۆت بەتەنیا بیت قسەکردن بە دەنگی بەرز دەکرێت سوودی هەبێت.

هەتا باشتر و زیاتر مێشکت بە بیرکردنەوەی داهێنەرانە ڕابهێنیت، زیاتر دەبێت بە خوو و سروشت و کەسایەتیەکی خۆت و هێندە پێویستی بە

مەرجەکانی پێشتر نییە. باشترینەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە ئەو کەسانەن کە لە شەو و ڕۆژدا، لە کاتی پەستان و سەرقاڵیدا و تەنانەت لە برسێتیشدا بیرۆکەی بلیمەتانە و ئەرێنیان بۆ دێت. هۆکارەکەش ئەوەیە داهێنان و ئەرێنیبوون بووە بە خوویان و لە مێشکیاندا چەسپیووە. بەڵام وەکو هەموو کارێکی تر دەبێت پێشا فێری بنچینە و بنەڕەتەکان ببیت.

**کەواتە کەش و بارودۆخێکی شیاو بۆ مێشکت فەراهەم بکە تا بتوانێت داهێنەرانە بیر بکاتەوە**



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

یاسای چل و سێیەم

## کراوەبە

با هەندێك ڕاهێنان بکەین. ئەگەر بەتەمای وەرزشکردن بیت دەبێت لاشەت ئامادە و کەمێك جوولە پێ بکەیت. مێشکیش بەهەمان شێوەیە. ئێستا کەشێکی شیاوت بۆخۆت فەراهەمکردووە، کەواتە تۆزێك جوولە بە مێشکت بکە پێش ئەوەی دەست بە ڕاهێنان بکەیت.

زۆر شێوازی ڕاهێنان و مەشقکردن هەیە، ئاساییە هەرکامێکیان هەڵبژێریت و کاری پێبکەیت بەو شەرتەی نەتخانە ناو چاڵ و کەندێکی نوێوە. بە کورتی و پوختی هەموو جارێك هەمان ڕاهێنان هەڵمەبژێرە. کتێب و کۆرسە ئەلیکترۆنیەکان پێشنیاری چەندین ڕێگامان بۆ دەکەن، بەڵام دەکرێت خۆت هێندە داهێنەر و کارامە بیت شێوازێکی نوێ بدۆزیتەوە. ئەوەی من مەبەستمە و تۆش دەبێت بەدوایدا بگەڕێیت شتێکە کە گەر تەنانەت بۆ ماوەی دوو خولەکیش بێت وادەکات لە مێشکت بە ڕاستی بیربکاتەوە و ڕێگە باشەکەی پیشان دەدات.

بیرکردنەوەی لقدار یان پەلهاویشتوو جۆریکە لە تێڕامان و هەڵسەنگاندن کە برێکی زۆر لقی لێدەبێتەوە و پەل بۆ دۆزینەوەی ڕێگای دی دەهاوێت. هەروەها بیرکردنەوەی پەلهاویشتوو دژی بیرکردنەوەی یەکانگیرکردنە، چونکە بیرکردنەوەی یەکانگیر هەوڵدەدات هەموو بیر و بۆچوونەکان کۆبکاتەوە تا بگات بە خاڵێك. ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە زیاتر لە شیکارکردنی پرسیارە بیرکاریەکاندا بەکاردەهێنرێت، چونکە بیرۆکەکان دیاریکراو و سنووریان بۆ دانراوە و ناتوانیت بیرۆکەی نوێی تێدا دروستبکەیت.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ئەگەر پرسیار لە کەسێکی یەکانگیر بکەیت و بڵێیت خشت لەچیدا بەکاردێت؟ ئەوا زۆربەی جار دەڵێت بۆ بنیاتنان و دروستکردنی خانوو و باڵەخانە. بەڵام ئەگەر پرسیار لە کەسێکی پەلهاویشتوو بکەیت لەوانەیە بڵێت لە دروستکردنی بینا و باڵەخانەدا بەکاردێت، بەس لەگەڵیشدا دەڵێت دەتوانیت لەبەردەم دەرگایەکدا دایبنێیت تا دانەخرێت، یان بیخەیتە ناو تەنەکەیەکی زبڵەوە تا قورسی بکات و تەنەکەکە با نەیبات، دەتوانیت پەنجەرەی پێ بشکێنیت، یاخود بیخەیتە بەردەم ئۆتۆمۆبێلەکەت کاتێك لەسەر گردێکیت تا گل نەبێتە خوارەوە یان ئەگەر دیوارێك بەرز بوو دەتوانیت بیخەیتە ژێر پێت و بەسەر دیوارەکەدا سەربکەویت.

لەوانەیە ئێستا هەندێکمان بەلای یەکانگیر و هەندێکی دیکەشمان بەلای پەلهاویشتوودا بشکێینەوە، بەڵام ئێمە تایبەتمەندی هەردووکیمان تێدایە و لەکاتی پێویستدا بەکاریان دەهێنین. هەموو جارێك کە باقی ئەو پارەیەی لە دووکاندارەکە وەرتگرتووە دەژمێریت، ئەوکات کەسێکی یەکانگیریت. کاتێك لە هەوڵداندایت تا وەڵامێك بۆ پرسیاری " لە ڕۆژی لەدایکبوونتدا حەز لە چی دەکەیت؟ " پەیدا بکەیت، ئەوا تۆ کەسێکی پەلهاویشتوویت. وەهەروەها ئەگەر بتەوێت ببیت بە کەسێکی داهێنەر ئەوا بەدڵنیایەوە دەبێت لە بیرکردنەوەکانتدا پەلهاویشتوو بیت.

پرسیاری خشتەکە ڕێگەیەکی زۆر چاکە تا لەڕێیوە کار لەسەر ئەندێشە و خەیاڵی مێشکی خۆت بکەیت. هەوڵبدە بیر لە دە سوودی نابـاو و نائاسایی چەند کەلوپەلێك وەکو : کلینکس، کوپ، تەلەفۆن، کتێب و...... بکەیتەوە لە دوو خولەکدا.

ئەگەر بەم ڕاهێنانە ڕابێیت و هەموو جارێك بەکاریبهێنێت و تەنها کەلوپەلەکە بگۆڕێت، ئەوا خۆت خستووەتە ناو چاڵێکی دیکەوە. بۆیە نابێت هەموو جارێك بەکاریبهێنێت، بەڵکو دەبێت هەوڵی دۆزینەوەی شێوازی مەشقپێکردنی نوێ بدەیت. چۆن تەڕکردنی سەر قژ بۆ شۆردن ئامادە دەکات و پاککردنەوەی قورگ بۆ گۆرانی گوتن، بزواندن و جووڵاندی بەشە داهێنەرەکەی مێشك ئامادەکاری و دەستیاری مێشکی بۆ کارە ڕاستەقینەکەی خۆت دەکات.

**ئەگەر بەتەمای وەرزشکردن بیت دەبێت لاشەت ئامادە و کەمێك جووڵە پێ بکەیت**

ياسای چل و چوارەم

# شتێك بەناوی یاسا بوونی نیە

خۆت کۆبکەرەوە، خەریکە دەچینە ناو بابەتێکی زۆر گرنگ و جدیەوە. با بیرێکی تری لێبکەمەوە...... نا نەخێر خۆت کۆمەکەرەوە، چونکە ئەگەر مێشك و بیرکردنەوەت ببەستیتەوە ئەوا ڕێگە بە ئازادیان نادەیت و ناهێڵیت بەئەندازەی توانای خۆیان ڕێگا تەی بکەن. وە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش کلیلی کردنەوەی قوفڵی بیرکردنەوەی داهێنەرانەیە. تەنانەت چارەگرانترین ڕێگا و مەحاڵترین بیرۆکە و ناباوترین بیرکردنەوە لەوانەیە بتگەیەننە ئەو سەرکەوتنەی کە بەدوایەوەیت.

گوێبگرە، ئەگەر بەردەوام تانە و تەشەر بەقسەکانی وەکو " چەند بیرۆکەیەکی گێژانەیە "، " هەرگیز شتی وا ڕوودانات"، " بیرۆکەکە جوانە، بەس چۆن کەسانی تر تێدەگەیەنیت؟ " لە مێشکت بدەیت، ئەوا فەوتاویت. ئێستا هیچ سەرنج و توانجێك لەبارەی بیرۆکەکەتەوە مەدە، دواتر کاتمان هەیە بۆ ئەو سەرزەنشتانە هەیە، جارێ تۆ بیربکەرەوە و چەند بیرۆکەیەك دروستبکە، دواتر بە مێشکە ڕەنخەگەت تانە و تەشەری لێبدە.

ئێستا مەبەستی ئێمە دروستکردن و بەگەڕخستنی بیرۆکەیە، هەر بیرۆکەیەك بێت، باش بێت یان خراپ، ئاست بەرز بێت یان ئاست نزم. دواتر بڕیار لەسەر گونجاوی و بەناوبانگی و گرنگیان دەدەین. تەنانەت ئەو بیرۆکانەشی کە خراپ دەردەکەون ئەگەر کاری باشی لەسەر بکرێت لەوانەیە ببن بە ناوازەترین بیرۆکە، بەس نابێت پێش دەست بە کار کردن لەسەری یەکسەر ڕەتی بکەیتەوە، بەو مەرجەی هەوڵێکی لەگەڵدا بدەیت.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

لینۆس پاولینگ دەڵێت " ئەگەر دەتەوێت ببیتە خاوەن بیرۆکەیەکی باش، ئەوا دەبێت بیرۆکەی زۆرت هەبێت ". لینۆس یەکێکە لەو دوو کەسەی کە دووجار بوونەتە خاوەنی خەلاتی نۆبڵ — ماری کوریش بەهەمان شێوە بووەتە خاوەنی دوو نۆبڵ — هەر شتێکیش ئەو بەباشی بزانێت منیش بە ئەگەرێکی زۆرەوە بەباشی دەزانم. من پێت ناڵێم کە هەموو بیرۆکەکانت شتێکی زۆر باش و بلیمەتیان لێدەردەچێت، یان لەوانەشە ئەنجامێکی بەو شێوە باشەیان هەر نەبێت، بەڵام ئەگەر هەموو بیرۆکەکانت هەر لە سەرەتاوە سەرکوت و سەرزەشتکرد، ئەوا دواتر چەند بیرۆکەیەك لە مێشکی خۆت لادەبەیت و دەسڕێتەوە کە نەدەبوایە بتسڕیایەتەوە.

هاوڕێیەکم بیرۆکەیەکی هەبوو کە زۆر بۆ باری ژینگە و دارایی باشە، ئەویش ڕازیکردنی خەڵکە تا ئەو کاغەزانەی بۆ پێچانەوەی دیاری تەرخانیانکردووە دووبارە بەکاریبهێننەوە. کە تەماشای بیرۆکەکە دەکەیت وەکو شتێکی بێسوود و بێفەڕ دەیبینیت، دەڵێیت باشە ئەگەر بیرۆکەیەکی باش و سوودبەخش بووایە بۆ پێشتر پێهەڵنەستاوم؟ خۆ بۆ ژینگە و باری دارایشم باشە؟ لەبەر ئەوەی کاغەز بە ئاسانی دەدڕێت و تێکدەچێت و زۆربەی کەسەکانیش کاتێك دیاریان بۆ دەبەیت کاغەزەکەی هەڕرون هەپرون دەکەن. زۆربەمان ئەم بیرۆکەیەمان بە باش و بەسوود نەدەزانی. بەڵام هاوڕێکەم بەمشێوەیە بیری نەدەکردەوە. ئێستا ئەو بازرگانێکی سەرکەوتووە کە کار لەسەر دووبارە بەکارهێنانەوەی کاغەزی دیاری دەکات. ئەو لەجیاتی ئەوەی هەڵوێستی کەسەکان بگۆڕێت هەستا بە گۆڕین و دووبارە بەکارهێنانەوەی کاغەزەکە خۆی. ئێستا بیرۆکەکە

دەبینین کە چەند سەرکەوتووە، ئەگەر هاوڕێکەشم وەکو چۆن کەسانی دی کاغەزی دیاری دەدڕێنن ئەویش بیرۆکەکەی خۆی بدڕاندبایە، ئەوا بەم ڕۆژە نەدەگەیشت.

بۆیە لە قۆناغی سەرەتادا بیرۆکەکانت بە پێوەری باش و خراپ هەڵمەسەنگێنە. مێشکت ناتوانێت لە هەمان کاتدا بە دوو شێوە بیربکاتەوە، ناتوانێت هەم ئەندێشەخواز و هەم ڕەخنەگریش بێت، ئێستا کار بە خەیاڵت بکە هەتا بیرۆکەکە دێتە مێشکت، دواتر شیکردنەوەی بۆ بکە و ڕەخنەی لێبگرە. ئەگەر بەم شێوەیە نەکەیت وەکو ئەو شۆفێرەت لێدێت کە دەیەوێت لە یەک کاتدا هەم بە گێڕی یەک و هەم بە گێڕی پێنجیش ئۆتۆمۆبێلەکەی بهاژوێت. تۆش ناتوانیت بەهەردوو شێوەیەک لەیەک کاتدا بیربکەیتەوە. یان لەوانەیە بیرکردنەوەی سێیەمت بۆ دروست ببێت کە خۆت هیچ ناتەوێت و کەیفت پێنایەت.

ئەگەر خوازیاری دروستکردنی بیرۆکەگەلێکیت، ئەوا واباشترە لە شوێنێکدا تۆماری بکەیت و بینوسیتەوە تا خەمی لەبیرچوونەوەیەت نەبێت. ئیدی کە لە تیانووسێکدا نوسیتەوە، یان لە مۆبایلەکەتدا تۆمارتکرد، دواتر دەتوانێت بە مورتاحی و ئاسوودەیی بیر لە بیرۆکەی تر بکەیتەوە.

**ئەگەر مێشک و بیرکردنەوەت ببەستیتەوە ئەوا ڕێگە بە ئازادیان نادەیت و ناهێڵیت بەئەندازەی توانای خۆیان ڕێگا تەی بکەن**

یاسای چل و پێنجەم

# قەتیس مەبە

کەسانێك زۆر پێتدەڵێن " بە یەك جۆر بیرکردنەوەوە قەتیس مەبە ". تاکتیك و ڕێگاگەلێکی زۆر هەیە تا کار بەو قسەیەی ئەوان بکەیت و زۆربەشیان شێوازی چاك و بەبەرهەم و سوودبەخشن. بەڵام لەهەمان کاتدا زۆربەیان لە دیاریکردنی بیرکردنەوەکەدا شکستیان هێناوە. ڕاستە کە هەموویان دەڵێن "قەتیس مەبە بە یەك جۆر بیرکردنەوەوە" بەڵام زۆربەیان لە دەستنیشانکردنی ئەو بیرۆکەیەکدا سەرکەوتوو نەبوون.

بەشێوەیەکی گشتی دەزانین مانای قەتیس بوون چییە. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەیە کە لەهەر شوێنێك و ڕێگایەکەوە بۆی بچیت دێیتەوە سەر هەمان ئەو خاڵەی کە تێدا چەقیویت. بەڵام ئێمە دەمانەوێت بزانین بەشێوەیەی تایبەت چییە و چۆن کار لەسەر بیرکردنەوەی داهێنەرانەی تاك دەکات؟ چۆن کار لەو پرۆسە و سەرقاڵییە دەکات کە ئێستا تێیداین؟

وەڵامەکە دیارە، زۆربەی جار دەبێت جیاوازبیت. بەس ئایا دەزانیت چۆن جیاواز بیت؟ ئەمە ڕێك ئەو خاڵەیە کە قسەی کەسانی دەروبەرت دەخانە ژێر پرسیارەوە و لە هەمان کاتیشدا گرنگترین پرسیارە کە دەبێت لە خۆمانی بکەین. چونکە کاتێك زانیت لە کوێ قەتیس بوویت و دەبێت لەکوێدا جیاواز بیت، ئەوا ئاسانتر بەسەر بیرکردنەوەکانتدا زاڵدەبیت. کەواتە بزانە لەکوێ جێماویت و لەکام چاڵدا چەقیویت.

ئەم تاکتیکە لە بواری بازرگانیدا زۆر باش کاردەکات و جێدەستی خۆی جێهێلاوە. زۆربەی چێشتخانە ناوخۆییەکانی لای ئێمە و ئێوەش لە ناو

شاردان، چونکە لەوێ خەڵکی زۆری لێیە و قەرەباڵغە، بۆیە ئەگەر بتەوێت چێشتخانەیەك لەگەڵ کافێیەکی بچووکدا بکەیتەوە دەبێت لەناوەڕاستی شاردا دانەیەك بۆخۆت دروست بکەیت تا فرۆشی باشت هەبێت. بەلام دوو ساڵ لەمەوپێش کەسێك ویستی خۆی لەناو شاردا قەتیس نەکات و هەستا بە کردنەوەی چێشتخانە و کافێیەکی بچکۆلە لە دەرەوەی شار. ئەو شوێنەی ئەوان بازرگانیەکەیان تێدا دامەزراندووە خەڵکی زۆری لێنییە و لەوانەیە یەکێکی وەکو تۆ زۆر هیوات بە بیرۆکەیەکی بەم شێوەیە نەبێت. بەلام لە ئێستادا بەناوبانگترین چێشتخانەی ناوچەکەیە و زۆربەی جار شوێنی بەتاڵی نامێنێتەوە. بۆچی بەم شێوەیە سەرکەوتوو بوو؟ جگە لەوەی خواردنێکی خۆش و بەلەزەتیان هەیە و گەراجی ئۆتۆمۆبێلەکەیان گەورەترە، شوێنێکی زۆر گونجاویشە بۆ کۆبونەوە و دیدەنیەکان. دامەزرێنەرەکانی ئەوێ زانیان قەتیس بوون بەمانای ئەوەیە هەر لە شاردا بیت و نەیەیتە دەرەوە، بۆیە هەوڵیاندا تا خۆیان لەو چاڵ و کەندە ڕزگاربکەن.

لەبیرت نەچێت لەوانەیە تۆ لەیەك کاتدا لە چەند شوێنێکدا قەتیس بروبیت. بۆ نمونە بەبۆنەی هاوسەرگیریتەوە دەتەوێت لە هۆڵی گوندەکەی خۆتان ئاهەنگێك ڕێکبخەیت. کەواتە یەکەم شوێن کە تێیدا قەتیس بوویت " هۆڵی گوند "ەکەتانە، بیربکەرەوە ئایا دەتوانیت لە شوێنێکی دی ئاهەنگەکە سازبکەیت؟ بەس تۆ یەك خوولەك بوەستە، لە شوێنێکی تریشدا قەتیس بوویت، " ڕێکخستنی ئاهەنگ " دووەم چاڵە کە تێی کەوتوویت. هەوڵبدە لەمەشیان ڕزگارت بێت. بێ شك و گومان چاڵی سێیەم " هاوسەرگیریکردنە ". ڕاستە دەکرێت ئاهەنگی

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

هاوسەرگیریەکەت لە هۆڵی گوندەکەی خۆتان ڕێبخەکەیت و خزم و دۆست هەموو بانگهێشت بکەیت. بەلاَم لەهەمان کاتدا دەتوانیت ئاهەنگ لە هۆڵە ڕێکنەخەیت و هەموو کەسوکارت بۆ چێشتخانەیەك بانگێشت بکەیت و نانێکیش بەیەکەوە بخۆن. یان پێشان بڕۆیت بۆ مانگی هەنگوینی و دواتر کە هاتیتەوە ئاهەنگێکی گەورە سازبکەیت.

ئەگەر لە داوی قەتیس بوون خۆت ڕزگارکرد مانای ئەوە نییە ئیدی ناکەویتەوە ناو هەمان چاڵ. بۆیە تۆزێك لە چاڵەکە سەرت دەربێنە بزانە چی لە دەورەبەرت دەگوزەرێت، بزانە تۆ بۆیە لەم چاڵەدایت چونکە هیچ هەڵبژاردەیەکی ترت لەبەردەستدا نییە، یان هەر بەراستی حەزت لە چاڵ و جۆرە قەتیس بوونەیە؟ تێدەگەیت؟ ئەگەر بۆ یەك تۆزیش بڕۆیتە دەرەوە دواتر کە ڕۆشتیتەوە ناو چاڵەکەت ئاسۆت لێ فراوانتر دەبێت مێشکت کراوەتر دەبێت. ئیدی ئێستا دەزانیت چی دەگوزەرێت لە دەرەوەی ئەو چاڵەی کە تێیدایت. ئەگەر تەنها یەك سەرەتاتکێش بکەیت دەکرێت بیرۆکەکانت جوانتر و داهێنانەتر و سەرسورهێنەرتر بن. بۆیە هێندە لەناوەوە مەمێنەرەوە.

**کاتێك زانیت لە کوێ قەتیس بوویت و دەبێت لەکوێدا جیاواز بیت، ئەوا ئاسانتر بەسەر بیرکردنەوەکانتدا زاڵدەبیت**

## یاسای چل و شەشەم

# سوود لە بیرۆکەی کەسانی تر وەربگرە

ئێستا لە ژوورە بێدەنگە بە مۆم ڕووناکراوەکەت دانیشتوویت و گوێ لە مۆسیقایەکی خۆش دەگریت، یان لەوانەیە دوای وەرزشکردنێکی چڕ و پڕ لەدەرەوە گەڕابیتەوە، یاخود لە باخچەی ماڵەکەتدایت و بەهێمنی گوڵ و دارەکان ئاودەدەیت. بەکورتی کارێک دەکەیت کە بەڕای خۆی بواری ئەندێشە و فیکرت والا دەکات. ئێستا دەزانیت لەکوێدا قەتیس بوویت و لە چاڵەکە هاتویتەتە دەرەوە. ئێستا بوویت بە کەسێك کە بەسەر هیچ بیرۆکەیەکتدا دەم و دەست دادوەری ناکەیت و هەل و چانسێك دەدەیت بە بیرکردنەوەکانت. ئەی دوای ئەمە دەبێت چی بکەیت؟

ئەدی باشە لەکوێوە دەستپێدەکەیت؟ خاڵی سەرەتا کامەیە؟ ئەگەر مێشکت بەتەواوەتی لە بیرکردنەوە خاڵی بکەیت لەوانەیە خەو بتباتەوە یان بیر لە هەندێك شتی بێ سوود و ئەرزش بکەیتەوە. بۆیە پێویستە دەست بە بیرکردنەوە بکەیت و پەل بۆ دەوروبەری خۆت ڕابکێشیت و دوای مێشکت بکەویت تا بزانیت بۆ کوێت دەبات. وەهەروەها واباشترە مێشکت بەو ڕێگا ئاراستانەدا بڕوات کە پێشتر پێیدا نەچووە، تا هەلێکی بدەیتێ بۆ ئەوەی بگات بە شوێنێکی نوێ و سەرنجڕاکێش.

تەماشاکردنی بیرۆکەکەی خۆت لە دیدگا و ڕوانگەی کەسێکی دیکەوە یەکێکە لە ڕێگە هەرە باشەکان. کێشە نییە دیدگای هەر کەسێك بێت، بەس بەو مەرجەی پەیوەندی بە تۆ و بابەتەکەی تۆوە هەبێت و سوودێکت پێبگەیەنێت. کەواتە ئەگەر دەتەوێت کاڵا و کەلوپەلێکی باش بخەیتە بازارەوە ئەو دەبێت لە ڕوانگەی کڕیارەوە تەماشای کاڵا و

بیرۆکەکەی خۆت بکەیت. ئایا کالآکەی تۆیان پێ باشە؟ یان نا ؟ ئەی باشە چی بکەیت تا وایان لێبکەیت کالآکەتیان پێ باش بێت ؟ کەی و لەکوێ تێیان بگەیەنیت کە کالآکەت باشە؟ ئەی باشە متمانەت پێدەکەن ؟ ئەی چۆن سەرنجی ئەوان بۆلای خۆت ڕابکێشێت؟

ئەگەر هێشتا بەتەمای ڕێکخستنی ئاهەنگەکەی لە گوندی خۆتان، ئەوا دەبێت لە دیدگای میوانەکانەوە لە ڕێوڕەسمەکە بڕوانیت. باشە چی بکەیت تا ئاهەنگەکەیان بەلاوە خۆش بێت؟ ماوەکەی چەند بێت؟ کام خواردنیان پێشکەش بکەیت؟ ئایا ئەو گۆرانی و مۆسیقایەی تۆ هەڵتبژاردووە بەلایانەوە خۆشە؟ چەند کەسیان جلی جوان و شایستە بە ئاهەنگ لەبەر دەکەن ؟

ئەمانە لە پرسیارگەلێکی ئاسان دەچن بەلاّم نابێت هەروا بە سادە و ساکاری بیر لە وەلاّمەکانیان بکەیتەوە. ئامانجەکە لێرەدا خستنەگەڕی بیرۆکەی نوێ و داهێنەرانەیە. بۆ نمونە دەکرێت هەموو هاوڕێ کۆنەکانت بانگهێشت بکەیت و هەمووتان بە بینینی یەك شادببنەوە. دەتوانیت خوانێك بۆ گشت خزم و کەسوکارەکەت ڕێکبخەیت. یان شتێك ئامادە بکەیت لە هەموو میوانەکان هەستیان بۆی بجولێت و کەیفیان پێبێت. هەریەکێك لەم بیرۆکانە جیاوازیەك لە ڕێوڕەسمەکەدا دروستدەکەن. دەکرێت داوا لە هاوڕێکانت بکەیت کە یەکی ڤیدیۆیەکی سی چرکەیی منداڵی خۆیان ئامادە بکەن، یان هەموویان گۆرانیەك پێکەوە بڵێن یاخود هەر شتێکی دی کە خۆت لە خەیاڵتدایە و من لێی بێخەبەرم. لێرەدا نازانین کاردانەوە بۆ بیرۆکەکەت چۆن دەبێت هەتا تاقی نەکەینەوە.

دەکرێت هەر شتێك بەلاتەوە شیاوە ئەنجامی بدەیت، بەلام بەمەرجێك سەرنجڕاکیش و داهێنەرانە بێت.

کاتێك تەماشای هەواڵەکانم دەکرد چەند کەسێکم بینی کە هۆلێکیان بەکرێ گرتبوو و دەیانویست باشترین ئایسکرێم لەسەری سالدا پێشکەشی خەڵکی بکەن، بۆیە دەستیانکرد بە ڕاپرسی و بۆیان دەرکەوت کە زۆربەی خەڵکی حەزیان لە ئایسکرێمی " بەرازی ناو بەتانی "ە، لە ناوەکەیەوە شتێکی قێزەون دیارە، بەلام ئەوان دەستیانکرد بە دروستکردنی ئەو جۆرە ئایسکرێمە. دواتر ڕۆژنامەوانەکە سەری سوورمابوو لەوەی کە ئەم هەموو خەڵکە حەزیان لێیەتی و شەیدای ئەو ئایسکرێمەن و لەهەمان کاتیشدا خاوەن کارەکان توانیان خۆیان بەناوبانگ بکەن و لەڕێگەی تەلەڤیزیۆنەوە لەلای کەسانی دیکەش بناسرێن.

**دەکرێت هەر شتێك بەلاتەوە شیاوە ئەنجامی بدەیت، بەلام بەمەرجێك سەرنجڕاکیش و داهێنەرانە بێت**

## یاسای چل و حەوتەم

# پەیوەندی لە نێوان شتەکاندا دروست بکە

ئامانجی من دروستکردنی چەند ڕێگایەکی نوێیە لە مێشکی تۆدا. چەند ڕێگایەك کە بیرکردنەوەکانت پێیدا تێپەڕ نەبووە. ئەوەی لەسەر تۆ پێویستە هەڵبژاردنی خاڵی دەسپێك و کۆتایی ڕێگایەکە کە ئەزموونت نەکردبێت. ئەگەر دەتەوێت بگەیتە شوێنێك کە پێشتر پێی نەگەشتوویت، ئەوا دەبێت ئەو ڕێگایە بگریتەبەر کە دەتگەیەنێت بەوێ و لەهەمان کاتیشدا پێشتر ئەزموونت نەکردووە.

هەمان یاسا بەسەر مێشك و بیرکردنەوەکانتدا جێبەجێ دەبێت. بەناو چەند ڕێگایەکی نوێدا گەشتی پێبکە. جگە لەوەی یارمەتی بیرکردنەوە داهێنەرەکەی ئێستات دەدات، دەبێت بە دەستیار و ڕاهێنەرێکیش بۆ بنیاتنانی مێشکێکی داهێنەر و ناوازە بەشێوەیەکی گشتی. کەواتە لەم حاڵەتەدا بە یەك بەرد دوو چۆلەکە دەپێکیت. بابێینە سەر ئەو شوێنە نادیارەی کە دەتەوێت بۆی بڕۆیت، ئەگەر یەکێك لەو خاڵانەی – مەبەستمان خاڵی دەسپێك و کۆتایە – کە دیاریت کردووە ئاشنا بن بە تۆ و بیانزانیت، ئەوا هیچ جیاوازیەك لەتۆدا ڕوونادات. کەوایە یەکێك لەو خاڵانە بکەرە پڕۆژەوە و بیری لێبکەرەوە، دەتوانیت خاڵی دەسپێکت لە نۆژەنکردنەوەی ژووری میواندا بخەیتەڕوو، یان لە نووسینی پارچە مۆسیقایکەدا، یان ڕێکخستنی ڕێوڕەسمێکدا. تا ئێرە باش هاتووین. ئەی باشە چی بۆ خاڵی کۆتایی دادەنێیت ؟

ماسی، دڵخۆشی، کڵاو ، گەرمبوونی زەوی، فەلسەفەی کارڵ مارکس یان مۆری پۆستە. بەڵێ بەڕاستمە، فەرهەنگەکە بکەرەوە و وشەیەك

هەڵبژێره کە پەیوەندی بە بابەتەکەی خۆتەوە هەبێت. وشەیەك دەستنیشان بکە کە مێشکت بخاتە جووڵە و لەو تەمبەڵیەی تێیدایەتی ڕزگاری بکات. مۆری پۆستە چیت بیردەخاتەوە ؟ شتێکی بچووك، توانای لکانی هەیە بە شتێکی دیکەدا، زۆربەی جار لە یەك ڕەنگ پێکدێت، سووچەکانی بازنەییە و لە کاغەز دروستکراوە و ......... ئێستا هەوڵبدە هەندێك لەم پەسنانە بۆ پرۆژەکەی خۆت بەکاربهێنە. من ناڵێم ژوورەکەت بە مۆری پۆستە ڕەنگ بکە – چونکە چەندین ساڵی پێدەچێت – بەڵام دەتوانیت سووچی سەرین و پەردەی ژوورەکەت وەکو مۆری پۆستەکە چەماوە یان بازنەیی بێت، یان چۆن مۆری پۆستەچی توانای لکانی بەشتی دیکەوە هەیە تۆش دەتوانیت چەند وێنەیەك بهێنیت و لە ژوورەکەتدا هەڵبواسی بە دیوارەکەدا.

تێگەشتیت؟ ئەگەر بەشێوازی پێشوو بیرت لە بەکاهێنانی مۆری پۆستە بکردایەتەوە دەگەشتیە هەمان ئەنجام؟ نەخێر. لەبەر ئەوەی ڕێگای نوێت دۆزیەوە بۆ بەکارهێنانی تایبەتمەندیەکانی مۆری پۆستە بۆیە گەشتیت بە چەند ئەنجامێکی جیاواز. ئەگەر زۆریش لەسەری بڕۆیت لەوانەیە بگەیت بە بیرۆکەیەك کە کەس نازانێت لە مۆری پۆستەوە هێناوتە. مەبەستەکە لێرەدا کردنەوەی مێشکە بە ئاڕاستەی چەندین ئەگەردا کە پێشتر پێیدا تێپەڕنەبووە و لەهەمووشی گرنگتر دۆزینەوەی پەیوەندیەکە لەنێوان دوو شتی تەواو لێکجیاوازدا.

بێ شك و گومان ناتوانیت هەموو تایبەتمەندیەکی مۆری پۆستە بکەیت بە بیرۆکەیەك و بۆ ڕازاندنەوەی ژوورەکەت بەکاریبهێنیت، چونکە ئەگەر وا بکەیت ژوورەکەت تێکدەچێت بەسەر یەکدا. لەڕاستیدا ئەگەر من و تۆ



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

هەردووکمان بیر لە هەمان شت بکەینەوە ناگەینە هەمان ئەنجام. کەواتە مەبەست و ئامانجی ئەم ڕاهێنانە زۆرکردن و پەستان خستنەسەر مێشکمانە تا داهێنەرانە و جیاواز بیربکاتەوە. بەهۆی ئەم جۆرە مەشقەوە هەم توانیت ژوورێکی جیاواز و سەرنجڕاکێش بڕازێنیتەوە، هەم توانیت هانی مێشکت بدەیت تا زیاتر بکرێتەوە و ئازادانە ئەسپی خۆی تاوبدات.

## ماسی، دڵخۆشی، کڵاو ، گەرمبوونی زەوی، فەلسەفەی کارڵ مارکس یان مۆری



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ياسای چل و هەشتەم

# هەڵە بکە

ئەو کاتەی کۆمپانیای " M۳ " دەیوست پـەرە بـە کـەتیرەکـەی بـدات و توانای لکاندنی زیـاتر بکـات، کارمەنـدێك هەڵەیـەکی کـردوو بـووە مایـەی دروستکردنی کەتیرەیـەك کـە هـیچ کـەڵکێکی نـەبوو، توانـای نووسـاند و لکاندنی نەبوو. ئایا ئەو ڕووداوە هەڵەیەکی گەمژانە و بێسوود بوو؟ نەخێر بەپێچەوانەوە. ئـەو هەڵەیـە بـوو بـە یـەکێك لـە هۆکارەکـانی دامەزرانـدنی کۆمپانیای " پۆست ئت نۆت "

کاتێك ئەلێکساندەر فلێمینگ خـەریکی پەرەپێـدانی بـەکتریا بـوو لـەناو ئاپێکی پەپکداردا، تێبـینی ئـەوەی کـرد کـە قاڵبەکـە هـەم بـەکتریاکان دروست دەکات و هەم لەناویشی دەبات. ئایا ئەمە هەڵەیـەکی ئومێدبڕبوو کە هەموو تاقیکردنەوەکانی تێکدا؟ نەخێر. ئەلێکساندەر بڕیاریدا زیاتر لـە "هەڵە "کـەی بکۆڵێتـەوە، دواتـر بـۆی دەرکـەوت کـە قاڵبەکـە سـوودێکی هەیە و ئەویش لەڕێیەوە توانی پەنسیلین بدۆزێتەوە.

ترسان لە هەڵە یەکێکە لە گەورەترین بەربەسـت لەبـەردەم بیرکردنـەوەی داهێنـەردا. لەڕاسـتیدا شـتێك بـەناوی ڕاسـت یـان هەڵـە لـە بیرکردنـەوەی داهێنەردا نییە، بەڵام هەموومان هەر لە منداڵیـەوە پێمـان گـوتراوە "کـارە ڕاستەکان" بکـەین و "هەڵـە ئـەنجام نـەدەین". بـەبیرت دێـت لەبـەر ئـەو هەڵانەی کە کردبووت مامۆستاکەت نمرەی کـەمی پێدایت ؟ بینینی هەڵـە وەکـو شـتێکی خـراپ لـە کلتـوور و کەسـایەتیماندا ڕەگـی داکوتیـوە و دەبێت لە هەموو بوارەکانی ژیاندا خۆمان لە هەڵەکردن بپارێزین.



CamScanner الممسوحة ضوئيا بـ

ترسان لە هەڵە دوژمنی سەرسەختی بیرکردنەوەی داهێنەرە. لەبەر ئەوەی هەڵە نەکەین و شتەکان تێکنەدەین و خراپ دەرنەکەوین وازمان لە تاقیکردنەوەی شتەکان هێناوە و مێشکی داهێنەری خۆمان هەرزانفرۆش کردووە. لە ساڵی ١٩٢٠ کاندا چەندین زانای تر هاوڕێ لەگەڵ ئەلێکساندەردا کاریان لەسەر گەشەپێدانی بەکتریا دەکرد، ئەوانیش هەمان هەڵەیان هەبوو، بەڵام ئەوان زووبەزوو شتەکانیان فڕێدەدا و هەڵەکانی خۆیان دەشاردەوە و دووبارە بە هەمانشێوە دەستیان بە تاقیکردنەوە دەکردەوە. من ناوی ئەلێکساندەر فلێمینگ دەزانم بەڵام ناوی زاناکانی دی نازانم، دەزانیت بۆ؟ چونکە ئەلێکساندەر پەنسیلین دۆزیەوە نەک ئەوان.

کاتێك داهێنەرێك سەرقاڵی دروستکردن و گەشەپێدانی ئامێرێکە، پێش خستنە بازاڕی داهێنانەکە بە چەندین قۆناغ و نموونەی تاقیگەریدا تێدەپەڕێت. هەندێك جار دەیان و بگرە سەدان وەشانی بەرهەمێك دروستدەکرێت پێش ئەوەی بخرێتە ناو کێبڕکێکانی بازاڕەوە. ئەی باشە بۆچی هەر یەکەم نمونە کە دروستیان کرد یەکسەر نایخەنە بازاڕەوە ؟ لەبەر ئەوەی بەرهەمەکەیان هێشتا لەئاستی چاوەڕوانیەکاندا نییە و باش کارناکات. لەڕاستیدا هەندێجاریش لەوانەیە هەر کار نەکات. بەڵام ئایا کارنەکردنی ئامێرەکە، دروستکردنی خودی ئامێرەکە دەکەن بە هەڵە؟ واتە زانا یان گەشەپێدەرەکە هەڵە بووە کە ئەو کامێرەی دروستکردووە ؟ بەدڵنیاییەوە نەخێر. کارنەکردن و شکست قۆناغێکن لە قۆناغەکانی دروستکردنی بەرهەمێکی باش و شیاو و دەبێت یەك بە یەك پیایدا سەربکەویت. ئەگەر ئەو زانایانەش لە یەکەم هەڵەیانەوە وازیان لە

کارەکەیان بهێنایە ئەوا ئێستا نە ئۆتۆمۆبێلمان دەبوو، نە مۆبایل، نە ئامێری دوورین و نە ئامێری لەبەرگرتنەوە.

هەڵە و شکست پەیامێکیان پێیە، واباشترە گوێیان بۆ شل بکەیت. ئەوان پێت ناڵێن کە تۆ کەسێکی شکستخواردوو و دۆراویت. بەڵکو پێتدەڵێن کە بەربەستێکت لەبەردەمدایە و ئەگەر بتەوێت ببیتە کەسێکی سەرکەوتوو دەبێت یەک بە یەک بەسەر ڕێگرەکاندا زاڵببیت.

چی تر؟ هەموو ڕێگرێك زۆرتلێدەکات تا داهێنەرانە بیربکەیتەوە و هەوڵی دۆزینەوەی شیکارێك بۆ هەڵەکانت بدەیت. کەواتە بەم شێوەیە ڕێژەی ئەندێشە و توانای خەیاڵکردنت لە بیرکردنەوەکانتدا زیادکرد، ئەمەش شتێکی باشە، چونکە ئەگەر ئەو هەڵەیەت نەکردایە، ئەوا بە ئەگەرێکی کەم دەگەشتیت سەرکەوتن. دواتر بەشێوەیەکی چڕ و پڕ باسی چارەسەرکردنی کێشە دەکەین. پەیامی من لێرەدا لەباوەشگرتنی هەڵەکان و شەرم نەکردنە لێیان.

**لەڕاستیدا شتێك بەناوی ڕاست یان هەڵە لە بیرکردنەوەی داهێنەردا نییە**



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## یاسای چل و نۆیەم

# لە مانای گونجان تێبگە

چەندین ساڵە تێبینی ئەو کەسانە دەکەم کە لە بیرکردنەوەدا داهێنەرن. پاشان بۆم دەرکەوت کە ئەو کەسانە شتێك تێدا نییە بەناوی "گونجان". ڕاستە لەوانەیە کەسی شازی تێبکەوێت، هەم داهێنەر و هەم گونجاو بێت، بەڵام زۆربەیان گونجاو نین. ڕاستیەکان پێمان دەڵێن جیهان و مرۆڤایەتی پێویستی بە کەسی داهێنەرە تا پێشبکەوێت. هەر لە دروستکردنی ڕم و کردنەوەی ئاگرەوە بیگرە هەتا داهێنانە سەرسوڕهێنەرەکانی تری ئەم سەردەمە. زۆربەی ئەو کەسانەی توانای داهێنان تێدایە لەکۆتایدا کارێکی بەرچاو ئەنجام نادەن، چونکە هێندەی بەرگری و لەخۆیان دەکەن و بیرۆکەی خۆیان بەڕاست دەزانن، ئەوەندە هەوڵنادەن سوود لە زانیاری و بیرۆکەکانی کەسانی دی وەربگرن، لە چاڵی خۆبەزلزانیدا چەقیون. وە هەروەها دوبارە ژیان پێویستی بە کۆمەڵە خەڵکێکە تا ئەم داهێنان و بیرۆکانە قبوڵبکەن و کاری پێبکەن. ئەم کەسانە لەوانەیە بیرکردنەوەکانیان هێندە داهێنەر نەبێت، ئەسڵەن دەکرێت هێندە زیرەکیش نەبن، بەڵام ئەم مرۆڤانە بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگان و هەمان ئەو کەسانەن کە کار بە زانیارەکەیان دەکەن و خۆیان و کەسانی دیکە پێشدەخەن و گۆڕانکاری بەرچاو دروست دەکەن.

بەشێکی زۆری ئەم خەڵکە "قایلبوون" لە گونجان و ڕێکەوتندا دەبینن. ئەمەش ئەو هۆکارەیە کە وایان لێدەکات بە کۆمەڵ بکرێنەوە بەڕووی

بیرۆکەی نوێدا و هەموویان وەکو یەك بیرۆکەکە بەکاربهێنن. بەکورتی ئەگەر بیانەوێت چالاکتر بن ئەوا بەهەرەوەزی و پێکەوە کار دەکەن.

بەڵام ئەگەر تۆ داهێنەرێکی سروشتی بیت - کە بە هەوڵ و کۆششی خۆت گەشتبیتە بەو پلەیە - ئەوا ناتوانیت گوێبدەیت بەوەی خەڵك چۆن بیر لە داهێنانەکەی تۆ دەکەنەوە. زۆربەی خەڵك دژایەتی گۆران دەکەن، بۆیە ئەگەر گوێیان بۆ بگریت ئەوا لە بیرۆکە سەرنجراکێش و بلیمەتەکانت سارد دەبیتەوە. لەناو توێژینەوەکانی د.مێرێدیپ بێلبین کە لەبارەی کاری بەکۆمەڵەوەیە، کەسی داهێنەری بە ڕووەکی ناو کۆمەڵگا چواندووە. لەدرێژەی قسەکانیدا بێلبین دەڵێت کە ئەمجۆرە کەسانە هەوڵدەدەن خۆیان مامەڵە لەگەڵ پلەبەندی ناو کۆمەڵگا و سیستەمە وشکەکانی وەکو بیرۆکراسیدا بکەن. بۆیە زۆربەی جار ئەم کەسانە سەربەخۆ و ڕێبەدەر و بگرە بێزراویشن. بە کورتی و پوختی ئەگەر کۆمەڵگایەك خوازیاری پێشکەوت بێت دەبێت بەشێکی زۆری کەسی ئاسایی و مورتاح و بەشێکی کەمیشی کەسی ماندوونەناس و تێکۆشەر بن.

تەنها لەبەر ئەوەی کەسێك بەسروشتی خۆی گونجاو نییە، ناتوانیت بڵێت لە ژیانیاندا گونجان قبوڵ ناکات. کەس نییە لەژیانیدا - بۆ جارێکیش بێت - گونجاو نەبێت. ئەگەر بەیانیان جلوبەرگ بپۆشیت و ددانەکانت بشۆیت و لەسەر ئەو ڕێگایەی بۆت دیاریکراوە بڕۆیت بۆ سەر کار، ئەوا تۆ کەسێکی گونجاویت و بەپێی یاسای بەکۆمەڵ دەجوڵێیتەوە. بەڵام ئەمجۆرە مرۆڤە لەبەر خودی گونجان نابن بە کەسێکی گونجاو، بەڵکو لەبەر ئەوە دەبن چونکە هیچ گرنگیەك نابینن لە جیاوازبووندا، بۆیە وەکو خۆیان بە گونجاوی دەمێننەوە ناگۆڕێن.



CamScanner الممسوحة ضوئيا بـ

ئازادی بۆ ئەوان زۆر پێویست و گرنگە، دەبێت ڕزگاربکرێن لەو ڕێگرانەی کە ڕێگەی بە بیرکردنەوە داهێنەرەکەیان گرتووە. ئەگەر جارێک بیرۆکەیەکت نەدرکاندبێت لەبەر نەگونجانی لەگەڵ داب و نەریت و کۆمەڵگاکەدا، ئەوا توانای داهێنان و نوێگەریت گورزێکی کوشندەی بەرکەوتووە.

کەوایە ئەگەر دەتەوێت گەشە بە کارامەیی بیرکردنەوە داهێنەرەکانت بدەیت دەبێت بەباشی خۆتی بۆ ئامادە بکەیت. ئەگەر وافێرکراویت کەسێکی گونجاو بیت و لەگەڵ کەسانی دەوروبەردا هیچ کێشەیەکت نەبێت، ئەوا تۆ هەوڵدانی زیاترت پێویستە. پێویست ناکات هەستی کەسی دیکە بریندار بکەیت، یان ڕەق مامەڵە بیت لەگەڵیاندا، بەڵام بیرۆکەی خۆت هەبێت، بیرۆکە سەردەکێشیت بۆ داهێنان و داهێنانیش بۆ گۆرانکاری. زۆربەی جار خەڵک دوای ماوەیەکی زۆر گۆڕان قبوڵ دەکەن، بۆیە ئەگەر لەسەرەتاوە قبوڵیان نەکرد بێ هیوا مەبە.

**ئەوا ناتوانیت گوێبدەیت بەوەی خەڵک چۆن بیر لە داهێنانەکەی تۆ دەکەنەوە**



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

بەشی شەشەم

# چارەسەرکردنی کێشە

ئەگەر کێشەیەکی قورس و جدیت لەپێشدایە، ئەوا دەبێت داهێنەرانە بیربکەیتەوە تا چارەسەری بکەیت. ئەم بەشە بە جیا کردووەتەوە لەگەڵ بیرکردنەوەی داهێنەردا، چونکە چارەسەرکردنی کێشە بەرپەرچدانەوەی لەگەڵدایە. بە ئارەزووی خۆت نییە. دەبێت چارەسەری کێشەکانت بکەیت، چونکە هەندێك رێگر هەیە نابێت فەرامۆشیان بکەیت، بەڵکو دەبێت تێیان بپەڕێنیت. وە بۆ دۆزینەوەی چارەسەریش جگە لە بەکارهێنانی مێشکت هیچ رێگایەکی دیکەت لەبەردەمدا نییە.

لە بەشی پێشوودا باسی ئەوەمان کرد کە چۆن چێژ لە بیرکدنەوەکانت وەربگریت و دوایان بکەویت تا ئەو شوێنەی دەتبەن. لەم بەشەدا بەتەواوی دەزانیت لەکوێ بیت و چی بکەیت، بەڵام گەشتن بە شوێنەکە قورسە. دەزانیت دەبێت خەرجیەکانت کەمبکەیتەوە، پەیوەندیت باشتر بکەیت، یان مامەڵە لەگەڵ ئەو هەموو کارەدا بکەیت کە بەسەرتدا دراوە، بەکورتی کێشەکە دەزانیت، بەڵام چارەسەرەکەی نا. کێشەکە هەرچەند گەورە یان بچووك بێت ناتوانیت تەنها بە کاری زۆر و خۆماندووکردن، بە پارە یان بە هەرشتێکی ماددی دیکە چارەسەری بکەیت. بەڵکو دەبێت تێڕابمێنیت و بیربکەیتەوە. لەم نێوەندەدا فەرامۆشکردنی کێشە یەکێکە لە هەڵبژاردەکان.

بۆیە پێویستت بە دەستەیەك لە یاسا و رێسایە تا لەم حاڵەتانەدا یارمەتیت بدات. لەم بەشەدا بیرکردنەوەی داهێنەر دەخەینە لایەکەوە و بەکاری ناهێنین، چونکە چەند یاسایەکی تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشە هەیە و لەم بەشەدا ...

یاسای پەنجایەم

# مێشکت لە بیرکردنەوە نەرێنیەکان پاک بکەرەوە.

هەر کێشەیەکت هەبێت، گەورە بێت یان بچووک، پێویستت بە مێشکێکی ساف و لەسەرخۆیە تا چاسەری بۆ بدۆزیتەوە. هەروەکو لە یاسای ٤٢مدا بینیمان، دەبێت لەکاتی شیکارکردنی کێشەکاندا لەبارێکی تەندروستی باشدا بیت، دەبێت تەندروستانە بیربکەیتەوە. چارەسەکردنی کێشە لقێکە لە بیرکردنەوەی داهێنەر، بۆیە یاساکانی بەشی بیرکردنەوەی داهێنەر بۆ ئێرەش دەگونجێت. بەلاّم لەکاتی دروستبوونی کێشەدا کردارێك هەیە کە بەزەحمەت دەتوانی بەسەریدا زالّ ببیت، ئەویش زەنگە نەرێنیەکانی مێشکە، زەنگێك کە وادەکات هەموو هەست و بوونت بکەونە ژێر باری ڕەشبینیەوە. بێ گومان ئەم بیرکردنەوانە هیچ سوودێکیان نییە، سەرەڕای ئەوەش کارەکەت لەسەر قورستر دەکەن.

بێ گوێدانە چۆنیەتی ئەو ژیانەی کە تێیدایت، هەر جارێك کێشەیەکت ڕووبەڕوو دەبێتەوە تووشی دلّتەنگی، تووڕەیی، خەمخواردن و پەسنان دەبیت. بەداخەوە ئەم هەموو هەستە دۆزینەوەی چارەسەرت لەسەر قورستر دەکات. تۆ دەتەوێت ڕووە داهێنەرەکەی مێشکت ببینیت بێ ئەوەی هیچ کاریگەریەکی نەرێنی لەسەر بێت، بەلاّم لەهەمان کاتدا



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

پەستە نەرێنییەکان کاریگەرییەکی یەکجار گەورەن لەسەر بیرکردنەوەکانت.

لەکاتی خەمخواردن و بێئومێدبووندا " خەم مەخۆ " ناخۆشترین شتە کە لەلایەن خەڵکەوە پێت دەگوترێت. بەگومانم لەوەی لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەم " خەم مەخۆ "یە ناخۆشی و خەمی لە دڵی کەس دەرکردبێت، بەهەمان شێوە چەند شتێکی دی وەکو " تووڕە مەبە "، " دڵتەنگ مەبە " و " ئارامە بە "ش بەکاردەهێنن. ڕاستە لەوانەیە ئەو قسانە لەخۆتەوە بیبیستیت بەلاتەوە ئاسایی بێت، بەڵام کە کەسێکی دی پێی گوتبیت لەسەرت قورس دەبێت. دارێکی جادوویم پێنییە و کێشەکانت بۆ چارەسەر بکەم، بەڵام دەتوانم چەند ڕێنماییەکت بکەم.

لەسەرەتاوە دەبێت هەمیشە کەشێکی شیاو و لەبار هەڵببژێریت. ئەگەر پەستانیشت لەسەر بێت دەبیت زووبەزوو ئەو پەستانە لەسەر مێشك و بیرکردنەوەکانت لاببەیت. بۆیە دەتوانیت بڕۆیتە دەرەوە و پیاسەیەك بکەیت، یان لە ژوورێکدا دابنیشیت و مۆسیقایەکی ئارام پێبکەیت. ئەگەر ناتوانیت بەم کارانە هەڵبستیت ئەوا بەلایەنی کەمەوە مۆبایلەکەت بکوژێنەوە، یان پەیوەندیە تەلەفونیەکانت ڕابگرە، دەرگای ژوورەکەت دابخە یاخود بەتەنها بۆخۆت لە ئۆتۆمۆبێلەکەدا دابنیشە. بە کورتی تۆزێك بوار و کاتی تایبەت بەخۆت بدە.

چەند ڕاهێنان و چالاکی هەن کە بۆ ماوەیەکی کاتی مێشکت ئاسوودە و ئارام دەکەن. لەوانەیە ئەوەی مێشکی تۆ ئارام دەکات مۆسیقا و گۆرانی بێت، یان شیکارکرنی مەتەڵێك، یاخود ئاودانی گوڵەکانی باخەکەت و



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

ئەنجامدانی یۆگا بێت. هەستە بەئەنجامدانی چالاکیەك کە مێشکت لە کاریگەری هەستە نەرێنیەکان دووردەخاتەوە.

هەرکاتێك توانیت بوارێك بۆ حەسانەوەی مێشکی خۆت برەخسێنیت، بیڕەخسێنە. کات چەکێکی زۆر بەهێزە، چەکێکە کە پەستان و خەمەکان لەناودەبات. ئەگەر کات بەشێوەکەی ڕەها کێشەکانی بۆ چارەسەر نەکردیت، ئەوا هیچ نەبێت کەمێك لەسەرت ئاسان دەکات و سوکناییەك بە دڵ و دەروونتدا دەهێنێت. وەستان و وازهێنان لە کێشە بۆ کاتێکی دی لە هەندێك حاڵەتدا سوودی دەبێت. بۆ نمونە ئەگەر تووڕەیت لەوانەیە بەیانی یان هەفتەکەی دی تووڕەییەکەت بڕەوێتەوە. هەندێك جاریش کات ڕوانگەیەکی ترت پێدەدات تا لێیەوە تەماشای کێشەکان بکەیت. هەندێجار وادەزانیت کە ئیدی ئەم کێشەیەی تووشی تۆ بووە دەرمانی لە هیچ شوێنێك نییە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات بۆت دەردەکەوێت کە ئێجگار بەو شێوەیە نەبووە. هەندێك جاریش ئەگەر زۆر چاوەڕێ بکەیت لەوانەیە کێشەکە خۆی چارەسەر ببێت. من نالێم بۆ هەموو کێشەکانت دۆزینەوەی چارەسەر دوابخە، بەڵام ئەگەر وازلێهێنان بۆ ماوەیەکی کاتی سوودت پێبگەیەنێت بۆچی نا؟

ئەگەر زۆر هەستیاریت لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانتدا ئەوا دەتوانیت پلانی بی بەکاربهێنیت، دەتوانیت چارەسەرێکی کاتی وەکو جێگرەوەیەکی چارەسەرە ڕاستیەکە دابنێیت. من پێت نالێم هەر کێشەیەکی هەبوو یەکسەر بەشتێك جێیبگرەوە، بەڵام ئەگەر شتێکی لەو جۆرە هەبێت، هەم پەستانت لەسەر کەم بکاتەوە و هەم خەم، بۆ بەکارینەهێنیت؟



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

لە کۆتاییشـدا بـاوەڕت بـەخۆت هـەبێت کـە دەتوانیـت چارەسـەرێك بدۆزیتەوە. ئەگەر بزانیت کەسێك هەیە و دەتوانێت دەستی یارمـەتیت بـۆ درێژ بکات، ئەوا هەست بە دڵخۆشی و ئارامیـەکی زیـاتر دەکـەیت. ئەگـەر باوەڕت بـە دۆزینـەوەی چارەسـەر هـەبێت، ئـەوا دەیدۆزیتـەوە. ( بـۆ تێگەشتنی زیاتر دەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ یاسای سی و نۆیەم )

**تۆ دەتەوێت ڕووە داهێنەرەکەی مێشکت ببینیت بێ ئەوەی هیچ کاریگەریەکی لەسەر بێت**

یاسای پەنجا و یەکەم

## بزانە دووچاری کێشە بوویتەتەوە، یان حاڵەتێکی چارەسەر نەکراو

چەند ساڵێک لەمەوپێش هاوڕێیەکم تووشی گرفتێکی دارایی گەلێک گەورە بوویەوە. لەکاتی قەیرانە گەورەکەی ساڵی ٢٠٠٨دا ڕووبەڕووی ئەم گرفتە داراییە بوویەوە، بۆیە قەرزێکی ئەوەندە گەورەی هاتەسەر دەبوایە خانوو و پارەی بانکی و هەموو شتێکی دی لە ڕەهندا دابنێت.

هەمیشە کە دەمبینی باسی ئەو فەرمان و نامە و ئاگادارکردنەوانەی دادگای بۆ دەکردم کە گوایە بەیەکجاری دەستبەسەر ماڵ و سامانیدا دەگرن. نەیدەزانی چۆن چارەسەر بۆ ئەم کێشەیە بدۆزێتەوە. قەرزە بچووکەکانی دابویەوە، بەڵام لە کەناردا چەند قەرزێکی گەورەی بانکی مابوو کە دەبوایە لە ماوەیەکی کەمدا بۆیان بگەڕێنێتەوە. من و دوو سێ هاوڕێی تری پێمانگوت ئیفلاسبوونی خۆی ڕابگەیەنێت و قەرزەکان هەمووی بداتەوە، دواتر دەتوانێت لە سەرەتاوە دەستپێبکاتەوە و لەوانەیە بە ماوەی دوو بۆ سێ ساڵ بگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی.

بەڵام ڕەتیکردەوە. ئەو واهەستی دەکرد عەیب و شوورەییە ئیفلاسبوونی خۆی ڕابگەیەنێت و بۆ هەمیشە دەبێتە پەڵەیەك بە ناوچاوانیەوە. بۆ چەندین مانگ بەم شێوەیە بوو و لە کۆتایدا دووچاری پەستان و دڵتەنگیەکی زۆر گەورە بوویەوە. بەهەمان شێوە بەهۆی زیادبوونی ڕێژەی سووی بانکەکانەوە دووبارە کەوتەژێر قەرزێکی ئێجگار گەورەوە.

دەزانن دوایی چی کرد؟ مێشکتان بۆی دەچێت؟ بەڵێ لەکۆتایدا ئیفلاسبوونی خۆی ڕاگەیاند. هەر لە سەرەتاوە تووشی کێشەیەك هاتبوو کە توانای چارەسەرکردنی نەبوو، ئەو دەیویست شتێکی ئەستەم ئەنجام بدات، بەڵام نەیدەتوانی. لە ناخی خۆیدا دەیزانی کە بە هیچ جۆرێك توانای قوتاربوونی لەم بارودۆخە نالەبارە دارایی نییە، بەڵام دەیویست باوەڕ بەخۆی بهێنێت کە ئەو دووچاری کێشەیەکی ئاسایی و ئاسان بووەتەوە نەك کێشەیەك چارەسەرکردنی ئەستەم بێت.

دوابەدوای ڕاگەیاندنی ئیفلاسبوونی بەشێوەیەك باشبوو کە خۆی و ئێمەش سەرمان لێی سووڕما. ئەو هەستە نەرێنیەی کە وەکو بارێك وابوو بەکۆڵیەوە لەسەر خۆیی لابرد و ئیدی وازی لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو حاڵەتە ئەستەمە هێنا. ئەو جەنگە وێرانکەر و خاپوورکەرە دەروونیەی تێی کەوتبوو لە خودی ئیفلاسبوونەکە خراپتربوو. نزیکەی ساڵێکی تەمەنی لە خەم و خەفەتدا بەباچوو، دواتر دەیگوت خۆزگایە زووتر ئیفلاسبوونی خۆم ڕابگەیاندایە.

دەزانم کە لە یاسای پێشووتردا پێم گوتی "ئەگەر باوەڕت بە بینینەوەی چارەسەر هەبێت بۆ کێشەکەت، ئەوا دەیدۆزیتەوە." بەڵام پێش هەموو شتێك دەبێت بزانیت ئەو حاڵەتەی دووچاری بوویت کێشەیەکی ڕاستیە؟ یان ئەستەمێك کە وێزەی نایەیت؟ بێ گومان لەوانەیە تۆ بڵێیت چارەسەر بۆ کێشەی هاوڕێکەم هەبووە، بۆ نمونە دەیتوانی وڵات جێبهێڵێت، بەڵام ئەو هەڵهاتنە زۆر بە قورسی بەسەریدا دەشکایەوە، دەبوایە بیگوتایە "من ئیفلاسبووم" چونکە هەرچۆنێك و بەهەر مێشکێکی داهێنەرانە بیرت لێبکردایەتەوە دەگەشتیتە هەمان ئەنجام. ئەگەر دوای چەندجارەی



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

بیرکردنـــەوەکانت گەشـــتیتە هـــەمان ئـــەنجام، ئـــەوا دەبێـــت واز لـــە بیرکردنەوەی داهێنەرانە بهێنیت و مێشکی خـۆت زیاتر ماندوو نەکەیت. هەندێجار تووشی حاڵەتێك دەبیت کە پێویستی بە نوشتۆکی، ڕاستگۆیی، ئاگاداری و ئازایەتی هەیە. بۆیە وەهمێکی بێسوود دروست مەکە و خۆت مەخەڵەتێنە.

**هەندێجار تووشی حاڵەتێك دەبیت کە پێویستی بە نوشتۆکی، ڕاستگۆیی، ئاگاداری و ئازایەتی هەیە**

## یاسای پەنجا و دووەم

# بزانە چارەسەر بۆ کام کێشە دەدۆزیتەوە

بۆ ئەوەی ببیتە خاوەن کارامەییەکی باش لە بیرکردنەوەدا، دەبێت هەر لە مێشکی خۆتدا بیرکردنەوەکانی خۆت لێکبدەیتەوە. بیرکردنەوەی پەرشوبڵاو دوژمنێکە کە بەلایەنی کەمەوە بێبەرهەم و بەلایەنی زۆریشەوە دەتخاتە نێو بارودۆخێکەوە کە زۆر لەوەی ئێستات قورستر و نالەبارترە. بەم ڕاستیە ناگەیت تا بە باشی و داهێنەرانە بیر لە کێشەکەت نەکەیتەوە.

دەبێت بە تەواوی بزانیت کێشەکەت چییە و بۆچی پێویستی بە چارەسەرکردنە. تەماشاکە، وادانێ بەتەمایت بڕۆیت بۆ شوێنێک تا پشووی هاوینە لەوێ بەبەیتەسەر، هەموو کەلوپەلەکانت خستووەتە سندوقی ئۆتۆمۆبێلەکەوە و گشت دەرگاکانت بە قوفڵ داخستووە و هەموو شتێک ئامادەیە. بەڵام حاڵەتێک دێت بەسەرتدا کە زۆر بێئومێدت دەکات، تەماشا دەکەیت ئۆتۆمبێلەکەت کار ناکات. باشە چۆن ئەم کێشەیە چارەسەر دەکەیت؟

بوەستە یەک خولەک، باس لە کام کێشەیە دەکەیت؟ چونکە دوو کێشەت هەیە، یەکەمیان ئەوەیە ئۆتۆمۆبێلەکەت کار ناکات، دووەمیشیان بەتەمایت بڕۆیت بۆ شوێنیکی تر. ئەگەر دەتەوێت کێشەی یەکەم چارەسەر بکەیت ئەوکات دەبێت پەیوەندی بە فیتەرێکەوە بکەیت، یان کەلوپەلی چاککردنەوەی ئۆتۆمۆبێل دەربکەیت و بۆنیدەکە هەڵبدەیتەوە و هەوڵبدەیت خۆت چارەسەرێکی بۆ بدۆزیتەوە. لەوانەیە ئەم بیرۆکەیە



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

کار بکات، لەوانەشە کار نەکات، بۆ نمونە پێویستت بە پارچەیەکی نوێیە بۆ ئۆتۆمۆبێلەکەت و فیتەرەکەش دەڵێت ئێستا کاتی نییە و بەیانی بۆی دەکرێت. کەواتە دەبێت پەیوەندی بە هەر کەسێکەوە بکەیت کە دەتوانێت کێشەکەت بۆ چارەسەر بکات، یان تەلەفون بۆ سەریانگا بکەیت و گەشتەکەت دوابخەیت، یاخود هەموو کەلوپەلەکان لە ئۆتۆمۆبێلەکە دەربکەیت و بچیت تەماشای فیلمێك بکەیت.

یان هەوڵدەدەیت کێشەی دووەمت چارەسەر بکەیت، ئەو کێشەیەی کە دەبوایە ئێستا لە سەیرانگا بوویتایە و خۆشیت ببینیایە نەك بەدیار چاککردنەوەی ئۆتۆمۆبێلەکەتەوە دۆشدامابیت. دوابەدوای ئەوەی زانیت کە ئۆتۆمۆبێلەکەت چاك نابێتەوە پێویستە بیر لە دەستخستنی شتێکی دی بکەیتەوە تا بتگەیەنێت بە شوێنی مەبەست. دەتوانیت دوای ئەوەی لە گەشتەکە هاتیتەوە ئۆتۆمۆبێلەکەت چاك بکەیتەوە، یان داوا لە کەسێکی دی بکەیت ئەو کاتەی تۆ لێرە نیت ئەو بیبات و بۆت چاکبکاتەوە. ئێستا دەتوانیت ئۆتۆمۆبێلێك بەکرێ بگریت؟ یان لە هاورێکەتی قەرز بکەیت؟ ئایا بەس بە ئۆتۆمۆبێل دەتوانیت بگەیتە شوێنی مەبەست یان بە پاس و شەمەندەفەریش دەتوانیت؟ تەماشاکە، لێرەدا کێشەیەکت تووشبووە کە لەگەڵ کێشەی یەکەمدا زۆر جیاوازە. کەیفی خۆتە کام کێشەیان چارەسەر دەکەیت، بەڵام ئەگەر ناتوانیت بەباشی بیریان لێبکەیتەوە، ئەوکات چۆن دەزانیت توانای چارەسەرکردنی کام کێشەیانت هەیە؟ زۆربەمان بەهۆی بیرکردنەوەی پەرشوبڵاوەوە بێئومێدیەکی گەورەمان تووشدەبێت، یان کێشەیەکی بچووکمان لێدەبێت ئەژدیها و چارەسەرمان بۆ نادۆزرێتەوە. باشترین

ڕێگە تا بگەیت بە چارەسەرێك ئەوەیە بەتەواوی هەموو گرێیەکانی داوەکە بکەیتەوە و بزانیت پێویستە کامیان چارەسەر بکەیت، یان هیچ نەبێت کامیان یەکەمجار چارەسەر بکەیت. شیکارکردن و بینینەوەی چارەسەر بۆ کێشە شیاوەکە زۆربەی جار باری ئەوانی دیکەت لەسەر سوك دەکات، یان بەلایەنی کەمەوە کێشەکانی ترت بەجوانی تێدەگەیەنێت.

کاتێك زۆر بەپەلەین ئیدی هەموو شتێکمان لەپێشچاو ڕەش دەبێت و هەستە نەرێنیەکان تەزووی کاریگەری خۆیان بە مێشکماندا هاتوچۆ پێدەکەن. بەگوێرەی سروشتی خۆمان ئەگەر ئۆتۆمۆبێلەکە خراپ بووبێت ئەوا بەزووترین کات دەبێت چاکی بکەینەوە و بەڕێبکەوین بۆ گەشتەکەمان. بەڵام ئەگەر لە مێشکتدا حاڵەتێك بۆ خۆت دروستبکەیت کە تێیدا بۆ چەند ڕۆژێك پێویستت بە ئۆتۆمۆبێلەکەت نەبێت، ئەوکات کێشەت بۆ دروست دەبێت ئەگەر تا چەند ڕۆژێکی دیکە چاك نەبێتەوە؟

## بیرکردنەوەی پەرشوبڵاو دوژمنە

یاسای پەنجا و سێیەم

# با مێشکت کراوە بێت

لە شوێنکارەکەی خۆماندا گروپێکمان دروستکردبوو و دەمانویست بیرۆکە بە ستافەکەمان بدەین تا چارەسەری ئەو کێشەیە بکەین کە تووشمانبووبوو. لەو کاتەدا بە شێوازی زریانی بیرۆکە پێشنیاری خۆمان دەخستەڕوو، زریانی بیرۆکە ڕێگایەکە لە ڕێگاکانی بیرۆکەپێدان کە باوەش بۆ هەموو بیرۆکەیەك بەبێ جیاوازی دەکاتەوە ئەگەرچی نەرێنی و بێسوودیش بێت. ئەندامێکی گروپەکە هیچ لە بیرۆکەکانی قبووڵنەدەکرد و هەموویانی ڕەتدەکردەوە. زۆر حەزی لێبوو بڵێ " ئەو بیرۆکەیە هەرگیز بەکەڵمان نایەت " و " پێشتر ئەو بیرۆکەیەمان تاقیکردوەتەوە و هیچ سوودێکی نەبووە. " کاتێك پێمگوت کە ئایا خاوەنی هیچ بیرۆکەیەکە تا پێشنیاری بکات، گوتی نەخێر. خۆی هیچ بیرۆکەیەکی نەبوو!

لەبەر ئەوەی ئەم ڕووداوە نمونەی ئەوپەڕی قبوڵنەکردن و بەهەند وەرنەگرتنی بیرۆکەکانی کەسی بەرامبەردا بوو، بۆیە منیش هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە. لەبەر ئەوە ئەندامەکەی پێشوو بیرۆکەکانی ئێمەی قبوڵنەدەکرد چونکە لە بیرکردنەوەی خۆی بەولاوە متمانەی بە بیرۆکەی کەسی دیکە نەبوو. نەیدەتوانی چارەسەرێك لە ئێمەوە قبوڵبکات لەکاتێکدا کە خۆی ئەزموونی نەکردووە و پێیدا تێپەڕنەبووە. ئەو لە خۆمان زیاتر ئاگای لەو هەوڵ و تێکۆشانەبوو کە لەپێناو کۆمپانیاکەدا بەگەڕمانخستبوو، بەڵام لەبواری بیرکردنەوەدا هێندە وشك و ڕەق بوو کە جگە لە بیرکردنەوەکانی خۆی هی ئەندامی دیکەی وەرنەدەگرت.

ئەگەر دەتەوێت داهێنەر و بەمانای وشە بیرکەرەوە بیت، ئەوا نابێت ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە بەکاربهێنیت. دەبێت مێشکت فراوان بێت و باوەش بۆ گۆرانکاری و جیاوازی بکەیتەوە. بێ شک و گومان هەموو بیرۆکەکان باش نین، بەڵام هیچ نەبێت ئەوانە قبوڵبکە کە چاك و بەسوودن.

بەڵێنت پێدەدەم ئەگەر چۆن هاتوویت هەر بەو شێوازە درێژە بە ژیانت بدەیت ئەوا ناگەیتە هیچ شوێنێك. چونکە وابڕوا بۆگەن دەکەیت و دەبەسرێیتەوە بە ڕابردووەوە و لەگەڵ ڕۆنتینەکانی ڕۆژانەتدا دەسوێیت. دەکرێت هەندێك جار بەو شێوەیە بیت، بەڵام ئەگەر زۆر لەسەری بەردەوام بوویت، ئەوا لە پێشکەوتن و سەرکەوتن دەتگێڕێتەوە. ئەگەر مێشکت وشك و داخراو بێت ئەوا لە بارودۆخە خراپەکاندا ناتوانیت خۆت بە ئاسانی دەرباز بکەیت. ئەگەر کێشەت لە باری دارایی، پەیوەندی و شێوازی ژیاندا هەیە ئەوا ناکرێت خۆت بەم شێوازە بیرکردنەوەیە ڕابهێنیت.

جیهان بەردەوام لە گۆڕاندایە. ئەو پەستانەی کە لە شوێنکار وماڵەوە لەسەرتە بە هەمان ڕێژەی ساڵی پار نییە. کەوایە دەکرێت چارەسەر کۆنەکان بەشێوەی پێویست وەکو جاران کارەکانت بۆ بەڕێ نەکەن، لەوانەیە هەندێکیشیانکێشەت بۆ دروست بکەن. پەنجا ساڵ لەمەوپێش ئەگەر بتویستایە بەپەلە نامە بۆ کەسێك بنێریت ئەوا دەبوایە تەلەگرامت بەکاربهێنایە. تەلەگرام بۆ ئەو کاتە باشترین هەڵبژاردە بوو، بەس بۆ ئێستا نەك باشترین، بەڵکو هەر باش نییە. بەخۆشحاڵییەوە هەندێك کەسی داهێنەر توانیان لەڕێی بیرۆکەکانی خۆیانەوە شتێکی نوێ و زۆر خێراتر دابهێنن، ئەویش نامەی ئەلیکترۆنیە.



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

بەڵێ دەزانم ئەم نمونەیەی کە هێنامەوە تا ڕادەیەك شیاو نییە، بەس خۆ ئێمە لە ماوەی یەك شەودا لە تەلەگرامەوە نەگەشتینە نامەی ئەلیکترۆنی. هەندێك کەس دژی پێشکەوتنە تەنکەلۆجیەکان دەوەستنەوە و دەیانەوێت هەر بەشێوازی پێشوومان بژین و ئامێرەکانی پێشوو بەکاربهێنین، بەڵام ئەوان وردە وردە پاشدەکەون، مەگەر ئەوانیش وەکو خەڵکانی دی بگۆڕێن و ڕوو لە گۆڕانکاری بکەن. من و تۆش نامانەوێت پاشبکەوین و دواکەوتووبین. ئێمە دەمانەوێت بە باشترین شێوە ڕووبەڕووی کێشەکانمان ببینەوە و ڕێگای نوێ و هاوچەرخ بەکاربهێنین. ئێمە دەمانەوێت بە یەك بیرۆکەوە نەبەسرێینەوە و لە ڕەچەتەکەماندا چەندین ڕێگای چارەسەری تێدابێت.

کەواتە هەر لە ئێستاوە ڕەچەتەی چارەسەرکردنی کێشەکانت نوێ بکەرەوە هەتا بتوانیت ئەو شێوازە ڕەقە – کە لە قبووڵنەکردنی کەسی بەرامبەردا خۆی دەبینێتەوە – لە مێشکتدا لاببیەت کە خودی خۆی بووە بە کێشەیەك لەناو کێشەکانتدا.

| |
|---|
| **ئێمە دەمانەوێت بە باشترین شێوە ڕووبەڕووی کێشەکانمان ببینەوە و ڕێگای نوێ و هاوچەرخ بەکاربهێنین** |



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## یاسای پەنجا و چوارەم

# متمانە بە یەکەم چارەسەر مەکە

زۆربەی کێشەکان لە یەك چارەسەر زیاتریان هەیە. ئەگەر من چاکەتێکم لەبەردا بێت و کەش و هەوا گەرم بێت ئەوکات دەتوانم قۆڵەکانی لێبکەمەوە و کەمێك فێنکم ببێتەوە. ئەوە چارەسەرێکە، بەڵام خۆ باشترین چارەسەر نییە. ئەگەر تۆزێك زیاتر بیری لێبکەمەوە ئەوکات لەوانەیە چاکەتەکە لابەم.

کێشە ئابوورییەکانت، بەزمەکانی شوێنکارەکەت، یان دەمەقاڵەت لەگەڵ منداڵەکانتدا و شوێن دۆزینەوە بۆ دایکت کە لەکاتێکدا لەگەڵ هیچ کەسێکدا ناگونجێت، هەموو ئەم کێشەیانە لە یەك چارەسەر زیاتریان هەیە. وە زۆربەی جاریش باشترین چارەسەرە ئەوە نییە کە یەکەمجار بە مێشکتدا دێت.

لەبیرت بێت یەکەم وەڵام و چارەسەر کە بە مێشکتدا دێت زۆر بەسوود و گرنگە، بەڵام نابێت وەکو چارەسەری کۆتایی مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت. وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا ئامادەبوونی پلانی بی بۆ کەمکردنەوەی پەستان زۆر باشە و لەهەمان کاتدا ئاسوودەیی بە مێشکت دەبەخشێت و ڕێ بۆ بیرکردنەوەی زیاتر خۆشدەکات. بۆیە هەر چارەسەرێك بەمێشکتدا دێت لە شوێنێکدا بە تێبینیێ بینووسە و بەدوای چارەسەری باشتردا بگەڕێ.

گوێم بۆ بگرە، دەکرێت دۆزینەوەی چارەسەرێکی باش و شیاو کاتێکی ئێجگار زۆرت لێبگرێت. چاوەڕێی ئەوە مەبە یەکسەر باشترین چارەسەر

بێت بە مێشکتدا، یان یەکەم چارەسەر بە باشترین بزانیت. ئەگەر بەم شێوازە بیت ژیانێکی بێسەروبەرت دەبێت. هەرکاتێك دووچاری کێشەیەك دەبیت یەکسەر یەکەم بیرۆکە وەکو چارەسەری کۆتایی وەردەگریت و شتی نوێ تاقیناکەیتەوە. ئایا دەتەوێت هەر بەم شێوازە درێژە بە ژیانت بدەیت ؟ ئایا وابیردەکەیتەوە کە بەم شێوەیە دڵخۆش و سەرکەوتوو دەبیت ؟

ڕاست دەکەیت، ئەگەر کێشەکە بچووك بێت ئەوا هێندە بیرکردنەوەی ناوێت. بەڵام ئاگات لێبێت! ئێمە دەمانەوێت بیرکردنەوەی داهێنەرانە بکەین بە بەشێك لە کەسایەتی و سروشتی خۆمان. ئەگەر بەشێوازێك مەشق بە مێشکت بکەیت تا هەمیشە بە باشترین شێوە بیربکاتەوە، ئەوا بە باشترین شێوە بیردەکاتەوە. وە هەروەها باشترین ڕێگای بەدەستهێنانی چارەسەرێکی باش هەمیشە ڕێگا خێراکە نییە.

باشە چۆن دەزانیت ئەو چارەسەرەی تۆ دۆزیوتەتەوە باشترینە یان نا؟ بۆ ئەم پرسیارە وەڵامێکی ئاسان و ڕوون نییە، بەڵام دەکرێت ئاماژە بە چەند شتێك بکەین. یەکەم ئاماژە ئەوەیە کە چارەسەرە دۆزراوەکە نیشانە لە خودی کێشەکە بگرێتەوە. بۆ نمونە ئەگەر چارەسەرێکت دۆزیبێتەوە بۆ کێشەکەی دایکت، ئەوا دەبێتپێش هەموو شتێك بیرت لە خۆشبەختی ئەو کردبێتەوە. ئەو چارەسەرانەی کە بەم شێوازە نین نابن بە " چارەسەرێکی ڕاستەقینە. " پێویستت بە لیستێکە کە تێیدا لایەنە بنەڕەتی و بنچینەییەکانی چارەسەرێکی باشی تێدا دیاری بکەیت.

خۆت لەگەڵ ئەم بنەمایەدا ڕابهێنە : هەر چارەسەرێك هات بە مێشکتدا بە خۆت بڵێ " دەستپێکێکی باشە، ئەی دەتوانم لێرەوە بەکوێ بگەم؟ " بە

مانایەکی دی هەموو چارەسەرێك وەك خاڵێکی دەستپێك تەماشا بکە نەك خاڵی کۆتا. هەمیشە بەدوای بەرەوپێشبردنی بیرۆکەی یەکەمتدا بگەڕێ. وادانێ دەتوانیت پەرەی پێبدەیت. مەهێڵە یەك بیرکردنەوە هەموو مێشکت داگیر بکات، بەدوای شتێکی باشتردا بگەڕێ. بزانە هەمیشە چەند بیرۆکە و ڕێگایەکی دی هەیە کە شایەنی بیر لێکردنەوەن. ئەگەر بتوانیت چاکسازی لە چارەسەرەکەتدا بکەیت، مانای وایە باشترین نییە.

هەندێجار ئەگەر بەختت هەبێت ئەوا هەر لە یەکەم بیرکردنەوەدا چارەسەرە ڕاستەکە دەدۆزیتەوە. ئەگەر بەو شێوەیەش بێت ئەوا مێشکت پێشتر پێناسەی " چارەسەری ڕاست "ی بۆکراوە، بۆیە کە بینی یەکسەر ناسیەوە.

**هەموو چارەسەرێك وەك خاڵێکی دەسپێك تەماشا بکە نەك خاڵی کۆتا**

یاسای پەنجا و پێنجەم

# ئەگەر ماقووڵ بێت، کەواتە سوودمەندە

ئەگەر بتوانیت کێشەیەکی ناخۆش و بێزارکەر چارەسەر بکەیت، ئەوا گرنگ نییە لە کوێ چارەسەرەیەکەیت بەدەست کەوتووە. مادەم توانات هەیە کەوایە چارەسەری بکە. بۆیە لە دۆزینەوەی چارەسەردا بازنەیەك بەدەوری خۆتدا مەکێشە و بیکەیت بە سنوور بۆ خۆت. بەدڵنیاییەوە دەبێت لە کێشەکەت تێڕابمێنیت و باش بیری لێبکەیتەوە، لەهەمان کاتدا دەکرێت پرس بە چەند شارەزایەك، هەندێك هاوڕێ کە متمانەت پێیانە یان خزم و کەسوکارت بکەیت. هەمیشە بەبیرت بێت کە بەشێوەیەکی ئاسایی ناتوانیت لە دیدگای کەسانی دیکەوە بیر لە حاڵەتەکان بکەیتەوە، منیش هەر بەو شێوەیەم، بەتەنها نەبوویت بە نێچیری ئەم داوە. هەروەها باشترین هاوڕێت، بەڕێوبەرەکەت، هاوپیشە و دایکیشیت هەر لە گۆشەنیگای خۆیانەوە تەماشای ڕووداوەکە دەکەن.

وادابنێ هەرکاتێك تووشی کێشەیەك دەبیت یەکسەر ڕادەکەیت بۆلای هاوسەرەکەت و داوای ئامۆژگاری لێدەکەیت. ڕاستە بەم شێوەیە کەمێك لە داوەکەی خۆت ڕزگات دەبێت، بەڵام لەهەمان کاتدا دەکەویتە ئەو داوەی ئەو تێیدایە. کەواتە ئێستا بوویت بە دوو تەڵەوە. ڕاستە دوو گۆشەنیگا لە یەکدانە باشترە، بەڵام مەبەستی ئێمە ئەوەیە هەموومان بەیەکەوە لە داوەکە ڕزگارمان ببێت.

من ناڵێم داوای ئامۆژگاری لە هاوسەرە و کەسوکارت مەکە. ئەوان لە نزیکەوە دەتناسن و لەوانەیە بزانن لەڕووی دەروونی و کرداریشەوە چی



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

بۆ تۆ گونجاوە. بەڵام لە هەمان کاتدا دەکرێت بەهەڵەدا بچن. بەهۆی ئەوە تۆ دەناسن ئەوان خودنائاگایانە وادەزانن پێویستیان بە بیرکردنەوە نییە و یەکسەر وەڵامت دەدەنەوە.

ئاساییە ئەگەر هەموو جارێك بۆ پرسیارکردن بڕۆیت بۆلای هەمان کەس. بەڵام ئەگەر دەتەوێت وەڵامی چاوەڕوانەکراو بەدەستبخەیت ئەوکات دەبێت داوا لە کەسی جیاوازیش بکەیت. چونکە هەندێك وەڵام لەو داوەی تێی کەوتوویت دەرتدەکەن و چەند ڕێگایەکی نوێ و ئەندێشەئامێزی بیرکردنەوەت فێردەکەن.

لەوانەیە ئەم پێشنیارانە هەروا بە ئاسانی ڕەتبکەیتەوە، بەڵام بزانە ئەمانە ڕێگا ڕاستەکەن. ئەگەر کەمێکیش پێویستیان بە تێڕامان و ڕاهێنانی زیاتر بێت، ئەوا هێشتا دیگایەکی نوێ بۆ بیرکردنەوە لە کێشەکانت پێدەبەخشن. ئەوەی دەتویست هەر ئەمە نەبوو؟ بۆیە شێوازی بیرکردنەوەت بەشێوەیەکی پێویست باش نەبووە، خۆ ئەگەر باش بوایە نەدەگەشتیتە ئەم خاڵە. کەواتە ئەگەر کەسێك چارەسەرێکی پێیدایت کە پێشتر بەکارت نەهێنابوو، ئەوا بە مێشکێکی فراوانەوە لێی وەربگرە. چونکە تۆش هەر لەبەر ئەو هۆکارە چویت بۆلایان. یەکسەر مەڵێ " ئەو بیرۆکەیە زۆر خراپە یان لەگەڵ مندا ناگونجێت ". بیربکەرەوە و بڵێ " خۆ من لەوانەیە بتوانم ئەم چارەسەرە بەکاربهێنم " بەس نەبوو پرسیارم لێکرد!

وەڵام و چارەسەری باش دەکرێت لە هەموو کەسێکەوە بێت، بەبێ گوێدانە تەمەن. جارێکیان خۆم زۆر دوودڵبووم و نەمدەزانی کام بەرگ بۆ کتێبەکەم هەڵبژێرم، بڕیامدا ڕاوێژ بە منداڵێکی تەمەن پێنج ساڵان بکەم



CamScanner الممسوحة ضوئيا بـ

بیرۆکەی زۆر سادە و ڕەوان بیرۆکەی کە هێندەی قاچێکم دەبوو. بەشێوەیەکی بەشێوەیەک بوو کە توانی تەواوی خۆی پێگوتم، بیرکردنەوەی بەشێوەیەک بوو کە توانی تەواوی بیرکردنەوەم بەرامبەر بەرگی کتێب بگۆڕێت و لە ئاڵۆزیەکانی ناو مێشکم ڕزگارم بکات.

ئێلیاس هۆوی ئامێری درووومانی داهێنا. بۆ چەندین ساڵ سەرقاڵبوو بە دانانی دیزاینەکەیەوە، بەڵام لەکۆتایدا ئەو دیزاینەی هەڵبژارد کە لە خەودا بینی. ئەو لە دیاریکردنی دیزایندا گوێی بە کەس و شوێن نەدەدا، بۆیە کە دۆزیەوە یەکسەر بەکاریهێنا. ئامانجە گرنگەکە لێرەدا قبوڵکردنی بیرۆکەی کەسانی دیکەیە، ئەگەر لەڕێگەی ئینەرنێتەوە بێت، یان لە چێشخانەیەک بە سووتفە گوێت لێبێت، یاخود منداڵێک پێشنیارت بۆ بکات، یان لە خەودا بیبینیت.

**ئەگەر کەسێک چارەسەرێکی پێیدایت کە پێشتر بەکارت نەهێنابوو ئەوا بە مێشکێکی فراوانەوە لێی وەربگرە**

یاسای پەنجا و شەشەم

# ڕێگایەك بدۆزەرەوە

کاتێك ویستم ئەم کتێبە بنووسم لە ناوەڕاستەوە دەستمپێکرد. مەبەستی من لێرەدا ئەوەیە: لە بابەتەکەی خۆتدا هەرچەند باشبیت، هێشتا دەکرێت لەکاتی نووسینیدا کاتێکی زۆرت لێببات. دەمتوانی لە سەرەتاوە دەستپێبکەم، بەڵام زۆربەی جار کۆتا شت پێشەکی دەنووسم. بەم شێوازە دەزانم پێشەکی بۆ چ شتێك دەنووسم، چونکە پێشتر خۆم هەموویم نووسیوە. دەمتوانی لە یاسای یەکەمەوە دەستپێبکەم، بەڵام دەمزانی ئەو ڕۆژە ناتوانم بابەتێکی لەو شێوەیە بنووسم. دەمزانی گرنگ دەستپێکردنە، ئیدی لە هەر کوێوە بێت، بۆیە منیش دەستمپێکرد. یاسایەکم هەڵبژارد کە ئەو ڕۆژە حەزم لە نووسینی بوو.

هەندێك جار ئەو کەش و هەوا دەروونیەکی تێیداین دەبێت بە کێشەیەك و دەبێت چارەسەری بۆ بدۆزینەوە. لەکاتی نووسینی کتێب، ئامادەکردنی میهرەجان، گەڕان بەدوای خانو، دیزاینکردنی بەرهەم و نووسینی ڕاپۆرتێکدا لەوانەیە کێشەی گەورەمان ئەوەبێت نەزانین لە کوێ و چۆن دەستپێبکەین.

هەندێجار ئەم کێشەیە دەبێتە هۆی دروستکردنی گێژاوێك لە مێشکدا و دواتریش دواخستنی کارەکە. دڵنیانیت لەکوێوە دەستپێبکەیت، ئیدی واز لە کارەکە دەهێنیت. دوای ماوەیەك کێشەیەکی دی دێتە مەیدان، ئەویش کەمبوونەوەی کاتە. ئێستا تۆ ناتوانیت دەستبەکارەکەت بکەیت و دوامۆڵەتی تەواوکردنی کارەکەشت وردە وردە نزیك دەبێتەوە. ئەم

حاڵەتە دەبێتە هۆی دروستکردنی پەستانێکی زیادە، پەستانی زیادەش سوودی نییە.

من باوەڕم بە " هیچ پێنەکران " نییە. وانازانم هیچ پێنەمان و پێنەکران شتێك بێت و کەسی نووسەر نەتوانێت چارەسەری بکات، ئیدی دەبێت بەدیار فریشتەیەکەوە بووەستێت تا لە ئاسمانەوە بێت و کێشەیەکی بۆ چارەسەر بکات. وادەزانم ئەم "هیچ پێنەکرانە" لە ئەنجامی بیرکردنەوەی کەم و ناڕوونی خۆیانەوەیە. وەك نووسەرێك ڕەچەتەی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کارت لایە و بەجوانی کاتەکانت دابەش بکە و دواتر داوای فریشتەی فریادڕەس مەکە. هیچ کاتێك بەڕێوبەرێکم نەبینیوە -کە ناتوانێت باش بابەتەکەی پیشکەشبکات - بڵێت خەتای منە و خۆم باش ئامادە نەکردووە.

ئەگەر نووسەر بیت یان بەڕێوبەر، یاخود خوەن هەر کارێکی دیکە بیت، ئەگەر ئێستا کارێکی گەورە و گرانت لەبەردەمدایە و نازانیت چۆن دەست پێبکەیت، ئەوا کلیلی چارەسەری کێشەیەکی تۆ ئەوەیە کە جیاواز بیربکەیتەوە. مەرج نییە هەموو جارێك کتێب لە سەرەتاوە بخوێنیتەوە. دەتوانیت هەر شوێنێکە خۆت حەزت لێیەتی بکەیت بە سەرەتای خۆت. شتەکانی تریش بەهەمان شێوەن. بەس شوێنێك بدۆزەرەوە کە خۆت بەلاتەوە باش بێت و دەست بە کارەکانت بکە. کاتێك متمانەت بە خۆت نییە یان خاوەنی زانیاریەکی ئەوتۆت نەبیت ئەوکات کێشەکە دووقات قورس دەبێت. لەو بارودۆخانەدا دەبێت بابەتێك، شتێك بدۆزیتەوە کە وا هەستدەکەیت ئاسان بێت و دواتر هەموو هەوڵێکی خۆتی بۆ بدەبێ. لەوانەیە پێشتر ڕێوڕەسمێکی گەورەت ڕێك نەخستبێت، بەڵام بەلایەنی

کەمەوە دەزانیت ڕێوڕەسمێکی شیاو دەبێت چۆن بێت. زۆر باشە، لەوێوە دەستپێبکە و دواتر بەرە بەرە شتەکانی دیش بەدەستەوە دێن. نازانیت سیمینارێکی گەورە چۆن ئامادە بکەیت؟ ئەگەر لەپێشدا ئامانجەکەی خۆت بنووسیت لەوانەیە سوودی لێببینیت، یان بیربکەرەوە بزانە کام وێنە نە سیمینارەکەدا بەکاربهێنیت.

دوای ئەوەی بەرێکوپێکی دەستت بە پرۆژەکەت کرد ئەوکات دەتوانیت شتی بۆ زیاد بکەیت، یان لێی بسڕیتەوە و بیگۆڕیت. کێشە نییە با دواتر ئەم هیلاکبوونە ببینیت، بەس ئێستا هەموو بیرۆکەکان بەچاوێکی گرنگەوە تەماشابکە. نابێت بەشێوازێکی نەرێنی بیر لەو گۆڕانکاریانە بکەیتەوە کە لەکۆتایدا ئەنجامیان دەدەیت، چونکە هەر ئەوان بوون ڕێگای دەستپێکردن بە کارەکە و بەردەوام بوونیشیان پیشاندایت.

**لەسەرت مەرج نییە کتێب لە سەرەتاوە دەستپێبکەیت. دەتوانیت لە هەر شوێنێکەوە خۆت حەزت لێیەتی بیکەیت بە سەرەتای خۆت**



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

## یاسای پەنجا و حەوتەم

# لە شوێنێکدا قەتیس مەبە

هەرچەند مێشکت ئازاد بێت، هەرچەند لە کەوتنە ناو داوی بێئومێدیەوە بەدوور بیت، ئەوا هێشتا لە چەند بارودۆخێکدا چارەسەری کێشەکەت بۆ نادۆزرێتەوە. تا ئەوپەڕی وریایی بە تەرکیزەوە لە کێشەکە تێڕاماویت، بەڵام وادەردەکەوێت بیرکردنەوەکانت سوودێکی ئەوتۆیان نەبووە. زۆرباشە، ئەگەر لەو حاڵەتەدایت ئیدی بیرکردنەوەکانت ڕابگرە. دەست لە دۆزینەوەی چارەسەر هەڵبگرە و هەنگاوێك لە کێشەکە وەرە دواوە.

ناوبەناو حەزم لە شیکارکردنی مەتەڵە. زۆر لە دۆزینەوەی وەڵام بۆ مەتەڵەکاندا باش نیم، چونکە هەر بە سروشت کەسێکی هەڵەشەم و پەلە دەکەم. بۆ یەك دوو خولەك بیر لە مەتەڵەکە دەکەمەوە، ئەگەر نەمزانی وازی لێدێنم و دەچم کارێکی دیکە دەکەم. هەندێجار دوای چەند کاتژمێرێك یان لە نیوە شەودا دەچم تا شیکاری مەتەڵەکە بکەم. دواتر زۆر سەرمدەسووڕمێت، چونکە ئەو شوێنەی کە تێیدا چەقیبووم ئێستا یەکسەر وەڵامم بۆ دۆزیەوە. من لە بواری دەمار و مێشکدا زانیاریەکی ئەوتۆم نییە تا پێتان بڵێم چۆن ئەم شتە ڕوودەدات، بەڵام دەزانم شتێکی لەم شێوەیە هەیە.

لەوانەیە کێشەکەی تۆ لە شیکارکردنی مەتەڵێك زۆر گەورەتر بێت، بەڵام هێشتا دەتوانیت سوود لەم ڕێگایە وەربگریت، ڕاستە بیرکردنەوەی خودئاگات ڕادەگریت، بەڵام مێشکت بەشێوەیەکی ناخودئاگایی بیر لە



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

کێشەکە دەکاتەوە. بۆیە هەلێکی تر بدە بە خۆت. کە زانیت وەلامی هەر شتێکت بۆ نادۆزرێتەوە هەر لەوێدا بیرکردنەوەکانت ڕابگرە.

یاساکانی بیرکردنەوە تەنها لە بواری بیرکردنەوەی خودئاگادا نییە. ڕاستە ناتوانیت بەئاسانی یاساکان لەسەر ناخودئاگات جێبەجێ بکەیت، بەلام بەلایەنی کەمەوە دەزانیت کە پێویستی بە هەندێك کات و بوارە تا چارەسەرەکەت بۆ بدۆزێتەوە. وە هەروەها جێهێلانی بیرکردنەوە لە خودئاگاییەوە بۆ ناخودئاگایی گرنگترین کلیلە بۆ کردنەوەی قوفلەکانی بیرکردنەوە.

هەموو جارێك هەر وا بە ئاسانی ناتوانیت واز لە کێشەیەك بهێنیت، ناتوانیت خەمی بۆ نەخۆیت و بڕۆیتە سەر کارێکی تر. هەتا کێشەکە گەورەتر بێت ئەم حالەتەش زیاتر دەبێت. ئەگەر کێشەکە بۆیەکردنی ژووری نوستن بێت ئەوا بەئاسانی بیرکردنەوەت ڕادەگریت، بەلام ئەگەر کێشەیەکی جدیت هەبوو لەگەلّ هاوسەرەکەتدا ئەوکات خۆلادان زۆر قورس و جیاواز دەبێت. خۆ ژووری نوستنەکە بۆ هیچ شوێنێك ڕاناکات، بەلام دوامۆلەتی کارێك سات بە سات لێت نزیك دەبێتەوە.

هەندێجار واپێویستە لەو ژینگەیە بێیتە دەرەوە کە کێشەکە تیایدا ڕوویداوە و بچیتە ناو شوێنێکی تەواو جیاوازەوە. بەکورتی، دەتوانیت کۆتایی هەفتە بڕۆیتە دەرەوە، یان گەشت بکەیت بۆ شوێنێکی تر. کات لەگەلّ ئەو کەسانەدا بەسەر مەبە کە بەشێکن یان کاریگەریان لەسەر کێشەکە هەیە. هەندێك جار زۆر بەباشی یارمەتی ماددیت دەدەن، بەلام ناتوانن بیرکردنەوەکانت بۆ ڕێکبخەنەوە.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

که گەڕایتەوە سەر کێشەکە - من بەڵێنی ئەوەت پێنادەم کە کێشەکە خۆی خۆی چارەسەر بکات - ئەوکات دەبینیت و سەرتدەسووڕمێت لە مێشـک و بیرکردنـەوەکانت، لـەو ڕوونـی و چـالاکیەی هەیانـە لـە چارەسەرکردنی کێشەکاندا. ئەگەر وەڵامە ڕاستەکەشت بۆ نەدۆزنەوە، بەلایەنی کەمەوە هەندێك وەڵام و چارەسەری بێسوود لە مێشکت دەکەنە دەرەوە.

**هەندێجار واپێویستە لەو ژینگەیە بێیتە دەرەوە کە کێشەکە تیایدا ڕوویداوە**

## یاسای پەنجا و هەشتەم

# گۆشەنیگای بیرکردنەوەت بگۆڕە

باشە، تەرکیزت خسووەتە سەر کێشەکە چاك نەبووە، تەرکیزیت لەسەر لابردووە هەر چارەسەرت بۆ نەدۆزراوەتەوە. قەیدیناکات ئەم حاڵەتە ڕوودەدات، ئەگەر کێشەکە هەر لە سەرەتاوە ئاسان بووایە ئەوکات نەدەبوو بە کێشە. کەواتە هەنگاوی داهاتوو چییە؟ دەبێت لەم حاڵەتەدا چی بکەیت؟

ئاسمان دوا سنوورە، بۆیە دەتوانیت هەوڵ بۆ هەموو شتێك بدەیت، بەس بە مەرجێك پێشتر ئەزموونت نەکردبێت. بە پوختی، ئەو شتانەی پێشتر کە تاقیت کردوونەتەوە و سوودێکی ئەوتۆیان نەبووە، یان کێشەکە وەکو جاران نییە و ناتوانیت لە هەمان ڕێگەوە چارەسەری بۆ بدۆزیتەوە. کەواتە دەستپێبکە و شتێکی تەواو جیاواز هەڵبژێرە تا هەلی دۆزینەوەی وەڵامت زیاتر بێت.

ئامانجت ئەوەیە بەشە داهێنەرەکەی مێشکت بخەیتەگەڕ و چارەسەری ئەم کێشەیەی پێبکەیت. کەواتە دەتوانیت شتێکی داهێنەرانە بکەیت! وێنەی کێشەکە بکێشە. من نازانم بەتەواوی کێشەکەم چییە هەتا وێنەی بکێشم! گرنگ نییە، ئێمە دەمانەوێت وێنەیەکی بەرجەستە ببەخشین بە کێشەکەت تا بتوانین لەڕێیەوە چارەسەری بکەین. هەندێك جاریش بە بیرکردنەوە داهێنەرەکەت دەتوانیت وێنەیەکی بۆ بکێشیت کە زۆر جیاوازە لەو کێشەیەی لە مێشکتدایە، بۆیە وێنە بەخشین بە کێشە کارێکی چاکە. بەس ئاگات لەخۆت بێت، ئەگەر وێنەکێشانی کێشەکانت

ببێت بە بەشێك لە خوو یان سروشتت، ئەوا لەوانەیە بکەویتە ناو تەڵەیەکی دیکەوە و ئێمەش حەزمان لەو قەتیسبوونە نییە. ئەدی باشە ئەگەر ئەوەش کاری نەکرد چی، دەتوانیت کێشەکە بکەیت بە گۆرانیەك و بۆخۆت بیڵێیتەوە. لێرەدا ئامانجی ئێمە ناسینەوەی کێشەیە.

بێ شك گومان زۆر گرنگە ئەگەر بتوانیت لە گۆشەنیگایەکی ترەوە تەماشای کێشەکانت بکەیت، چونکە بەمشێوازە مێشك و بیرکردنەوەکانت دەهەژێن و گۆرانکاریان بەسەردا دێت. بۆیە بەپێی سروشتی کێشەکە خۆی و بارودۆخی دەروونی خۆت دەتوانیت چەندین تەکنیك و فێڵ بەکاربهێنیت.

هاوڕێیەکی نزیکم کە ماڵێ بەرامبەر ماڵمانە ڕێگایەکی زۆر باش بەکاردەهێنێت بۆ تێگەشتن و وێنەدان بە کێشەکانی، حەزدەکات بەدەوری باخچەکەی ماڵی خۆیاندا بسوڕێتەوە و لەگەڵ خۆیدا قسە بکات و کێشەکە تاوتوێ بکات. بینیومە کە بەدەوری باخچەکەدا خوول دەخوات و بە ئاماژەی دەست و دەموچاو قسە لەگەڵ خۆیدا قسە دەکات. منداڵەکانی لەپشت پەردەکەوە فەقیرانە تەماشا دەکەن و ئاوات دەخوازن کەس نەزانێت ئەوە باوکیانە. دەربڕینی کێشە بە دەنگ شێوازێکی زۆر چاك و کاریگەرە، ئاساییە ئەگەر لەبەرچاوی خەڵکیدا بەم کارە هەڵنەستیت، بەڵام خۆ دەتوانیت لەگەڵ خۆتدا قسە بکەیت و تاوتوێی بابەتەکە بکەیت. جگە لە سوودەکانی دی مێشکت هێور دەکاتەوە و باری سەرشانت کەمدەکاتەوە.

دەتوانیت لەگەڵ خۆتدا گفتوگۆ بکەیت و هانی خۆت بدەیت تا هەڵبژاردەیەکی تر قبوڵبکەیت. ئامانجەکە لێرەدا ئەوە نییە لەگەڵ خۆتدا



CamScanner الممسوحة ضوئيا بـ

قسه بکەیت، بەڵکو داڕشتنەوەی کێشەکە و گۆڕینی دیدگای خۆتە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر.

نەخشەکێشان یەکێکی ترە لە ڕێگا بەسوودەکان و توانای دروستکردنی گۆڕانکاری لە شێوازی بیرکردنەوەتدا هەیە. بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانە باشە کە نازانن لەکوێوە دەستپێبکەن. نەخشەکێشان ڕێگایەکی زۆر باش و بلیمەتانەیە و لە هەرکوێیەکەوە بتەوێت دەتوانیت نەخشە بکێشیت، سەرەڕای ئەوەش یارمەتیت دەدات تا بەشێوەی بینین و بیرکردنەوەش کار لەسەر کێشەکەت بکەیت.

| |
|---|
| **بەم شێوازە مێشك و بیركردنەوەكانت دەهەژێن و گۆڕانكاریان بەسەردا دێت** |

## یاسای پەنجا و نۆیەم

# مەترسە

لەکاتی ترسان و دڵەراوکێدا دوو کێشەت بۆ دروست دەبێت ، یەکەمیان لە خودی کێشـەکە دەتۆقیـت و دووەمیشـیان کاریگـەری ترسـەکە لەسـەر مێشـك و بیرکردنـەوەت دروسـت دەبێـت و ناهێڵێـت داهێنەرانـە و بگـرە هۆشیارانە لە بابەتەکە تێبگەیت. ترس خۆی لە مێشکتدا جێگیر دەکات و هەموو شتە ئەرێنیەکان دەکاتە دەرەوە. لـەکاتی کێشـەیەکی دارایی یان هەر جۆرە کێشەیەکی دەروونیدا دەبێت هـەرگیز نەترسـیت. کـە ترسایت ئیتر شێوەی کەسێکی ونبوویت، ئیدی کێشـەکەت بـۆ چارەسـەر ناکرێت، ئەم پرۆسەیەش بەردەوام دەبێت هەتا مێشك و بیرکردنـەوەت نەخەیتـەوە ژێر ڕکێفی خۆت. ئەم کارە دەکرێت چەند خولەکێك و لەوانەیەشـە چەند هەفتە و مانگی پێبچێت.

هێنـدەش ئاسـان نییـە، وایـە؟ لەوانەیـە هەنـدێجار تـرس و تـۆقین وەکو حاڵەتێکی ئاسایی ببینیت، دەکرێت بڵێیت " خۆ ژیـانی مـن وێرانـە، تازە چی دەبێت با ببێـت. " هەنـدێك جـار بـۆ ماوەیـەکی کـاتی حەسانەوە و ئاسـوودەیی لـە ترسـان و وازهێنـان لـە دۆزینـەوەی چارەسـەردا بەدیدەکەیت. بەڵام دواتر حەسانەوە نامێنێت و سەردەکیشێت بۆ خـەم و پەژارە، چونکە کاتی زیاترت بەفیڕۆداوە و ئەم ڕەفتارەشت هـیچ سوودی نەبووە و هێشتا کێشەکەت بۆ چارەسەر نەکراوە. کەواتە دەبێت هـەر لە سەرەتاوە فێری نەترسان ببیت.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

نەترسـان و غیرەتدانـە بـەرخۆ لـەوە زۆر باشـترە هـەر لـە دەسـپێکی کارەکەوە واز لە هەموو شتێك بهێنیت. هەتا زووتر ترسەکەت بناسیتەوە و ڕێگری لێبکەیت باشترە. دەتوانیت لە نیوەی کارەکەدا ترسەکەی خۆت بڕەوێنیتەوە، بەڵام بۆ هەر لە سەرەتاوە ڕایناگریت؟ بۆچی لەسەر خۆت قورستری دەکەیت؟ ناسینەوە و لـەناوبردنی هـەر لـە سـەرەتاوە کـارێکی زۆر ژیرانەیـە، بـەڵام لـەم حاڵەتـەدا پێویسـتت بـە هۆشیاریەکی چالاك و چاونەترس دەبێت.

باشە، ئێستا دەبێت زۆر بە جدی قسە لەگـەڵ خۆتـدا بکـەیت. بڵێیـت مـن نامەوێت بترسم. دواتر کاتێك بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستنی بیرکردنەوەکانت تەرخان بکە. مەهێڵە هەستەکانت تێکەڵ بە بیرکردنـەوەکانت بـبن و بڵێن " بیرۆکەیەکی بێسوودە " یان " من کەسێکی شکسـتخواردووم ". ئـەوە هەستەکانتە کە بەرەو ترس پەلکێشـت دەکـەن، بۆیـە هـیچ بـوارێکی لـەو شێوەیەیان پێمەدە. ئەگەر نەتویست یەکسەر کێشەکە چارەسەر بکـەیت، ئەوا بۆ چـەند سـاتێکیش بیرکردنـەوەی داهێنەرانـە لـە میشـکت دەربکـە. تـەنها تـرس و تـۆقین لـە مێشـکت بکـەرە دەرەوە و دواتـر دەسـت بـە کارەکانت بکە.

بـە باشـی بیربکـەرەوە و بەتـەواوی کێشـەکەت دیاریبکـە. بزانـە بۆچـی بووەتە کێشە، ئەگەر باری دارایت باش نییە دەبێت بزانیت نەبوونی پـارە و دەستکورتی بوونەتە هۆکاری چی، بۆ نموونە : کرێ خانوی ئەم مانگـەت پێنادرێت، یان ناتوانیت ئۆتۆمۆبێلەکەت چاك بکەیتـەوە، یـاخود نـاتوانی پۆشاکی قوتابخانە بـۆ منداڵەکـەت بکڕیت. ئێسـتا یـەك بـە یـەك بـیر لـەم کێشـەیانە بکـەرەوە. هەنـدێجار دەتوانیـت کێشـەیەکی ئـاڵۆز و قـورس

ئاسانبکەیت، ئەویش بە لابردنی ئەو شتانەی کە هیچت لەگەڵیان پێناکرێت، وەهەروەها تەرکیز خستنەسەر ئەو گرفتانەی کە دەتوانیت چارەسەریان بکەیت. لە هەموو حاڵەتیکدا بەکۆمەڵ و گروپ بەباشی کارت لەسەر کێشەکان پێناکرێت، دەبێت یەکە یەکە جیایان بکەیتەوە.

بیربکەرەوە بزانە چەنێك ڕێگات بڕیوە و کام ڕاهێنان و کردارەش- ئەگەر کەمێکیش بووبێت – یارمەتیداویت. بزانە کام پلانی لاوەکی – ئەگەرچی تۆ پێت باش نەبێت – سوودت پێدەگەیەنێت.

هەمیشە بەبیرت بێت کە توانای چارەسەرکردنی ئەم کێشەیانەت هەیە. بێشومار خەڵك تەماشای کێشەکانی پێنج بۆ دە ساڵی پێشووتر دەکەنەوە و دەڵێن کە ئێستا چارەسەریان کردووە، گرفتەکانی نێو پەیوەندی هاوسەرگیری و شوێنکارە ناخۆشەکە و کێشە داراییەکانیان بوون بە ڕابردوو. هەمیشە لەیادت بێت ئەگەر ئێستا توانای دۆزینەوەی چارەسەرت نەبێت بۆ کێشەکەت ئەوا لە داهاتوودا بێ گومان پێی دەگەیت، ئەگەرچی ئێستا بێئومێد و هیوابڕاو بوویت.

**نەترسان و غیرەتدانە بەرخۆ لەوە زۆر باشترە هەر لە دەسپێکی کارەکەوە واز لە هەموو شتێك بهێنیت**

یاسای شەستەم

# داوای یارمەتی بکە

هەندێکمان حەزمان لە داواکردنی یارمەتی نییە، یان زۆربەمان لە هەندێک کاتی دیاریکراودا پێمان ناخۆشە داوای یارمەتی لە کەسانی تر بکەین. لە خۆمەوە دەستپێبکەم بەلامەوە خۆشە ئەگەر داوای یارمەتی لە کەسێک بکەم تا ئامێری جلشۆرەکەم لەگەڵدا هەڵبگرێت، بەڵام حەزناکەم پرسیاری شوێنێك کە نایزانم لە هیچ کەسێك بکەم. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خۆم حەزم لە گواستنەوەی شتومەك نییە و ئاساییە بەلامەوە و بگرە دڵخۆشیش دەبم ئەگەر کەسێك یارمەتیم بدات، بەڵام بۆ بابەتی شوێن پیشاندان من خۆم بە کەسێکی شارەزا دەزانم و وادادەنێم هەموو شوێنەکان دەزانم، بۆیە حەزناکەم داوا لە کەس بکەم.

بێ شك و گومان شوورەیی نییە داوا لە کەسێك بکەیت تا ئاراستەی شوێنێکت پێبلێت، بەڵام بەلای منەوە بەو شێوەیە. ئەگەر من خۆم هێندە بە باش بزانم ئەوکات داواکردنی یارمەتیم تارادەیەك بەلاوە قورس دەبێت. بەڵام لە ڕاستیدا – ئەگەر پرسیار لە خێزانەکەشم بکەیت هەمان وەڵامت گوێ لێدەبیت – من ئەوەندە باش نیم. کاتێك تەماشای نەخشەیەك دەکەم زۆر باشم لە دیاریکردنی شوێنەکاندا و دواتر نەخشەکە دەخەمە ئەولاوە و وادەزانم هەموویم لەبەرە. بەس دواتر شوێنەکانم لێ تێکدەچێت نازانم بۆ کوێ بڕۆم.

ئەم جۆرە کردارەش بۆ ئەو تێڕوانین و وێنەی خودیە دەگەڕێتەوە کە بۆ خۆمان کێشاوە. هەمووومان بەلامانەوە ئاساییە داوای یارمەتی لەو

بابەتانەدا بکەین کە خۆمان تیایدا بەباش نازانین. کە ئۆتۆمبێلەکەم خراپ دەبێت یەکسەر دەیبەم بۆ لای فیتەر، چونکە خۆم و کەسانی دەوروبەریشم بە فیتەر نازانم. بەڵام پێم خۆش نییە ئەگەر لە نووسیندا داوای یارمەتی لە کەس بکەم، چونکە حەزناکەم کەس بە خاڵە لاوازەکانم بزانێت لە نووسیندا.

ئەگەر هەوڵ و کۆششێکی زۆر لەگەڵ کێشەکەتدا دەدەیت و سەرەڕای ئەوەش بۆت چارەسەر ناکرێت، ئەوا داوای ئامۆژگاری لەکەسانی دیکە شتێکی ژیرانەیە. دەبێت لەو هەستەی کە ڕێگرە لەبەردەم داواکردندا خۆت ڕزگار بکەیت و بڵێیت نازانم. چونکە هەستێکی ماقووڵ و پەسەند نییە. حکومەت و کۆمپانیایەکی خانوبەرە کاتێک دەیانەوێت پرۆژەیەک ئەنجامبدەن بەناو چەندین قۆناغی ڕاوێژکاریدا تێپەڕدەبن. ئەدی باشە – بۆ نمونە – بۆ دەتەوێت منداڵەکەت پەروەردە بکەیت و داوای ئامۆژگاری لە کەسە ئەزموونددارەکان نەکەیت؟ هێشتا چەندین دایک و باوک هەن کە دەیانەوێت منداڵەکانیان بە باشترین شێوە پەروەردە بکەن و کەچی بەلایانەوە قورسە داوای ئامۆژگاری و یارمەتی لەکەسانی تر بکەن تا وەکو کەسێکی کەمزان و کەم ئەزموون تەماشا نەکرێن.

باش گوێبگرە، هێز و ئازایەتی لە داواکردنی یارمەتیدایە. داواکردن بۆخۆی کارامەییەکە، دەزانیت بیرکردنەوەی دوو مێشک لە یەک مێشک باشترە. ئەگەر لە سەرەتاوە داوای یارمەتی نەکەیت ئەوا بەدڵنیاییەوە دواتر کە کێشەیەکت تووشبوو هەر دەبێت داوای بکەیت. پرسیارکردن هیچ شەرم و عەیبەیەکی تێدا نییە، خۆ لەکاتی پرسیارکردندا ناگرێت، شیوەن و داخ و خەفەتت ناگاتە ئەوپەڕی دنیا و هەموو کەس هەست بە

بێ ئەزموونی تۆ بکات. شتەکە زۆر ئاساییە، دەڕۆیت بۆ لای کەسێك کە لە بوارەکەدا شارەزایە و داوای ئامۆژگاری لێدەکەیت، تەواو! ئەگەر فیتەر یان ئەندازیارێکی کۆمپیتەر بیت و نەزانیت کێشەیەك چارەسەر بکەیت، ئەوکات ناچیت بۆ لای ئەندازیارێکی بە ئەزموون و تا یارمەتیت بدات؟ ئێ شتەکانی دیکەش هەموو وەکو ئەم حاڵەتە وان و جیاوازیەکیان نییە.

گشت ئەو کارامەییانەی بەکاریاندەهێنیت – خواردن دروستکردن، پەروەدەکردنی منداڵ، پێچانەوەی دیاری و هێورکردنەوەی کڕیاری تووڕە – دەبن بە سێ بەشەوە. یەکەم: بەلاتەوە ئاسایی و بگرە خۆشە ئەگەر داوای یارمەتی و ئامۆژگاری لە کەسی دیکە بکەیت، چونکە خۆت بە شارەزا نازانیت لە کارەکەدا. دووەم: پێتوایە کە هەرگیز پێویستت بە یارمەتی نییە و خۆت لە کارەکەدا بە لێزان دەزانیت. سێیەم: هەموو حاڵەتەکانی تر بێجگە لە دووانەکەی سەرەوە. کەواتە لەگەڵ خۆتدا ڕاستگۆبە و لەو بوارانەی کە تێیدا باش نیت داوای دەستیاری بکە و ناڕەحەت مەبە، هەمیشە بەخۆت بڵێ کە پرسیارکردن نیشانەی بەهێزیە نەك لاوازی. ئەگەر دەتەوێت چارەسەر بۆ ئەم کێشەیە بدۆزیتەوە، ئەوا دەبێت ئەم ڕێگرە بەتەواوی تێبپەڕێنیت.

**هەموومان بەلامانەوە ئاساییە داوای یارمەتی لەو بابەتانەدا بکەین کە خۆمان تیایدا بەباش نازانین**

CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

بەشی حەوتەم

# بیرکردنەوەی بەکۆمەڵ

بیرکردنەوە شێوەی ئالنگاریەکە کە دەتوانیت بەدەستی بهێنیت، بەڵام دەبێت لەپێناویدا هەوڵ و کۆششێکی ئێجگار زۆر بکەیت. کاتێك لەگەڵ کەسانی دیکەدا بیردەکەیتەوە و هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەر دەدەیت، ئەوکات کێبڕکێکە گەرمتر دەبێت. جگە لە مێشکی خۆت دەبێت ئاگات لە مێشکی کەسانی دەوروبەریش بێت.

کاتێك لەگەڵ کەسانێکدا بیردەکەیتەوە و پرۆسەکە بەباشی ناڕوات، ئەوا ئەو بیرکردنەوە بەکۆمەڵە جگە لە بێبەرهەمی و جاڕسی و بێئومێدی هیچ لێکەوتێکی دیکەی نابێت. لەوانەیە هەموومان بەو ئەزموونەدا تێپەڕیووبین. بەڵام ئەگەر دوو یان کۆمەڵە مێشك و بیرکردنەوەیەك هەماهەنگیان تێدابوو، ئەوا هەم چێژ لە بیرکردنەوەکە دەبینیت، هەم بەرهەمێکی زۆری دەبێت. ئەگەربێتو لەگەڵ هاوڕێکەتدا بیت، یان ستافی شوێنکارەکەت، یاخود هەر کۆمەڵە کەسێکی دی، ئەوا هەمیشە چەند مێشك و بیرکردنەوەیەك بیرۆکەیەکیان خستووەتەگەڕ و کێشەیەکیان چارەسەرکردووە کە هیچ کەسێك بەتەنها نەیدەتوانی ئەو کارە ئەنجامبدات.

لەگەڵ هاوڕێکانمدا کۆدەبوینەوە و بیرۆکەی زۆر بلیمەتانە و ناوازەمان بۆ دەهات، دواتر کەسمان نەماندەزانی کێ یەکەمجار ئەم بیرۆکەیەی بەمێشکدا هاتووە، چونکە لەکاتی بیرکردنەوەدا وەکو ئەوە وابوو مێشکمان لەناو یەکدا تواوێتەوە ... ئەو شێوازەب

کە بەدوایدا دەگەڕێیت، شێوازێك کە هەموو کۆنترۆڵی بیرکردنەوەی خۆیان دەکەن و پێکەوە دەگەن بە ئەنجامگەلێك کە سەریان لێی دەسورمێت. یاساکانی ناو ئەم بەشە ڕێگای گەشتن بە شێوازە بیرکردنەوەیەت پیشاندەدەن.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## یاسای شەست و یەکەم

# پێکەوە باشترن

خەزورم هەمیشە خاوەنی بیرۆکەی داهێنەر و بلیمەتانە بوو. لە بابەتی ماڵداری و کار و شتی دیکەدا هەرکاتێك پێویستم بە ڕێنمای بووایە زۆربەی جار بیرۆکەکانی ئەوم وەردەگرت. هەر کە دەستمان بە تاوتوێکردنی بابەتەکان دەکرد بیرکردنەوەی هەردووکمان تێکەڵی یەکتر دەبوو و لەکۆتایدا دەگەشتینە ئەنجامێکی باش. لە کۆتایی گفتوگۆکەماندا هەندێجار پێمدەگوت " ئەگەر هەرشتێکت بەسەردا هات ئاگادارم بکەرەوە " ئەویش هەمیشە دەیگوت " هیچم بەسەردا نایەت " ئەو چەند ساڵەی لەگەڵیبووم هەموو جارێك بیرۆکە ڕاست و تەواوەکەی پێداوم. ئەو هەرگیز نەیدەگوت " بوەستە شتێکم لەبیرچوو پێت بڵێم... " زۆری لەخۆی نەدەکرد، چونکە دەیزانی مێشکی چۆن کار دەکات. لە کەسی بەرامبەر بەباشی تێدەگەشت و لە بیرۆکەکانی سوودی وەردەگرت، بۆیە هەموو مێشکی خۆی دەخستەگەڕ و بۆ دوایی لێنەدەگەڕا.

ئەم قسانەی من مانای ئەوە نیە کە خەزورم خاوەنی بیرکردنەوەی خۆی نەبوو، بە پێچەوانەوە هەموو جارێك بیرۆکەی تایبەت بە خۆی هەبوو. ئەو بیرۆکەیەکی لەمێشکدابوو، بەڵام دەیویست لەگەڵ کەسێکی تردا تاوتوێی بیرۆکەکەی بکات تا بگەن بە ئەنجامێکی باش. بەشێك لە دەوروبەری هاوڕێیانی بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکردبوو، وە دوای تاوتێکردنی بابەتەکە باشترین و ماقوولترین بیرۆکەی لەناویاندا هەڵدەبژارد.

له ئەزموونی خۆمەوە تەماشاکەم، زۆر کەم کەس هەیە بتوانێت هەر لە خاڵی دەسپێکی بیرۆکەکەیەوە زانیاری و ئامۆژگاری لە کەسی دیکەوە وەرنەگرێت هەتا دەگات بە خاڵی کۆتایی، لە هەمان کاتیشدا بیرۆکەکەی بلیمەتانە بێت و سەرکەوتوو بێت. زۆربەی هەرە زۆرمان بە کۆمەڵ باشتر بیردەکەینەوە و بیرۆکەی زیاتر دەخەینەگەڕ. کەسانی دی دەتوانن لە داوەکە دەرتبکەن و بتخەنەسەر ڕێگەیەکی ڕاست و شیاو بە تۆ، هەروەها تۆش بەهەمان شێوەیت بۆ ئەوان. کەسێکی بلیمەت و بەتوانا دەتوانێت یارمەتیت بدات تا بگەیت بە چەند بیرۆکەیەکی بلیمەت و ناوازە کە پێشتر لە ژیانتدا پێینەگەشتوویت.

کاتێك بۆ یەکەمجار بیرۆکەی کتێبی یاساکانی کار – کە دەکاتە یەکەم کتێبی ئەم زنجیرەیە – بەمێشکمدا هات، لەوکاتەدا بەس ناونیشانی کتێبەکە و چەند زانیاری و بیرۆکەیەکی کەمم دەربارەی کتێبەکە لە مێشکدا بوو. لەجیاتی ئەوەی زیاتر بیری لێبکەمەوە یەکسەر لەگەڵ سەرنووسەر و هەڵەچنی کتێبەکەدا گفتوگۆمان لەسەر کرد و بیرۆکەی داڕشتن و نووسینی کتێبەکە و بگرە زنجیرەکەشمان دانا. ڕاستی بڵێم نازانم ئەو گفتوگۆیە چۆن تەواوبوو و بیرۆکەکانیش هی کێ بوو، دڵنیام ئەوانیش بیریان نایەتەوە. بەس ئەوەم بەبیردێتەوە لە کۆتایدا بیرۆکەی کتێبەکەمان دانا و بەشێوەیەك بەرەوپێشچووم ئەگەر خۆم بەتەنها بوومایە هەرگیز نەمدەتوانی بەم ئەنجامانە بگەم. و دڵنیاشم ئەگەر ئەوانیش بەتەنها بوونایە هەمان حاڵەتی منیان تووشدەبوو.

دەبێت ئێستا لە سوودی پرسیارکردن و کاری بەکۆمەڵ تێگەشتبیت. دەکرێت تاوتوێی بیرۆکەکەت لەگەڵ یەك کەسدا بکەیت، دەکرێت لەگەڵ

دوو بۆ سێ کەسدا بە جیا یان بەکەیەوە بکەیت. دەبێت بزانیت کێ بۆ کام جۆر کێشە باشە و ئەگەر کرا کەسانی دیکە بۆ سەر لیستی ڕاوێژکارانت زیادبکەیت. کەسانی جیاواز دەتوانن لە کار و کاتی جیاوازدا یارمەتیت بدەن.

لەم چەند ساڵەی ژیانمدا فێری شتێکی دیکە بووم، فێربووم کە خەڵکی حەزیان لەوەیە داوای زانیاریان لێبکەیت و بەشێوەیەك خۆت دەربخەیت کە چێژ لە گفتوگۆکردن لەگەڵیاندا وەردەگریت- بەتایبەتی ئەوانەی کە دڵیان بە خۆیان خۆشە. ئەگەر یارمەتیم ویستبێت و بە کەسێکم گوتبێت " دەتوانم سوود لە بیرکردنەوەی تۆ وەربگرم؟ " ئەوا هیچکات بە نەرێنی وەڵامی نەداومەتەوە. دەتوانیت بەشێوەیەکی شیاو پیایاندا هەڵبدەیت و چێژ لە گفتوگۆکانیان وەربگریت. کەوایە بۆ پرسیار ناکەیت؟

**کەسانی دی دەتوانن لە داوەکە دەرتبکەن و بتخەنەسەر ڕێگەیەکی ڕاست و شیاو بە تۆ**

## یاسای شەست و دووەم

# گرنگی بە لایەنی بەهێزی هەموو کەس بدە

تا ئێستا یاری هەڵهاتن لە ژوورت کردووە؟ پارە دەدەیت و لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکێکدا دەتخەنە ناو ژوورێکەوە، ماوەی یەك کاتژمێرت هەیە تا مەتەڵەکانی ناو ژوورەکە شیکاربکەیت و دەرگای ژوورەکە بکەیتەوە. چەندساڵێك لەمەوپێش لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەمدا لە هێلسینکی ئەم یاریەمان کرد. کەسمان نەماندەزانی چی بکەین، بۆیە لە کۆتا ساتەکاندا خاوەن یاریەکە یەك دوو سەرەداوی پێدایین تا لە دەرگاکەی پێبکەینەوە. دەزانن بۆ هێندە خراپبووین؟ چونکە نەمانتوانی وەکو تیمێك باش کاربکەین و بیرکردنەوەکانمان یەکبخەین.

تا بەرگری لە خۆمان بکەم دەبێت دووبارە و دووبارە بڵێمەوە کە هیچمان لە یاریەکە نەدەزانی. دەمەوێت دیسانەوە بڕۆم جارێکی دی ئەو یاریە بکەم، چونکە ئەگەر باشتر بیرمان بکردایەتەوە دڵنیام هێندە خراپ نەدەبووین. لە یاریەکەدا هەموومان لە ئەرکی خۆمان ڕاماندەکرد، وازمان لە شیکارکردنی مەتەڵێك دەهێنا و دەمانویست مەتەڵەکەی دواتر شیکابکەین. بەڵام دەبوایە بەم شێوەیە بووینایە........

دەبوایە هەر لە سەرتاوە ڕێبکەوتینایە ئەگەر هەر کێشەیەکی بیرکاری و ژیری هاتە پێشمان بیدەین بە کچەکەم، چونکە ئەو لەو بوارەدا لە هەموومان شارەزا و زیرەکتر بوو. دەبوایە هەرچی مەتەڵی و پرسیاری قورس و سەرسووڕهێنەرە بماندایە بە کوڕە گەورەکەم و بەتەنها بەجێمان بهێڵایە نەچووینایە بەلایدا تا داوای یارمەتی نەکردایە، چونکە ئەو بەتەنها

کەسێکی تابلێی زیرەکە لە شیکارکردنی مەتەڵە قورسەکاندا. دەبوایە کوڕە بچووکەکەشمان بۆ مەتەڵە ناخۆش و ئیزعاجەکان دابنایە، چونکە ئەو زۆر کەم پەستانی دەکەوێتەسەر و لە هەمانکاتیشدا دەتوانێت یارمەتی خوشك و براکەی بدات. دەبوایە کاری بەڕێوبردنمان بدایە بە هاوسەرەکەم، چونکە ئەو خۆی بە سروشت کەسێکی ڕێکخراوە. بۆ خۆشم نازانم دەبوایە چیم بکردایە، وابزانم باشتربوو ئەگەر بەتەنها جێمبهێڵانایە بەدیار کاری خۆیانەوە، یان چەپڵەم بۆ لێبدانایە و هانم بدانایە تا مەتەڵەکان شیکار بکەن.

هەموو مەبەستی ژووری هەڵهاتن بیرکردنەوەیە. هەموو ئەوەی دەبێت بیکەیت تەنها بیرکردنەوەیە – بێجگە لەوەی هەندێجار سندوق دەکەیتەوە – کاتێك بابەت دەبێت بە بیرکردنەوە هەر یەکێکمان بەهێزی خۆی هەیە. ئامانجی ئەم کتێبە فێرکردنی شێوازە جیاوازەکانی بیرکردنەوەیە، وە هەروەها ڕێگەیەکە بۆ بوون بە کەسێکی ڕێکخراو و داهێنەر و تەندروست لە بواری بیرکردنەوەدا، نووسینێکە تا لەڕێیەوە مەودای کارامەیی بیرکردنەوەکانت زیاد بکەیت. بەڵام هەرچەنێك شێوازی بیرکردنەوەی باش فێرببیت، هێشتا بەرێژەیەك خاڵی بەهێز و لاوازت تێدایە. ئەگەر لایەنە بەهێزەکانی مێشکت بەکاربهێنیت ئەوا لەگەڵ گروپ و کۆمەڵدا ئەنجامێکی باش بەدەستدەهێنیت.

ڕاستی بڵێم کاتێك لە ژوورەکەدا بووین سوکە شەڕێکمان کرد، شەڕەکە بۆ ئەوەبوو زووتر لە ژوورەکە بێینە دەرەوە، بەڵام سوودێکی ئەوتۆی نەبوو. هۆکارێکی دی ئەوەبوو کە ئێمە کارمان لەسەر لایەنە بەهێزەکانی خۆمان نەدەکرد، سەرەڕای ئەوەش لایەنە بەهێزەکانی کەسانی



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

چواردەوریشمان نەدەزانی. زۆر ناخۆشە ئەگەر بزانیت لە کارێکدا باشترینی ژووەکەیت و کەچی کەس داوای ئەو کارەی لێناکات.

بۆیە مەبەست لەم یاسایە تەنها گرنگیدان بە لایەنە بەهێزەکانی خۆت نییە، بەڵکو بۆ ناسینەوە و بەهەند وەرگرتنی بیرۆکەکانی کەسی بەرامبەریشە. لەوانەیە بە نووسین شتێکیت لێ دیار بێت، بەڵام کاتێک کردت بە کردار سەرت لە ئەنجامە چاوەڕوان نەکراوەکەی دەسورمێت.

## بەرێژەیەک خاڵی بەهێز و لاوازت تێدایە



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

یاسای شەست و سێیەم

# شێوەی هەنگەڵانێك بیربکەنەوە

ئەم یاسایە درێژەپێدەری یاسای پێشووە. ئاشنای چەندین کەسم کە لە توانا مێشکیەکەیان دۆشداماوم و زۆر سەرسامم پێیان. کەسانێك کە شێوەی هەورەبروسکە بیردەکەنەوە، زۆر ژیرانە کێشەکانیان چارەسەر دەکەن و خستنەگەڕی بیرۆکە وەکو ئاو خواردنەوە وایە لایان. یان خۆیان هەڵدەقورتێننە مەتەڵە ژیریە زەبەلاح و قورسەکان و ژمارەی زۆر گەورە لە مێشکی خۆیاندا کۆدەکەنەوە و لێکەدەدەن، یاخود بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆی زۆر سەرسووڕهێنەر پێش بە کێشەکان دەگرن و دەزانن بۆ کوێی ئاڕاستە بکەن.

جگە لەوان کارم لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا کردووە کە لە بیرکردنەوەدا زۆر خاو و خلیچکن، شیکاری قەبە و ناپێویست بۆ ڕووداوەکە دەکەن و ئەو داتا و زانیاریانەی لایانە لەپێش مێشك و بیرکردنەوەی کەسانی دیکەوە دایدەنێن. وەکو خۆم لەم حاڵەتەدا زۆر ئیزعاج و بێئومێد دەبم. بەڵام دەبێت بزانین کە ئەم جۆرە بیرکردنەوانەش پانتایی خۆیان لە بواری بیرکردنەوەدا هەیە و هەندێك کات پێویستن.

کاتێك کۆمەڵە کەسێکن و دادەنیشن تا بەیەکەوە بابەتێك تاوتوێ بکەن، ئەوکات خۆتان لەشێوەی شانە هەنگێدا بهێننە بەرچاو. هەر کەسێکتان تاکێکی ناو قەوارەیەکی لەخۆتان گەورەترن و لە نێوانتاندا گشت ئەو کارامەییانە بەرجەستەیە کە بۆ بیرکردنەوەیەکی تەندروست پێویستانە.

تەنانـەت ئەگـەر بەتـەنهاش بیربکەیتـەوە بەشـە جیاوازەکـانی مێشـکت بەیەکـەوە وەکـو تیمێـك کاردەکـەن. ئـەو بەشـەی لـەکاتی خـواردن دروسـتکردندا بەکاریدەبـەیت جیـاوازە لـەو بەشـەی بـۆ ژمێریـاری بەکاریدەهێنیت. کاتێك ڕۆژنامەیەك دەخوێنیتـەوە بەشێکی مێشکت کـار دەکـات و جیـاوازە لـەو بەشـەی کـە بـۆ ژێرکردنـەوەی منداڵەکـەت بەکاریدەهێنیت. لە کاتی جیاوازدا پێویستت بـە هـەموو بـەش و دەمـار و فرمانـەکانی مێشـکە. هـەمان تایبەتمەنـدی لەسـەر ئـەو هاوپیشـەیەت جێبەجێ دەبێت کە بە وردیـەکی بێتـام بـیر لـە شتەکان دەکاتـەوە، یـان بەسەر هاوڕێ نزیکەکەت کە دەچێتە ناو بنج و بنـاوانی هـەموو بابەتـەکان لەکاتێکدا تۆ ناتەوێت هێندە قووڵببیتەوە. کاتێك پرۆژەیەکی گەورە هاتـە پێش، یان هەر بابەتێکی تری مێشکی، ئەوکات هەنگەلانەکە پێویسـتی بـە کەسێکە کـە بـە وریـایی بـیر لـە ورد و درشـتی شـتەکان بکاتـەوە، وە هەروەها کەسێکیش کە لە هەموو لایەنەکانی بابەتەکە تێبگات.

بۆیە ئارام و لەسەرخۆ بە و هەوڵبدە لەو کەسانەی ناو شانەکە تێبگـە کـە وەکو تۆ بیرناکەنـەوە، بگرە بیرۆکـەکانیان بـەرز بنرخێنـە. چونکە بـەبێ ئـەوان شـانەکە لـە هـیچ هـەل و مەرجێکدا بـە ڕێکوپێکی بەڕێوەناچێت. گشت شـێوازەکانی بیرکردنـەوە سـوودیان هەیـە و لـە شـوێنی تایبـەتی خۆیاندا بـەکاردێن. بـەکارهێنانیان کەوتووەتـە سـەر جۆری ئـەو گروپـەی شانە هەنگەکەی دروستکردووە.

**لە نێوانتاندا گشت ئەو کارامەییانە بەرجەستەن کە بۆ بیرکردنەوەیەکی تەندروست پێویستانە**

یاسای شەست و چوارەم

# خۆبەزلزان مەبە

ئەندامانی گروپێکی چالاك و کاریگەر دەبێت گوێ بۆ بیرۆکەی گشت بەژداربووەکانی تر بگرن. بەڵام لەهەمان کاتیشدا نابێت هەموو بۆچوونەکان بە شیاو و ڕاست دابنێن. هەندێجار کە دەستت کرد بەکارەکە ئینجا هەندێك بیرۆکە سەردەردەکەن و هەندێکی دیکە بەشێوەیەك پێشدەکەون و دەگۆڕێن کە هیچ لە بیرۆکەکەی یەکەمجار ناکەن، بۆیە دەبێت کات و بوار بە هەندێك بیرۆکە بدەیت تا گەشەبکەن و پێشبکەون.

ئەگەر بەدوای چارەسەرێکدا دەگەڕێیت و ١٠٠ پێشنیارت لەبەردەمدایە، ئەوکات یەکدانەیان بە تەواوی بەکەڵکی تۆ دێت و ٩٩ کەی دیکە جیاوازیەکی ئەوتۆ لە کێشەکەدا دروست ناکەن. شتێکی ناخۆشە ها! لە ٩٩ پێشنیاردا تەنها یەك دانەیان بەکەڵکی تۆ بێت. لەوە ناخۆشتر ئەوەیە لەناو ئەو ٩٩ دانەیەدا بیرۆکەی خۆتی تێدابووبێت. لەوەش ناخۆشتر ئەوەیە تەنها دوو پێشنیار شیاو هەبێت و دانەیەکیان هی تۆ بێت، بەڵام لەکۆتایدا ئەوەی تۆ بەکارنەهێنرێت.

بێ ئومێدبوون حاڵەتێکی ئاسایی و سروشتیە، بەڵام هیچ سوودێکی نییە. هەمیشە لەبیرت بێت کە تۆ ئەندامێکی ناو هەنگەڵانەکەیت و پێشنیاری گشتی بەسەر پێشنیاری تۆدا سەردەکەوێت. بەڵێ بەم شێوەیەیە، تەنانەت ئەگەر واهەستیش بکەیت گوێ بۆ بیرۆکەکەت نەگیراوە و لێی تێنەگەشتوون. من بەم حاڵەتە زۆر تێکدەچم، بەڵام ئەگەر هەموو

ئەندامانی نێـو تیمەکـە خۆبـەزلزانی و خودئـەڤینی خۆیـان نەخەنـە کـەنارەوە، ئـەوکات هەنگەلانەکـەش تێکدەچـێت و تیمەکـەش بـەپێی پێویست پێشناکەوێت.

لەوکاتـەی هەسـت بـە وەڕسـی و بێتاقـەتی دەکـەیت ئیـدی خـاوەنی بەهرەکانی پێشوو نیت و لـەدوای کۆمەڵـەوە دەبیت. ئەگـەر زۆر جاڕس بیت لەوانەیە ئاوات بە شکستی بیرۆکەی ئەندامێکی تر بخوازیت. کـە بـەو کارە هەڵسایت ئەوا ئیدی شانەکە بەبێ تۆ باشتر دەچێت بـەرێوە و زیاتر پێشدەکەون. لەجیاتی ئەوەی ببیت بە یارمەتیدەری گروپەکـە دەبیت بـە بار و زیان بەسەریانەوە. لەوانەیە لە داهاتوودا هەموو تیمەکـە پێویستیان بە بیرۆکەی تۆ بێت، تۆش دەبێت هەمیشە چالاك بیت، ئەگـەر وانەکـەیت کەواتە بۆ بەشداری کۆمەڵەکەت کردووە؟

ئەگەر لەگەڵ شانەکەدا نەبیت ئەوا هەم هەنگەلانەکە تـۆ لەدەستدەدات و هەم تـۆش ئـەوان لەدەستدەدەیت. بـەڵێ لەدەستیان دەدەیت، چونکە دڵنیابـە لەدوایـدا پێویسـتیان بـە بیرۆکـەی تـۆ دەبێـت و دەرفـەتت بـۆ دەرەخسێت تـا خـۆت بسـەلمێنیت، چونکە ئەگـەر تـۆ لەگەڵیانـدا نـەبیت دواتـر ئـەو تیمـە ئاستبەرزە دروسـت نابێـت توانـای گەشتنی بـە هـەموو ئامانجێك هەیە.

کاتێك لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا بیردەکەیتەوە، دەبێت لەسەر پانتاییـەك لـە تێگەشـتن و چـەندین ئاڕاسـتە و شـێوازی بیرکردنـەوە ڕێکبکـەون. بـەم شێوەیە پەیوەنـدی و هاوکاریـەك دروسـت دەبێـت کـە تیمەکـە دەباتـە ئەوپـەڕی بـەهێزی. دەبێـت بەمشـێوەیە بیت، بێجگـە لـەم شێوازە هـیچ شێوازێکی دی سـوودی نییـە. کەواتـە دەبێـت یـەك بـە یـەکتان هەستی

خۆبەزلزانی خۆتان بخەنە کەنارەوە. بەمشێوەیە ئەگەر گرنگی بە بیرۆکەی ئەندامێکیش نەدرابێت ئەوکات لە ئەنجامی تیەمەکەدا دەردەکەوێت.

گوێبگرە، ئەگەر یاسایەك لە ئێستادا بەکارنەیەت مانای ئەوە نییە کە بێسوودە. لەوانەیە ببێت بە بنچینە بۆ بیرۆکەیەکی گەورە، یان پریشکەکانی بیرۆکەی تر دروست بکەن. لەوانەشە — کە من بە باشترین ئەگەری دەزانم — بووبێت بە ئاماژەیەك تا گروپەکە بیرۆکەی باش و خراپ لێکجوودا بکەنەوە. لەو کاتەدا نابێت بە بیرۆکەیەکی خراپ و بێفەڕ، بەڵکو دەبێت بە بیرۆکەیەکی بەسوود. کەوایە هیچ خۆت تووڕە و مۆن مەکە، تۆ ئەرکی خۆت بەجێگەیاند.

**دەبێت بەمشێوەیە بیت، بیجگە لەم شێوازە هیچ شێوازێکی دی سوودی نییە**



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

یاسای شەست و پێنجەم

# ئاگات لە کەسە بێدەنگەکان بێت

ئەگەر بەڕێوبەر یان ئەندامی کۆمەڵەیەکیت، ئەوا دەبێت کار بۆ سەرخستنی کۆمەڵەکە بکەیت. ئەگەر بەو کارە هەڵنەستیت کەواتە بۆچی لە گروپەکەدایت؟ ئەگەر لەلایەن تیمێکەوە داواکرابوویت، ئەوا بەشداربە لەگەڵیاندا، چونکە دڵنیابە چێژی ئەو سەرکەوتنە زۆر خۆشترە لە سەرکەوتنە تاکە کەسیاکان. کاتێک لەگەڵ کەسانی دیکەدایت هەوڵدەدەیت باشترینی خۆت پێشکەش بکەیت.

هەندێک تیم زۆر بە وریایی هەڵبژێردراون و ئەندامەکانی هەریەکەو خاوەنی کارامەییەکی بەسوودن بۆ تیمەکە. گروپەکانی دی هەندێکیان بە سووتفە دروستبوون - بۆ نمونە لیژنەی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگا - لەوانەیە هەرکەسێك لەو کاتەدا ئامادەبووبێت کردبێتیانە ناو گروپەکەوە بەبێ گوێدانە ئەو کارامەیەی خاوەنیەتی. لە هەندێك شوێنیشدا چەند کەسێك تەنها لەبەر هێزی بیرکردنەوەیان کراونەتە ئەندام، بۆ نمونە توانای بەگەڕخستنی بیرۆکە و شیکردنەوەی کێشە و ڕێکخستنیان هەیە. بە هەمانشێوە هەندێکی دیکەش بەهۆی کارامەییە کردارەکیەکانیان کراونەتە بەشێك لە تیمەکە.

ئەگەر کەسێك زۆر بە پەرۆش بێت بۆ گروپەکە و خاوەنی هەر جۆرە کارایەمەییەك بێت، بۆ نمونە دەستی دروستکردنی کێکی هەبێت، یان توانای چاکردنەوەی ئامێرە کارەباییەکانی هەبێت، ئەگەر وەریبگریت کارێکی باش ئەنجام دەدەیت، چونکە تۆ ئامانجت خرکردنەوەی

کەسانێکە کە خاوەنی تایبەتمەندی و کارامەیی جیاواز بن. کەسانێك هەن- وەکو من - بەلایانەوە ئاساییە بیرۆکەکانیان هەرزانفرۆش بکەن، بەڵام هەموو کەسێك بەمشێوەیە نییە. ئەگەر ئامانجت گەورەکردن و پەرەپێدانی گروپەکەیە، ئەوا واباشترە بێ جیاوازی کەسانی خاوەن کارامەیی وەربگریت. نەك تەنها ئەوانەی کە وا خۆیان دەردەخەن کە شت بزانن.

بۆیە هەمیشە چاوت لەسەر ئەو کەسانە بێت کە کەمدوون و قسە ناکەن. نەك تەنها ئەوانەی کە وا خۆیان دەردەخەن کە شت بزانن. لەوانەیە خاوەنی چەند بیرۆکە و بۆچوونێك بن کە لەم قۆناغەدا بەکەڵکی گروپەکە نەیەت، بەڵام ئەگەرێکی دیکەش ئەوەیە کە خاوەنی چەندین بیرۆکەی جوان و بەهێز و قەشەنگ بن بەڵام چاوەڕێن کەسێك دوایان لێبکات. لەوانەیە هێندە متمانەیان بەخۆیان نەبێت، لەم حاڵەتەدا تیمەکە چەند بیرۆکەیەکی جەوهەری لەدەستدەدات کە دەکرێت سەراپای ڕووداوەکان بگۆڕێت. وامەزانە ئەوانەی بێدەنگ و کەمدوون خاوەن بیرۆکەی باش و شیاو نین.

ڕاستی ئەم حاڵەتەت زیاتر بۆ دەردەکەوێت ئەگەر لە گروپەکەدا دوو یان زیاتر لە دوو کەسی دەنگەدەنگکەر و قۆرغکار هەبێت. تەنانەت ئەگەر لە حاڵەتێکیشدا بیرۆکە و بیر و بۆچوون بەوناوەدا بەئازادی بێت و بڕوات، ئەوکاتیش دەکرێت ئەو کەسانەی کە شەرمن یان خۆ بەکەمزانن نەتوانن دەنگی خۆیان بە زوڵاڵی بگەیەنن. دەکرێت هەندێجار باشترین سەرنج و لێوردبوونەوە لەلایەن ئەو کەسانەوە بێت کە ئەزموونی پێشوو چاوی دانەخستوون بەڕووی بیرۆکە و بۆچونی نوێدا.

شەرمی ئەو جۆرە کەسانە بشکێنە. داوای بیرۆکە و سەرنجیان بکە، بواریان بدە تا بەدەنگی خۆیان قسە بکەن و دڵنیا ببەرەوە لەوەی هەموو کەس گوێیان بۆ دەگرێت. لەگەڵ کەسێکدا کارم دەکرد کە بەدرێژایی دانیشتنەکەمان یەك وشەی نەدەگوت، لە کۆتاییەکاندا کە بیرۆکەمان پێنەدەما ئیدی ئەو قسەی دەکرد و تەماشا دەکەین خاوەنی زۆر بیرۆکەی جوان و سەرنجڕاکێشە کە ئێجگار زۆر یارمەتی تیمەکە دەدات. ئەگەر ڕێگەمان بە قسەکردنی نەدایە، ئەوا سوودمان لێ وەرنەدەگرت، ئەگەر سوودیشمان لەو وەرنەگرتایە ئەوکات لەگەڵ دۆڕاوەیەکدا جیاوازیمان نەبوو.

**وامەزانە ئەوانەی بێدەنگ و کەمدوون خاوەن بیرۆکەی باش و شیاو نین**

## یاسای شەست و شەشەم

# بیرکردنەوەی بەکۆمەڵ

جارێکیان لەگەڵ تیمێکدا کارمکرد کە هەموو ئەندامەکان زۆر چێژیان لە بیرورا گۆڕینەوە وەردەگرت، چونکە هەموومان بەشێوەیەکی سەرسوورهێنەر ئەرێنی و بەپەرۆش بووین تا بیرۆکە و بیرکردنەوەی خۆمان بخەینەڕوو. وەکو هاوڕێیەکی باش لەگەڵ یەکدا مامەڵەمان دەکرد و هانی یەکدیمان دەدا تا ببینە خاوەن بیرۆکەی باشتر و جوانتر. بەڵام دەبێت دانبنێم بەوەی کە هەموو بیرۆکە و بۆچوونەکانمان سەرکەوتوو و باش دەرنەدەچوو. هەندێجار شکستیان دەهێنا و کاریان پێنەدەکرا.

دوای ماوەیەك ئەندامێکی نوێ هاتە ناو تیمەکەوە. هەموومان کەیفمان پێدەهات و سەرمان سووڕمابوو لە گەشبینیەکەی، بەڵام لەکاتی خستنەڕووی بیرۆکەکاندا هەندێك نەرێنی بوونی پێوە دیاربوو. ئێمە هەموومان لەدەست ئەم کارەی وەڕس و بگرە هەندێکیش تووڕە بووبووین. چونکە ئەم بەشداربووە نوێیە جۆش و خرۆشی سەرەتای تیمەکەی کاڵکردەوە و لە هەندێکیشدا نەیهێشت.

دوای ماوەیەکی دی شتێکی ترمان بۆ دەرکەوت، تەماشا دەکەین ڕێژەی سەرکەوتنی بیرۆکەکانمان زیادیکردووە. ڕێژەی سەرکەوتنەکانمان گەشتبووە ئەو ئاستەی کە ئاواتمان پێدەخوازی. نەرێنبوونی ئەندامە نوێیەکە وای لە ئێمە کرد وریاتر و ڕاستەقینەتر پلان دابنێین، لەهەمان کاتیشدا ببووە هۆی دروستکردنی پێوەر و ئاستێك بۆ دیاریکردنی بیرۆکەی نەشیاو و خراپ.



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

ئەگەر گروپێك بە هەموو بیرۆکەیەك رازی ببێت و کاری پێبکات ،ئەوا گروپێکی باش نییە. کۆبوونەوە بۆ ئەوەیە کاتێکی خۆش و پڕ چێژ و خۆشی ببەیتەسەر، دەتوانن زلە لە پشتی یەك بدەن و گاڵتە و گەپ لەگەڵ یەکدیدا بکەن و هەموو بیرۆکەیەك بەرز بنرخێنن. بەڵام تۆ بۆ گاڵتە و گەپ لەو گروپەدا نیت، ئەسڵەن گروپەکە بۆ ئەو مەبەستە دروستنەکراوە. گروپ وەکو کۆبونەوەیەکی ئاسایی نییە، ئەندامانی گروپ بە هەموو دەیانەوێت ئامانجێکی بەرز بپێکن. ئەگەر هەمووتان وەکو یەك بیربکەنەوە کەواتە بۆ کۆبونەتەوە؟ ئەگەر وابێت ناگەن بە ئامانجێکی بەرز و شیاو.

ئەگەر دەتەوێت ببیتە خاوەنی گروپێکی چوست و چالاك ئەوا دەبێت گرنگی بە ئاست و جۆری بیرۆکەکان بدەیت. هەندێك تیم- وەکو تیمەکەی ئێمە - دەکەونە ناو ئەم تەڵەیەوە، چونکە بەشداربووانی شێوەی یەك بیردەنەکەوە و کەس هەوڵنادات تا بیرۆکەیەکی گۆڕانکار بخاتە مەیدانەوە. هەندێك تیمی دیکەش تێڕامان بۆ بیرۆکەکە ناکەن و دەیانەوێت زووبەزوو بیرۆکەی تر بەگەڕبخەن. لە هەردوو بارەکەدا کوالێتی و ئاستی جۆرێتی تیمەکەت دادەبەزێت

هۆشیاربوون باشترین ڕێگەیە بۆ بوارنەدان بەم حاڵەتە نەخوارزاوە. کێشەکە ئەوەیە خودی ئەندامانی گروپەکە هەست بەم حاڵەتە ناکەن. لەبەر ئەوەی هەموو لەگەڵ یەك تەبان و چەپڵە بۆ بیرۆکەی هەموو کەس لێدەدرێت. ئیدی وادەزانن ئەمە ڕێگا و شێوازە ڕاستەکەیە. کەس هەست بەوە ناکات کە جگە لە چەند لاسایکەرەوەیەك کەسی دی لە تیمەکەدا نییە.

هەرکات درکت بەم حاڵەتە کرد و سەرنجی گروپەکەت بۆلای خۆت ڕاکێشا، ئەوجا دەبێت کێشەکەیان پێبناسێنیت. باشترین ڕێگاش هێنانەناوەوەی چەند کەس و بیرکەرەوەیەکی دیکەیە کە لە بیرکردنەوەدا ئازادن و ناکەونە ژێر کاریگەری و هەژموونی تیمەکەوە. دەکرێت گروپەکە بکەیت بە چەند بەشێکەوە تا زیاتر کۆنترۆڵیان بکەیت. دەکرێت کەسێکی ڕەخنەگر بهێنیتە ناو گروپەکەوە تا ڕکابەری و ئالنگاری لەنێو گروپەکەدا دروست بکات.

## کوالیتی و ئاستی جۆریتی تیمەکەت دادەبەزێت

## یاسای شەست و حەوتەم

# ورد و هۆشیار بە لە دروستکردنی تیمدا

گوتمان کە چاك و تەندروست نییە ئەگەر هەموو کاتێك ئەندامانی تیمەکە هەماهەنگبن لەگەڵ یەکدیدا و هەموو لەسەر یەك بیرۆکە ڕێبکەون. کەواتە باشترین گروپ ئەوەیە کە ئەندامەکانی جیاواز لەیەك بیردەکەنەوە و هەندێك جاریش ڕەخنە لە بیرۆکەی کەسی بەرامبەر دەگرن.

لێرەدا شتێکی مەترسیدارتان پێدەناسێنم. ئەگەر گروپەکەت پڕ بکەیت لە کەسانێك کە لەگەڵ یەکدا ناگونجێن، ئەوا تیمەکەت مەترسی تێکچوونی لەسەرە. چونکە ڕق و کینە و دوژمنایەتی لەلایەك و تووڕەبوون و قسەی ناشیرن لەلایەکی دی دەبن بە باسوخواسی گەرمی ناو گروپەکە. دواتر ئەگەر تیمەکەت تێکیشنەچێت ئەوا بەدڵنیایەوە پێشکەوتن بەخۆیەوە نابینێت.

کەواتە خۆت لە گروپێك بپارێزە کە ئەندامەکانی هەمیشە ڕێکەوتوون، وە لەگەڵ ئەو گروپەشدا کە هیچ کاتێك ڕێناکەون. ئێ کەواتە کێ مایەوە؟ گروپ لەگەڵ کێدا دروست بکەم؟ یەك خولەك بوەستە، خۆ من نەمگوت با گفتوگۆ و مشتومڕ نەکەن. با گفتوگۆ بکەن. بەڵام دەبێت گفتوگۆکەیان بەرهەمدار بێت و ئامانجێکی باش و شیاوی هەبێت. دەبێت ئەندامانی گروپەکە بەشێوەیەك ناڕازیبوونی خۆیان دەرببڕن کە کێشە دروست نەبێت و کەشی تیمەکە تێکنەچێت.

باشترین ڕێگا و شێواز بۆ گەشتن بەم ئامانج و مەبەستە ئەوەیە ئەندامەکان تێبگەیەنت تەنها لەکاتی پێویستدا ڕازینەبوونی خۆیان



CamScanner

ڕابگەیەنن، بەمشێوازە کەش و باری گروپەکە تێکناچێت و بگرە بەرەوپێشەوە دەڕوات. کاتێک خەڵکی سەرنج و توانجیان لەسەر بیرکردنەوەکانتدا، ئەوکات تۆش دەتوانیت سەرنج لەسەر بیر و بۆچوونەکانیان بدەیت، نەک کەسایەتیان. بەم شێوازە بیرکردنەوەی ئەندامەکان دەبنە جێی قسەوباس و لێکۆڵینەوە، نەک خودی کەسەکە.

دەبێت بۆ ڕێکخستن و بەردەوامی تیمەکە چەند یاسایەك هەبێت، دەتوانیت تەنها لە سەرەتادا پێیان بڵێیت، یان جار جار لەکاتی پێویستدا دووبارەی بکەیتەوە بۆیان. دەکرێت بەمێشکی خۆت یاساکان دابنێیت، بەڵام دەبێت ئەمانەی تێدابێت:

- نابێت ڕەخنە لە کەسایەتی بگیرێت.
- دەبێت خودی بیرۆکەکە قبولْ نەکرێت، نەك خاوەن بیرۆکە.
- نابێت دەنگ بەرز بکرێتەوە.
- دەبێت گوێ بۆ هەموو کەسێك ڕابگیرێت.
- نابێت گروپەکە ببێتە جێی ناکۆکی و ململانێ.
- نابێت کار بە هەست و سۆز بکرێت.

ئەگەر ڕێز لە یاساکانی دی بگیرێت ئەوا کۆتا یاسا زۆر بە ئاسانی جێبەجێ دەبێت. لەڕاستیدا ڕێزگرتن گرنگترین خاڵی گروپەکەیە. دەکرێت ئەندامەکان بیرکردنەوەیان لەگەڵ یەکدا نەگونجێت و جیاواز بن، بەڵام نابێت بێڕێزی بەرامبەر یەکدی ئەنجام بدەن.

پێویستت بە ململانێیەکی ئەرێنیە. گروپێکی بەهێز و چالاك زیاتر بەرەوپێشەوە دەبات. ململانێ ئاسۆی بیر و مێشکت فراوان دەکات. ئەگەر نیشانەی پرسیار بخرێتە سەر بیرۆکەکانت ئەوکات تۆش مەجبوور



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

دەبێت هەوڵی زیاتر بدەیت تا ڕاستی بۆچوونەکانت بسەلمێنیت، یان دان بە هەڵەبوونی خۆتدا بنێیت. هەمیشە لەبیرتبێت کە تیمەکەت شێوەی هەنگەلانێکە، هەموو بەیەکەوە سەردەکەون و بەیەکیشەوە دەکەون، بۆچی؟ چونکە پێکەوە بیرۆکەیەك قبوڵدەکەن و کاری پێدەکەن. گرنگ نییە کێ هەر لە سەرەتاوە خاوەنی بیرۆکەکە بووە. ئۆف بمبوورە، نەمزانی تۆ خاوەنی بیرۆکەکە بوویت، دەی کەواتە ئێستا دەتوانیت تۆزێك بە بەژن و باڵای مێشکی خۆتدا هەڵبدەیت، بەلام ئاگاداربە کەس نەتبینێت.

ئەگەر ئێستا لە گروپێکدایت و دوای دانانی ئەم هەموو یاسا و ڕێسایە هێشتا بەپێی پێویست بەرەوپێشەوە نەچوون، ئەوا دەبێت هەندێك گۆرانکاری بکرێت. دەکرێت کەسێك گروپەکە جێبهێڵێت، یان تیمەکە هەڵبوەشێننەوە ئەگەر بەرهەمتان نییە و گەشە ناکەن.

| |
|---|
| **دەکرێت ئەندامەکان بیرکردنەوەیان لەگەڵ یەکدا نەگونجێت و جیاواز بن، بەلام نابێت بێڕێزی** |



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## یاسای شەست و هەشتەم

# زریانی مێشك

زریانی مێشکی ڕێگەیەکی هەرە تایبەت و گرنگی بیرکردنەوەی بەکۆمەڵە. بەگشتی لە سەرەتاوە کار بە زریانی مێشکی دەکرێت، یان لەکاتێکدا کێشەیەك هەبێت و پێویستی بە چارەسەر بێت. یەکێك لە سەرەتایترین بنەماکانی بیرکردنەوەی بەکۆمەڵ بەگەڕخستنی بیرۆکەیە، ئامانج لە زریانی مێشکید دروستکردنی زۆرترین بیرۆکەیە، کێشە نییە بیرۆکەکە باش بێت یان خراپ، گرنگ ئەوەیە بیرۆکەیەك زیادببێت بۆ ناو لیستەکە. مەبەست لە زریانی مێشکی گەشتن نییە بە وەڵام و چارەسەر، بەڵکو دروستکردنی ئەو ڕێگا و بۆچوونانەیە کە ئاڕاستەی دۆزینەوەی چارەسەت دەکەن. کەواتە زریانی مێشکی دەبێتە قۆناغێکی بنەڕەتی ناو پرۆسەی بیرکردنەوەی بەکۆمەڵ.

زریانی مێشکی وەکو شێوازێکی کۆن و کلاسیکی تەماشای دەکرێت. لە ساڵی ١٩٣٠ دا لەلایەن ئەلێکس ئۆسبۆرنەوە کاری داڕشتنی بۆ کرا، بەڵام هەندێکی دی وابیردەکەنەوە ئەم تەکنیکە هەر لە کۆنەوە بەکارهاتبێت و ئەلێکس تەنها پاڵفتەی کردبێت. ئۆسبۆرن زۆر تووڕە و وەڕسبوو بوو لەو کەمە بیرۆکەیەی کە لەلایەن ئەندامەکانیەوە پێیدەدرا، بۆیە هەستا بە دابەشکردنیان بۆ چەند گروپێك تا پێکەوە بیربکەنەوە.

ئەلێکس هەستی بە کێشەکە سەرەکیەکە کرد و چارەسەرەکەشی لەوەدا بینیەوە کە ئەندامەکان بکات بە چەند گروپێکەوە و داوای بەگەڕخستنی بیرۆکەیان لێبکات تا زیاتر پێشبکەون. ئەم کارەی ئەلێکس سەریگرت،

چونکە بەشێوەیەکی کرداری توانی ڕێژەی بیرۆکە لەناو گروپەکەیدا زیاد بکات.

ئەلێکس ئەوەی کرد بە یاسایەك کە ئەگەر یەك کێشە دیاریبکات ئەوا گروپەکە چالاکتر دەبێت و ئەندامەکانیش بیرۆکەی زیاتریان بۆ دێت. بۆ نمونە ئەگەر ڕاهێنانی زریانی مێشکی بەکاربهێنیت بۆ فرۆشتنی کالآیەکی نوێ، ئەوا چەندین بیرۆکەی نوێ و باشت دەستدەکەوێت لەبارەی چۆنیەتی فرۆشتن و ڕیکلامکردن بۆ بەرهەمە نوێیەکەت. کەواتە بەم پێیە بێت دەتوانیت تەرکیز بخەیتەسەر ئاستی بیرکردنەوەی تاکەکان بەبێ گوێدانە ئەو بیرۆکەیەی دەیخەنەگەڕ.

ئامانج و مەبەستی ڕاهێنانی زریانی مێشکی بەگەڕخستنی زۆرترین ڕێژەی بیرۆکەیە. ئێمە دەزانین هەتا ژمارەی بیرۆکە زۆرتر بێت ئەوا بواری فراوانبوون و دروستبوونی بیرۆکە زیاتر دەبێت. کەواتە هەتا دەتوانیت بیرۆکە کۆبکەرەوە.

ئەگەر دەتەوێت ڕێژەیەکی زۆر بیرۆکە بەدەستبخەیت، ئەوکات دەبێت هانی کارمەندەکانت بدەیت تا بێ هیچ کۆت و بەندێك بیربکەنەوە. لەبەر ئەوەی بیرکردنەوەکە بە گروپ و کۆمەڵە، بۆیە گرنگ نییە ئەگەر بیرۆکەیەك لە ئێستادا باش دەرنەکەوێت، چونکە لەوانەیە ببێتە هۆی دروستکردنی بیرۆکەیەکی باشە. کەواتە مەبەستی ئەم ڕاهێنانە جۆری بیرۆکە و بۆچوون نییە، بەڵکو ئامانجی ڕێژەیەکی زۆر لە بیرۆکەیە.

ئەو بنەمایەی ئەلێکس دایناوە و منیش زۆر بەلامەوە باشە ئەوەیە کە هیچ کەسێك مافی ئەوەی نییە ڕەخنە لە بیرۆکەی کەسی دی بگرێت، یان قبوڵی نەکات و توانجی نەرێنی لێبدات. دواتر کاتی دادوەریکردن دێتە

پێشەوە. ئەم بنەمایە زۆر گرنگ و بەسوودە، چونکە ئەگەر بەم شێوەیە نەبێت ئەوا ئەندامەکان لەترسی سەرزەنشت و ڕازینەبوونی ئەندامانی دی ناو تیمەکە سنوورێك بۆ خۆیان دەدانێن و زۆرجاریش بوێری دەربڕینی بیرۆکەکەی خۆیان نییە. ئەگەر بزانیت لەلایەن کەسەوە سەرزەنشت ناکرێیت و ڕەخنەت لێناگیرێت، ئەوا زۆر بەلاتەوە ئاساییە هەر بیرۆکەیەك بێت بە مێشکدا و دەریببڕیت.

ئامانج و مەبەستی گشتی زریانی مێشکی دروستکردنی کاریگەری و بەدەرخستنی توانا و لێهاتوویی داهێنەرانەی کەسی بەرامبەرە لە ژینگەیەکی شیاو و لەباردا.

بەدرێژایی چەندین ساڵ زۆر کەس بنەما و تەکنیکی تایبەت بەخۆیان بۆ ڕاهێنانی زریانی مێشکی دارشتووە. هەندێك لە بنەما و یاساکان زۆر ناوازە و بەکارن و دەتوانیت بەدوایاندا بگەڕێیت. بەڵام بۆ ئەوەی مێشکی داهێنەری ئەندامانی تیمەکەت بەگەڕبخەیت و بەرهەمێکی زۆرترت هەبێت، ئەوا تەنها بنەما و یاساکانی ئەلێکست بەسە.

**ئەگەر یەك کێشە دیاریبکەیت ئەوا گروپەکە چالاکتر دەبێت و ئەندامەکانیش بیرۆکەی زیاتریان بۆ دێت**

## یاسای شەست و نۆیەم

# بیرۆکەی گەمژانە دروستبکە

هەرگیز توانای داهێنانی کەسانی دەوروبەرت بە کەم تەماشا مەکە. نهێنی سوود و کاریگەری زریانی مێشکی لەوەدایە کە لەوانەیە بیرۆکەی گەمژانەی ئەندامێك ببێت بە چارەسەرێکی بلیمەت و ژیرانەی ئەندامێکی تر. ئەگەر ڕێ بە بیرۆکەی گەمژانە نەدەیت، ئەوا دەرفەتی بەرەوپێشچوونی بیرۆکەگەلێکی گەمژانە بۆ هەتا هەتایە لەدەست دەدەیت.

من و هاوسەرەکەم لەم شێوازە بیرکردنەوەدا وەکو تیمێکی چالاك و کاریگەر کار دەکەین. من هەمیشە پێشنیاری نامۆ و نائاسایی دەکەم. بەڵام ئەو لەجیاتی ئەوەی ڕەتیان بکاتەوە هەوڵدەدات بیرۆکەیەکی ژیرانە و ئاسایی لێ دروستبکات. لەوانەیە پێشنیارەکانم کاتێکی زۆر بەفیڕۆ بدەن یان گران و جێبەجێکردنیان قورس بێت، بەڵام هاوسەرەکەم مانایەکی باشتریان پێدەبەخشێت و بەشێوەیەکیان لێدەکات کە بواری جێبەجێکردنیان هەبێت.

با نمونەیەکت بۆ بگێڕمەوە. لە بەشی خوارەوەی باخچەکەماندا جۆگەلە ئاوێکی لێبوو. لەڕاستیدا هەبوونی جۆگەلەیەك لەویادا بۆ ئێمە زۆر باش بوو، بەڵام یەك کێشەی هەبوو، ئەویش کاتێك دەگەشتە ناوەڕاستی باخچەکە چەند گردۆڵکەیەکی بچووکی لەبەردەمدابوو و ئاوەکە بە گشت باخچەکەدا بڵاو نەدەبوویەوە، خۆشم تاقەتم نەبوو هەموو جارێك ئاو بکەم بە بەشەکەی تری باخچەکەدا. بەو شێوەیە لەبەردەم گردۆڵەکەدا کۆدەبویەوە و منداڵەکانیشم دەچوون یاریان تێدا دەکرد، ئیدی بڕیارمدا

ڕێگەی ئاوەکە بگۆڕم و بیخەمەسەر شوێنێکی تەخت تا ئاوەکە بە هەموو لایەکدا بڵاو ببێتەوە. بەڵام هاوسەرەکەم بەباشی بیری لە پێشنیارەکەی من کردەوە و دواتر گوتی کە هەم پارە و هەم وزە و توانایەکی زۆری پێویستە، وە دواتر ئەگەر ڕێڕەوەی ئاوەکە بخەینەسەر تەختاییەکیش ئەوکات لەوانەیە ئاوەکە بەباشی بڵاو نەبێتەوە، چونکە ڕێڕەوی ئاو دیار نییە. دوای ئەوەی تاوتوێی بابەتەکەمانکرد گوتی باشە بۆ گردۆڵەکەکان لانەبەین؟ بیرۆکەیەکی زۆر ناوازەبوو! ئەگەر منی لەگەڵدا نەبووایە هەرگیز بیرۆکەیەکی لەوشێوەیی بۆ نەدەهات.

لە ژیانمدا ئاشنای چەند ئەکتەرێکی کەم بووم. دەرهێنەری فیلمەکان دەڵێن ئەگەر دەتەوێت فیلمێکی باش بەرهەم بهێنیت ئەوا واباشترە داوا لە ئەکتەرێکی مامناوەندی بکەیت تا لە فیلمەکەدا ڕۆڵ بگێڕێت، چونکە ئەکتەرەکە لەژێر دەستی خۆتدایە، نەك کۆڵێك ماستاو و مەرایی بۆ ئەکتەرێکی بەناوبانگ بکەیت و هیچت بەگوێ نەکات. ئیستۆپ گرتن لەوە ئاسانترە ئۆتۆمۆبێلەکە لەدەستت دەربچێت و دواتر تووشی ڕووداوێك ببیت. کەواتە بیرۆکە نامۆ و نائاساییەکان دەکرێت زۆر بە ئاسانی بگۆڕێن بۆ بیرۆکەیەکی باش و بەکار.

دەبێت بەدوای ئازایەتی و بوێریدا بگەڕێیت و بیدۆزیتەوە. لە خستنەڕووی پێشنیارەکانت نەترسیت تەنها لەبەر ئەوەی کەسانی دی بە چاوێکی نەرێنیەوە تەماشای بیرۆکەکەت دەکەن. بۆ ئەم بابەتە قسەیەکی خۆم هەیە و حەزدەکەم بیڵێم " دەزانم بیرۆکەکەم گەمژانەیە، بەڵام بۆ ئەوە دەیڵێم چونکە لەوانەیە کەسێك بیکات بە بیرۆکەیەکی باش و ناوازە " ئەم هەڵوێستە لەبەر دوو هۆکار چاکە. یەکەم، واتلێدەکات لە توانج و



CamScanner الممسوحة ضوئيا بـ

داوەریکردنی کەسانی دی نەترسیت و بەلاتەوە ئاسایی بێت ئەگەر بیرۆکەکەتیان بەلاوە هیچ و گەمژانە بێت، چونکە خۆت پێشتر پێت ڕاگەیاندوون. دووەم؛ لەجیاتی ئەوەی پێشنیارەکەت ڕەتبکەنەوە – کێ دەڵێت یەکسەر قبوڵیشی ناکەن، کێ دەزانێت! – ئەندامانی گروپەکە هەوڵدەدەن لەڕێگەی ئەو بیرۆکە گەمژانەیەی تۆوە بیرۆکەیەکی چاک و بەسوود بنیات بنێن.

بە هەمانشێوە وا لە کەسانی دەوروبەرت بکە بەبێ ترسان لە هیچ شتێک بیرۆکە "گەمژانە"کانی خۆیان دەربڕن، لە هەمان کاتدا تۆش گوێیان لێبگرە و هەوڵبدە بیرۆکەیەکی باش و بەکار لەوەی ئەوانەوە دروست بکەیت.

**ئیستۆپ گرتن لەوە ئاسانترە ئۆتۆمۆبێلەکە لەدەستت دەربچێت و دواتر تووشی ڕووداوێک ببیت**

## یاسای حەفتایەم

# لە پەیوەندی بەردەوامدا بە

کاتێك بەشداریت لە بیرکردنەوەی بەکۆمەڵدا کرد، ئەوکات هەموو دەم و سات لەگەڵ یەکدیدا نابن. لەوانەیە لە کاتژمێر پێنج تا نۆ لەگەڵ یەك بن، بەڵام تەواوی ڕۆژەکە لەگەڵ یەکدا بەسەر نابەن. لەوانەیە هەمووتان لە یەك ژوور کۆببنەوە، بەڵام هەر کەسێکتان لەسەر مێزی تایبەتی خۆی کار دەکات. هەندێك گروپی دیکە لەوانەیە تەنها هەفتەی یان مانگی یەك کاتژمێر کۆببنەوە.

کەواتە کاتێکی زۆرت بۆ دەمێنێتەوە تا خۆت بەتەنها بیربکەیتەوە. باشی ئەم بوارپێدانەش لە دوو هۆکاردا خۆی دەبینێتەوە، یەکەم، ناکەویتە ژێر کاریگەریەکی بەردەوامی ئەندامەکانی تر. دووەم، بوارێکی زۆرت دەبێگ تا خۆت بۆ کۆبونەوەی داهاتوو ئامادە بکەیت و بە وانەکەی پێشووشدا بچیتەوە. هەندێك جار بیرۆکە و چارەسەری کێشەت لەدوای بیرکردنەوە بەکۆمەڵەکەوە بۆ دێت، چونکە بەتەنها و بێ کاریگەری هیچ لایەنێك بوار بە بیرکردنەوەکانی خۆت دەدەیت تا ئەسپی خۆی لە مەیدانی بابەتەکەدا تاو بدات. ئەم بوارپێدانە سوودێکی ئێجگار زۆری هەیە و لە زۆربەی بیرکردنەوە بەکۆمەڵەکاندا دەگوترێت " کاتێك خۆم بەتەنها بیرم دەکردەوە ........ " لەوانەیە لەگەڵ تیمەدا جۆش و خرۆشت هەبێت و بتەوێت بیرۆکەی پتر بخەیتەگەڕ، بەڵام لەکاتیکدا خۆت بەتەنهایت و لە کەشێکی هێمن و ئارامدایت دەتوانیت ورد و وریاتر بابەتەکان شیکار بکەیت.

بەڵام هێشتا دەبێت بزانیت کە ئێوە گروپێکتان دروستکردووە و پێکەوە بیردەکەنەوە. ئەگەر گروپەکەی ئێوە لە ئەندامانی خێزانێك پێکهاتبێت، یان لە لیژنەیەکی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەوا هێشتا کۆمەڵەیەکتان پێکهێناوە. ڕاستە لەیەك جودا دەبنەوە، بەڵام لە نێوان کۆبونەوەکاندا ئیمەیڵ دەنێرن بۆ یەکدی و تێبینی و بۆچوونی خۆتان لەسەر بابەتەکە دەنووسن و توێژینەوەی لەبارەوە دەکەن. ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی گروپێکی سەرکەوتوو، چونکە کاری بەکۆمەڵ یەکیەتی و یەکگرتوویی گروپەکە پیشان دەدات.

پێکەوە بەباشترین شێوە کاردەکەن. بەڵام نابێت هەر لە سەرەتای کۆبونەوەکەوە یەکسەر دەست بە شیکارکردنی بیرۆکە و هەڵسەنگاندی چارەسەرەکان بکەن، بەڵکو دەبێت هانی خۆتان بدەن و بەبیری خۆتانی بهێننەوە کە ئێوە گروپێکن و دەتانەوێت پێکەوە بیربکەنەوە تا بگەن بە ئامانج و مەبەستێکی بەرز. ئەمەش بە یەکڕیزی گروپەکە و ڕەخنە و تێبینی ئەرێنی لەسەر بیرۆکەکانی یەکدی و ڕێزگرتن لە کەسی بەرامبەر دێتە دی.

تەماشاکە، دەبێت هەمیشە هەستی تەبایی و سازانی گروپەکە لەبەرچاو بگریت. دەبێت کەشێك دروست بکەیت کە ئەندامەکان حەز بکەن پێکەوە کۆببنەوە. گرنگترین شت بەرجەستەبوونی پەیوەندیەکی باشە لەنێوانتاندا. پەیوەندیەکی باش بەهێز زامنی پێکەوەبوون و یەك ئاراستەیی تیم و کۆمەڵەکەیە. دەکرێت لە کۆتایی کۆبونەوەکەدا چەند ئەرك و فرمانێکی تیۆری و کردارەکی دابەشبکرێت، دەبێت بە گرنگی

تەماشای ئەو فرمانانە بکەن، چونکە ئەو فرمانەنە واتانلێدەکات هەست بە یەکبوون و هەبوونی پەیوەندی لە نێوانتاندا بکەن.

نابێت تەنها کار لەسەر زانیاری و تێگەشتنی کەسەکان بکەیت، بەڵکو دەبێت کار لەسەر هەست و ویژدانیشیان بکەیت. هەبوونی پەیوەندی لەنێوانتاندا دەبێتە هۆی پاراستنی ناسنامە و ئامانجی سەرەکی گروپەکە، بیرتان دەخاتەوە کە شتێك ئێوەی کۆکردوەتەوە و هۆکاری سەرەکیە بۆ ڕێگریکردن لە هەر کێشەی و گرفتێك کە ئەگەری هەیە لە گروپەکەدا دروست ببێت. با پەیوەندیەکانت تەنها لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیاریکراوی گروپەکەدا نەبێت، بۆیە ناوە ناوە هەڵواپرسی لە گشت ئەندامەکانی تیمەکە بکە بەبێ جیاوازی.

**نابێت تەنها کار لەسەر زانیاری و تێگەشتنی کەسەکان بکەیت، بەڵکو دەبێت کار لەسەرر هەست و ویژدانیشیان بکەیت**



CamScanner الممسوحة ضوئيا بـ

### بەشی هەشتەم

# بڕیاردان

لەکاتی بڕیارداندا بەشێوەیەکی کردارەکی کارامەیی و لێهاتوویی تۆ لە بیرکردنەوەدا دەردەکەوێت. بەتایبەتی کاتێك بڕیارە گەورەکانی وەکو: گۆڕینی پیشە، گواستنەوەی خانو و ماڵ، خستنەکاری پارەیەکی زۆر، دامەزراندنی کۆمپانیا و ژیان لەگەڵ کەسێکی دیکەدا. ڕوونی و تیژی بیرکردنەوە بنەمایەکی هەرە پێویست و گرنگی بڕیاردانە. زۆر بڕیاری بچووکتر هەن کە کاریگەریەکی کەم لەسەر ژیانت دروست دەکەن و لە هەمان کاتیشدا مەشق و ڕاهێنانێکی بەسوودن بۆ بڕیارە گەورەکان.

ڕاست و شیاوبوونی بڕیارە گەورەکان بنەمایەکی هەرە گرنگی بواری بڕیاردانە، گرنگتر لەوەش زانین و درکپێکردنی ڕاستی و دروستی بڕیارەکانتە.

متمانە و باوەڕبوونی خۆت بە بڕیارەکانیشت گرنگترین بنەمایە لە بڕیارداندا. چونکە ئەگەر باوەڕ و متمانەی تەواوت بە بڕیارێك هەبوبێت دواتر هێندە بە ئاسانی خەفەت بۆ بەهەڵەدا چوونی بڕیارەکەت ناخۆیت. ناخۆشی و گرفتەکانی گۆڕینی پیشە، گواستنەوەی ماڵ، هاوسەرگیری کردن و دەستکردن بە کارێکی نوێ هێندە کارت لێناکەن ئەگەر پێشتر باوەڕ و متمانەی تەواوت بە بڕیارەکی خۆت هەبووبێت.

لەڕاستیدا تەنها خۆت دەتوانیت بڕیار بدەیت و بڕیاردان تەنها بۆ خودی خۆت دەگەڕێتەوە. دەکرێت داوای ئامۆژگاری لە هاوڕێ و کەسە شارەزاکان ... تێبینیەکانی ئەوان

کاریگەریەکی بەرچاو و و گەورەی لەسەر بڕیارەکەی تۆ دەبێت. ئەگەر دەتەوێت بڕوا و متمانەی تەواوت بەو بڕیارەنە هەبێت کە دەیدەیت، ئەوا دەبێت خۆت بەباشی بیر لە بڕیار و لێکەوتەکانی بکەیتەوە. یاساکانی ئەم بەشە فێری ئەو شتانەت دەکات کە لە سەرەوە باسمان کرد.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## یاسای حەفتا و یەکەم

# بڕیار لەسەر بڕیارەکەت بدە

ڕاستیەکە بڵێم! نا نایڵێم، دەی قەینا دەیڵێم. ڕاستیەکە ئەوەیە کە دەرکردنی بڕیارێکی هەڵە زۆر ئاسانە. هۆکاری سەرەکی بڕیاری هەڵە بریتیە لە بیرنەکردنەوە و هەڵسەنەسەگاندنی ئەنجامی بڕیارەکە. لەگەڵ کەسێکدا کارمدەکرد کە دەیویست واز لە پیشەی فەرمانبەرێتی بهێنێت و دەست بە کاری سەربەست بکات. زۆر ڕقی لە کارەکەی بوو، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە پیشەکەی چەند ئاستەنگ و گرفتێکی دەهێنایە پێش کە نەیدەتوانی ڕووبەڕوویان ببێتەوە. کە دەستمان بە قسە و گفتوگۆ کرد بۆ هەردووکمان دەرکەوت کە هاوڕێکەم بیری لە پێیویستیەکانی پیشەی سەربەست نەکردبوویەوە. دوای ئەوەی شەن و کەوی بابەتەکەمان کرد هاوڕێکەم لەو مەترسی و نالەباریانە تێگەیشت کە لە پیشەی سەربەستدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە. لە کۆتایدا گەشتە ئەو بڕوایەی کە کۆمپانیاکەی بگۆڕێت و لە شوێنێکی دی کار بکات و جارێکی تر باسی پیشەی سەربەست نەکاتەوە. دەبینیت! هاوڕێکەم لەجیاتی ئەوەی لە بنج و بناوانی پیشەی سەربەست بکۆڵێتەوە کەچی هەموو تەرکیز و تێڕامانی لەسەر جێهێشتنی کارەکەی بوو.

لەکاتی چارەسەر دۆزینەوە بۆ کێشەدا هەڵە کردن زۆر ئاسانە و دەکرێت خودی بڕیاردانەکەشت لە داهاتوودا بۆ بکات بە کێشە. وادابنێ هاوڕێکەم کاری بە بڕیارەکەی خۆی بکردایە، تووشی ناخۆشی و شڵەژانێکی

دەروونی زۆر دەبووەوە و لە کۆتاییشدا درکی بە بڕیارە هەڵەکەی خۆی دەکرد.

کەوایە چۆن خۆمان لە بڕیاردانی هەڵە بپارێزین؟ باشترین و ئاسانترین ڕێگا ئەوەیە وەکو منداڵێکی سێ ساڵ پرسیار لەبارەی بابەت و کێشەکەتەوە بکەیت هەتا دەگەیت بە بنج و بناوانی و لە هەموو لایەنەکانی تێدەگەیت. ئەگەر بەتەمای هەڵبژاردنی زانکۆیت و نازانی کامە زانکۆ هەڵبژێریت، ئەگەر بەتەمای گواستنەوەی ماڵەکەت یان وەرگرتنی ئەندامێکی نوێیت بۆ ناو تیمەکەت، ئەوا بەوردی بیر لە خودی بڕیاردان و ئەنجامەکەی بکەرەوە.

باشە، با بڵێین نازانیت کام زانکۆ هەڵببژێریت. پێم بڵێ ئامانج و مەبەستت لە چوون بۆ زانکۆدا چییە؟ – لەوانەیە چەند هۆکارێک هەبێت – دەتەوێت ئەو شتە فێرببیت کە چەند ساڵێکە بووە بە خەو و خولیات؟ یان دەتەوێت بڕوانامەیەك بەدەست بهێنیت تا لە داهاتوودا ببیت بە خاوەنی کار؟ یاخود دەتەوێت بۆخۆت سێ ساڵ لە زانکۆ خۆشی ببینیت و دواتر بیر لە داهاتووی خۆت بکەیتەوە؟ یان هەموو ئەمانەی کە باسمان کرد و بگرە هۆکاری تریش؟ ئەگەر نەزانیت بۆ دەبێت بخوێنیت، ئەوا ناشزانیت ڕووبکەیتە کام زانکۆ. چونکە لەوانەیە تۆ حەزت لە خوێندن هەر نەبێت.

نمونەیەکی تر، با باڵێین دەتەوێت ببیت بە خاوەنی کاری تایبەتی خۆت، ئەوکات کاری تایبەت بە خۆتت بۆ چییە؟ دەتەوێت کاتی زیاترت بۆ بگەڕێتەوە؟ حەزناکەیت لەژێر دەستی کەسی تردا کار بکەیت؟ حەزت لە پەیداکردنی پارەی زیاترە؟ کارت لەشوێنی دی دەستناکەوێت؟



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

بیرۆکەیەکت هەیە و دەتەوێت بیخەیتە بواری جێبەجێکردنەوە؟ یان هەر لە منداڵیەوە حەز دەکەیت ببیت بە فۆتۆگرافەر، چێشتلێنەر، کەناس، یان هەر پیشەیەکی تر؟ هەلکۆڵێك بگرە دەست و هەتا ئەو شوێنە هەڵبکۆڵە کە بڕیارکانتی لێوە سەرچاوە دەگرێت.

ئەم قۆناغە هێندە گرنگە ئەگەر بەباشی تاوتوێی نەکەیت ئەوا لە قۆناغەکانی داهاتوودا بەدەست چەندین گرفت و کێشەوە دەناڵێنیت.

**پرسیار لەبارەی بابەت و کێشەکەتەوە بکە هەتا دەگەیت بە بنج و بناوانی و لە هەموو لایەنەکانی تێدەگەیت**

یاسای حەفتا و دووەم

# لە قۆناغی دووەمەوە دەستپێ مەکە

زۆربەمان لەکاتی بڕیارداندا یەکەم قۆناغ تێدەپەڕێنین. دەزانیت کە دەتەوێت پیشەکەت بگۆڕیت، بەڵام دەتەوێت؟ یان دەتەوێت خانوەکەت بگوازیتەوە، بەڵام بۆ کوێی دەگوازیتەوە؟ یاخود دەتەوێت بڕۆیت بۆ زانکۆ، بەڵام حەزت لە کام زانکۆ یان کام بەشە؟

من لەگەڵ قۆناغەکاندا کێشەم نییە، بەڵام دەبێت تۆ بڕۆیتەوە قۆناغی یەکەم. لەوانەیە قۆناغی یەکەمیش بتگەیەنێت بە قۆناغی دووەم، بەلام دەبێتلە گەیاندنەکەی دڵنیا ببیتەوە. لێرەدا قۆناغی یەکەمی نمونەکانی سەرەوەت پیشان دەدەم:

- دڵنیای لەوەی دەتەوێت کارەکەت بەجێبهێڵێت؟ یان هیچ شتێك هەیە لە بڕیارەکەت پەشیانت بکاتەوە؟ بۆ نمونە داوای مووچەی زیاتر بکەیت، بۆ شوێنێکی دی بتگوازنەوە، کاتی ئیشکردنت بۆ کەم بکەنەوە، لە ماڵەوە کار بکەیت یان مێزەکەت بۆ بگۆڕن؟
- ئایا پێویستە خانووەکەت بگوازیتەوە؟ لەوانەیە هەرزانتر لەسەرت بکەوێت ئەگەر ئەم خانوەی ئێستات گەورەتر بکەیت. یان دەتوانیت چەند ژوورێکی دی بەکرێ بگریت.
- بەڕاستی دەتەوێت بڕۆیت بۆ زانکۆ؟ ئایا زانکۆ بۆ تۆ پێویستە؟ ئایا بیرت لەوەی کارکردن نەکردووەتەوە؟ یان لەبەردەست کەسێکی دیکەدا ببیت بە شاگرد و پیشەیەك فێرببیت؟

CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

له قۆناغی یەکەمدا دەبێت بیر لەو چاکزاسی و ڕێکخستنانە بکەیتەوە کە دەتوانیت لە ئێستادا بیانکەیت. بەدڵنیایەوە کە لە قۆناغی یەکەم دەرچوویت زۆربەی جار دەگەیتە قۆناغی دووەم، بەڵام قۆناغی یەکەم باشترین و هەرزانترین و ئاسانترین قۆناغە تا کێشەکانی تێدا چارەسەر بکەیت. کێشە نییە ئەگەر هەندێك بیرکردنەوە و ماندووبوونی بوێت، چونکە ئەم قۆناغە سەرەکیترین قۆناغی بڕیارەکەتە.

هاوڕێیەکم بەتەمابوو لەجیاتی شوێنکارەکەی لەماڵەوە کارەکانی بکات، لەبەر ئەوە دەیویست لە پشتی خانووەکەی خۆیەوە کابینەیەك بکاتەوە تا لەوێوە هاتوچۆی ئەو کۆگایە بکات کە دایناوبوو. گران لەسەری دەکەوت، چونکە وەك دەزانین کابینە پێویستی بە ئامێری ساردکەرەوە و گەرمکەرەوە و ڕووناککەرەوەش هەیە. لەوکاتەی کە مشتومڕی لەگەڵ کرێکارەکاندا دەکرد تا خەرجیەکەی بۆ کەم بکەنەوە، بیریکەوتەوە کە ژوورێکی بەتاڵی لەناو ماڵەکەی خۆیدا هەیە و ئەگەر کەمێك ڕێکیبخات ئەوکات بە ئاسانی دەتوانێت کارەکانی خۆی لەو ژوورەدا بەڕێوەببات. ئەو ژوورە بەتاڵەکە نەك پارەی تێنەدەچوو بەڵکو ئاسانکاری زۆریشی بۆدەکرد.ئەو هەڵەی کرد و یەکسەر لە قۆناغی دووەمەوە دەستی پێکرد وگوتی " دەبێت شوێنێك پەیدا بکەم تا کارەکانمی تێدا بەڕێوەببەم " نەك لە قۆناغی یەکەمەوە، دەبوایە هەر لە یەکەمجارەوە بیگوتبایە پێویستم بە پەیداکردنی هیچ شوێنێك هەیە تا کارەکانمی لێوە بەڕێوەببەم؟ یان خۆم شوێنێك شکدەبەم؟ " لەوانەیە بەم هۆیەوە کەمێك ماڵەکەی لێ بچووك بووبێتەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا بڕێکی زۆر پارە و مێلاك و ماندووبوونی بۆ گەڕایەوە.



CamScanner الممسوحة ضوئيا بـ

بەکارهێنانی ئەم شێوازە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیدا زۆر کەم و بگرە هەندێك جاریش ئەستەمە. دەبێت ببێت بە پیشەی ئەو کەسەی کە دەیەوێت بە یاسا و ڕێسا بیربکاتەوە. دڵنیابە حاڵەتێکت دێتە پێش بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە خۆت و ژیانتدا بکەیت، بۆیە زۆر وریابە و دڵنیاببەرەوە لە پێویستی ئەو گۆڕانکاریە. بەم قسانەم دژی گۆڕان و گۆڕانخوازی ناوەستمەوە، نەخێر دەکرێت گۆڕانکاری زۆر خۆش و بەچێژ و پڕ سوود بێت. بەڵام ئەم یاسایە زیاتر بۆ ئەو کاتانەیە کە لە بار و گوزەرانی ئێستای خۆمان ڕازی نین و دەمانەوێت لە ڕێگەی بڕیارێکەوە ژیانی خۆمان خۆشتر بکەین. لەوانەیە هەندێك پێشهات خوازیاری گۆڕانێکی گەورە بن لە ژیانی تۆدا، نەك تەنها گۆڕانێکی ئاسایی و بەس. بۆیە کەمێك ئارام بگرە و هەر لە سەرەتاوە بڕیار مەدە تا بارودۆخەکەت بۆ ڕووندەبێتەوە.

**قۆناغی یەکەم باشترین و هەرزانترین و ئاسانترین قۆناغە تا کێشەکانی تێدا چارەسەر بکەیت**



CamScanner

ياسای حەفتا و سێیەم

# سنوور دابنێ

دەتــەوێت خانوەکــەت بگوازیتــەوە و کێشــەی پــارە و شــوێنی نیشتەجێبوونت نییـە. دەتوانیـت خانویـەکی گـەورە بکڕیـت و هەنـدێك نوێکاری تێدا بکەیت، یان خانویەکی خنجیلانەی دەرەوەی شار. دەکرێت لـە ناوەڕاسـتی شـار خانویـەکی دووقـات بکڕیـت، یـان – هەرچـەندە بیرۆکەیەکی شێتانەیە – ئاشێکی گەنم بکڕیت و بیکەیت بە خـانو! یاخود دەتـوانی خانوەکـەی خـۆت بڕوخێنیـت و هـەر لـەو شـوێندا لەسـەرەتاوە خانویەکی نوێ بەدڵی خۆت دروست بکەیت.

چەند خۆشـە ئـەم هـەموو بژاردەیـەت لەبەردەستدا بێت. کـەمی و زۆری بژاردە جاری کێشە نییـە، بـەس کێشـە ئەوەیە چی دەکـەیت و لـەکوێوە دەستپێدەکەیت؟ دەکرێت بە هەموو شوێنێك ڕازی ببیت، بـەڵام واباشـترە چەند مەرج و سنوور بۆ شوێنی نیشتەجێبوونت دابنێیت، بۆ نمونە: چەند کاتژمێر لە شوێنکارەکەتەوە دوورە؟ لە نزیکـی مـاڵی دایك و باوکتـە یان نا؟ گرانە یاخود هەرزان؟ لە دەرەوەی شارە یان ناوەوە؟ باخچـەی هەیـە یـاخود نـا؟ بەدڵنیایـەوە هـەمووومان بیرمـان لـەو سـنوور و مەرجانـە کردووەتەوە، بەڵام دەبێت سوودیان لێ ببینین.

مەترسـی سـەرنەکەوتنی بڕیارەکـەت لـەکاتی تەسـککردنەوەی سنوورەکانەوە دەستپێدەکات. بـۆ نموونـە خانویـەکت دەوێت باخچەی تێدابێت، خۆت حەزت لە باخداری و ئاودانی گوڵ و گوڵزار نییە، بۆ ئـەوە باخچەکەت ناوێت تـا سـەوزە و میـوەی تێیدا بچێنیت و جار جاریش

گۆشتی تێدا ببرژێنیت، بەکورتیەکەی بۆ خۆت نییە، بەلاّم بۆ سەگەکەتە، حەزدەکەیت کولانەیەکی لە باخچەکەدا بۆ دروستبکەیت و لەوێ بۆخۆی یاری بکەت. لەوانەیە باشترین خانوت دەستکەوتبێت بەلاّم لەبەر ئەوەی باخچەی تێدا نییە نایکرِیت. خانوەکە خۆی بەرامبەر پارکێکە، کەچی تۆ هەر دەتەوێت باخچەکە لەناو مالّی خۆتدا بێت. دەی ئەم حالّەتە پێی دەگوترێت تەسککردنەوەی سنوورەکان. تەنها لەبەر ئەوەی سنوورەکانت بەشێوەیەکی ناپێویست لە خۆت تەسککردووەتەوە چەندین خانوی خۆش و قەشەنگت لەدەست دەردەچێت.

دووبارە دێینەوە سەر تەرکیز کردن و یەك بە یەك نیشانەی پرسیار لەسەر سنوورەکانت دروستدەکەین. باخچەت بۆ چییە؟ ئەی باشە بۆ هەر دەبێت خانوەکە لە سێ ژووری نوستن کەمتری نەبێت؟ بۆ دەبێت بەرامبەر وێستگەی شەمەندەفەر بێت؟ دوای ئەوەی بە وردی و وریای لە سنوورەکانت کۆلّیەوە ئەوکات هەندێکان لە شوێنی خۆیان دەمێنن و هەندێکی دیکەشەیان شوێنیەکەیان چۆلّ دەکەن و نامێنن. بۆ نمونە دەتوانیت لە خەیالّی خانویەك بهێنیت کە باخچەی تێدایە و بگەرِێیت بۆ دانەیەکە کە " شوێنی بۆ سەگەکەت تێدابێت " ئەمەیان زۆر باشترە، چونکە مێشکی خۆت بەرِووی چەندین سنووری دیکەدا کردەوە و ئێستا زۆر بە ئاسانی خانوویەکت دەستدەکەوێت. ئەگەر بمانەوێت ئەم نمونەیە لەگەلّ بوارەکانی تردا بگونجێنین ئەوکات سنووری بەدەستهێنانی کار و فرۆشتنی کالاّی نوێیەکەت و شوێنی ئاهەنگی هاوسەرگیریەکەت فراوان دەبێت.

خێرایی و تێچون و کوالێتی سێ باوترین پێوانەی بڕیاردانن. لە نمونەی خانوەکەدا چەندین سنووری دیکە هەیە تا بۆ خۆتی دابنێیت. وە هەر یەك لەو سنوورانە دەکرێت پرۆسەکەت بۆ ئاسان یان قورس بکات. هەر یەکیان سنوورەکەت بۆ تەسکتر یان فروانتر دەکەن، لەوانەیە هەندێکیشان لە گەشتن بە مەبەست و ئامانجێکی گەورە بتگێڕنەوە.

وەکو چۆن بیرمان لە خانویەکی بێ باخچە کردەوە، ئێستاش کاتی ئەوەیە چەند بژاردەیەکی تر بۆ سەر لیستەکەمان زیاد بکەین. ئایا هەر بە ڕاستی پێویستت بە سێ ژووری نوستنە؟ هەر دەبێت ژووری نانخواردن و نادینەکە بەیەکەوە بێت؟ یان دەکرێت ژووری نانخواردن بە جیا و نادینەکەش بە جیا؟ هەر دەبێت نادینەکەت هەشت بە هەشت بێت؟ یان دەتوانیت دوو ژووری چوار بە چوار لەیەك بدەیت؟

بەبێ گوێدانە باشی و خراپی بڕیارەکەت سنوورەکان بۆتدەبن بە پارێزەرێك و لەو بژاردە بێ سوودەکان ڕزگارت دەکەن و لە هەمان کاتیشدا واتلێدەکەن داهێنەرانە بیربکەیتەوە و بەڕووی ئەو ئەگەرانەدا بکرێیتەوە کە بیرت لێنەکردوونەتەوە.

## خێرایی و تێچون و کوالێتی سێ باوترین پێوانەکانی بڕیاردانن

## یاسای حەفتا و چوارەم

# گرێیەکان بکەرەوە

جێبەجێکردنی هەندێك بڕیار زۆر قورسە، چونکە گرێدراون بە چەند بڕیارێکی ترەوە. بۆ نموونە نازانیت چۆن شیکاری بڕیاری یەکەم بکەیت، چونکە بەسراوەتەوە بە بڕیاری دووەمەوە و لە هەمان کاتدا شیکاری بڕیاری دووەمیش پەیوەستە بە بڕیاری سێیەمەوە. هەندێجار بەشێوەیەك تێکەڵی یەکدی دەبن کە نازانی لە کامەیانەوە دەستپێبکەیت. هاوڕێیەکم هەبوو دەیویستماڵەکەی بگوازێتەوە بۆ لەندەن –کە ١٥٠ میل لێرەوە دوورە – تا لەوێ منداڵەکانی بۆ خوێندنگەیەکی باش بنێرێت و لە هەمان کاتیشدا دەیویست کاتژمێرەکانی کارکردنی کەم بکاتەوە و کارامەییەکی نوێ فێرببێت. بۆیە نەیاندەزانی سەرەتا بە کام کار هەستن. بەڵام دواتر کە بڕیاریان لەسەر بابەتە بچووکەکانی تر دا، ئەوکات توانیان هەردوو کارەکە ئەنجام بدەن. ئەمە یەکێکە لەو نموونانەی کە دەبێتە هۆی دواخستنی بڕیارەکانت، یەکێکە لەو نموونانەی کە پێش بڕیاردان دەبێت گرێیەکانی بەردەم بڕیارەکە بکەیتەوە.

ڕاستە، زۆر قورس و ماندووکەرە، بەڵام باوەڕم پێبکە ئەگەر هەموو کارامەییەکانی مێشکت بەکاربهێنیت، ئەوا دەتوانیت یەك بە یەکی گرێیەکان بکەیتەوە. پێش هەموو شتێك هەر بیرۆکەیەك بە مێشکتدا دێت بینووسە. دواتر بۆت دەردەکەوێت بیرکردنەوە لە قوتابخانەی منداڵەکانت هیچ سوودی نییە ئەگەر شوێنی نیشتەجێبوونت دیار نەبێت. ئەگەر ماڵت



CamScanner الممسوحة ضوئيا بـ

لە لەندەن نەبێت ئەوکات دەرفەتی فێربوونی کارامەیی نوێت کەم دەبێتەوە. بۆیە یەکەم شت کە دەبێت بڕیاری لەسەر بدەیت " چوون یان نەچوونە بۆ لەندەن "

بەم شێوەیە شتەکانت لێ ڕوون و ئاشکرا دەبێت. لەوانەیە دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر بگەیت بەوەی کە قوتابخانەی منداڵەکانت بۆ تۆ لە هەموو شتێك دی گرنگترە و شوێنی نیشتەجێبوونت هێندە گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە لە شوێنێکدا بێت کە قوتابخانەیەك لە ماڵەکەتەوە نزیك بێت.

زۆر باشە. خەریکە وردە وردە بەرەوپێشەوە دەچین. هەندێك بڕیار بە هەڵپەسێردراوی دەمێننەوە تا ئەو کاتەی شوێنی نیشتەجێبوونت دیار دەبێت و ئەنجامی بڕیاری قۆناغی یەکەمت دەبینیت. وادابنێ قوتابخانەی منداڵەکانت گرنگترین بابەتی بڕیاردانەکەیە. کەواتە لێرەدا پێوەر و ستانداردێکمان دروستکرد، ئەویش قوتابخانەیە، دەبێت ماڵەکەت نزیك خوێندنگەیەکی باش و شیاو بە منداڵەکانت بێت.

باشە، دیارە بیرکردنەوەی پێشومان سوودی هەبووە، بەڵام هێشتا چەند بڕیارێکی تێکەڵ و لێکئاڵاو لە پێشمانە. لە قۆناغی دواتردا دەبێت دانە دانە بیر لە بڕیارەکان بکەیتەوە. وادانێ هیچ کێشەیەکت نەهاتە پێش لە گواستنەوەی خانوەکەتدا – ئەم حاڵەتە تەنها لە جیهانێکی نمونەیی و یوتۆپیدا ڕوودەدات نەك ئەم دنیایەی ئێمە – ئەوکات حەزت لە فێربوونی کام کارامەییە؟ واباشترە لەکاتی بیرکردنەوە لەم پرسیارەدا مێشکت لە هەموو شتەکانی دی پاککردبێتەوە. لەوانەیە وەڵامێکی نمونەیت دەستنەکەوێت، بەڵام منیش نازانم گرنگی زانینی وەڵامێکی نمونەیی

چییە، چونکە لە جیهانێکی نمونەیدا نین. بەمشێوازە بڕیارێکی ئاقلانە دەدەیت، بڕیارێك کە بەسوودی خۆتدا بشکێتەوە.

ئەگەر بەم شێوازە هەڵسەنگاندن بۆ بڕیارەکانت بکەیت، ئەوا هەموو شتێکت لێ ڕوون و دیار دەبێت، تەکنیکەکەش بەم شێوەیە - پێشان هەموو بیرۆکەکانت کۆبکەرەوە، دواتر بە پێی گرنگیان ڕیزیان بکە، لە کۆتایدا دانە دانە بیریان لێبکەرەوە. هاوڕێکەم ئەم ڕێگایەی بەکارهێنا و لە کۆتایدا گەشتە ئەو ئەنجامەی کە لە هەڵبژاردنی کارامەییەکەدا هەڵەی کردووە، چونکە ئەو کارامەییە فێرنەبوو کە خۆی حەزی لێیبوو. جیاکردنەوەی بیرۆکەکان بەپێی پێویست ڕێگاکانی بۆ ڕووناك کردەوە.

**وباشترە لەکاتی بیرکردنەوە لەم پرسیارەدا مێشکت لە هەموو شتەکانی دی پاککردبێتەوە**



CamScanner الممسوحة ضوئيا بـ

## یاسای حەفتا و پێنجەم

# زانیاری پێویست کۆبکەرەوە

هەر بڕیارێك گەورە بێت یان بچووك پێویستە زانیاری لەبارەیەوە کۆبکەیتەوە. دەکرێت بڕیار لەبارەی تێچوون، بیرۆکە، خشتەی کات، هەڵبژاردە یان هەر شتێکی دیکەوە بدەیت، هەموو ئەمانەش پێویستیان بە زانیارییە. بەشی هەرە زۆری بڕیارەکان پێویستیان بە زانیاری و بەشێکی کەمیشیان وەکو — دەمەوێت ببم بە خاوەنی منداڵ؟ — پێویستی بە بیر و بۆچوونی خۆت هەیە. بۆ هەر بڕیارێکی دی پێویستت بە کەتەلۆگ، ڕیکلامی کار، نرخی شتومەك و زانیاری تەکنەلۆجی هەیە. لەبیرت نەچێت کە زۆربەی هەرەزۆری بڕیارەکان پەیوەستن بە هەست و سۆزی مرۆڤەکانەوە. بۆ نمونە، ئایا هەستی تیمەکەت چۆنە بەرامبەر بەڕێوبەرە نوێیەکە، منداڵەکان پێیان خۆشە ماڵ بگوازیتەوە یان نا، ئایا ئەگەر باخچەیەك لە بەردەگاکەتدا دروستبکەیت دراوسێکان پێیان خۆشە، ئایا هاوپیشەیەکت حەزی لە کارکردن لەگەڵ تۆدا هەیە یان ئایا باپیرەگەورەت دەیەوێت لەگەڵ تۆدا بژی؟ بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باش بڕیار بدەیت دەبێت زانیاری و بیروبۆچوون لەبارەی ئەم بابەتانەوە کۆبکەیتەوە. کۆکردنەوەی زانیاری جیاوازە لە داواکردنی ئامۆژگاری، لێرەدا دەتەوێت بزانیت ئایا خەڵکانی دی کەیفیان بە بڕیارەکەی تۆ دێت یان نا. خۆ من نالێم بەقسەیان بکە و هەرچیان گوت بڵێ باش، بەڵام پێویستە کاردانەوەی ئەوان بەرامبەر بڕیارەکەت بزانیت.

لەڕاستیدا لەکاتی گەڕان بەدوای قبوڵ یان نەبوونی بڕیارەکەتدا زۆر زانیاری دیکە فێردەبیت. لەوانەیە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و بۆچوونی پێویست کاتێکی زۆرت بەفیڕۆ بڕوات. لەوانەشە هێندە خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری بیت لە کۆتایدا بڕیارەکەی خۆتت بیربچێتەوە.

هاوڕێیەکم هەبوو کە ڕقی لە پیشەکەی بوو، بۆیە بۆماوەی دە ساڵ بەدوای کارێکی نوێدا گەڕا ئینجا بڕیاری جێهێشتنی کارەکەی خۆی دا.

کەواتە دەبێت لەکاتی کۆکردنەوەی زانیاریدا هاوسەنگی ڕابگریت. بەپێی پێویست زانیاری کۆبکەرەوە، نە زۆر، نە کەم. هێندە کۆبکەرەوە کە لەکاتی بڕیارداندا دووبار پێویستت بە کۆکردنەوەی زانیاری نەبێت. نابێت ئەوەندە بە کۆکردنەوەی زانیاریەوە سەرقاڵبیت تا بڕیارەکەی خۆتت لەبیر نەمێنیت. کەواتە پێویستت بە چەندێك زانیاریە؟

تەماشاکە، من ناتوانم ئەو پرسیارە وەڵام بدەمەوە، چونکە کۆکردنەوەی زانیاری پەیوەستە بەو بڕیارەی کە دەتەوێت بیدەیت. پێویستە بەپێی داواکاری ئەو قۆناغەی تێیدایت زانیاری کۆبکەیتەوە. مێشکت بەو شتانەوە سەرقاڵ مەکە کە جارێ پێویستت نییە. ئەگەر بڕیارەکەت پێویستی بە زانیاری کەم هەبێت و تۆش زانیاری زۆر کۆبکەیتەوە، ئەوا جگە لە کات بەفیڕۆدان هیچی دیکەت نەکردووە.

وادانێ دەتەوێت داواکاری بۆ وەرگرتنی کارێك بەرزبکەیتەوە. کەواتە دەبێت ئەو زانیاریانە کۆبکەیتەوە تۆ دەتەوێت، بۆ نمونە موچەی مانگانەی کارەکە، شوێنی کارەکە، جۆری کڕیارەکانی و شوێن و ئەرکی تۆ لە کارەکەدا. وە لەسەرو هەموشیانەوە ڕێزگرتنی خاوەنکار و هاوپیشەکانت لە فەرمانبەری نوێ. هێندە زانیاری بەسە بۆ تۆ تا بڕیار

لەسەر بەرزکردنەوە یان بەرزنەکردنەوەی داواکاریەکەت بکەیت. ئەگەر ئەو زانیاریانە وایان لە تۆ نەکرد داواکاریەکەت بەرز بکەیتەوە، ئەوا کۆکردنەوەی هەر زانیاریەکی دی هیچی دیکە نییە جگە لە کات بەفیڕۆدان. کەواتە زانیاریەکان بپاڵێوە تا بە شتی پڕوپووچەوە سەرقاڵ نەبیت.

ئەگەر داواکاریەکەت بەرزبکەیتەوە، ئەوکات دەبێت خۆت بۆ قۆناغی دووەم ئامادە بکەیت: ئەگەر کارەکەیان پێدایت وەریدەگریت؟ ئێستا لەوانەیە بتەوێت زیاتر لەبارەی کۆمپانیاکەوە بزانیت، دەتەوێت بزانیت چەند کاتژمێر لەوێ کاردەکەیت، گەشتت پێدەکەن یان نا، هاوپیشەکانی کەسانێکی چۆنن، لە دەرەوە کۆمپانیاکە بەباش ناسێنراوە یان خراپ، ڕاوبۆچوونی فەرمانبەرەکان لەبارەی کۆمپانایکەوە چییە و چەندین زانیاری تر. بە شێوازێکی دی، دەبێت زۆربەی ئەو زانیاریانە کۆبکەیتەوە کە لە کاتی چاوپێکەوتندا پێویستە. بەڵام ئەگەر بڕیاری یەکەمت نەداوە ئەوا کاتی خۆت بەم شتانەوە بەفیڕۆ مەدە، چونکە بەم شێوازە تەنها کارەکان لەسەر خۆت قورستر دەکەیت و بەس.

**مێشکت بەو شتانەوە سەرقاڵ مەکە کە جارێ پێویستت نییە**

## یاسای حەفتا و شەشەم

# لەو کەسانە وردببەرەوە کە ئامۆژگاریت دەکەن

کاتێك بڕیارێکی گەورە دێتە پێشەوە، ئەوا بەگشتی داوای ئامۆژگاری لە کەسی بە ئەزموونی وەکو هاوپیشە، هاوسەر، هاوڕێ و کەسی شارەزا دەکەین. داوای زانیاری و ئامۆژگاری لە کەسانێك دەکەین کە بیر و بۆچوونی بێلایەنمان پێدەدەن و متمانەمان پێیانە و بەشێوەیەکی هاوسەنگ دەمانهێڵنەوە.

بەڵام خۆ شتێك نییە بەناوی بیرۆکەی بێلایەنەوە، خۆزگە هەبوایە. ڕاستی و زانیاریە بەرچاوەکان بێلایەنن، بەڵام کە بابەت دەبێت بە بیر و بۆچوون ئەوا هەمووکەس لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆیەوە تەماشا دەکات.

بۆ نمونە دەتەوێت وەبەرهێنان لە بواری زەوی و زاردا بکەیت و کەسێکیش دەناسیت کە پێشتر ئەم کارەی کردووە. زۆر باشە، کەواتە هەموو ڕاستی و دروستی کارەکەت پێدەڵێت، مەگەر وانییە؟ بەڵێ وایە، ڕاست دەکەیت، بەڵام ئەوانیش لە گۆشەنیگای خۆیانەوە تەماشا دەکەن. ئەگەر کارەکەی خۆیان سەرکەوتوو بووبێت ئەوا بە ئەگەرێکی زۆرەوە هانی تۆش دەدەن تا کارەکە ئەنجامبدەیت. بەڵام ئەم هاندانەی ئەوان بیر و بۆچوونێکی بێلایەن نییە. ئەگەر کارەکەیان سەری نەگرتبێت، ئەوا ئامۆژگاری تۆش دەکەن تا بەو کارە هەڵنەستیت. هەم من و تۆش پێمانوایە وەبەرهێنان لە هەندێك زەویدا چاکە و لە هەندێکی دیکەشدا خراپە، کەواتە بەس تەنها ئەوان لە گۆشەنیگای خۆیانەوە تەماشا ناکەن.

من نالێم ڕاوێژیان پێمەکە، لەوانەیە چەندین زانیاری بەسوودیان پێبێت. بەڵام وامەزانە تەنها لەبەر ئەوەی ئەزموونیان لە تۆ زیاترە ئیدی هەموو قسە و بۆچوونەکانیان ڕاستە. ئەگەر کەسێکی جیاواز بدۆزیتەوە، کەسێك کە ئەزموونگەلێکی جیاوازی بینیەوە، ئەوا دەکرێت چەند ئامۆژگاریەکت بکات تا هاوسەنگی خۆت بپارێزیت. ڕاستە لە دوو کەسی ئەزموونداەرەوە زانیاریت وەرگرتووە، بەڵام لەبیرت بێت لەوانەیە ئامۆژگاری هیچیان بەکەڵکی تۆ نەیەت و بۆ تۆ شیاو نەبێت.

دەبێت بگەڕێینەوە بۆ لای ڕاستیەکان و بزانین بێلایەنن یان نا. وادانێ ئەو زانیاریانەی وەرتگرتووە هەمووی ڕاستە، بەڵام ئەو کەسەی کە ئەم ڕاستی و زانیاریانەی پێداویت بۆ خودی ئەو کەسە وەکو ڕاستیەك وایە، کەواتە لێرەشدا بۆچوونەکان بێلایەن نین. بۆ ئەوە زیاتر لە بابەتەکە تێبگەیت دەتوانیت تەماشای ئەو ڕاستیانە بکەیت کە کەسە سیاسەمەدارەکانی وڵات لەکاتی مشتومڕ کردندا بەکاردەهێنن. زۆربەی کات هەردوو لایەن چەند ڕاستیەك دەخەنەڕوو کە لایەنی بەرامبەر بەدرۆ دەخاتەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەی کە زانیاری جیاواز هەڵدەبژێرن، یان بەشێوەیەکی جیاواز ڕایدەگەیەنن، کەواتە چۆنیان بوێت ئاوا ڕاستیەکان بەکاردەهێنن.

لەوانەیە داوای ئامۆژگاری لە چەند کەسێك بکەیت کە مەبەستیان ئامۆژگاریکردنی تۆ نەبێت، بەڵام خۆ تۆ نازانیت ئەوانە کێن. خەڵکی هەندێك جار پێیان وایە هەستێکی ناوەکی و مێشکی کاریگەری لەسەر گۆشەنیگای ئەوان بەرامبەر ڕاستیەکان هەیە. وادابنێ لەبابەتی زەوی و زاردا داوای ئامۆژگاری لە کەسێك دەکەیت کە هەر بە دەوڵەمەندی

لەدایکبووە وە دواتر دەچێت بۆ لای کەسێکی دی کە لە فەرمانگەی خانوبەرەدا گەورەبووە. لەوانەیە دیدگایان زۆر لێکجیاواز بێت و ئەم جیاوازیەش دەکرێت لە کاتی ئامۆژگاریەکەدا دەربکەوێت. لەوانەیە خۆیان درکی پێنەکەن، بەڵام هەمیشە ئەو ڕاستیانە دەڵێن کە هەستە ناوەکی و مێشکیەکەیان بۆی دیاریکردون.

تەماشاکە، من ناڵێم داوای ئامۆژگاری لە کەس مەکە. مەبەستی من ئەوەیە لەم حاڵەتانە ئاگادارت بکەمەوە. کەسێك کە بە یاسا و ڕێسا بیردەکاتەوە پێش داواکردنی ئامۆژگاری ئەمانە هەمووی لێکدەداتەوە و بەرامبەر ئامۆژگاریەکە بەکاریدەهێنێت.

**کە بابەت دەبێت بە بیر و بۆچوون ئەوا هەمووکەس لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆیەوە تەماشا دەکات**

## یاسای حەفتا و حەوتەم

# بزانە کێ ئامۆژگاریت دەکات

لە هەندێك بڕیاردا زیاتر هەست و سۆز دەستی بەسەر حاڵەتەکەدا گرتووە، نەك ڕاستی و زانیاری. لە ڕەنگکردنی ژوورەکەی خۆتەوە بیگرە هەتا ئەو نامەیەی کە دەتەوێت بۆ خاوەن ماڵەکەی خۆتی بنێریت لەبارەی کرێی مانگانەوە، ئەم بڕیارانە تەواو کەوتوونەتە سەر خۆت. دڵنیام کە دەزانیت چیێ بکەیت و چی نەکەیت، بەڵام ئەگەر داوای ئامۆژگاری لە کەسانی تر بکەیت باشترە.

ئەدی باشە داوا لە کێ دەکەیت؟ لەوانەیە دایکت، باشترین هاوڕێت، یان هاوپیشەکەت، هاوسەرت، براکەت و ............. ئەدی باشە چۆن هەڵیاندەبژێریت؟ بەپێی کام پێوەر و ستاندارد؟ من دەزانم کە زۆربەی زۆرمان بەپێی چی کەسەکان هەڵدەبژێرین.

چەند ساڵێك لەمەوپێش حاڵەتێکی لەم شێوەیەم بەسەر هات، بیرم نایە دەبوایە چ بڕیارێك بدەم، بەڵام هێندە دەزانم کە پەیوەندیم بە کەسێکی دیارکراوەوە کرد. دوای ئەوە تەلەفونەکەمی هەڵنەگرت و وەڵامی نەبوو، گوتم واباشترە پەیوەندی بە کەسێکی دیکەوە بکەم. کەسێکی دیم وەکو جێگرەوەی کەسی یەکەم لەمێشکدا بوو، بەس دواتر بەخۆمم گوت " بوەستە، بۆ دەمەوێت تەلەفونی بۆ بکەم؟ " بۆ ساتێك بیرم لەم قسەیەی خۆم کردەوە و دواتر بۆم دەرکەوت بۆچی ئیدی نامەوێت پەیوەندی پێوە بکەم ، چونکە باوەڕم بەو زانیاری و ئامۆژگاریانە نەبوو کە پێیدەدام.

زۆر باشه. کەواتە من دەمزانی بەدوای چ جۆرە ئامۆژگاریەکدا دەگەڕێم. دەمزانی هەست و مێشکم چیم پێدەڵێن و ئیدی بەدوای کەسێکەوە بووم کە لەگەڵ مندا بگونجێت. دوای ئەوەی بەم ڕاستیە گەشتم، ئیدی خۆم بڕیارمدا و پێویستم بە ئامۆژگاری کەس نەبوو. توانیم مێشکی خۆم ڕێکبخەمەوە و بڕیاربدەم بەبێ یارمەتی هیچ کەسێك.

بەڕاستی ئەمە ئەوپەڕی تێگەشتنە لە پرۆسەی بیرکردنەوە و مێشك، ئەگەر بەم شێوازە بڕۆیت ئەوا پێویستت بە ئامۆژگاری کەس نابێت لەو کاتانەی کە هەست و سۆز دەکەوێتە ناو بڕیارەکانتەوە. ئەگەر بەپێی پێویست هۆشیار و ئاگاداربیت، ئەوا دەتوانیت ببیت بە ڕاوێژکاری خۆت.

ئەدی بەم شێوازە بڕیاردانت لەسەر ئاسان و سووك نابێت؟

هممم بوەستە با بیرکەمەوە. ڕاستە ئاسان دەبێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا مێشکت هەندێك دەشڵەژێت. زۆربەمان حەزدەکەین داوای ئامۆژگاری و پرسیار لە کەسانی دیکە بکەین، بۆیە ئەگەر وابیربکەینەوە کە پێویستمان بە یارمەتی کەسانی دیکە نییە، یان کەس نییە بتوانێت یارمەتیمان بدات و ئامۆژگاریمان بکات، ئەوا مێشکمان پەستانی دەکەوێتە سەر و کەمێك دەشڵەژێت. کەواتە چی بکەین لەم حاڵەتەدا؟

داوای ئامۆژگاری لە کەسانی دی هەست و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان ئاسوودە دەکات و متمانە و باوەڕیان پێدەبەخشێت. کاتێك داوای ئامۆژگاریەك لە کەسێك دەکەیت و ئەویش ئەو ئامۆژگاریەت پێدەدات کە تۆ دەتەوێت، ئەوا پەیوەندی و گفتوگۆی نێوانتان بەهێز و گەرموگوڕتر دەبێت. وە هەروەها کاتێك ئەو شتەیان پێگوتیت کە خۆت دەتەوێت، ئەوا هەست و بیرکردنەوەکانت زیاتر لەسەر ئەو بڕیارە زیاتر دەچەسپێت،

بۆ نموونە ئەگەر زۆر باوەڕت بەخۆت نەبێت، ئەوا بەدوای کەسێکی وەکو باوک، خوشك، هاوسەر یان بەڕێوبەردا دەگەڕێیت تا بە هاوڕابوونیان لەگەڵ تۆدا هانت بدەن. ئەگەر لە بابەتەکە قووڵتر ببینەوە ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە باسکرنی کێشە و گرفتەکان لەلای کەسانی دی ئاسوودەمان دەکەن و سوکنایی بە دڵماندا دەهێنن.

کەواتە ئەگەر پێویستیشت بە ئامۆژگاری کەسانی دیکە نەبێت ئەوا راباشترە داوایان لێبکەیت. تەنها لەگەڵ خۆتدا ڕاسگۆبە و بزانە باسی کێشە و گرفتەکانت بۆ کێ دەکەیت.

**داوای ئامۆژگاری لە کەسانی دی هەست و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان ئاسوودە دەکات و متمانە و باوەڕیان پێدەبەخشێت**

## یاسای حەفتا و هەشتەم

# یەکسەر باز مەدە بۆ ئەنجامەکان

لەلایەن کۆمپانیایەکی دیکۆراتەوە بانگێشت کرابووم کە دەیانویست بەرهەمەکەیان لە بازاڕی ناوخۆدا بفرۆشن. بەرهەمەکەیان پیشاندانم کە پێکهاتبوو لە مێزێکی دلگیری گەورە، چەند کەوانتەرێك کە نەخشێکی جوانی لەسەر دروستکرابوو لەگەڵ کۆمەڵە دەوری و قاپێك. زۆر جوانە. ڕێژەی کەمی فرۆشی لە بازارەکاندا کێشەی بۆ دروستکردبوون. شتەکە دیاربوو، چونکە زۆربەی خەڵکی بازاڕ بەدوای مێز و کەوانتەری بچووك و ڕەفەدا دەگەڕان، کەواتە ئەگەر وابێت داواکاری لەسەر بەرهەمە نایاب و ناوازەکەیان کەمدەبێت، بۆیە نەیاندەزانی چۆن بەرهەمەکەیان بخەنە بازارەوە.

ئەم حاڵەتە نمونەیەکی گەورە و بەرچاوی پشتبەستن بە گرمانی هەڵەیە. نمونەیەکی ترت دەوێت؟ ژن و مێردێکم دەناسی کە حەزیان دەکرد خانوەکەیان بگوازنەوە بۆ ئەو شوێنەی کە چل ساڵ پێشتر تێیدا گەورەبووبوون. دواتر خانویەکیان کڕی و باخچەیەکیان تێداکردەوە، پاشان خانووەکەیان ڕووخاند و هەر لە شوێنی خۆی دانەیەکی نوێیان کردەوە و ئەو خانوەشیان فرۆشت کە خۆیان تێیدا نیشتەجێبوون. دوای ئەوەی کە هەموو شتێك ئامادەبوو و ئیدی دەیانویستماڵەکە بگوازنەوە، بڕیاریان گۆڕی و گوتیان ئێمە نامانەوێت لە منداڵ و نەوە و هاوڕێکانمان دووربکەوینەوە. ئەوا گریمانەیەکیان دانابوو و دەیانگوت ئەگەر



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

بگەڕێنەوە ئەوا دڵخۆش و ئاسوودە دەبن، بەڵام دواتر پەشیمان بوونەوە، چونکە بە باشی هەڵسەنگاندنیان بۆ گریمانەکەیان نەکردبوو.

کە بیرت لە بڕیارە گەورەکان کردەوە، ئەوجا بۆتدەردەکەوێت کە خودی بڕیارە گەورەکان لە چەند بڕیارێکی بچووک و سادە پێکهاتوون. بۆ نمونە دەتەوێت ببیتە بە خاوەن کار و بازرگانی تایبەت بە خۆت. کەواتە ئێستا دەبێت بیر لە جۆری کارەکە، شوێنی بەڕێوەبردنی ، چۆنیەتی کۆکردنەوەی پارە و چەندین شتی دیکە بکەیتەوە. دەبێت پلانێکی بازرگانی دروستبکەیت کە تێیدا تێچوون و داهات و ڕێژەی فرۆشی بە شێوازی خەملاندن تێدا بنووسیت. کێشەکە لەوکاتەوە دەستپێدەکات کە ئەو خەملاندنانەت لێدەبێت بە ڕاستی. یان وادابنێیت بازاڕت گەرم دەبێت وکەچی دواتر بازاڕت باش نەبێت و تۆش لە لیستی بەرهەم و خزمەتگوزاری و فرۆشەکانتدا نەچیتەوە. ئەوکات لەوانەیە هەموو سەروەت و سامانت بخەیتە ناو ئیشێکی هەڵە و شکستخواردووەوە، ڕێک وەکو نمونەی کۆمپانیای دیکۆراتەکە.

دەتەوێت ئیشەکەت بگۆڕیت؟ ئەگەر بڕیارێکی لەم شێوەیە بدەیت ئەوا دەبێت بزانیت دەتەوێت لەم بوارەدا بمێنیتەوە یان پیشەکەت بەتەواوی بگۆڕیت؟ دواتر بزانیت بەدوای چ کارێکی دیکەدا دەگەڕێیت؟ هەر بەڕاستی لە کارەکەی خۆت بێزاریت یان لە کەشی شوێنکارەکەت؟ بەڵام بوەستە و هێندە پەلە مەکە، کێ دەڵێت بڕیارەکەت هەر لە سەرەتاوە ڕاستە؟ ئەگەر وابێت ئەوا لە قۆناغی یەکەمت تێپەڕاندووە و یەکسەر چویتە قۆناغی دووەم، واتزانیوە وازهێنان لەم کارەت چارەسەری بێ ناقەتی و دڵ تەنگیەکەتە. ئەگەر ئەو گریمانانەی کە هەر لە سەرەتاوە

دایدەنێیت هەڵەبن ئەوا دواتر مەترسی دەکەوێتە سەر ئەو بڕیارانەش کە بەپێی ئەو گریمانەیە دەیدەیت.

ئەگەر دەتەوێت نەکەویتە ناو هەڵەیەکی لەم شێوەیەوە، ئەوا دەبێت هەر لە سەرەتاوە پرسیار لەخۆت بکەیت و بڵێیت " بۆچی ئەو بڕیارە دەدەم؟ بەڵگەکانم کامانەن؟ ئەدی باشە چۆن بزانم بەڵگەکانم ڕاستن؟ " لەگەڵ بیرۆکەی خۆتدا داوای ئامۆژگاریش لە کەسانی دیکە بکە. هەتا دەتوانیت پرسیار لە کەسی ئەزمووندار و شارەزا بکە، بزانە زانیاریەکانت لەکوێوە بەدەست گەشتووە، تێڕامان بۆ گریمانەکانت بکە و بزانە بۆچی ئەم بڕیارە هێندە بە ڕاست دەزانیت. تەنها دڵنابەرەوە لەوەی کە چاڵێکی گەورە بۆ خۆت هەڵنەکەنیت کە دواتر توانای هاتنەدەرەوەیت لێی نەبێت.

| |
|---|
| **کە بیرت لە بڕیارە گەورەکان کردەوە، ئەوجا بۆتدەردەکەوێت کە خودی بڕیارە گەورەکان لە چەند بڕیارێکی بچووك و سادە پێکهاتوون** |

## یاسای حەفتا و نۆیەم

# لە هەستەکانت تێبگە

بەدڵنیایەوە هەست و سۆز ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەسەر بڕیارەکانت. بەڵام لە زۆر بڕیاری هەڵەدا هەست و سۆز دەبێتە تاوانباری یەکەم. منیش وەکو خۆم لەم کەموکوڕیە بێبەش نیم، هەڵەکەی من ئەوەیە کە بڕیاری خێرا و بەپەلە دەدەم لەکاتێدا هیچ بەهانەیەکم نییە بۆیان. باشە هەر بەڕاستی کڕینی کام جۆری شوکلاتە هێندە بیرکردنەوە و شڵەژانی پێویستە؟ یان چەند کاتژمێرێك بیربکەیتەوە تا لە کام سینەما تەماشای فیلم بکەیت؟ ڕاستە ئەو بڕیارانە هێندە بیرکردنەوەی ناوێت، بەڵام هەندێ بڕیار هەیە کە دەبێت زۆر بە باش و وردی بیری لێبکەیتەوە. بۆ نمونە دەتەوێت خانو یان ئۆتۆمۆبێلێك بکڕیت، یاخود بە تەمای گرتنی شوێنێکی خۆشیت تا پشووی هاوینی لێ ببەیتەسەر، یان ئەنجامدانی هەر کارێکی دی کە کاریگەری لەسەر کەسایەتیت هەبێت.

ئەگەر تۆش وەکو من زوو بڕیار دەدەیت، ئەوا بوەستە و تێڕابمێنە. دەزانم، باش لێت تێدەگەم، بەڵام درەنگ یان زوو بارێك دەخەیتە سەرشانی خۆت کە توانای هەڵگرتنت نییە، یان بارێك دەخەینە سەرشانی کەسێکی دی کە لەژێریدا دەپلیشێتەوە. تەماشاکە، ئەگەر دەتەوێت بە یاسا و ڕێسا بیربکەیتەوە، ئەوا دەبێت خۆت و خاڵە لاوازەکانت بەباشی بناسیت. ئێمەی بڕیاردەر دەبێت لەکاتی هاتنەپێشەوەی بڕیارێکی گەورەدا هەست و مەیلەکانمان بگرین و نەهێڵین کاریگەری خراپ لەسەرمان دروست بکەن. ئەگەر تۆش وەکو من بیت، ئەوا هەرکاتێك

بڕیارێکی خێرات دا ئەوکات هەست بە هەڵەکەی خۆت دەکەیت. کەوایە کات بۆ بیرکردنەوە لە بڕیارەکانت تەرخان بکە و بەگوێرەی گرنگی بڕیارەکە کات تەرخان بکە. لەوانەیە هەندێك بڕیار پێویستی بە ٢٤ کاتژمێر و هەندێکی دیکەش بە یەك مانگی تەواو ببێت. ئەگەر نازانیت چەند کات بۆ بیرکردنەوە لە بڕیارەکانت دابنێیت، ئەوا پرسیار لە کەسانی دیکە بکە، کەسێك کە وەکو خۆت نەبێت، کەسێك کە بڕیاری خێرا نەدات. بۆ بڕیاری گەورە و گران پێویستت بە زانیاریەکی بەهێز و پێزە.

شتێکی ترم بیرکەوتەوە، کێشەیەکی دی لە کێشەکانی هەست بەسەر بڕیارەکانەوە. زۆر ئاسان و خۆشە ئەگەر بەدوای ئەو ڕاستی و زانیاریانەدا بگەڕێین کە پشتی هەست و سۆزی ئێمە دەگرێت و دڵمان دەداتەوە. ئەگەر کێشەی بڕیاردانی خێراشت نەبێت، ئەوا هەموو کاتێك ئەگەری کەوتنە ناو هەڵەت هەیە. بۆ نمونە لەکاتی کڕینی ئۆتۆمۆبێلێکی کارەبایدا تەنها بیر لەوە دەکەیتەوە کە سوتەمەنی کەم بەکاردەهێنێت، یان دەتەوێت لە دەرەوەی وڵات بخوێنیت و تەنها بیر لە سوودی خوێندنەکە دەکەیەتەوە.

لەوانەیە خۆت بە شایستەی ئۆتۆمبێلێکی باش یان خوێندنێکی ئاستبەرز بزانیت. زۆر جوانە ئەگەر خۆت بە شایستەی شتی باش و نایاب بزانیت. بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە هەموو ئەو پارەیەی هەتە لە شتێکی تایبەتدا خەرجی بکەیت. دەبێت بیر لەو ئەنجامە نەخوازراوانەش بکەیتەوە کە بەهۆی ئەو کارەوە تووشت دەبێت، ئایا تۆ شایستەی دەرەنجامی خراپی ئەو بڕیارەیت؟ من هەقم نییە بەسەرتەوە، پارەی

خۆنە و دەتوانیت بە دڵی خۆت سەرفیبکەیت. بەڵام ڕاستگۆبە لەگەڵ خۆندا، خۆت هەڵمەخەڵەتێنە، بزانە بڕیارێکی ژیرانە دەدەیت یان نا. دواتر خۆت لە گەمژانە بەکارهێنانی سەروەت و سامان و ژیانت بەدوور بگرە. وەکو منداڵ بەهانەی سادە و ساکار بۆ ڕاست و دروستبوونی بڕیارەکەی خۆت مەهێنەرەوە.

ئێستا با بڵێین ئۆتۆمۆبێلی کارەبایی زەرەرێکی وەهای بۆ ژینگە نییە و خوێندن لە دەرەوەی وڵات چەندین لایەنی ئەرێنی هەیە. کێ حەزی لە ئۆتۆمۆبێل و خوێندنێکی باش نییە؟ من باسی ڕاستی و دروستی خودی شتەکان ناکەم. بەڵام ئایا لە ئێستادا هیچ هەڵبژاردەیەکی باشترت لەبەردەستدایە؟ دەبێت تەنها بە هەست و سۆز بیر لە وەڵامی ئەم پرسیارە نەکەیتەوە. دەبێت بیر لە خۆت و خێزانەکەت و کات و کارەکانی دیکە و ...... بکەیتەوە. کەوایە بە چەند پێوەرێکی ژیرانە و ماقوول بیر لە وەڵامی پرسیارەکان بکەرەوە، نەک تەنها بە هەستەکانت. بەم شێوەیە ئەگەر بڕیارێکی هەڵەش بدەیت، ئەوا چاوت بەڕووی هەڵەکەدا کراوە دەبێت.

**بەم شێوەیە ئەگەر بڕیارێکی هەڵەش بدەیت، ئەوا چاوت بەڕووی هەڵەکەدا کراوە دەبێت**



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

## یاسای هەشتایەم

# ئاگات لە هەستەکانت بێت

ئەگەر دەتەوێت باشترین و چاکترین بڕیار بدەیت، ئەوا نابێت بهێڵیت هەستەکان بەسەرتدا زاڵ ببێت. بەڵام لە هەمان کاتیشدا نابێت هەموو هەست و سۆزەکانت لەخۆت قەدەغە بکەیت، نابێت بەشداریان پێنەکەیت لە پرۆسەی بڕیارداندا.

چەند توێژینەوەیەك لەسەر ئەو کەسانە کراوە کە نۆبەی مێشك لێیداون دواتر لە ئەنجامی نۆبەکە هەستیان لەدەستداوە. هەر توێژینەوەکەوە بۆیان دەرکەوت کە لەدەستدانی توانای بڕیاردان یەکێکە لە خاڵە هاوبەش و باوەکانی نێوانیان. دەتوانن بە شێوەیەکی ژیرانە بیر لە بابەتەکان بکەنەوە، بەڵام ناتوانن بڕیارێکی باش و شیاو بدەن. پزیشکە دەماریەکان لە ئەنجامدا گەشتنە ئەوەی کە ڕێژەیەکی زۆر لە بڕیار بە هاوکاری هەستەکان دەردەکرێت، ئەگەر هەستیش لە مرۆڤەکەدا نەمێنێت ئەوا بەشێکی هەرەزۆری بڕیارەکانی بۆ نادرێت. ئەگەر هەستەکانت لەکاتی هەندێ بڕیاردا بەکارنەهێنیت، ئەوا هەندێ شتی زۆر سەرەتایی و ساکارت لەلا ئەستەم دەبێت، بۆ نمونە نازانیت چا بخۆیتەوە یان قاوە، گۆشتی مانگا بخۆیت یان مریشك. کەواتە چۆن و لە چ کاتێکدا هەستەکانت بەکاردەهێنیت؟ ئەگەر لەکاتی کڕینی ئۆتۆمۆبێلێکدا، یان هەڵبژاردنی

کارێکدا ڕەچاوی هەست و سۆزت نەکەیت، ئەوکات چارەنوست چی دەبێت؟

زۆریەمان بەهەڵەداچووین لەوەی کە پێمانوایە هەست و سۆز شتێکی هۆشیار نییە و دەبێت لەکاتی بڕیاردانیشدا هۆشیار بین و ئاگامان لە خۆمان بێت، کەواتە ئەگەر وابێت دەبێت لەکاتی بڕیارداندا دەست لە هەست و سۆزەکانمان هەڵبگرین و گرنگیان پێنەدەین. لە یاسای پێشوودا سەرنجمان خستەسەر ئەو کێشەیانەی کە بەهۆی بەکارهێنانی هەست و سۆز لە بیرکردنەوەکاندا تووشمان دەبێت، بەڵام ئەگەر هەست و سۆزیش بەکارنەهێنین ئەوا بۆشایی و کەموکورتیەکی زۆر دەکەوێتە ناو بڕیارەکانمانەوە. بەپێی کات و دۆخ هەستەکانت ڕۆڵی بەرچاو و گرنگی خۆیان لە بڕیارەکاندا دەگێڕن.

لەڕاستیدا ئەگەر هەستەکانت کاریگەری لەسەر کار و ژیانت نەبێت، ئەوا هەرگیز گرنگی بەدوادا گەڕان و کارپێکردنی زانیاریت بۆ دەرناکەوێت. بەبێ بەکارهێنانی هەست و سۆز توانای وەڵامدانەوەی پرسیارگەلێکی وەکو ئەمانەت نییە: ئایا ئەم هۆکارە کاریگەرترە یان ئەوەی تر؟ ئایا ئەم زانیاریە سوودم پێدەگەیەنێت؟ بۆ من باشە؟ ئایا پێویست دەکات لە شوێنێکی خۆشی وەکو ئەمەریکا کار بکەیت و لە هەمانکاتیشدا مووچەکەت کەم بێت؟ ئایا هەر بە ڕاستی حەزت لەم خانوە سێ نهۆمیە، کە لەوانەیە قەرزێکی باشت بهێنێتەسەر؟ خانویەک کە خودی خۆی هێندەش خۆش نییە، بەڵام لە شوێنێکی بەناوبانگدایە؟ بەهەمان شێوە ئەگەر هەست و سۆز لە بیرکردنەوەکانت بکەیتەدەرەوە، ئەوکات



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

خۆ بەس بە مێشك و بیرکردنەوەی توانای دیارکردنی مەترسی بڕیارەکەت نابێت.

" هەست " – بەشێوەیەکی گشتی – باشترین وەڵامە بۆ ئەو پرسیارانەی سەرەوە. بۆ نمونە لەوانەیە خانوە سێ نهۆمیەکە زۆر بۆ تۆ گونجاو و لەبار بێت، بەڵام ئەگەر بگوازیتەوە بۆ ئەو خانوە ئەوا لە بێتاقەتی و تەنیایدا شێت دەبیت، چونکە تۆ بەردەوام حەزدەکەیت لەگەڵ هاوڕێکانتدا بیت، ئەگەر بگوازیتەوە ئەوکات هاوڕێکانت چی؟ " ترس لە تەنیای " ، بە مانایەکی دی هەستکردن بە تەنیای گرنگترین بابەتی ناو بڕیارەکەیە. بۆیە ئەگەر هەستەکانت بەکارنەهێنیت بەچی دەگەیتە وەڵامی ئەم پرسیارانە؟ بۆ نمونە تەنها هەست بە کەمێك شلەژان دەکەیت و بەس؟ ئەمەش لەبەر ئەوەی ماوەیەکی کەمی دەوێت هەتا لەگەڵ کەسەکانی ئەوێدا بکرێیتەوە، یان دەترسیت و تۆقاویت لەوەی کە ئەگەر بڕۆیتە ئەو شوێنە نوێیە هەتا هەتایە ئاشنای کەسەکانی ئەوێ نابیت؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە تەنها بە لەڕێگەی هەست و سۆزەوە دەدرێتەوە و بەس. کاریگەریە هەستەکیەکان ڕێك و سەد لە سەد هێندەی کاریگەری بیرکردنەوە و مێشك گرنگە، بەڵام لەکاتی گونجاوی خۆیدا.

بەشدارییپێکردنی هەست لە بڕیارەکاندا سوود و قازانجێکی گرنگی هەیە، چونکە ئەگەر هەستەکانت بەشێوەیەکی ئەرێنی کاریگەریان لەسەر بڕیارەکانت هەبێت، ئەوا زیاتر و باشتر متمانەت بە خودی خۆت و بڕیارەکەش هەیە. زیاتر هەوڵی بۆ دەدەیت و بەرامبەری گەشبین و ئەرێنی دەبیت.



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

کەواتە دەبێت هاوسەنگی نێوان هەست و بیرکردنەوەی هۆشیار- مێشک - بپارێزیت. گرنگترین کار ئەوەیە کە بەباشی ئاگات لە هەردووکیان هەبێت و بزانیت هەست و سۆز تا چەند بۆ بڕیارەکانت پێویستە.

**زۆربەمان بەهەڵەداچووین لەوەی کە پێمانوایە هەست و سۆز شتێکی هۆشیار نییە و دەبێت لەکاتی بڕیاردانیشدا هۆشیار بین و ئاگامان لە خۆمان بێت**

## یاسای هەشتا و یەکەم

# فێری سازان ببە

'ناتوانیت هەمیشە ببیت بە خاوەنی ئەو شتەی کە دەتەوێت'. هەموو جارێك دایکم ئەم قسەیەی بەگوێدا دەدام — منیش بە نارازیبوونێکەوە دانم پێدا دەنا و دەمگوت ڕاست دەکەیت. لە ڕاستیدا زۆر بەدەگمەن دەگەیت بەو شتەی کە دەتەوێت. ئەگەر " تەواو " بکەیت بە ئامانجت، ئەوا زۆربەی کات کەمتر لە " تەواو " بەدەستدەهێنیت. بەڵام ئەگەر " تەواو " نەکەیت بە ئاماجی خۆت، ئەوا دەشێت هەر هیچ بەدەستنەهێنیت.

دایکی هاوڕێیەکم ئەوە پازدە ساڵە خانوەکەی خۆی فرۆشتووە و بەتەمایە بڕواتە خانویەکی نوێ، بەڵام ئەوە پازدە ساڵە هیچ خانویەکی بەدڵ نییە. بەداخەوە پازدە ساڵ لەمەوپێش خانوەکەی خۆی فرۆشتووە و لەوکاتەوە لە کرێدایە، کەواتە بەهۆی کرێوە پازدە ساڵە پارەکەی کەم دەکات و نرخی خانوبەرەش زیاد دەکات. لەڕاستیدا وردە وردە خەونی بوونە خاوەن ماڵێکی خۆش و بێ عەیب لە مێشکی دەڕوات، چونکە ئەو خانوەی ئەو دەیەوێت هەرگیز بەو پارە کەمە دەستی ناوکەوێت. هەر لە سنوورەکی خۆشیاندا خانوی دەستناکەوێت، مەجبوور بڕواتە دەرەوەی شار و خانویەکی مامناوەد و کەمژوور بکرێت، بەڵام ئەم هەموو شتە پێویستی بە سازانە.

تێگەشتیت؟ ئەگەر نەسازێیت و توانای سازانت تێدا نەبێت، ئەوا بڕیاردانیش لەلات دەبێتە شتێکی زۆر قورس و نەکردە. دەبێت بەباشی



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

بڕ له بڕیار و بیرۆکەکانت بکەیتەوە و بزانیت کامیان پێویستی بە سازانە و کامەشیان پێویستی پێی نییە. ئەگەر لەگەڵ کێشەکانتدا نەسازێیت، ئەوا وەکو دایکی هاوڕێکەی من تووشی دواخستن دەبیتەوە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا زۆر بڕیار و بیرۆکە هەیە، بەڵام پێویست ناکات لەگەڵ هەرهەموویدا بسازێیت.

لێرەشدا دەبێت بەپێی پێویست بواری هەست و سۆز بدەیت. هەندێک سازان بەتەواوی وەکو ڕێکەوتنێکی مێشکی – ناهەستەکی – دەردەکەون، بەلام لەڕاستیدا بەو شێوەیە نین. بۆ نمونە دەتەوێت ڕێژەی خەرجی و تێچووی پیشە نوێیەکەت کەمبکەیتەوە. زۆر باشە، وەکو بڕیار و بیرۆکەیەکی تەواو خاڵی لە هەست و سۆز دەردەکەوێت، وا دەردەکەوێت کە هیچ پێویستی بە هەست نەبێت و تەنها پێویستی بە مێشك و بیرکردنەوە هەبێت، بەلام بەقسەی من دەکەیت جوان بیری لێبکەرەوە. چۆن دەتوانیت تێچوو کەم بکەیتەوە؟ ئەو کات دەبێت کەلوپەلی هەرزانتر بکڕیت، کوالێتی و ژمارەی ئەو شتانەی دەتەوێت کەم بکەیتەوە و بەڕێژەی پێویست کارمەند وەربگریت. کەواتە دەبێت لێرەدا بە شتێکی کەم و بچووك ڕازی ببیت. بەڕای من بەبێ بەشدارییپێکردنی هەست و سۆز مەحاڵە لەگەڵ ئەم هەل و مەرجەدا بسازێیت.

بۆیە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەشێکی گرنگی بڕیاری باش بریتیە لە ناسینەوەی ئەو سازانانەی کە دەبێت پێیان هەڵبستیت، بزانیت چۆن و کەی و تا چەند سازان لە کارێکی دیاریکراودا دەکەیت. بۆ نمونە لەگەڵ ئەم پیشەیەی ئێستات ناگونجێیت و دەتەوێت ئیشەکەی بگۆڕیت، لێرەدا دەبێت بسازێیت، بەلام دەبێت بشزانی تا چەند دەسازێیت و توانای



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

سازانت هەیە، خۆ بەس لەبەر ئەوەی حەزت لە ئیشەکەت نییە وازیلێناهێنیت و ئیدی بێ کار بمێنیتەوە، بەڵکو دەتوانیت سازان بکەیت و کارێکی دیکە پەیدا بکەیت ئەگەرچی مووچەکەشی لە کاری پێشووتر کەمتر بێت. دەبێت ڕێژەی ئەو سازانانەی دەتوانیت بیانکەیت بنووسیت و هاوسەنگیەك لەنێوانیاندا ڕابگریت.

وە هەروەها پێش ئەوە بڕیارێك بدەیت دەبێت بەباشی ئاگات لە سنوورەکانی خۆت بێت. دەبێت بزانیت هەتا کام سنوور توانای سازانت هەیە، دەبێت بزانیت کۆتا سنووری تواناکانت کامەیە. ئەگەر دەتەوێت چێژ لە ساتەکانی ژیان و بڕیارەکانی ناوی بدەیت، دەبیت بزانیت تا کوێ بڕ دەکەیت و لە کام سنوور ناتوانیت بپەڕێتەوە. وەکو هەمیشە بەوردی بیری لێ بکەرەوە و تێبگە لە گشت هۆکارەکان پێش ئەوەی بگەیت بە بڕیاری کۆتایی.

**ئەگەر " تەواو " نەکەیت بە ئاماجی خۆت، ئەوا دەشێت هەر هیچ بەدەستنەهێنیت**

یاسای هەشتا و دووەم

# هەڵبژاردەیەکی تر بدۆزەرەوە

وادابنێ دەبێت بڕیارێك بدەیت، بەلاّم هیچ لە هەڵبژاردەکانت پێ باش نییە. بۆ نمونە دەکرێت ئەندامێکی کۆمەڵەکەتان دەستی لە کار کێشابێتەو و تۆش دەبێت کەسێکی دی دیاری بکەیت، بەلاّم هیچ کام لە کاندیدەکان جێگرەوەیەکی شیاوی کارمەندە ڕۆشتووەکە نین. یان زۆر ڕقت لەو ماڵەیە کە تێیدایت و دەتەوێت بیگوازیتەوە، بەلاّم توانای گواستنەوەت نییە. تۆ و دەستگیرانەکەت دەتانەوێت ئاهەنگی گواستنەوە ڕێکبخەن، بەلاّم دیدگای هەردووکتان لێکجیاوازە.

زۆر نورسە، وانییە؟ ئەم بڕیارانە هەر دەبێت بدرێن و کەچی تۆ هیچکام لە هەڵبژاردەکانت بەلاوە باش نییە. دەکرێت کێشەیەکی هەرە گەورەت بۆ دروست بکەن، یان بتخەنە ناو گێژاوێکەوە کە خۆشت نەزانی چۆن لێی دەربچیت. بڕیارێکی باش خۆشی و ئاسوودەیی بەدوای خۆیدا دەهێنیت. لە هەمانکاتدا دەکرێت بەهۆی بڕیارکی خراپەوە ناخۆشی و دڵتەنگی و بێئومێدی باڵ بەسەر ژیانتدا بکێشێت.

بڕیاری خراپ بێئومێد و ڕەشبینت دەکات؟ بەڵێ ڕەشبینم دەکات، ئێ دە کەواتە بڕیاری خراپ مەدە! ئەگەر هیچکام لە بژاردەکانت بەدڵ نەبوو، ئەوکات دەبێت هەندێك داهێنەر بیت و بژاردەیەکی تر زیاد بکەیت. بزم دەرکەوتووە کەسە ئەرێنی و گەشبینەکان زۆر بەباشی دەتوانن بەم کارە هەڵبستن. وەکو هێنری فۆرد لە ووتە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت "ئەگەر خۆت بە شایستەی کارێك بزانیت، ڕاست دەکەیت. ئەگەر خۆت بە

شایستەی هەمان کار نەزانیت، ئەوا هەر ڕاست دەکەیت " کەواتە ئەگەر باوەڕت بە دۆزینەوەی هەڵبژاردەیەکی دی هەبێت ئەوا دەیدۆزیتەوە.

ئەگەر وابزانیت کە بەهیچ جۆرێك بژاردەیەکی نوێ نییە، وابزانیت هیچ دەسەڵاتت بەسەر کارەکەدا نییە و هیچت پێناکرێت، وابزانیت هیچ شتێك ئەم کێشەیەی تۆ چارەسەر ناکات و ئەگەر هەوڵیش بدەیت ئەوا لە کات بەفیڕۆدان بەولاوە هیچی دیکەت نەکردووە، ئەوا دڵنیابە کە هیچ بژاردەیەکی دی بەدی ناکەیت، هیچت پێ نادۆزرێتەوە. ئەگەر بژاردەی تریش خۆیت بۆ دەربخات، ئەوا تۆ هەر نایناسیتەوە.

با پێکەوە بزانین چۆن چارەسەر بۆ ئەو نمونەیەی پێشوو دەدۆزرێتەوە. ئەندامێکی تیمەکەتان لەدەست داوە و چاوپێکەوتنتان لەگەڵ چەند کاندیدێکدا کردووە بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام هیچ کامیان ناتوانن ببن بە جێگرەوەی ئەندامە لەدەستچووەکە. ئێستا چی دەکەیت؟ ئایا ناتوانیت لە شوێنێکی تر یان جیاواز ڕیکلام بۆ پێویستبوونی کارمەندێك بکەیت؟ ئەی باشە ناتوانیت کەسێکی کەم ئەزموون وەربگریت – بەدڵنیایەوە مووچەی کەمتری دەدەیتێ – و دواتر ڕاهێنانی پێبکەیت – بەو پارەیەی کە لە مووچەکەیت بڕیوە؟ ئەدی باشە لەناو گروپەکە خۆیدا ناتوانن دووبارە ئەرکەکان دابەشبکەنەوە و دواتر داوای ئەندامێکی تەواو جیاواز و لێهاتوو بکەن؟ ئەی باشە خۆ دەکرێت کەس نەهێنیتە شوێنی ئەندامە ڕۆشتووەکە؟ تەماشاکە، ئەمە کەمێك لەو ئەگەرانەیە کە دەکرێت ببن بە چارەسەری کێشەکەت، هێشتا دەتوانیت چەندین ئەگەری دیکە بدۆزیتەوە. ناتوانیت کار بە هەموو ئەگەرەکان بکەیت، بەڵام دەکرێت هەندێکیان بەسوود بن و توانای چارەسەرکردنی کێشەکەی تۆیان هەبێت.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ئەگەر لەگەڵ کەسێکدا لەسەر شتێك ڕێك ناکەون و تووشی دەمەقاڵەبوون، ئەوا دەتوانیت لێرەشدا داهێنەر بیت و چارەسەر بدۆزینەوە. وادابنێ تۆ دەڵێیت هەڵبژاردەی یەکەم باشە و ئەو/ئەوانیش دەڵێن بڕیاری دووەم باشە — هەرچەندە بۆ کەسێکی وەکو تۆ کە بە یاسا بیردەکاتەوە ڕوودانی شتێکی لەم شێوەیە مەحاڵە، بەڵام لە هەندێك شوێندا بەسەری ئێمەشدا دێت. لەوانەیە هەردووکتان لە ناوەوە هیوا بەو حاڵەی ئێستای خۆتان نەخوازن و لە هەمانکاتیشدا ئامادە نین خۆتان بەدەستەوە بدەن. کەوایە پێویستتان بە چییە؟ پێوستتان بە هەڵبژاردەی سێیەمە. شتێك کە هەردووکتان قبوڵی بکەن بێ پاشگەزبوونەوە لە بڕیاری یەکەمتان. ئێستا خۆت حەزدەکەیت بەس خزم و کەس و کارەکەت بانگ بکەیت و هاوسەرەکەشت حەزی لە ئاهەنگێکی گەورەی ١٥٠ کەسیە؟ (بەڕای من هەردووکتان لەسەر ٧٥ میوان ڕێککەوتوون و ئاهەنگەکە بە دڵی کەستان نەبووە) بەڵام ئەی ناتوانن بۆخۆتان دوو بە دوو بڕۆن بۆ مانگی هەنگوینی و لەوێ بە ئامادەبوونی میوانی کەمتر ئاهەنگەکەتان بکەن؟ یان هەر هاوسەرگیری مەکە — مەبەستم ئێستایە، ئەگینا دواتر بیکە یان دەتوانیت .............. بێ کۆتا ئەگەر هەیە و دەتوانیت جێبەجێی بکەیت. دەبێت ئەو ئەگەرانە بدۆزیتەوە کە بەکەڵکی تۆ دێن.

**ئەگەر هیچکام لە بژاردەکانت بەدڵ نەبوو، ئەوکات دەبێت هەندێك داهێنەر بیت و بژاردەیەکی تر زیاد بکەیت**

## یاسای هەشتا و سێیەم

# ئەنجامی بڕیارە هەڵەکانت لەبەرچاو بێت

ئەو جارەم بیردەکەوێتەوە کە قسەم بۆ هاوڕێیەم دەکرد سەبارەت بەو بڕیارەی کە خەم و ناسۆرێکی زۆری بەدەستەوە دەچێژت. زۆر شڵەژابوو، تەنانەت خەو لە چاوانی تۆرابوو، تۆقیبوو و دەترسا لەوەی بڕیارێکی هەڵە بدات. پێم گوت " باشە خراپترین ئەنجامی ئەم بڕیاری تۆ چییە؟ " و لەگەڵ پرسیارەکەی مندا تۆزێک هاتەوە سەر خۆی و ئارامی و ئاسوودەیی بە دەموچاویەوە بەدی کرا. دواتر تێگەشت هەرچەندە بڕیارەکە گەورەیە، بەڵام ئەنجامی خراپی کارەکەی هێندە گەورە و ترسێنەر نییە.

بەڕاستی سەرت دەسووڕمێت لە زۆر دووبارەبوونەوەی ئەم حاڵەتە. لەو نمونەیەدا هاوڕێکەم دەیویست بڕیار لەسەر وازهێنان یان نەهێنانی ئیشەکەی بدات. توانا و لێهاتووییەکی بەرچاوی هەبوو و لە کۆمپانیایەکی باش کاریدەکرد، بۆ ئەگەر پیشەکەشی بگۆڕیایە دەیتوانی دوای ماوەیەك بێتەوە و ببێت بە خاوەنی ئیشی خۆی. ڕاستە چارەسەرەکەی هێندە باش و نمونەیی نییە، بەڵام خۆ کێشەکەش هێندە گەورە و کارەساتباراوی نییە، پێویست ناکات لەبەر ئەو جۆرە کێشەیانە خەو لە چاوانت بتۆرێت.

وادابنێ خەریکی ماڵ گواستنەوەیت. ئەگەر شوێنێکت دەوێت کە تا بیست ساڵی دیکە تێیدا بژیت و خێزان و منداڵەکانت تێیدا پەروەردە بکەیت و بۆ ئیش و کاریشت گونجاو بێت، ئەوا دەتەوێت خانویەکی زۆر

باش هەڵببژێریت و هیچ هەڵەیەکی تێدا نەکەیت. هەرچەندە ئەگەر ئەم بڕیارەشت سەری نەگرت دەکرێت دووبارە ماڵەکەت بگوازیتەوە، بەلام ماڵ گواستنەوە ماندووکەر و ناخۆش و بێزارکەرە. یان بۆ نمونە بەدوای خانویەکی یەك نهۆمی بچووکدا دەگەڕێیت کە لە کارەکەتەوە نزیك بێت، دەتەوێت دوو بۆ سێ ساڵ تێیدا بمێنیتەوە، بۆیە ئەگەر شوێنەکە هێندەش خۆش و باش نەبێت تۆ هەر کێشەت نییە، ئەوپەڕی دوو بۆ سێ ساڵ تێیدا دەمێنیتەوە. هەرگیز بڕیارە ڕاستەکەت بۆ دەرناکەوێت ئەگەر لە ئەنجام و خودی بڕیارە هەڵەکان تێنەگەیت.

دوور بڕوانە و بیر لە داهاتوو بکەرەوە. هەندێك بڕیاری بەڕواڵەت خراپم بینیەوە کە دواتر ئەنجامێکی زۆر ناوەزە و نایابی هەبووە. وا بیردەکەیتەوە کە ئیشەکەی پێشووت لەم ئیشەی ئێستات مووچەی زیاترە، بەلام بەپێچەوانەی کارەکەی دیەوە هێندە لەم کارەدا توانا و لێهاتووییەکانت بەرەوپێشەوە دەبەیت لە کارەکەی تردا ئەو بوارەت نییە، لێرە زووتر پلەت بەرز دەبێتەوە هەتا لەوێ. پلە بەرزبوونەوە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا دێت، کاتێك کۆمپانیاکە پێشدەکەوێت و .... لەوانەیە ئێستا بیر لەو شتانە نەکەیتەوە، یان بە ئەستەمیشیان بزانیت، بەلام بزانە کە بڕیاری بەڕواڵەت " هەڵە " تا هەتایە بە هەڵەیی نامێنیتەوە و سوودی لێوەردەگریت.

کەواتە هەوڵبدە خراپترین ئەنجامی بڕیارەکەت بهێنیتە پێشچاوی خۆت و لەگەڵیدا بیر لە ئامادەکردنی نەخشە و پلانێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئەنجامە خراپانە بکەرەوە. پلانی پشتگیریکەر زۆر گرنگە. چی دەکەیت ئەگەر هەر لە سەرەتای پیشەکەتەوە شکستت تێیدا خوارد؟ باشە چی

دەکەیت ئەگەر ڕقت لە کارە نوێیەکەت بوو؟ وادابنێ لەو بەشە وەرناگیرێیت کە خۆت دەتەوێت، ئەوکات چیدەکەیت؟ سوودی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە دوو شتدایە: یەکەم، بیر لە خراپترین ئەنجام دەکەیتەوە، بۆ نمونە: ئەگەر پیشەکەت هەر لە سەرەتاوە کاری نەکرد ئەوا کەلوپەلەکانت دەفرۆشیت و هەوڵدەدەیت بڕێك پارە کۆبکەیتەوە و بڕۆیتەوە سەر ئیشی پێشووت، یان لەو حاڵەتانەدا دەتوانیت پلانی دووەم و سێیەم دابنێیت تا زوو بکەویتەوە سەر قاچەکانی خۆت. لە حاڵەتەدا ئەگەر هەرشتێکت بەسەردا هات ئەوا تۆ بە پلانێکەوە ڕووبەڕووی دەبیتەوە.

سوودی دووەم، ئامادەکردن و هەبوونی پلانی دووەم ( پلانی پشتگیری ) هەمیشە هەستێکی ئارامی و بێخەمیت پێدەبەخشێت. هەرکاتێك پلانێکی پشتگیریت هەبوو پەستانت زۆر کەم لەسەرە لەچاو ئەو کەسانەی کە خۆیان نازانن چیدەکەن و چی ڕوودەدات، نازانن ئەگەر پلانی دووەمیشیان کاری نەکرد چی بکەن.

هەندێك جار بە " هەر دەبێت شتێك بکەم " دەکەوینە ناو هەڵەیەکی گەورەوە. بڕیاردان بەوەی کە هیچ نەکەیت- بۆ نمونە خانوەکەت ناگوازیتەوە، یان ئەندامێکی نوێ بۆ تیمەکەتان زیاد ناکەن یان بەدوای کارێکی دیدا ناگەڕێیت- ئەویش هەر بڕیارە. زۆربەی خەڵکی دەکەونە ناو ئەم هەڵەیەوە، بەڵام ئەوانەی کە بە یاسا بیردەکەنەوە نابێت شتێکی بەم جۆرە بەسەریاندا تێبپەڕێت.

**بڕیاردان بە نەکردنی هیچ کارێك هێشتا هەر بڕیارە**

## یاسای هەشتا و چوارەم

# پەشیمانی و خەم خواردن = کات بەفیڕۆدان

پەشیمانبوونەوە، لەگەڵ هەندێك هەستی بێسوودی دیکەدا لە یەك دەستە و تاقمن، هەموویان بۆ ئەوە بەکاردێن کە خەم و خەفەت بۆ شتێك بخۆیت کە لە ڕابردوودا کردبێتت – یان نەتکردبێت – یاخود شکستت تێدا هێنابێت.بەڵام بەکورت و پوختی: هیچ شتێك نییە تا ڕابردووت بگۆڕێت، کەواتە بۆ ئاخ و داخ هەڵدەکێشیت. ئەگەر بتوانیت ڕێ لە ئەنجامێکی خراپ بگریت ئەوا دەتوانیت. بەلاّم ئەگەر نەتوانیت، یەکەم و باشترین چارەسەر بە خەفەت خواردن و پەشیمانبوونەوە دادەنێیت.

ئەم خووە لە زۆربەی مرۆڤەکاندا هەیە، وانیە؟ لە کۆتایدا هەر دەبێت واز لە پەشیمانی و خەفەت خواردن بهێنیت. باشە خەفەت خواردن یارمەتی کێی داوە تا یارمەتی تۆ بدات؟ کەوایە زۆر باشترە ئەگەر بەدوای چارەسەرێکدا بگەڕێیت و خەفەت نەخۆیت، چونکە هەر بەڕاستی شتێکی ناماقووڵ و بێمانایە.

ڕاستیەکە ئەوەیە کە هەم من و هەم تۆش نازانین ئەگەر بڕیارێکی ترت بدایە چی دەگوزەرا. تەماشاکە، ئەگەر کارەکەیان بە تۆ بدایە، ئەوا دڵت زۆر خۆش دەبوو و هەستت بە باشی خۆت دەکرد، لە ڕۆژی یەکەمەوە بە جۆش و خرۆشەوە ڕۆشتیتە ناو کارەکەوە و دواتر کە گەڕایتەوە – لەبەر ئەوەی لەخۆشیدا ئاگات لە بەرپێی خۆت نەبوو – ئۆتۆمۆبێلێك لێیدایت و قاچێکت شکا. دەزانم کە شتەکە ئەگەری نییە، یان ناماقوولە، بەڵام کێ دەزانێ؟ کەس! لەوانەیە لەگەڵ هاوپیشەیەکتدا ببوایە بەکێشەت و ئیدی



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

حەزت لە کارەکە نەمایە، یان لەگەڵ کڕیارێک لای بەڕێوبەرەکەت شکاتی لێبکردیتایە و لە کارەکە دەریان بکردیتایە. دەزانم ئەمانە بەشێکی زۆریان ناماقوول، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەگەرێکن، لەوانەیە هەر دانەیەکیان ڕووی بدایە و لە حاڵی ئێستات ناخۆشتر بووایە. کەوایە پەشیمانبوونەوە و خەفەتخواردن بۆ بڕیارێکی پێشوو شتێکی بێ سوود و بێ فەڕە، چونکە لەوانەیە جێگرەوەکانیان لە خودی خۆیان خراپتر بن.

تەنانەت ئەگەر بەهۆی بڕیاری پێشوشتەوە تووشی هەڵدێر و گرفت هاتبیت ( کێ دەڵێت ئەو گرفتانەی بەسەرتهاتووە لەوە زۆر ئاسان و سووکترە لەوەی دەکرا بەسەرت بێت ) ئەوا هەموو ئەو هەڵدێر و ناخۆشیانەیە کە کردوویانیت بەم کەسە ناوازەیی ئێستا. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئەو ناخۆشی و تەنگی و کارەساتانە نەبوونایە هەرگیز نەدەبووین بەو کەسە ئاڵۆز و ناوازەیەی ئێستا. ئەگەر ئەو ناخۆشی و تەنگانانە لەژیانت دەربکەیت، ئەوکات دەبێت ئەو کارامەیی و ئەزموون و لێهاتوویانەش دەربکەیت کە لە ئەنجامی ئەو ڕووداوە ناخۆشەدا تووشی بوویت. بۆیە واز لە خەفەت خواردن بۆ ڕابردوو بهێنە و ئەوەی فێری بوویت بەرز بینرخێنە، لە سەرو هەمووشیەوە، خۆت بەرز ڕابگرە.

دەتوانیت شتێکی دیکە ئەنجام بدەیت — لێرەدا باسی خەفەت و هەڵەکانی ڕابردوو ناکەم، بەڵکو باسی ڕێگریکردن لەوانەی داهاتوو دەکەم : بڕیاری بەهێز و پێز بدە و ژیرانە بیری لێبکەرەوە. ئەگەر بەباشی بیر لە هەموو ئەو بڕیارانە بکەیتەوە کە لە داهاتوودا دەیدەیت، بەیارمەتی ئەم یاسانە و هەر شتێکی کردارەکی و تیۆری دی، دواتر دەزانیت ئەو باشترین بڕیار بووە کە لەو کاتەدا داوتە. دەتوانیت تەماشای ڕابردووی

خۆت بکەیتەوە و بگەیت بەوەی کە ئەگەر دووبارە بگەڕیتەوە دواوە و لەژێر هەمان بارودۆخدا بیت، ئەوا بە ئەگەری زۆرەوە هەمان ئەو کارەت دەکرد. ئەوکات هەمان زانیاریت کۆدەکردەوە، بیرت لە هەمان بژاردە دەکردەوە، ڕاوێژت بە هەمان کەسی ئەزمووندار دەکرد، هەمان سنوورت بۆ خۆت دادەنا، هەمان گرنگیت بە هەستەکانت دەدا و بە هەمان کار هەڵدەستایت.

زۆر قورسە خەفەت بۆ بڕیارێك بخۆیت کە ئەگەر هەمان بارودۆخت لەبەردەمدابوایە هەمان کارت ئەنجامدەدا. دەکرێت جار جار ئاوات بخوازیت کە ڕووداوەکان بەشێوەیەکی دی بوونایە، بەڵام خەفەتی بۆ مەخۆ.

| |
|---|
| **بڕیاری بەهێز و پێز بدە و ژیرانە بیری لێبکەرەوە** |

## یاسای هەشتا و پێنجەم

# خۆت لە دواخستن مەدزەرەوە

بەڵێ، بەتەمابووم لە یاسایەك لە یاسایەکانی ئەم کتێبەدا ئاماژە بە دواخستن بدەم. وابزانم ئێستا باشترین کاتە. وادیارە هەموو شتەکانی دیکەمان باسکردووە.زۆر باشە، کەواتە با دەستپێبکەین.

هەندێجار چاوەڕێکردنی ڕووداوێك باشترین شتە. بەلآم دەبێت ئەم چاوەڕێکردنە لە کانی مێشك و بڕیار ئاودرابێت و هۆشیارانە بەم کارە هەستابیت. وە زۆربەی جاریش کاتێکی بۆ دیاریکراوە، بە مانایەکی دی سنووردارە. بۆ نمونە دەتەوێت سالێك بووەستیت تا بزانیت بارودۆخی بازاڕ چۆنە و دواتر دەستبکەیت بە وەبەرهێنان، یان شەش مانگی دیکە چاوەڕێ بکەیت و نامەی دەست لەکارکێشانەوەکەت نەدەیتە دەست بەڕێوبەر، کێ دەڵێت لەوانەیە پلەت بەرز بکرێتەوە، یان هاوسەرگیری ناکەیت هەتا شوێنێکی لەبار و گونجاو بۆ ژیان دەدۆزیتەوە.

بێجگە لەم جۆرە حالەتانە چاوەڕێکردن و کار نەکردن ڕێك وەکو بەهانەیەکە تا خۆت لە ئیشەکە بدزیتەوە. باشە بۆ هەر دەبێت بەهانە بهێنینەوە؟ بۆ بڕیار نادەین و دەستبەکار نابین؟ وەلآم و بیانوگەلێکی یەکجار زۆر هەیە بۆ ئەم دوو پرسیارە. دەبێت بزانیت تایبەتمەندی کام پرسیار لە تۆدا هەیە، ئایا بەهانە دەهێنیتەوە، یان بەهانە ناهێنیتەوە و دەست بە کاریش ناکەیت. ڕاستگۆبە لەگەڵ خۆتدا، ڕاست و ڕەوان تەماشای خۆت و بکە و بزانە بۆچی بڕیارێکی یەکجارەکی نادەیت. لەوانەیە کەس حاڵی خراپی تۆ نەزانێت " ئۆهـ خوایە گیان بەس نییە خۆم دەزانم " نەزانینی خەڵك مانای ئەوەیە نییە ئیدی کار نەکەیت و

بیدەیتە تەمبەڵی. وەکو چۆن زۆر بە ئاسانی دەتوانیت بڕیاری هەڵە بدەیت، ئاواش هەست بەم بارودۆخەی خۆت دەکەیت. بزانە پێویستت بە کام زانیاریە. بڕۆ، بگەڕێ و بەدەستی بهێنە. هەر کە زانیاریە ڕاستەکەت بەدەستهێنا ئەنجامت باش دەبێت. بەڵام وەکو خۆشت دەزانیت پێویست ناکات هەموو جارێك کاتێکی زۆر لە دەرکردنی بڕیارە ڕاستەکەدا بکوژیت، چونکە هێندە بڕیارە ڕاستەکە هێندە گرنگ نییە – وەکو نمونەی خواردنەوەی چا یان قاوە – شیر و خەتێکی بۆ بکە و بڕایەوە. دڵت زۆر بە بڕیارەکەی خۆت خۆش دەبێت و پشتی پێ قایم دەکەیت ئەگەر هەست و سۆز بووبێت بە بەشێك کە بڕیارەکەتی پێکهێناوە. پارە ئاسنینەکەت هەڵداوە پێش ئەوەی بکەوێتە خوارەوە دەزانیت حەزت لە شیرە یان خەت. هێندە پێویستی بە بیرکردنەوە نییە و تەنها یەك چرکەی بەسە.

زۆر چاکە، ئێستا دەزانیت چی بکەیت، کێشەکە لێرەدا نییە، بەڵکو کێشەکە لەو کاتەدایە کە بەهۆی بێئومێدبوون و نەمانی تاقەتەوە کارەکەت دوادەخەیت و ناتەوێت گۆڕانکاری لە خۆتدا دروست بکەیت. لەجیاتی ئەوەی بیر لە ئەنجامێکی خۆش و قەشەنگ بکەیتەوە هەر خەریکی بیرکرنەوەیەت لە پرۆسەیەکی ناخۆش و تۆقێنەر، بۆ؟ لەبەر ئەوەی یان تەمبەڵی یان ڕەشبین. بۆیە تەرکیز بخەرەسەر ئەو کاتەی کە کارەکە تەواو بووە، بۆ نمونە وابزانە ماڵەکەت گواستووەتەوە بۆ نیویۆرك، یان خانوەکە دروست کردووە، یاخود دەستت بە ئیشەکە نوێیەکەت کردووە. هەموو شتە جوان و ناوازەکان بهێنەرە پێشچاوی

CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

خۆت. بیر لە هاوڕێی نوێ، ژیانی نوێ، یان ئەو ناو و ناوبەنگەی کە بەهۆی ئەم کارەوە بۆت دروست دەبێت.

ئەگەر نازانیت لەکوێوە دەستپێبکەیت، یان هەر لەخۆتەوە دڵنیا نیت، کێشە نییە، خاڵێك بەدڵی خۆت دیاریبکە و دەستپێبکە. هەتا درەنگتر دەستپێبکەیت درەنگتر دەگەیت، هەتا دەسپێکی کارەکەت دوابخەیت زووتر دووچاری ترس و تۆقین دەبیتەوە.

دایکی ئەو هاوڕێیەمت بەبیر دێتەوە دوای پازدە ساڵ لە فرۆشتنی ماڵەکەی هێشتا خانوی دیکەی نەکڕیبوو؟ ڕەتکردنەوەی بووبووە هۆکاری نەسازان و نەگونجانی. تەماشاکە بەکوێی گەیاند! پازدە ساڵ خستیە ناو چاوەڕوانیەوە. ڕاستبین بە و چەند سنوور و پێوەرێکی ژیرانە بۆ خۆت دابنێ و لە کۆتایدا دەتوانیت ئامانجەکەت بەدەست بهێنیت.

هەندێجار ئەگەر هیچ لەو خاڵانەی سەرەوە هۆکاری دواخستنی کارەکانی تۆ نەبوو، ئەوە بزانە کێشەیەکی نادیار و پەنهان هەیە و ئێمەش نەمادۆزیوەتەوە. هۆکاری ئەوەی ناتوانیت ڕۆژێکی دیاریکراو بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیری دابنێیت دەکرێت هی ئەوە بێت هێشتا دوودڵ بیت و لە سەدا سەد بڕیاری خودی هاوسەرگیریکردنت نەدابێت. کەوایە لەگەڵ خۆتدا ڕاستگۆبە و بەتەواوی و یەکجاری بڕیار لەسەر شتەکان بدە. دوای ئەوەی کە بڕیاری هاوسەرگیریکردنت دا، دواتر دەتوانیت مانگێ یان ساڵێکی دیکە ئاهەنگ بکەیت.

**ڕاستگۆبە لەگەڵ خۆتدا، ڕاست و ڕەوان تەماشای خۆت و بکە و بزانە بۆچی بڕیارێکی یەکجارەکی نادەیت**

## بەشی نۆیەم

# بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە

مێشکت پێویستی بە ڕاهێنان و مەشقپێکردنە تا تەندروست بیربکاتەوە، تا ڕێکخراو بێت، بڕیاری شیاو بدات و داهێنەربێت لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا. لێرەدا کۆتا بەشی بیرکردنەوە دەخوێنین، بەشێك کە هەموو "بیرکەرەوەیەك بە یاسا" دەبێت لەخۆیدا جێبەجێی بکات. دەبێت توانای ڕەخنەگرتن لە خۆتدا برەو پێبدەیت- مەبەستمان لە ڕەخنەگرتن شکاندنەوە و بە نەرێنی باسکردن نییە، بەڵکو لەبەر بنیاتنان و هەڵسەنگاندنە.

ئەم یاسایانە یارمەتیت دەدەن تا هەڵسەنگاندن بۆ گفتوگۆ بکەیت، تا ژیرانە بیربکەیتەوە، بیرۆکەی هاوسەنگ و ماقوول دروست بکەیت، بەردەوام لە پەیوەندیدا بیت و پشکنین بۆ تەواوی ناچوونیەکەکان بکەیت. ئەم یاسایانە فێرت دەکات تا گوێ بۆ دیدگای چوونیەك و جیاوازی کەسانی دی بگریت، یان فێری خوێندنەوەی کتێب بەشێوازێکی نر و دواتر هەڵسەنگاندن و خەملاندنی زانیاری و ئامارەکانت دەکات، وە هەروەها توانای دروستکردنی دیدگای ڕۆشنبیر و بیرمەند لەسەر بەها چاکەکانی ئەو زانیاریانە دەداتێ. هەر لە ڕێگەی ئەم یاسایانەوە دەتوانیت هەڵسەنگاندن بۆ بیرۆکەکانی خۆت بکەیت، هەندێك جار خۆش و گاڵتەئامێزە. ئەگەر دوای ئەم یاسایانە خاڵێکی لاوازی خۆتت بۆ دەرکەوت، ئەوکات پێویست ناکات کەس بیزانێت، خۆت دەتوانیت بە بێدەنگی بیگۆڕیت.

CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

زانیـاری و ڕاسـتیەکان هەرچـەند بـەنرخ و بـەها بـن، ئەگـەر بیرکرنـەوەی ڕەخنەگرانـەی لەگەڵـدا بـەکار نەبـەیت ئـەوا هێنـدە سـوودی نابێـت و سـنووردار دەبێـت. ئـەم یاسـایانە فێـری بـەکارهێنانی ڕاسـتیەکان و قۆستنەوەی زانیاری و ڕەخنەگرتن و بنیاتنانی بیرۆکەی داهێنەر دەکات. ئەگەر توانای هەستان بەم کارانەت هـەبێت، ئـەوا هـەم بۆ خۆت هـەم بۆ کەسـانی دەورەبـەرت سـوود و قازانجـت زیـاتر دەبێـت و لەسـەرو هەمووشیانەوە بۆ ئـەو کەسـەی کـە وەکـو کارمەنـدێك لـەژێر دەسـتیدا کاردەکەیت.

یاساکانی ئـەم بەشـە بـۆ تواندنـەوەی بەستەڵەکەکانی نێـو مێشـکت کـار دەکـەن و پەیوەندیـەکی ئـەوتۆی بـە هەسـت و سـۆزەوە نییـە. بۆیـە بـا هەمیشە لەبیرت بێت کە یاساکانی ٥٠، ٧٩، ٨٠ و ئەوانی دی هەموو بۆ جڵـەوکردنی هەسـت و بـەکارهێنانی مێشـك و بیرکردنـەوە بەشـێوازێکی ژیرانەیە. کاتێك شیکارکردنی زانیاری، هەڵسەنگاندی گفتوگۆ و تێڕامان لە بژاردەکان دێتە پێشەوە، دەبێت هۆشیار و ئاگاداربیت، دەبێت مێشکە تیژ و بەهێزەکەت لەژێر ڕکێف و کۆنترۆڵی خۆتدا بهێڵیتەوە.



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

## یاسای هەشتا و شەشەم

# نوسینەکانی جۆن دۆن بخوێنەرەوە

شەرت نییە هەر جۆن دۆن بخوێنیتەوە، بەلاّم کەسێکە کە بەڕاستی نووسینەکانی شایەنی خوێندنەوەیە. نووسەرێکی ئینگلیزی سەدەی حەڤدەیەم بوو کە هۆنراوە و سرووودی ئاینی دەنووسی (دەتوانیت سرووده ئاینیەکانی بخوێنیتەوە و چێژی لێببینیت، شەرت نییە لەگەڵیدا خاوەن هەمان بیر و باوەڕ بیت). لەوانەیە باشترین بەرهەمی ئەو سرووده ئاینیە بێت بەناوی " مرۆڤی تەنیا خراپەکارە " کە تێیدا دیدگا و گۆشەنیگای خۆی بە ڕەوانبێژیەکی جوان دارشتووە. لەبەر کورتی و پوختی هۆنراوەکانی دەتوانیت زوو تەواویان بکەیت، یان هیچ نەبێت ڕۆژی یەك دانەی لێبخوێنیتەوە.

دەتەوێت بزانیت بۆچی خوێندنەوەی نووسیەکانی جۆن دۆن پێویستە؟ زۆر باشە، نووسینەکانی جۆن دۆن زۆر جوان و سەرنجراکێشە، بلیمەتانە نووسراوە و کەم تا زۆر لەگەڵ ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا دەگونجێت، بەلاّم من لەبەر ئەم هەموو شتە هانی خوێندنەوەیت نادەم، بەڵکو لەبەر ئەوە هانت دەدەم چونکە نووسینەکانی واتلێدەکات بیربکەیتەوە، بە وشەکانی ختوکەی مێشکت دەدات. بۆ ئەوەی بەجوانی لە هۆنراوەکانی تێبگەیت دەبێت مێشکت والا بکەیت و بیخەیتەگەڕ. تەنانەت لەکاتی باسکردنی

هەست و سۆزەکانیشدا پارادۆکس و توانج و بیرۆکەی ئاڵۆز و مشتومڕێکی ژیرانە بەکاردەهێنێت.

ئەگەر دەتەوێت ببیت بە ڕەخنەگر و شیکەرەوەیەکی ئاستبەرز و بەتوانا، ئەوکات دەبێت کار لەسەر چەند ڕاهێنانێکی بەهێز و پێز بکەیت. دەبێت مێشکت بەجۆرێك بە بیرکردنەوەی ئاڵۆزەوە سەرقاڵ بکەیت کە دوایی لای ئاسایی ببێتەوە و بیرکردنەوەی ئاڵۆزی لابێت بە ئاوخواردنەوە.
ئێستا زۆر خۆشتر و باشترە ئەگەر نووسینێکی نوێپەیدای ئەمڕۆ کە تەژیە لە زاراوەی جوان و هەندێك جاریش گاڵتەئامێز بخوێنیتەوە، لەجیاتی ئەوەی خۆت بە چەندین نووسینێکی توێژینەوەئامێزەوە سەرقاڵ بکەیت و دواتر تاقەتت لێی نەمێنێت.

ئەگەر زیاتر حەزت لە گاڵتە و گەپە هەتا شتی جدی، ئەوا دەتوانیت تەماشای کۆمیدیانی ئینگلیزی ستیوارت لی بکەیت. لە قسە و شانۆییەکەیدا بەشێوەکی دیار و ئاشکرا ڕەخنەگرتنی تەنزئامێز و هاندان بۆ بیرکردنەوەی زیاتر و قووڵتر بەدی دەکرێت.
بێ شك و گومان چەندین نووسەر و کۆمیدیانی دیکە هەیە کە بتوانن هەمان شت بە تۆ بڵێن و لەپێناو هەمان ئامانجدا کار بکەن. بەڵام ئەم دووانە لای من تایبەتن، حەزدەکەم بۆ جارێکیش بێت تاقیان بکەیتەوە تا بە تەواوی لە مەبەستی من تێبگەیت. پاش ئەوەی گوێت بۆ ئەمانە گرت دەتوانیت بگەڕێیت بەدوای چەندین کەسی دیکەی هەمان ئامانجدا تا ڕاهێنانی زیاتر بە مێشك و بیرکردنەوەت بکەن.
نۆر باشە، دوای ئەوەی چێژ و خۆشیت لە مەشق و ڕاهێنانەکە بینی، دەتوانیت لەگەڵ چەند هاوڕێیەکتدا گفتوگۆ و دانوستان لەسەر ئەو



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ڕاهێنانە بە تایبەتی بکەن. من بۆ ئاسانکردن و خۆشکردنی بابەتەکە گوتم هاوڕێ، بەڵام دەتوانیت لەگەڵ هەر کەسێکدا بتەوێت گفتوگۆ بکەیت. لە زۆربەی گفتوگۆ و قسەکانماندا هەر باسی هەواڵی ڕۆژانە و بارودۆخی خەڵکی و چەند شتێکی لەو جۆرەیە. هیچ کێشەیەك نییە، دەکرێت هەندێك جار لە سنووری خۆیدا باسی خەڵکی و هەواڵی ڕۆژانە بکەین. بەڵام هیچ نەبێت با یەك کەس هەبێت کە لەگەڵیدا گفتوگۆ و دانوستان لەسەر فەلسەفە و سیاسەت و دەروونزانی یان هەر شتێکی دی کە حەزت لێیەتی بکەیت. کە دەڵێم مشتومڕ و گفتوگۆ مەبەستم ئەو کەسانە نییە کە قۆچەکانیان لە یەك گیر دەکەن و کەسیان دان بە کەسی بەرامبەردا نانێت، چونکە لەو حاڵەتانەدا هیچ سوودێك پێناگات و مێشکیشت هیچ گۆڕانکارییەکی ئەرێنی بەسەردا نایەت.

ئامانجمان ئەوەیە مێشکت زیاتر و زیاتر بکەینەوە و بیرکردنەوەکانت نوشتۆکتر و هەڵسەنگاندنەکانت بزێو و گورجگۆڵتر بکەین. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بتوانیت لەکاتی بیرکردنەوەدا بیر لەو بابەتە بکەیتەوە کە بیری لێدەکەیتەوە. بەم چالاکیە مێشکیەوە، لەگەڵ ئەم بیرکردنەوە ڕەخنەگر و شیکەرەوەدا بەرز دەبیتەوە بۆ ئاستێك کە پێی دەگوترێت " بیرکردنەوەی کارامە "

> **دەبێت بتوانیت لەکاتی بیرکردنەوەدا بیر لەو بابەتە بکەیتەوە کە بیری لێدەکەیتەوە**



CamScanner الممسوحة ضوئيا بـ

یاسای هەشتا و حەوتەم

# با کەس نەتخەڵەتێنێت

جیهان بەگشتی پڕبووە لەو کەس و ڕێکخراوانەی کە دەیانەوێت بکەویتە دوای بیرکردنەوەیان و متمانە بە زانیاری و بیر و بۆچوونەکانیان بکەیت. هەر لە ڕیکلامە درۆینەکانەوە هەتا هەواڵە ساختەکان دەورەبەرمان تەژی بووە بەو کەس و بیرۆکە خۆسەپێنەرانەی کە وامان لێدەکەن جۆرێکی تایبەت لە شوکولاتە بکڕین، یان گوێ بۆ جۆرە مۆسیقایەك بگرین و جلوبەرگێکی تایبەت بپۆشین، یان لەسەرو هەموویەوە دەنگ بە کاندیدێکی دیاریکراو بدەین.

بۆ تۆ نازانم، بەلام وەکو خۆم هێندە گوێ بەو کەسانە نادەم کە دەیانەوێت ڕێگەیەکم بۆ دیاری بکەن، یان جۆرە بیرکردنەوەیەك بەزۆر لە مێشکمدا بچەقێنن. پێیان دەڵێم "من دەمەوێت لە گۆشەنیگای خۆمەوە بڕوانمە شتەکان و بڕیاری تایبەت بە خۆم، خۆم بیدەم، زۆر سوپاس" دوای ئەوەی خۆم بیرمکردەوە لەوانەیە بێم ئەو شوکولاتەیەی تۆ پێت گوتوم بیکڕم، یان ئەو جلوبەرگە بپۆشم و دەنگ بەو کاندیدە بدەم. هەمیشە کەسە خۆسەپێنەرەکان لە قسەدا شارەزان و هەندێکیشیان گوفتار خۆش و قسەی شیرین و هەستبزوێن دەکەن. لەوانەیە قسەی ڕاست بکەن و هەڵتنەخەڵەتێنن- باشە هەر بەڕاستی وایە؟ باشە لەکوێوە



CamScanner الممسوحة ضوئيا بـ

قسەی کابرایەکی قسەزان ڕاستە؟ چۆن دەزانیت هەواڵێ ساختەت پێنافرۆشێتەوە؟

چەند "بۆچی"یەک لەخۆت بپرسە. لەوانەیە ئێستا خۆت بیربکەیتەوە، باشە خۆت بیربکەرەوە، بەڵام دەبێت ئاگادار و هۆشیار بیت، چونکە لە ئێستادا هەموو کەس دەیەوێت کاڵاکەی خۆیت پێبفرۆشێت، هەموو کەس دەیەوێت متمانە بە بیرۆکە و بیر و بۆچوونیان بکەیت. دەبێت پێش ئەوەی بڕیار لەسەر ڕاستی و دروستی قسەکانیان بدەیت مەبەست و هاندەری پشت قسەکانیانت بۆ دەربکەوێت. بۆیە هێندە گێژ و ساویلکە مەبە و پێش ئەوەی بڕیار بدەیت زانیایەکی باش و توێژینەوەیەکی چاکی لەبارەوە بکە. یاسای سێیەمت لەبیرە (بیر لە هاندەر و مەبەستەکان بکەرەوە)؟ ئەم یاسایە لە زۆر ڕووەوە لێکچووی یاسای سێیەمە، تەنها بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بۆ زیاد کراوە.

پرسیار بکە، بزانە ئەگەر بەو کارە هەڵبستیت کە ئەوان پێتدەڵێن کامتان قازانج دەکەن؟ بزانە بە جێبەجێکردنی ئەو زانیاریانە کێ سوودمەند دەبێت؟ ئەگەر تەماشای ڕیکلامێکی تەلەڤیزیۆنی بکەیت ئەوە دیارە کێ قازانج دەکات. بەڵام ئەی چی لە پەیامە نهێنی و پەنهانەکان دەکەیت؟ بۆ نمونە ئەو کامپەینەی کە هانت دەدات تا جلیان لێبکڕیت – و دەڵێن پارەکە بۆ کاری خێرخوازیە– پارەکە بۆ کاری خێریانە؟ یان دەڕواتەوە ناو باخەڵی خۆیان؟ کاتێک کە خەڵکی پێتدەڵێن دەنگ بە کاندیدێکی دیاریکراو بدە، بۆ بەرژەوەندی گشتیانە؟ یان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان؟ لەوانەیە وابێت، لەوانەشە وا نەبێت. دەکرێت نەگەیت بە وەڵامی



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

تەواوی پرسیارەکانت، بەلاّم خۆ هیچ نەبێت کەمێك مێشکت بەڕووی بابەتەکەدا کراوەتەوە.

هەندێك کەس بە پێدانی نیوە زانیاری یان زانیاری پچڕ پچڕ دەیانەوێت متمانەیان پێبکەیت و هەست بە کەمکوڕی زانیاریەکانی ئەوان نەکەیت. بەکورتیەکەی هەڵتدەخەڵەتێنن. کاتێك هاوسەرەکەم دووگیان بوو پەرستارێك پێی گوتبوو لەکاتی دووگیانیدا هێلکەی کولاّو مەخۆ، چونکە ئەو ئافرەتانەی لەکاتی دووگیانیدا هێلکەی کولاّو دەخۆن ئەگەری هەیە تووشی بەکتریای ڕیخۆڵە ببنەوە و زیان بە منداڵەکەی خۆیان بگەیەنن. مەبەستی ئەم قسەیە لێرەدایە "ئەگەرچی ئەگەری تووشبوون بە بەکتریای ڕیخۆڵە کەمە، بەلاّم هەر دەبێت خۆت بپارێزیت". بەس یەك خولەك بوەستە، بەشێکی ئەم قسەیە نیشانەی پرسیاری لەسەرە. یەکەم، دەبێت بزانیت بۆچی و تا چەند بۆ منداڵەکەت باش نییە؟ دووەمیش ئەگەر توشبوونت بەو نەخۆشیە چەندە؟ لە هەزاردا یەك؟ لە ملیۆندا یەك؟ من هانی ئافرەتانی دووگیان نادەم تا هێلکەی کولاّو بخۆن و گوێ بۆ قسەی پەرستارەکە نەگرن، بەلاّم مەبەست و ئامانجی من ئەوەیە خۆتان بیربکەنەوە. دەبێت بزانیت بۆ کەسی بەرامبەر بەشێك لە ڕاستیەکەت لێدەشارێتەوە؟ بۆ چاکەی تۆیەتی؟ یان دەیەوێت هەڵتبخەڵەتێنێت؟ دەکرێت ژیری و داناییەك لەپشت شاردنەوەی ئەوانەوە هەبێت، بەلاّم هەموو جارێکیش نا.

ئاگات لەو زمانە هەستبزوێنەرە بێت کە بەکاری دەهێنن. زۆربەی هەرە زۆری ڕێکخراو و سیاسەتمەدار و ڕیکلامکەرەکان وشەی هەستبزوێن زۆر لە قسەکانیاندا بەکاردەهێنن تا زاڵ بن بەسەرتدا و بە بیرۆکەکەی خۆیان

قایلت بکەن. ترس و تۆقین، هەستی تاوانباری و ..... هەرکاتێك ئەم شتانەت بەرامبەر بەکارهات هەوڵبدە کاریگەری لەسەرت نەبێت. لە هەموو کارە خێرخوازییەکاندا وێنەی منداڵێکی ڕەشتاڵە، یان ئاژەڵێکی بێچارە و دەرەتانت پیشان دەدەن. تەنانەت ئەگەر تۆ کەسێکی باشیش بیت و نیەتی خێرکردنیشت هەبێت، ئەوا واباشترە لە مەبەستی یەکەمی ئەم کارە خێرخوازییە بگەیت و کاریگەری شتەکانی دەوروبەر بەسەر خۆتەوە نەهێڵیت.

**لە ئێستادا هەموو کەس دەیەوێت کاڵاکەی خۆیت پێبفرۆشێت، هەموو کەس دەیانەوێت متمانە بە بیرۆکە و بیر و بۆچوونیان بکەیت**



المسوحة ضوئيا بـ CamScanner

یاسای هەشتا و هەشتەم

# ئامانجی سەرەکیت لەبیر نەچێت

هاورێیەکم کە بەڕێوبەر بوو داوای بەرزکردەوە تا لە کامپەینێکی خێرخوازی بۆ ئاژەلان وەربگیرێت. چاوپێکەوتنەکە زۆر چڕوپڕبوو و دوو ڕۆژی خایاند. چاوپێکەوتنەکە چەند بەشێك بوو، چەند بەشێك کە پێکاتبوو لە گەشت و سیمینار و ڕاپۆرت و چەندین شتی دیکە. ماوەیەکی زۆر سەرقاڵی توێژینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری بوو لەبارەی ئیشەکەیەوە، لەبارەی پێکهاتەی کارێکی خێرخوازی و چۆنیەتی سەرفکردنی پارەکانیان و شێوازی بەڕێوبردن و هەموو ئەو شتانەی کە بەڕێوبەرێك پێویستی پێیەتی بۆ بەڕێوبردنی کۆمپانیا یان ڕێکخراوێك.

لە کۆتایدا سیمینارێکی لەسەر دروستکرد، پێش ئەوەی پێشکەشی کەسانی دیکەی بکات پیشانی هاورێیەکی منی دا. هاورێکەم بە منی گوت کە بەشێوەیەکی زۆر جوان و باش باسی پلانی داهاتووی ڕێکخراوەکە و کارەکانی لەبواری خێرخوازیدا کردووە. بەلام لە هیچ شوێنێکدا باسی پارێزگاریکردن لە ئاژەلانی نەکردووە. هاورێکەی ئێمە هێندە سەرقاڵی ئامادەکردنی سیمینار و پلان بووە کە مەبەست و ئامانجە گەورەکەی لەبیرچووەتەوە. هەموو ئەو کەسانەی کە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکەن یەکەم ئامانج و مەبەستیان پاراستنی ئاژەلانە، بۆیە کەسێك وەکو

بەڕێوبەر دیاری ناکەن کە بەجۆرێك ئاژەڵی خۆش نەوێت یان پلانی بۆ داهاتووی ئاژەڵەکان نەبێت.

ئەم هەڵەیە زۆر سادە و ئاسانە و هەموو کاتێکیش ئەگەری ئەنجامدانی هەڵەیەکی لەو شێوەیەمان هەیە. هێندە تەرکیزمان لەسەر وردەکاری ئیشەکەیە تا ئامانجی سەرەکی کارەکەمان بیردەچێتەوە. کێشەکە ئەوەیە کە هەرکاتێك ئامانجی ئیشەکەت لەبیرکرد، ئەوکات لێڵیەك دەکەوێتە ناو هەوڵ و کۆششەکانتەوە، ئیدی نازانیت لەپێناو چی و کێدا کار دەکەیت. کەواتە چۆن مێشکمان مەشقپێبکەین تا بەدوای ئەو شتانەدا بگەڕێ کە دەبێت بەدوایاندا بگەڕێت؟

وەڵامەکە ئەوەیە کە دەبێت "ڕاهێنان" بە مێشکت بکەیت. ئەگەر مێشکت وافێرکردبێت کە بەدوای ئامانج و وێنە گەورەکەدا بگەڕێت، ئەوا خۆی خۆکارانە بەدوایدا دەگەڕێت. کەواتە لە هەموو شتێکدا هەوڵی دۆزینەوەی ئامانج و وێنە گەورەکە بدە. هێندە ئەم ڕاهێنانە بکە هەتا دەبێت بە خوویەکی مێشکت و دواتر بێ پێگوتن مێشکت خۆی بەم کارە هەڵدەستێت.

بۆچی قاپەکان دەشۆیت؟ ڕوانگەی وردەکار: بۆ ئەوەی پاکیان بکەمەوە. ڕوانگەیەکی گەورەتر: بۆ ئەوەی خێزانەکەم لە نەخۆشی بەدوور بن و لە قاپی پاکدا نان بخۆن. بۆچی لەم کۆبونەوەیەکدا بەشداریتکردووە؟ ڕوانگەی وردەکار: بۆ ئەوەی پلانێکی بۆ پێشانگاکەی هەفتەی داهاتوو دابنێین. ڕوانگەیەکی گەورەتر: لەبەر ئەوەی کۆمپانیاکەمان پێویستی بە چەند پڕۆژەیەکی باش و جوانە تا زیاتر بەرەوپێشەوە بڕوات. بۆچی کاری خێرخوازی بۆ ئاژەڵان پێویستی بە بەڕێوبەرە؟ ڕوانگەی وردەکار:



المسوحة ضوئيا بـ CamScanner

بۆ ئەوەی چالاك بێت. ڕوانگەیەكی گەورەتر: بۆ ئەوەی كاریگەریەكی گەورە و ئەرێنی لەسەر ژیانی ئاژەڵان دروست بكەین.

دەتوانیت بیربكەیتەوە و بزانیت بۆچی پێش خەوتنی منداڵەكانت چیرۆكیان بۆ دەخوێنیتەوە، بزانیت بۆچی ڕێكخراوێكت تایبەت بە گەنجان كردووەتەوە، بۆچی پشووی هاوینە لە شوێنێكی هێندە دوور دەدەیت یان بۆچی دەتەوێت ببیت بە خاوەنی سەگێك. هەندێك جار وەڵامی ئەم پرسیارانە دەكرێت تەومژاوی یان زیاتر لە هۆكارێكی هەبێت. كێشە نییە، خۆ من نالێم هەر دەبێت بیربكەیتەوە و بزانی بۆ دەتەوێت ببیت بە خاوەنی سەگ، مەبەستی من لێرەدا مەشقپێكردن و ڕاهێنانی مێشكتە لەسەر ئەو جۆرە تێڕامان و بیركردنەوەیە. لەوانەیە هەندێجاریش بیر لە بیركردنەوەكەی خۆت بكەیتەوە و بڵێیت من بۆ بەم شێوەیە بیردەكەمەوە.

**لە هەموو شتێكدا هەوڵی دۆزینەوەی ئامانج و وێنە گەورەكە بدە**

## یاسای هەشتا و نۆیەم

# پێشبینی بکە

یەکێك لە ئەو تایبەتمەندیانەی کە کەسی زیرەك و بیرکەرەوەی ڕاستەقینە لەوانی دیکە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە "هەر لە بیرکردنەوە بەردەوام دەبن، تەنانەت لەو کاتەشی کە کەسانی تر ڕادەوەستن" مامۆستای قوتابخانە ئەم ڕێگا کۆن و کلاسیکیە بۆ دیاریکردنی قوتابی زیرەك بەکاردەهێنێت، ئەگەر لە منداڵیشدا ئەم جۆرە ڕاهێنانە فێر نەبوویت کێشە نییە و دەتوانیت لە ئێستاوە فێرببیت.

وەکو خاڵی سەرەتا تەماشای زانیاری و بیرۆکەکان بکە، نەك خاڵی کۆتایی. بەمانای ئەوەی خۆت کاری لەسەر بکەیت، نەك یەکسەر وەکو ڕاستی حاشاهەڵنەگر وەریبگریت. دەتوانیت لەڕێی ئەم زانیاریانەوە بە چی بگەیت؟ ئەگەر ئەم زانیاریانە ڕاست بن، ئەی چی تر ڕاستە؟ یان چ شتێکی دی دەبێت ڕاست بێت؟ ئەم زانیاریە چی بەدوای خۆیدا دەهێنێت؟ هەوڵبدە بەدوای پەیوەندیدا بگەڕێیت و خۆت پێشبینی داهاتوو بکەیت.

لەراستیدا ناتوانیت هەموو جارێك بیر لە ئەم هەموو شتە بکەیتەوە، یان دەتوانیت؟ ئێمە هەموومان بەرێژەی بچووك و کەم بەم کارە هەڵدەستین و تەنها پێویستمان بە فراوانکردنی سنووری ئەنجامدانی کارەکەیە. ئەگەر پێشنیار بکەم و بڵێم هەموومان ئەمشەو کاتژمێر ئەوەندە دەچین بۆ سینەما و تەماشای فیلم دەکەین، ئەو کاتژمێرەی کە من پێمگوتیت وەکو زانیاریەك لای خۆت هەڵدەگریت و هەر بەپێی ئەو زانیاریە بیردەکەیتەوە ئایا دوای فلیمەکە بێمەوە خۆم بگۆڕم و بچم بۆ سەر کار، یان هەر ئێستا جلی کار لەبەر بکەم و دوای فیلمەکە یەکسەر بڕۆم بۆ سەر کار. ئەگەر من کاتی تەواوبوونی فیلمەکەت پێبڵێم، ئەوکات تۆش لەڕێگەی ئەو زانیاریەوە هەڵسەنگاندن بۆ کاری دواتری خۆت دەکەیت.

هاوڕێیەکم دەیویست سەگێکی دووباوان بکڕێت. ئەو دەیزانی کە سەگێکی باواندیاری دوورەگی ماڵی دەوێت. بەس باشە سەگێك بەم هەموو تایبەتمەندیەوە چۆن لە وێبسایتێکەوە دەستدەکەوێت؟ دوای ماوەیە بۆی دەرکەوت کە زۆربەی سایتەیکان یەك کۆمەڵ وێنەی سەگی ماڵیانی تێدایە، لەوانەیە بە سەدان دانەی تێدابێت. خۆ دەکرێت خاوەن وێبسایتەکە ئەم وێنانە دەستکاری بکات و بگرە لەوانەشە هەندێکی هەر ساختە بن و لەڕاستیدا سەگێکی لەو جۆرە نەبێت. بەلام خۆ خاوەن سایتەکە تاقەتی دەستکاریکردنی هەزار وێنەی نییە، بۆیە هاوڕێکەشم لەسەر هەمان بیرۆکە بوو و بڕیاریدا متمانە بەو سایتانە بکات کە وێنەی زۆریان تێدایە.

ئەم شێوازە بریتیە لە ژمێریاریەکی سادە و ڕاهێنانێکی سروشتی و ئاسایی مێشك. بەلام ئەگەر بەشێکی زانیاریەکەت وەرناگرتایە و بەکارت

نەهێنایە تا بگەیت بە قۆناغێکی تر، ئەوا نەتدەتوانی بگەیت بە بیرکردنەوەیەکی بەم شێوەیە سادە. ئێستا واپێویستە مێشکت ڕابهێنیت تا پرسیار لە قۆناغی داهاتووی هەر شتێك بکات کە دەیزانێت، پێویستە مێشکت ڕابهێنیت تا ژیرانە بیربکاتەوە و دواتر پێشبینی بۆ ڕووداوی داهاتوو بکات. گرنگ نییە ئەم پرۆسەیە لە چ کاتێکدا بەکاردەهێنیت بۆ نمونە دەکرێت لەکاتی خوێندنەوەی ڕاپۆرتدا، یان تەماشاکردنی هەواڵی ڕۆژانە، گوێگرتن لە کەسی بەرامبەر یاخود هەر شتێکی تر.

زۆربەی قۆنتەراتچیەکان سەرکەوتوون لە کارەکەیاندا لەبەر ئەوەی گوێیان لە شتێك بووە یان شتێکیان خوێندووەتەوە کە وایلێکردووە زیاتر و زیاتر بیر لە ئەو شتە دیاریکراوە بکاتەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٥دا بیمەدەرێکی ئۆتۆمۆبێل ئەم حاڵەتەی بەسەرهات و پێشکەوتنێکی باشی بەخۆیەوە بینی. ئێمە هەموومان دەزانین کە شۆفێری ئافرەت بەگشتی مەترسی کەمتریان لەسەرە و شێواز و ڕەفتاریان لەکاتی لێخوڕیندا لە پیاوان جیاوازترە، بۆ نمونە لەوانەیە ئافرەتەکان شتی تایبەت بەخۆیان زیاتر لە پیاوەکان پێبێت. ئەم زانیاریە هەموومان دەزانین و شتێکی باوە، بەڵام تەنها یەك کەس بەباشی بیری لێکردەوە و توانی سوودی لێوەربگرێت و بیمەیەك تایبەت بۆ شۆفێری ئافرەت دروست بکات.

" ئۆۆۆ. ئێستا تێگەشتم، ئەگەر ئەمە وابێت کەواتە ئەوی دیکە......" زۆربەی جارەکان بەم شێوەیە بیردەکەینەوە و ئەم شێوازە بیرکردنەوەیەمان بە مێشکدا دێت. ئەگەر دەتەوێت پەیوەندی لەگەڵ کەسێکی تردا دروست بکەیت کە لە دوورەوە دەیناسیت، یان بەهۆی

نزیکی دوو زمان لەیەکەوە پێت وابێت کە هەردووکیان لە یەک سەرچاوەوە هاتوون، یان لە وێستگەکەدا بەدیار شەمەندەفەرەوە وەستاویت و دەبینیت ئەوانەی کە لە سەرەوە دێنە خوارەوە هەموویان چەتریان پێیە، تۆش دەڵێیت ئێ کەواتە لەسەرەوە بارانە. لەبەر ئەوەی خاوەنی زانیارییەکی دیارکراوین، دەمانەوێت لەرێگەی ئەو زانیارییەوە بگەین بە قۆناغی دواتر، بە کورتی پێشبینی بکەین.

**وەکو خاڵی سەرەتا تەماشای زانیاری و بیرۆکەکان بکە، نەک خاڵی کۆتایی**

## یاسای نەوەد

# بەپێی پێویست زانیاری کۆبکەرەوە

زانیـاری زۆر و زەبەنـدە یەکێکـە لـەو کێشـە بێزارکەرانـەی کـە لـە کـاتی کۆکردنـەوەی زانیاریـدا بـۆت دروسـت دەبێـت. لەوانەیـە بـەدوای شـتێکی تایبەتدا بگەڕێیت و تەماشا دەکەیت بڕێکـی زۆر زانیـاری هەیـە، زۆر لـەوە زیـاتری لێیـە کـە تـۆ دەتـەوێت، کەوایـە چـۆن دەتوانیـت زانیاریـە پێویستەکان وەربگریـت و ئەوانـەی تـریش فـەرامۆش بکـەیت؟ دەبێـت توانای لەبێژنگدانی زانیاریـەکانت هـەبێت و دەبێـت دڵنیـاش بیت کـە تـۆ زانیاریە ڕاستەکە بەدەسـت دەهێنیـت دواتـر تووشـی هەڵوەشـاندنەوەی تەواوی پرۆسەکە نابیت.

ڕاستی شتێکی زۆر چاك و باشە، بەڵام باشە چۆن دەزانیـت کامـە ڕاسـتی بەکەڵکی تۆ دێت؟ ئەی چی دەکەیت ئەگەر دوو ڕاستی هەبوو؟ ئـەی چـی ئەگەر ئەو دوو ڕاستیە دژی یـەك وەسـتانەوە؟ ئەگـەر هـەردوو ڕاسـتی و زانیاریەکە بۆ کارەکەی تۆ بگونجێت ئەوکات تۆ کامە بەکاردەهێنیت؟

پێش هەموو شتێك بزانە کـە شـتێك هەیـە بـەناوی زانیـاری زیـادە. ئەگـەر لەبەر گـەڵاکانی دارێـك دارەکـە خۆیـت لەبەرچـاو نـەبێت، بەواتایـەکی تـر ئەگەر لەبەر زانیاری زۆر و زەبەندە ئامانجەکەی خۆتـت بیرنـەمابێت، ئـەوا زانیـاری زۆر و زیـادەت وەرگرتـووە. ئەگـەر بەتـەمای دروسـتکردنی

توێژینەوەیەکیت تا کاریگەری لەسەر کەسێك دروست بکەیت- بۆ نموونە لەسەر بەڕێوبەرەکەت تا پلەت بەرز بکاتەوە، لەسەر هاوسەرەکەت تا بۆ نۆژەنکردنەوەی ناندینەکە قایلی بکەیت یان دڵی سەرۆك شارەوانی ڕازی بکەیت تا ڕێگایەکی بچووك بۆ پاسکیلسواری بکاتەوە یاخود هەر کەس و شتێکی دی- ئەوکات چەند ڕاستی و ئامارێك ورد و سەرنجڕاکێش کاریگەری زۆر زیاتر دەبێت لە کۆڵێك کاغەز و توێژینەوەی پڕ نەخشە و وێنە و ئاماری بێسوود.

هەنگاوی دواتر بریتیە لە تاشین و کەمکردنەوەی زانیاری بەردەست. ئەگەر لە سەرەتای دۆزینەوەی زانیاریەکەوە کارێکی لەمجۆرە بکەیت ئەوا پرۆسەکە چالاکتر دەبێت. دەتوانیت تەواو ڕۆژەکە بۆ کۆکردنەوە زانیاری تەرخان بکەیت و دواتر لە فیلتەریان بدەیت، یان دەتوانیت هەر لە کاتی کۆکردنەوەیدا لە بێژنگی بدەیت و نیو ڕۆژ بۆ کۆکردنەوەی زانیاری تەرخان بکەیت. من خۆم دەزانم کامەیانم بەلاوە باشترە. تۆش بیربکەرەوە: پێش دەستپێکردن خۆت یەکلایی بکەرەوە و بزانە کام زانیایەت دەوێت و کامەت ناوێت.

زۆر باشە، پێویستە خۆت یەکلا بکەیتەوە و بزانیت دەتەوێت چی بەدەست بهێنیت و بۆ چی هەوڵ دەدەیت. لەڕێگەی زۆر ڕێکاری بیرکردنەوەوە دەتوانیت بەشێوەیەکی باش و ڕێکوپێك بیر لە ئامانج و پێویستیەکانت بکەیتەوە. بەم شێوەیە پێوەرێك بۆ خۆت دروست دەکەیت و پێویستبوون و پێویستنەبوونی زانیاریەك بەپێی ئەوە دەپێویت.

کەوابێت تۆ تەنها بۆ ڕازیکردنی سەرۆک شارەوانی ئەم کارە ناکەیت.
زیاتر بیر لە ئامانجەکەت بکەرەوە. ئایا لەم قۆناغەدا تەنها دەتەوێت ڕازی بکەیت و بەس، یان زیاتر دەچیتە ناو بابەتەکەوە و پرۆسەکەی بۆ ڕوون دەکەیتەوە؟ ئەدی باشە چ شتێک کار لە سەرۆک شارەوانی دەکات-زۆری ڕووداوی هاتوچۆ؟ کەمی تێچوون؟ ڕاکێشانی گەشتیاران؟ ڕازیکردنی دڵی خەڵکی ناو شار؟ چی وا لە سەرۆک شارەوانی دەکات بڵێت بەڵێ؟ یان بڵێت نەخێر؟ ئێستا خەریکە پێشدەکەوین و دێینە سەر ئەسڵی بابەتەکە. دوای ئەوەی زانیت پێویستت بە چییە، ئەوکات ئاسانتر دەتوانیت بیر لە شتەکان بکەیتەوە و زانیاری شیاوتر کۆبکەیتەوە.
پێویست ناکات هەر لەخۆتەوە باسی شت بکەیت و هەندێک بابەت بە گرنگ بزانیت، بۆ نمونە ئەگەر ڕاکێشانی گەشتیار بابەتێکی ئاوها گرنگ نەبێت، ئەوکات پێویست ناکات باسی بکەیت.
یەکێک لە بنەڕەترین و سەرەکیترن یاسای بیرکردنەوەی ڕەنخەگرانە بریتیە لە جیاکرنەوەی ئەو زانیاریەی کە پێویست و ئەوەی کە پێویست نییە. لەلایەکەوە کاتێکی زۆرت بۆ دەگەڕێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە بیر وبۆچوونەکانت ئاڕاستەی ئەو شوێنە بکەیت کە پێویستە ئاڕاستەی بکەیت.

**پێش دەستپێکردن خۆت یەکلایی بکەرەوە و بزانە کام زانیایەت دەوێت و کامەت ناوێت**



CamScanner ممسوحة ضوئيا بـ

## یاسای نەوەد و یەکەم

# بیر لە مەترسیەکان بکەرەوە

زۆربەمان هێندە مەترسی لێکنادەینەوە. زۆر خراپە، چونکە ئەگەر بمانزانیایە لێکدانەوەی مەترسی لەکاتی ئامادەکردنی زانیاری و بڕیارەکاندا چەند سوودی هەیە، ئەوا هەموو جارێك لێکدانەوەیەکی تایبەتمان بۆ مەترسیەکان دەکرد. بۆ نمونە، ئەگەر لەناو فڕۆکە بیت و لە فڕینیش بترسیت، ئەوا بە ئەگەرێکی زۆرەوە بیر لە تێکشکان و وێران بوونی فڕۆکەکە دەکەیتەوە، بەڵام سەرنشینی پاڵت زۆر ئیسراحەتە و بیر لە نیشتنەوەی ئارامی فڕۆکەکە دەکات. یان تۆ ڕاست دەکەیت یان ئەو، خۆ هەردووکتان ڕاست ناکەن. با زیاتر بیری لێبکەینەوە، تۆ دەڵێیت ئەگەر لەناو فڕۆکەکە نەبوومایە بۆخۆم لەماڵەوە دەحەسامەوە و هیچم لێنەدەهات، بەڵام ئەگەر هەندێك زیاتر بیر لە ئەگەرەکان بکەینەوە بۆت دەردەکەوێت کە لەوانەیە لەناو ئەم فڕۆکەدا سەلامەتتر بیت تا لە خوارەوە، چونکە لەخوارەوە لەوانەیە لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێلەکەتدا تووشی ڕووداوێکی هاتوچۆ هاتبایت، یان لەکاتی پەڕینەوەدا ئۆتۆمۆبێلێك لێی بدایتایە و بمردیتایە. بۆیە دەبێت بیر لەو شتانە بکەیتەوە کە بارەیەکی ئێستات لەسەر سووك دەکەن و لات ئاسایی دەکەن.

هەموومان مرۆڤین و زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤەکانیش هەمان هەست و بیرکردنەوەیان هەیە. لە هەندێ حاڵەتدا تەنانەت کەسانی شارەزاش ناتوانن و نازانن مەترسیەکان دیاری بکەن. بۆیە پێشنیار دەکەم کە هەمیشە لە دیاریکردنی مەترسیەکاندا بڕوایەکی تەواوت بە خۆت نەبێت. بەڵام لە هەمانکاتدا لەکاتی کۆکردنەوەی زانیاری و ئامادەکردنی بڕیاردا دەبێت و زۆر گرنگیشە ئەگەر بتوانین چاڵ و چۆڵیەکانی سەر ڕێگامان وەکو مەترسیەك دیاری بکەین. دەبێت پێش هەموو شتێك بەباشی لە مەترسی تێبگەیت و بزانیت چیە و چی نییە. هەروەها دەبێت مەترسی لای ئەو کەسانە چییە کە هانت دەدەن یان دڵت ساردەکەنەوە لە کار یان لە بڕیارێك.

یەکێك لە شێوازە شلۆقەکانی لێکدانەوەی مەترسی ئەوەیە کە لەگەڵ زیان و قازانجدا بەراوردی بکەیت. بۆ نمونە ئەگەر سەرکێشیەك زیانێکی کەم بەدوای خۆیدا بهێنێت، ئەوا کێشە نییە ئەگەر ئەنجامی بدەیت، بەڵام ئەگەر کارەسات و کێشەیەکی گەورە لەدوای خۆی دروست بکات، ئەوکات واباشترە ئەو سەرکێشیە ئەنجام نەدەیت. لەلایەکی دیەوە ئەگەر سەرکێشی یان مەترسیەك سوودێکی زۆر و زیانێکی کەمی هەبوو، ئەوا دەکرێت تاقی بکەیتەوە. کەواتە لەمەودا کە بیرت لە مەترسی و سەرکێشی کردەوە، سوود و زیان وەکو پێوەرێك بەکاربهێنە.
بزانە کە هەموو کەسێك مەیلی سەرکێشیەکی هەیە کە سوودەکەی هێندە لە زیانەکەی زۆرتر نییە. وە لەو چالاکیانەی کە خۆمان حەزمان لێیەتی سەرکێشی دەکەین و لەوانەشی کە حەزمان لێی نییە سەرکێشی بە شتێکی شێتانە و گەمژانە دەزانین. زۆربەی جار سەرکێشی بە شتێکی



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ئاسایی و ئاسان دەزانیت لەو شتانەی کە خۆت تێیدا باشیت، بۆ نمونە شۆفێری، نووسین، گۆرانی گوتن یان هەر شتێکی تر. لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر باری دەروونیت ئارام بێت و لەسەرخۆ بیت ئەوا زۆر لەو کاتانەی کە بێتاقەت و دڵتەنگیت مەیلی سەرکێشیت زیاترە.

لێرەدا مەترسیەکمان لەناو مەترسیەکی دیکەدا هەیە: ئەگەر مێشکت هۆشیار و ئاگادار نەکەیتەوە، ئەوا دەکرێت بکەویتە ناو چەند چاڵ و مەترسیەکەیەوە کە نەدەبوایە تێی بکەویت. ئەم حاڵەتە لەو کاتانەدا زیاتر ڕوودەدات کە بەهۆی هەموو تەرکیزت دەخەیتەسەر مەترسیەکی گەورەتر. بۆ نمونە ئەگەر هەموو تەرکیزت لەسەر فڕۆکە و تێکشکان و ناخۆشیەکانی کاتی فڕین بێت لەوانەیە پاساپۆرتەکەت لەماڵەوە لەبیر بچێت.

ئاگات لە مەترسیە بەکۆمەڵەکانیش بێت. لە هەندێ بڕیاردا دووچاری چەند مەترسی و سەرکێشیەك دەبیت، بۆ نمونە مەترسی بەرزبوونەوەی نرخ و تێچوو، مەترسی لەدەستدانی چەند کەسێکی بەهرەمەندە و بەتوانا، مەترسی درێژبوونەوەی کارەکە و کورتهێنانی پارەی تەرخانکراو. ئەگەر کەمێکیش گرنگی بە هەر دانەیەك لەم مەترسیانە نەدەیت ئەوا مەترسیت لەسەر تەواوی پڕۆژەکە دروستکردووە. گرنگیدانیش بە مەترسی بەپێی جدیەتی مەترسیەکە دەگۆڕێت.

**دەبێت پێش هەموو شتێك بەباشی لە مەترسی تێبگەیت و بزانیت چییە و چی نییە**



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

یاسای نەوەد و دووەم

# ڕاستیەکان بێلایەنن

دەبێت خۆت لە هەموو چاڵەکانی بیرکردنەوە بەدوور بگریت، کەواتە دەبێت هەموو دەم و سات ئاگادار و هۆشیار بیت. چاڵەکانی سەر ڕێمان ڕامان لێدەکەن هەست بە زیرەکبوونی خۆمان بکەین. بەڵام ئێمە نامانەوێت هەست بە زیرەکی بکەین، بەڵکو دەمانەوێت خۆمان زیرەکبین. ئێمە دەمانەوێت پێش کەوتنە ناو چاڵەکە دەست بەکار بین و نەهێڵین بکەوینە ناویەوە.

لە یاسای حەفتا و شەشەمدا ئاماژەم بەوە دا کە یەکێك لە هەڵە و چاڵە هەرە گەورەکان ئەوەیە کە وابزانین ڕاستی و زانیاریەکان پشتی دیدگا و بۆچوونی ئێمە دەگرن. ئەم حاڵەتە پێی دەگوترێت "دووپاتکردنەوەی لایەنگری" لەم حاڵەتەدا بەدوای ئەو زانیاریانەدا دەگەڕێیت کە پشتگیری لە بیرۆکەکەی تۆ دەکەن، یان بەشێوەیەك باسی ڕاستیەکان دەکەیت وەکو ئەوەی ئەم ڕاستیانە لەپشت تۆ بن و پارێزگاریت لێبکەن. هەر بەڕاستی ئەم کارە شتێکی زۆر خۆش و مورتاحکەرە، هەم وادەکات هەست بە ڕاستبوون و حەق بوونی خۆت بکەیت، هەم کاتی زۆرت بۆ دەگەڕێنێتەوە و لە هەوڵدان و کۆششکردن ڕزگارت دەکات.

بەڵام ئەگەر بۆ تۆ خۆش نییە، بێگومان ئەگەر کەسێك بیت بە یاسا و ڕێسا بیربکەیتەوە. مێشك و بیرکردنەوەیەکی زیرەك هێندە خۆش و ئاسوودەبەخش نییە. هەندێك جار زیرەکی و درکپێکردن واتلێدەکات دووبارە بە باوەڕ و بیر و بۆچوونەکانی خۆتدا بچیتەوە و لە ڕێگایەکی ترەوە لێیان نزیك ببیتەوە. بۆیە ئەگەر دەتەوێت ببیت بە بیرکرەوەیەکی باش، دەبێت واز لە "خۆشی و جوانی و ئاسوودەبەخش" بهێنیت، دەبێت لەپێناو گەشتن بە ڕاستیدا باج و قوربانی بدەیت.

تەماشاکە، با بەیەکەوە لە ڕاستی تێبگەین، ڕاستی شتێك نییە کە حەز لە یارمەتیدانی تۆ بکات. نایەنەوێت پشتت بگرن و لەگەڵ بیر و بۆچوونەکانتدا یەك بگرنەوە. ئەوان ڕاستیەکن و بەس، تەواو! تێگەشتیت؟ هەقیان بەسەر کەسەوە نییە. هەندێك جار لەوانەیە پشتگیری گۆشەنیگای تۆ و هەندێجاریش لەوانەیە دژی بوەستنەوە. سروشتیان بەم شێوەیەیە. پێویست ناکات هەر بە زۆر بیانکەیت بە لایەنگری خۆت، چونکە ئیشیان لایەنگیری نییە، ئەوان ڕاستین و تەواو.

وادابنێ ڕاپرسیەك دەکەم لەگەڵ هەزار کەسدا و پرسیاریان لێدەکەم و دەڵێم حەزتان لە کام جۆرە سەگەیە. بابڵێین زۆربەی زۆری خەڵکی – کە دەکاتە ٨٪ – دەڵێن حەزمان لە لابرادۆرە. ئەم زانیاریەی کە وەکو ڕاستیەك لەقەڵەمی دەدەم جگە لە ڕاستیەکی ناو جیهانە خەیاڵیەکەی خۆم هیچی دیکە نییە.

دواتر کەسێك کە سەگی لابرادۆری خۆشدەوێت ڕاپرسیەکەی من دەبینێت و زۆر دڵخۆش دەبێت. چونکە ئەوانیش وەکو ڕاپسیەکەی من حەزیان لە سەگی لابرادۆرە، کەواتە ڕاپرسیەکەی منیان کردووە بە پشتگیریەك

بۆخۆیان، بەرزترین ڕێژەی دەنگی ڕاپرسیەکە بۆ سەگی لابرادۆرە. لە هەمانکاتدا کەسێك کە حەزی لە سەگی لابرادۆر نییە ڕاپرسیەکەم دەبینێت و ئەویش هیچ پێی تێکناچێت، چونکە دەبینێت کە لە ٩٢٪ی دەنگەکانان بۆ لابرادۆر نییە. لەم حاڵەتەدا هەردووکیان ئەو بەشەیان لە ڕاستی ڕاپرسیەکەی من وەرگرت کە دڵخۆشی کردن و بەکەڵکیان هات.

کەوابێت کێ ڕاست دەکات؟ بەدڵنیایەوە لەلایەکەوە هەردووکیان ڕاست دەکەن. هەردووکیان بەڕاستی ڕاپرسیەکە دەخوێننەوە و چەواشەکاری تێدا ناکەن. بەڵام هەردووکیان زۆر جیاواز ڕاستیەکە لێکدەدەنەوە، چونکە هەردووك کەوتوونەتە ناو چاڵی " دووپاتکردنەوەی لایەنگری"یەوە. دەبینیت چەنێك شتەکانیان بۆ ئاسان دەکات! ئیدی پێویست ناکات بەدوای ڕاست یان هەڵەبوونی خۆیاندا بگەڕێن و پێویست ناکات ئیتر دووبارە بیر لەو شتە بکەنەوە و بزانن ئایا کەسانی دیش وەکو ئەمان هەمان بۆچوونیان هەیە.

جوان گوێبگرە، ئەگەر دەتەوێت بگەیت بە ڕاستی و بنج و بناوانی هەر شتێك، ئەوا دەبێت ئاگات لە شێوازی لێکدانەوەی خۆت بۆ ڕووداوەکان و پرۆسەی بیرکردنەوەت بێت، نەوەکو لایەنگر بن! دەشێت ئەم ئاگاداریە هێندە خۆش نەبێت، بەڵام دەبێت ئەنجام بدرێت.

**مێشك و بیرکردنەوەیەکی زیرەك هێندە خۆش و ئاسوودەبەخش نییە**



المسوحة ضوئيا بـ CamScanner

یاسای نەوەد و سێیەم

# باوەڕ بە ئامارەکان مەکە

لە سەدا ٧٥٪ی ئەو ئامارانەی هەیە وەکو بابەتی ڕاپرسیەکەی من وایە – هەندێك جاریش هەر بۆ خۆشی دەڵێم ٥٦٪ی ئامارەکان وەکو ڕاپرسیەکەی من وایە.

لە ئامار و ڕاپرسی تێناگەیت هەتا ئەو ویست و هێزەی کەسانی تر نەبینیت کە لەپێناو ڕازیکردنی تۆدا دەیخەنەگەڕ. بەشێوەیەك کۆنترۆڵی ڕاستیەکان دەکەن و لە سوود و قازانجی خۆیان بەکاری دەهێنن. ئامار لە زۆر حاڵەتدا بۆ پشتگیری کردنی حاڵەت و ڕووداوێك بەکاردەهێنرێت، چونکە هەندێك جار ئامار لە خودی ڕاستی باوەڕپێکراوترە. کێشە لە پیشاندانی ڕاستیەکان لە شێوەی ئاماردا نییە، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە بێ یەك دوو قبوڵی بکەیت و بەدوای ڕاستیەکەدا نەگەڕێیت و ئامارەکە نەخەیتە ژێر پرسیارەوە. تۆ بیرکەرەوەیەکی ڕەخنەگریت و نابێت بهێڵیت کەس کۆنترۆڵت بکات و چاوت ببەستێت.

لە سەرەتاوە بزانە زانیاریەکە لەکوێوە هاتووە و کێ گرنگی پێدەدات. دڵنیای کە ئامارەکە بۆ پشتگیریکردنی لایەنێك دروستنەکراوە؟ دڵنیایت ئامارەکە بێلایەنە؟ ئەدی باشە ئامارەکە لە چەند کەس پێکهاتووە، لە ١٠٠٠٠ کەس، یان لە ٨ بۆ ٩ کەس؟ ئەی باشە کەسەکان کێن؟ ئەگەر



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

به هەڵبژاردن بووە ئەوکات هەڵبژاردنەکان چی بوون؟ وادابنێ ئەم دوو پرسیارەت ئاراستە دەکرێت:

- بڕوات بە ئازادی هەڵبژاردن هەیە؟
- پێتباشە حکومەت ڕێ لە خواردنەوەی ڕادەبەدەری کحول بگرێت؟

من پێم وایە پرسیاری یەکەم بە "بەڵێ"ی زۆرتر وەردەگرێت لەچاو پرسیاری دووەم. هەر یەکێك لەم دوو پرسیارە دەتوانیت لە ڕاپرسیەکی تایبەت بە بابەتی خواردنەوەی کحول بەکاری بهێنیت، هەردووکیان لەسەر هەمان بابەتن، بەڵام لەبەر شێوازی پرسیارەکە یەکەم لە دووەم بەڵێی زیاتر وەردەگرێت. کەواتە وەڵامی خەڵکی پەیوەندی هەیە بەو شێواز و ڕێگایەی کە پرسیاری پێدەکەیت.

با نمونەیەکی ترت لەسەر کۆنترۆڵکردنی ڕاستیەکان پێبدەم. ئەگەر خاوەنی کتێبخانەیەك بیت و ساڵی پار ١٠ کڕیار و ئەمساڵیش ٢٠ کڕیارت هەبێت، ئەوا دەڵێیت بۆ ئەمساڵ ڕێژەی کڕیارەکانم دوو قات زیادی کردووە. ڕاستە، بەڵام خۆ تۆ تەنها ١٠ کڕیارت زیاد بووە، ئیدی دووقاتی چی؟ هەر ئەوەندەی ساڵی پارە، وە هەروەها ٢٠ کڕیار بۆ کتێبخانەیەك زۆر کەمە و پیشەکەت لە مەترسیدایە. بەهەمان شێوە ئەگەر ساڵی پار ١٠٠ کڕیار و ئەمساڵیش ١٥٠ کڕیارت هەبێت، ئەوکات دەتوانیت بڵێیت ساڵێ پا دوو لەسەر سێی کڕیاری ئەمساڵم هەبوو، لە هەمانکاتدا دەتوانیت بڵێیت ڕێژەی کڕیارەکانم ٥٠٪ زیادی کردووە، ڕاستە هەردوو قسەکە ڕاستن، بەڵام دەربڕینی دووەمیان زۆر لە دەربڕینی یەکەم کاریگەری زیاترە.



CamScanner المسوحة ضوئيا بـ

بەکارهێنانی وێنە و نەخشە لە ئامـاردا وا لـە ئامارەکـە دەکـەن کاریگـەری زیاتر دروست بکات. باشترین و ڕوونترین نمونەی ئەم بابەتەش لەو کاتـەدا دەردەکـەوێت کـە نەخشـەکە لـە سـفرەوە دەسـت پێناکـات. بـیر لـە دوو ئەستوون بکەرەوە، یەکێکیان ١٥٥ بڕگە و ئەوی دیکەشیان ١٦٠ بڕگـە بەرزە. هەردووکیان بەنزیکەیی وەکو یـەکن، وانییـە؟ چـونکە لـە سـفرەوە وە دەستپێدەکات ئەوکات تەنها ٥ بڕگە جیاوازیانـە و جیاوزیەکـەش کـەم پێیانـەوە دیـارە، ئـەمجارەیان هـەمان دوو ئەسـتوون بەهـەمان درێـژی و قەبارە بهێنە، بەڵام خاڵی دەسپێکی وێنەکـە لـە سـفرەوە بکـە بـە ١٥٠، ئەوکات جیاوازیەکەیان دەبێت بـە ١٠ بڕگـە، بـەڵام زۆر گـەورەتر لـەوەی دیکە دەردەکەوێت و کاریگەری زیاتری هەیـە. ئـەم تـەکنیك و گۆرانکاریـە بۆ هەڵخەڵەتاندنی تۆ بەکاردێت. بۆیە هەڵمەخەڵەتێ.

شـتێکی دیکـە، هـیچ کەسـێك ئامارێـك بـەکارناهێنیت کـە دژی بیرۆکـە و گفتوگۆی خۆی بوەستێتەوە. کەوابێت هەمیشە بەباشی بـیر لـە زانیـاری و ڕاستیەکانی ناو ئامارەکە بکەرەوە، بزانـە ئـەم زانیاریانـە کـۆکراوەی یـەك بیرۆکە و شوێنن، یان کۆکراوەی چەندین دیدگا و بۆچوونی جیاوازن.

**هیچ کەسێك ئامارێك بەکارناهێنیت کە دژی بیرۆکە و گفتوگۆی خۆی بوەستێتەوە**

یاسای نەوەد و چوارەم

# هۆکار و کاریگەریەتی

هەندێك جار کەسانێك دەیانەوێت بۆت بسەلمێنن کە دوو پارچەی جیاواز لەیەك پەیوەندیەکیان لەنێواندا هەیە. لەوانەیە ئامار و نەخشە و وێنە و چەندین شتی دیکەت پیشان بدەن تا باوەڕیان پێبکەیت. دەکرێت هەندێك جار ڕاست بکەن و لەسەر هەق بن، بەڵام ناکرێت هەموو جارێك ڕاست بکەن، یان دەبێت تۆ لە مێشکی خۆتدا لێکیبدەیتەوە. وەکو بیرکەرەوەیەکی ڕەخنەگر دەبێت ڕووداو و شتەکان تەنها ڕووکەشانە وەرنەگریت و بچیتە بنج و بناوانی شتەکە. دواتر خۆت بیردەکەیتەوە تا بزانیت ئەم دوو پارچەیە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە یان نا.

قۆناغی دووەمی هەڵسەنگاندنەکەمان بریتیە لە هۆکار و کاریگەری، بۆ نمونە ئەگەر دوو شت پەیوەندیان بەیەکەوە هەبێت، ئەوا دەبێت دانەیەکیان ببێتە هۆکاری دروستبوونی ئەوەی تریان. نمونەیەکی دیار و بەرچاو ئەوەیە ئەگەر کەسێك جگەرە زۆر بکێشێت، ئەوا ئەگەری تووشبوونی بە نەخۆشی سیەکان زیاد دەکات. وەکو هەموومان دەزانین ئەمە ڕاستیەکە و جگەرە کێشان هۆکارێکە بۆ تووشبوونی سیەکان بە نەخۆشی کوشندە.

لەوانەیە زۆر سەرت بسوڕمێت ئەگەر پێت بڵێم پەیوەندیەکی ڕاستەخۆ هەیە لەنێوان ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەری لە ویلایەتی ماینی ئەمەریکا، لەگەڵ ڕێژەی ئەو ڕۆن و کەرێیەی کە هاوسەرەکانی ئەوێ لە ژەمی بەیانیاندا دەیخۆن! ئەم قسەیە زۆر زۆر ڕاستە. بەلام کە بەچاوی سەر تەماشا دەکەیت دەبینیت هیچ پەیوەندیەك نییە لەنێوان هاوسەران و کەرێ و ڕۆندا. تێگەشتیت؟ تەنها لەبەر ئەوەی زانیاریەکە ڕاستە مانای ئەوەیە نییە بتوانیت پەیوەندیەکی دیار و ئاشکرا لەنێوانیاندا بدۆزیتەوە.

کاتێك پەیوەندیەك هەیە لەنێوان دوو زانیاریدا – بۆ نمونە یەك و دوو – ئەوکات پەیوەندی نێوان ئەم دوو زانیاریە بە چوار ئەگەرەوە بەستراوەتەوە:

- یەکەم هۆکاری دووەمە.
- دووەم هۆکاری یەکەمە.
- هیچ پەیوەندیەکی هۆکار و کاریگەریەتیان لەنێواندا نییە.
- شتێکی دی بووەتە هۆکار بۆ هەردووکیان.

با نمونەیەکی کۆن و زۆر گوتراوت پێ بڵێم. وەکو دەزانین لە هاویناندا ڕێژەی خواردنی ئایسکرێم بەرزدەبێتەوە، لە هەمان کاتیشدا حاڵەتەکانی کوشتنیش بەرز دەبێتیەوە. بەلام بە خراپی دەکەویتە هەڵەوە ئەگەر بتەوێت پەیوەندیەکی هۆکار و کاریگەریەتی لەنێوان ئەم دووەدا دروست بکەیت. لەڕاستیدا دەکرێت هۆکارێکی دەرەکی وەکو گەرمی ببێت بە هۆی هەردووکیان.

وادابنێ بەدوای جۆرە ئۆتۆمۆبێلێکدا دەگەڕێیت کە تووشی کەمترین ڕووداوی هاتوچۆ ببن. کەواتە ئەگەر تۆ کوڕێکی خوێنگەرمی بیست

ساڵەیت دەتەوێت ئەم جۆرە ئۆتۆمۆبێلە بکڕێت تا لە ڕووداوی هاتوچۆ بەدور بیت. زۆر جوانە! لەوانەیە بەو شێوەیە بیر بکەیتەوە! ئێستا لێم بوەستە با پێت بڵێم کە هۆکاری سەرەکی توشنەبوونی ئەم ئۆتۆمۆبێلانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەلایەن ئەو ئافرەتانەوە بەکاردەهێنرێت کە تەمەنیان لە چلەکاندایە. لەبەر ئەم هۆکارەیە کە تووشی ڕووداوی کەمتر دەبێت.

کەوابێت ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە کە پێویستی گەڕان و پشکنین بەدوای زانیاری و ڕاستیەکاندا دووپات دەکاتەوە. پێش ماوەیەکی زۆر، لەبارەی ئەو ئافرەتە نەزۆکانەی کە چارەسەری نەخۆشیەکەیان بۆ دەکرا دەگوترا کە ئەگەرێکی ئێجگار زۆریان بۆ توشبوون بە ژێرپەنجەی هێلکەدان هەیە و وە هۆکاری نەخۆشیەکەش ئەو هۆرمۆنەیە کە بەکاردێت. ئێستا پزیشکەکان بۆیان دەرکەوتووە کە خودی نەزۆکیەکە گەورە دەبێت و دەبێتە هۆی دروستبوونی نەخۆشیەکی دیکە، نەک هۆرمۆنەکە. هەموو ئەو ئافرەتانەشی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنرابوون ئەوانە بوون کە لەژێر چارەسەری نەزۆکیدا بوون.

| |
|---|
| **دەبێت دواتر بیربکەیتەوە تا بزانیت ئەم دوو پارچەیە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە یان نا** |



المسوحة ضوئيا بـ CamScanner

یاسای نەوەد و پێنجەم

## ئەگەر توانای سەلماندی شتێکت نەبێت مانای ئەوە نییە کە خودی شتەکە ڕاست نییە

ئایا باوەڕت بە بیرخوێندنەوە هەیە؟ هەندێك جار دوو کەسەکە بەرامبەر یەکەن، بەڵام هەندێك جاری دی ئەم لە شوێنێك و ئەوی دی لە شوێنێکی دوور لە ئەم.

یەکێك لە بنەما هەر دیارەکانی زانست ئەوەیە کە: هیچ شتێك بەڕەهایی ڕاست نییە، مەگەر سەلمێندرابێت. زۆربەی خەڵکی پێتدەڵێن کە بەڵگە و سەلماندنی زانستی بۆ ئەم شتانە نییە، کەواتە ئەم شتانە ڕاست نین. بەس بزانە ڕۆژانێك هەبوو زانست نەگەشتبوو بەوەی کە زەوی بەدەوری خۆردا دەخولێتەوە. خەڵکی ئەوکات هیچ بەڵگەیەکی زانستیان پێنەبوو، بەس ئایا زەوی لە خوولانەوەی بەدەوری خۆردا وەستا؟ بێ بەڵگەییەکەی ئەوان بوو بەهۆی ئەوەی زەوی لە خولانەوەی خۆی بوەستێت؟

من ناڵێم باوەڕم بە بیرخوێندنەوە هەیە، بەڵام نکۆڵیش لە بوونی ناکەم. بەداخەوە باوەڕم بە جادوو نییە - خۆزگە باوەڕم پێبوایە - بەڵام وەکو خۆم ئەگەر بیرخوێندنەوە بە ڕاست بزانم، ئەوکات باوەڕم وایە کە هێشتا چەند سەلماندنێکی زانستی هەیە بۆ بیرخوێندنەوە بەڵام هێشتا زانست

نەیدۆزیتەوە. دەکرێت چەند ئەزموون و ڕووداوێکم بەسەردا هاتبێت بە پشتگیری لە بوونی بیرخوێندنەوە بکەن، بەڵام کێ دەڵێت ئەو ئەزموون و ڕووداوانەش سوتفە و لەخۆوە نەبوون؟

بۆیە هێندە گێژ و ساویلکە مەبە و شتانێك ڕەت مەکەرەوە بەبیانوی ئەوەی بەڵگەیەکی زانستیت بۆیان نییە. لێرەدا دەبێت زیرەکی و ڕۆشنفکریمان بەکاربهێنین. وەکو زاناکانی بواری فیزیا دەڵێن زۆربەی هەرە زۆری خودی فیزیا هێشتا نەسەلمێندراوە و لەسەر بناغە و یاسایەك دەڕوات بەڕێوە کە زانست بەڵگەی نییە بۆ ڕاستبوونی ئەو یاسایە، بەڵام وادادەنێت ڕاست بێت. ئەگەر لە بواری زانست بێمە دەرەوە و بۆ نمونە تەماشای خێزانەکەم بکەم، ئەوکات زۆر ماقووڵ و گونجاوە ئەگەر وادابنێم خێزانە مردووەکەم ئێستاش منیان خۆش دەوێت. خۆ من بەڵگەم نییە، بەڵام دەکرێت، چونکە ئەوان خێزانی منن.

شتێکی تر، بەڵگە و سەلماندن تێکەڵ مەکە. هەندێك کەس دەناسم کە ئەزموونەکانی خۆیان وەکو سەلماندن لە قەڵەم دەدەن و تێکەڵی یەکدیان دەکەن. بۆ نمونە ئەگەر بڵێم توێژینەوەکان دەریانخستووە کە ئەو کەسانی چاویان قاوەییە لە بیرکاریدا باشن- شتی وا نییە لەخۆمەوە دروستم کردووە – ئەوکات ئەوان زۆر بە جدی دەڵێن شتی لەو شێوەیە نابێت چونکە ئەوان هاوڕێیەکیان هەیە چاوی شینە و لە بیرکاریشدا باشە، یان هاوڕێیەکیان چاوی قاوەییە و لە بیرکاریدا خراپە. کێشکە لێرەدایە!

کەسێکی زیرەك لە قسەکانی من تێدەگات. من نەمگوتووە کە هەموو چاو قاوەییەکان لە بیرکاریدا باشن، یان ئەوانەی چاویان قاوەیی نییە لە

بیرکاریدا باش نین. من گوتوومە کە لە توێژینەوەکەدا پەیوەندیکەی زیاتر هەیە لەنێوان بیرکاری و ڕەنگی قاوەییدا لەچاو ڕەنگەکانی تر. دەکرێت ئەزموونی کەسێك گرنگ و ڕاست بێت، بەڵام خۆ ناتوانێت دژی ئەو هەموو توێژینەوە ورد و گرانە بکات کە کردوومە. هەروەها هەندێك کەس کە ئەم زانیاریانەی منیان گوێ لێبوو یەکسەر بیر لەوە دەکەنەوە بڕۆن لە هاوڕێ چاو شین یان قاوەییەکانیان بپرسن و توێژینەوەکەی من بەدرۆ بخەنەوە.

بۆیە بەڵگە و سەلماندن تێکەڵ مەکە، یان وادابنێیت ئەگەر شتێك بەڵگەی لەسەر نەبوو کەواتە ڕاست نییە. مێشکت بکەرەوە و هەموو ئەو زانیاری و داتایانەی پێتیان داوە بە بێلایەنی هەڵبسەنگێنە.

**بەڵگە و سەلماندن تێکەڵ مەکە**

ياسای نەوەد و شەشەم

# دوای بیرکردنەوەی خەڵکی مەکەوە

ئەگەر کەسێکی خۆشباوەڕ و دواکەوتووی کەسانی دیکە بیت، ئەوا بیرکردنەوەی ڕەنخنەگرانەت بەلاوە قورس و ناخۆشە. بێ شك و گومان هیچ کێشەیەك لەوەدا نییە بە ببیت بە ئەندامی تیم یان تاقمێك، بەلاّم بەم شێوەیە شتەکانت لەسەر قورس دەبێت. ئەوەی گرنگە و دەبێت بیزانیت ئەوەیە کە : ئەگەر هەموو کەس باوەڕی بە شتێکیش بێت، مانای ئەوە نییە کە ڕاستە. بە مانایەکی دی زۆربوونی باوەڕ لەسەر ئەو شتە بڕیار لەسەر ڕاستی و دروست نادەن. لە یاسای یەکەمدا لەبارەی ئەم بابەتە و گرنگی لەڕووی بەها و باوەڕەوە دوام.

گرنگی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە بیرکرنەوەی ڕەنخەگرانەدا دەردەکەوێت. باشە ئەگەر هەموومان وەکو یەك بیربکەینەوە و دوای هەمان عەقڵیەت و ژیری بکەوین، ئەوکات کێ بیرۆکەیەکی نوێ دەخانەگەڕ؟ ئەگەر چارلس داروین کەسەکانی تری بە ڕاستگۆ بزانیایە، ئەوکات هەوڵی دەدا تا بیردۆزی پەرەسەندن دابمەزرێنێت؟ ئەدی باشە لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤدا چۆن کەسێك فێری کشتوکاڵ و چاندن بووایە ئەگەر ئەمیش وەکو کەسانی دی هەر خەریکی ڕاوکردنی ئاژەڵ بووایە.

داهێنەر و کەسە بەناوبانگەکان بە هەمان مێشك و بیرکردنەوەی خەڵکی نەگەشتنە ئەو شوێنەی کە پێی گەشتن. دەبێت هەمیشە هۆکار و

پاڵنەرێکی ماقووڵ بۆ بیر و باوەڕت هەبێت و لە کاروانی بیرکردنەوە دوا نەکەویت و پشت بە "خەڵکی هەموو وادەڵێن" یان "هەموو کەس وابیردەکاتەوە". گریمانە بیانویەکە مێشک بۆ خۆی دەهێنێتەوە تا لە تەمبەڵیدا بیرنەکاتەوە. بیانوەکەت هەرچی بێت، تۆ کەسێکی کە بە یاسا و ڕێسا بیر دەکەیتەوە، کەواتە تۆ تەمبەڵ نیت.

لەڕاستیدا دەتوانیت هەندێك جار لە بیرکردنەوەدا تەمبەڵی بکەیت، بەڵام بە یەك مەرج، دەبێت بزانیت هۆی ئەم تەمبەڵیەت چییە و دواتر خۆت کۆبکەیتەوە و لەو تەمبەڵیە خۆت نەجات بدەیت. بۆ نمونە لە کۆتایی ڕۆژەکەیە و تۆش ئەمڕۆ زۆر هیلاك بوویت و دەتەوێت هەندێك پشوو بدەیت، یان چەند کاتژمێرێك لەگەڵ کەسێکدا مشتومڕێکی تاقەتپڕووکێنت کردووە.

بەدڵنیایەوە لە هەندێك و بگرە زۆربەی شتەکاندا وەکو خەڵکی بیردەکەیتەوە. زۆر دیدگا و گۆشەنیگای جوانی قبوڵکراو هەیە کە هیچ جێگای گفتوگۆ نین. بۆ نمونە ئەوەی ماتۆڕی بینیبێت دەزانێت کە لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێل لە ماتۆڕ سەلامەتترە. دەبێت بزانیت کە ئەم بیر و بۆچوونە لەلای هەموو کەسێك وەکو یەکە و تۆش لەو شتەدا وەکو ئەوا بیردەکەیتەوە.

دەبێت سەلامەتی لەپێش هەموو ئەو تایبەتمەندیانەوە بێت کە لە ئۆتۆمۆبێلدایە، ئەدی خێرایی؟ من بەگومانم لەوەی هەموو کەس خێرایی لە ئۆتۆمۆبێلدا پێ باش بێت. یان هەموو کەس ڕێکەوتبن لەسەر ئەوەی بزوێنەری ئۆتۆمۆبێل لە پێشەوە بێت یان لە دواوە، یان تەنها فلچە تەنها شتە تا جامەکانی پێ پاکبکرێتەوە، یان لەسەر ئەوەی بەنزین



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

بەکاربهێنێت یان غاز. ئایا بە هەر ئاوا بە کوێری دوای قسەکانی خەڵکی دەکەویت؟ دەکرێت هەندێك شتیان ڕاست بێت، بەلام تەنها لەکاتی پرسیارکردن و هەڵسەنگاندنیدا ڕاستی و دروستیت بۆ دەردەکەوێت.

**گریمانە بیانویەکە مێشك بۆ خۆی دەهێنێتەوە تا بیرنەکاتەوە**

یاسای نەوەد و حەوتەم

## کە بابەت بوو بە باوەڕ واز لە ویستی خۆت بهێنە

زۆرجار سەرم دەسوڕمێت لەو کەسانەی کە بەبێ پشکنینێکی جدی – یان بەلایەنی کەمەوە پشکنینێکی لاوەکی – بەتەواوی هەست و سۆز و مێشکیانەوە شەیدایانە متمانەیان بە شتێك یان بە باوەڕێك هەیە. بۆ نمونە ئەوانەی پێیان وایە زەوی تەختە، دەبێت چەندین ڕاستی و زانیاری پێکەوە گرێبدەن تا بیر و باوەڕەکەی خۆیان بە ڕاست بسەلمێنن، یان چەند پلان و نەخشەتێکەڵ بکەن تا بیردۆزەکەیان لە شتێکی خەیاڵاویەوە بکەن بە شتێك کە گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

لەوانەیە گوێت لە "گوێزانەکەی ئۆکام" بووبێت، کە "یاسا"یەکی نامۆی زانستیە و دەڵێت "هەمیشە سادەترین ڕوونکردەوە ڕاسترینە". بۆ ئەو کەسانەی کە لە بیردۆزی پلانگێڕیدا کار دەکەن – لێکۆڵەرەوەی کەیسی کوشتن یان دزین – شتێك نییە بەناوی ڕوونکردنەوەیەکی سادە. لەبەر ئەوەی دەکرێت و دەشێت هەندێك جار سادەترین ڕوونکردنەوە ڕاسترین بێت، بەڵام ئایا بەهۆی ئەم ڕوونکردنەوەیەوە دەگەینە ئەنجامێك یان نا؟ ئەوە گرنگە.

گەشتووم بەو ئەنجامەی کە کەسانێك هەیە باوەڕیان بە ناماقوولترین و ئەستەمترین بیردۆز و بیرکردنەوە هەیە تەنها لەبەر ئەوەی دەیانەوێت باوەڕیان پێی بێت. دڵنیام لەوەی دان بە شتەدا نانێن، چونکە ئەگەر کارێکی وابکەن ئەوکات دەستەکەیان کەشف دەبێت و هیچیان پێناکرێت،

لە هەمانکاتدا هەموو ئەو کەسانەی کە بیردۆزێکی ئەستەم یان مەحاڵ دەخەنەڕوو چێژ لەو کارەیان دەبینن. دەبێت منیش دانیپێدا بنێم کە پێشووتر جار جار ئەم حاڵەتەم بەسەر هاتووە، چونکە من حەزم لە چیرۆکێکی باش و چاکە و بیرۆزی پیلانگێڕانیش یەکێك بوو لەو بابەتانەی کە زۆر بواری زۆر ئەگەری تێدابوو.

بۆ ئێمەی بەگومان بیردۆزی پیلانگێڕی وەکو شتێکی بێ مانا و ناماقووڵ دێتە بەرچاو. بەڵام دەتوانین وەکو نمونەیەکی بەهێز بەکاریبهێنین بۆ ئەو باوەڕەی کە بە ویستی خۆمان و بەبێ بەڵگە و سەلماندن بە شتێك دەهێنین.

ئێمە دەمانەوێت باوەڕ بەخۆمان بێنین کە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان چاکن، باوەڕ بەخۆمان بێنین کە ئەو پارتە سیاسیەی ئێمە لایەنگیری دەکەین باشترین پارتە، باوەڕ بەخۆمان بهێنین کە هاوسەرەکانمان خیانەتمان لێ ناکەن، باوەڕ بەخۆمان بهێنین کە بازاڕێك هەیە بۆ فرۆشتنی کاڵاکەم و — لەبەر ئەوەی خۆت تاقەتی پیاسەت نییە — ئەمڕۆ سەگەکە حەزی لە پیاسەکردن نییە. گرنگ نییە چەند بەڵگە و سەلماندن لە دژی ئێمە هەبێت، ئێمە چاومان دادەخەین و لە کونێکەوە تەماشای ئەو بەڵگانە دەکەین کە پشتگیری ئەو بیردۆزە دەکەن کە ئێمە دەمانەوێت باوەڕی پێبکەین.

باش گوێ بگرە، ئەو بیر و بۆچوون و باوەڕانەی کە پێویستیان بە ئاڵۆزترین پرسیار هەیە ئەوانەن کە خۆمان هەڵمان بژاردون، خۆمان حەزمان لێیەتی، خۆمان دەیهێڵینەوە و بە جۆرێك خزمەتی دەکەین.



CamScanner الممسوحة ضوئيا بـ

دوابەدوای ئەوەی بیرت لەو شتانە کردەوە کە پێویستە بیریان لێبکەیتەوە، ئامادەیەك دروست دەبێت کە وادەکات باشتر بیر و باوەڕ و بیرۆکەکانت هەڵبسەنگێنیت و لەگەڵ خۆتدا دووقات و سێ قات ڕاستگۆتر بیت.

**ئەو بیر و بۆچوون و باوەڕانەی کە پێویستیان بە زۆرترین پرسیار هەیە ئەوانەن کە خۆمان هەڵمان بژاردون**



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

یاسای نەوەد و هەشتەم

# ڕاهێنانی شەیتانی

هەرچەند ڕەخنەگرانە بیر بکەیتەوە، هۆکار و بەهانە بۆ بیر و بۆچوونەکانت بهێنیتەوە، لە زانیاریەکان تێڕابمێنیت، خۆت لە ئامار و زانیاریە خەڵەتێنەر و لایەنگرەکان بەدوور بگریت هێشتا بە چی دڵنیا دەبیتەوە لەوەی کە بەشێوەیەکی باش بیر لەم بابەتانە دەکەیتەوە؟ باشە ئەی ئەگەر تۆ خۆت بە کەسێکی ڕاستبین و بەویژدان دانا و کەچی دانت بەشتێکدا نەنا کە خۆت باوەڕت پێی نییە و ناتەوێت؟

وەڵامەکەی زۆر ئاسانە. وەڵامەکەی ئەوەیە کە ببیت بە کەسێکی دی، کەسێك کە بیر و باوەڕێکی جیاواز و دژ بە بۆچوونی تۆی هەڵگرتووە. بەردەوام بە و لەگەڵ خۆتدا مشتومڕ بکە. ئەو چاڵانە دیاری بکە کە تێی کەوتوویت، ئەو خاڵانە دیاری بکە کە تێیدا لاوازیت. وازابنێ بۆچوونەکانی خۆت لەلای کەسێکە کە ڕقت لێیەتی و ناتەوێت متمانەی پێبکەیت. بەردەوام بە، پرسیاری لێبکە، سەرزەشتنی بیرۆکەکەی بکە و پێیان پیشانبدە کە دیدگا و گۆشەنیگاکەیان چەند منداڵانە و گەمژانەیە و تۆریان لێبکە تا دان بە هەڵەبوونی خۆیاندا بنێن.

تۆ باشە، منیش دەزانم کەسی بەرامبەر تۆیت. بەڵام دەبێت بەربەرەکانێی دیگا و بۆچوونەکانی خۆت و لێکدانەوەکانت بۆ زانیاری و پێشنیارەکان بکەیت. دەبێت دڵنیاببیتەوە لەوەی کە مەبەستی تۆ پشکنین و هەڵسەنگاندنە نەك شتی دیکە. تەنانەت ئەگەر کەسێکی دیکەش هەمان بیر و بۆچوونی هەبوو دەبێت مەبەستی تۆ هەر پشکنین و



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

هەڵسەنگاندن بێت. بەم شێوەیە ئەگەر بیرکردنەوەشت نەگۆڕیت ئەوا مێشکت فراوانتر دەبێت و بواری گفتوگۆی زۆرترت لەبەردەمدا دەکرێتەوە تا بۆ ململامێکانی دیکە خۆت باش ئامادە بکەیت.

وادابنێ دوژمنەکەت لە بەرامبەرتە و هەمان بۆچوونی پێشووتری تۆی لەمێشکدایە و تۆش دەتەوێت تێکیبشکێنیت. هەوڵبدە بەدەنگی بەرز گفتوگۆ بکە و قسە لەسەر هەردوولا بکە.

دەتوانیت گرەو لەگەڵ خۆتدا بکەیت و بڵێیت ئەگەر بیرکردنەوەی خۆم پێ گۆڕدرا ئەوا خەڵاتی خۆم دەکەم. بەم شێوەیە ڕاستبوون یان هەڵەبوونی خۆتت باشتر بۆ دەردەکەوێت، ئەگەر لە حاڵەتێکیشدا هەڵەبوویت ئەوا لە ئەنجامی ئەم تاقیکردنەوانەوە دەتوانیت بە باشترین شێوە سەربکەویت و پێشبکەویت. ئەگەر لەسەر ئەم ڕاهێنانە بەردەوامبوویت و هێشتا بیر و بۆچوونت نەگۆڕابوو، ئەوکات دەبێت بە تێروتەسەلی بەخۆتدا بچیتەوە و بڵێیت ئایا من ئەم ڕاهێنانە وەکو خۆی بەباشی دەکەم؟ ئەگەر هێندە لەم تاقیکردنەوەیەدا باشم کەوایە بۆ نەگۆڕاوم؟ زۆر بە ئەستەم بیرکردنەوەکانت بەتەواوی دەگۆڕێت، بەڵام هێشتا دەبێت تۆ چەند پرسیار و توانجێکی گەورە و وروژێنەر لەخۆت بکەیت لەپێناو ئەوەی زیاتر لە سەرکەوتن و بیر بۆچوونێکی شیاو بە تۆ نزیك ببیتەوە.

سوودێکی تری ئەم ڕاهێنانەی ئەوەیە کە واتلێدەکات بتوانیت زیاتر لە دیدگا و بیرکردنەوەی کەسی بەرامبەر تێبگەیت. ئەگەر بتوانیت هەم لە خۆت و هەم لە کەسی بەرامبەر تێبگەیت، ئەوا لە تەواوی ژیانتدا سوپاسگوزاری ئەم توانا و لێهاتوویەی خۆت دەکەیت. هەست و سۆزت

لەلایەك و مێشك و بیركردنەوەت لەلایەكی دیكە دەجوڵێنێت. كەوابێت ئەم ڕاهێنانە تەنها بۆ كاتێكی دیاركراو گرنگ و بەبەها نییە، بەڵكو بە گشتی سوود بە بیركردنەوە و ئاسۆی تێڕوانینت دەگەیەنێت.

## بەردەوام بە و لەگەڵ خۆتدا مشتومڕ بكە

## یاسای نەوەد و نۆیەم

# بەڕووی گۆڕانکاریدا داخراو مەبە

چی بەسەر باوەڕتدا دێت ئەگەر زانیاریەکان گۆڕان و گۆشەنیگا سەرکەوتووەکەت گۆڕانی بەسەردا هات؟ ئەوکات هەوڵدەدەیت بیر و بۆچوونەکانت بگۆڕیت؟ یان لەگەڵیدا ڕابێیت؟ یان هەر لەسەر بیرکردنەوەکانی خۆت بەردەوام دەبیت؟

ئەمە ئەو هەڵوێستەیە کە زۆربەی کەسەکان بەرامبەر گۆڕان هەیانە، بەڕاستی ناماقووڵ. هەموومان دەزانین کە مرۆڤ حەزی لە گۆڕانکاری نییە- بەتایبەتی ئەگەر لەدەسەڵاتیدا نەبێت بە زۆر پێی بکەن. بەڵام تەماشاکە هەموو ئەو پێشکەوتنانەی کە زانست بەخۆیەوە دەیبینێت هی ئەوەیە کە زانیاری نوێ قبوڵ دەکەن و هەوڵدەدەن سوودی لێوەربگرن و لەکۆتاییدا دەبێتە مایەی پێشکەوتنی زانست. یاسای کێشکردنی نیوتن هێندە گرنگ و بەناوبانگ بوو هەتا ئەنشتاین هات و بیردۆزی ڕێژەیی دۆزیەوە.

ئەم گۆڕانکاریە تەنها لە زانستدا ڕوونادات. بۆ نموونە چاو بەسەر هەڵوێست و بابەتە کۆمەڵایەتیەکاندا بخشێنینەوە. ئەوکاتەی من لە تەمەنی گەنجیدا بووم تێڕوانینی ڕۆژئاوا بۆ نەژاد و ڕەگەز و ئافرەت بەجۆرێك بوو کە لەگەڵ ئەوەی ئێستادا زۆر جیاوازە. ئەگەر خەڵکی پێشوو بە بیر باوەڕی خۆیانەوە بنوسانایە ئێستا ئەو هەموو گۆڕانکاری و پێشکەوتنە نەدەهاتەبوون. ئەگەر هەموویان بە ڕق و کینەوە تەماشای گۆڕانیان بکردایە ئەوکات نەدەگەشتین بەم ئاستەی ئێستامان. گۆڕانی

دیدگای کۆمەڵگە بەس بۆ کرانەوەی گەنجەکانمان بەڕووی بیرۆکەی ئازادیخوازیدا ناگەڕێتەوە، بەڵکو ئەوانەشی کە تەمەنێکیان هەیە و بەساڵداچوون بەپێی تێپەڕبوونی کات گۆڕانکاری بەسەر بیرکردنەوەیاندا هاتووە. ڕاستە ئەوان باسی هەر شتێکیان بۆ بکرابایە و شتێکیان ببینیایە و هەر کەس قسەی بۆ بکردنایە باوەڕیان پێدەکرد، بەڵام لەهەمانکتدا ئەگەر هەستیان بە بەسەرچوونی بۆچوونکەکانی خۆیان بکردایە بەدوای دانەیەکی نوێدا دەگەڕان.

هەڵوێستی کۆمەڵایەتی هێواش گۆڕانی بەسەردا دێت. هێندە خاوە کە هەست بە گۆڕانی بیر و بۆچوونی خۆشت ناکەیت، تەنانەت ئەو کەسانەشی کە زۆر لەسەر بیر و بۆچوونی خۆیان پێداگرن بەشێوەیەک گۆڕانیان بەسەردا دێت کە خۆشیان درکی پێناکەن. هەرکاتێك بە دڵنیای بڕیارت لەسەر گواستنەوەی ماڵەکەت، یان خستنەبازاڕی بەرهەمەکەت، یاخود دامەزراندنی یانەیەکی تۆپی پێی ئافرەتان یان ببیت بەڕووەکخۆر یاخود کاڵاکانت هەرزانفرۆش بکەیت، ئەوکات چەسپاندنی ئەم بڕیارەت لەلا ئاسان دەبێت. لەوانەیە پێش بڕیاردان بەباشی بیرت لێکردبێتەوە، بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە بیرکردنەوەکانت ڕابگریت و دەست بکەیت بە کارکردن لەسەر بڕیارەکەت.

ئەم.... یەك خوولەك بوەستە، کێ گوتی ئیدی دەتوانیت بیرنەکەیتەوە؟ ئەم جۆرە قسەیانە نابێت بکرێن بە یاسا و هەموو کاتێك بەکار بهێنرێنم، چونکە هیچ ماقووڵ نییە. باشە ئەگەر زانیاری نوێت دەستکەوێت ئەوکات بەسەر بیرکردنەوە و بڕیارەکەتدا ناچیتەوە؟ خەڵکی پێشوو دەیانگوت کە جگەرە کێشان بۆ سییەکان زۆر چاکە – بەتایبەتی ئەگەر سییەکان



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

دووچــاری نەخۆشــی بووبێتــەوە - بــەڵام دواتــر زاناکــان چــەند توێژینەوەیەکیان کرد و پیشانیاندا کە جگەرە کێشان نەک چاک نییە بەڵکو زۆر زیان بە تەندروستی دەگەیەنێت. ئایا جگەرەکێشەکانی ئێستا هێشــتا وادەزانــن جگەرەکێشــان چــاکە و ســوودی هەیــە؟ نــەخێر بەدڵنیایەوە.

بڕیاری گواستنەوەی ماڵەکەت داوە. وادابنێ تووشـی گرفتێکـی دارایـی دەبیتـەوە، یـان کـوڕە گەورەکـەت دەیـەوێت بگەڕێتـەوە لاتـان، یـاخود بازاڕی خانوبەرە نوێکاری بەسەردا دێت، ئەوکات پێویست ناکات دووبارە بە بڕیارەکانتـدا بچیتەوە؟ لەوانەیـە دوای پێداچوونەوەش هـیچ شـتێکی نوێ لە بڕیارەکـەدا ڕوونـەدات، بـەڵام دەبێت بـەڕووی گۆڕانکاریـدا کـراوە بیت. بۆیـە هێنـدە لـە بڕیارەکـەی خـۆت دڵنیـا مەبـە - بەتایبـەتی ئـەو کاتانەی کە زانیاریەکی نـوێ چـنگ دەخـەیت. دوای وەرگـرتنی زانیـاری و نوێکردنەوەی بۆچوون و بڕیارەکەت دەبێت دووبارە خـۆت بـۆ گۆڕانکـاری ئامادە بکەیتەوە.

## کێ گوتی ئیدی دەتوانیت بیرنەکەیتەوە؟

ياسای سەدەم

# خۆت مەغافڵێنە

دەزانم لە پێشەکی ئەم بەشەدا گوتم لە شتێك بەناوی هەست و سۆز لەنێو بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەدا نییە. بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنێم کە زۆربەی ئەو گفتوگۆ بەناو "لۆژیکی"یانەی ئێستا دەکرێن لەڕاستیدا لە لۆژیك و ژیری خاڵین و پڕن لە هەست و سۆز. دەبێت ئاگات لە هەست سۆز بێت، هەم لە بیرکردنەوەی خۆت و بیرکردنەوەی کەسی بەرامبەریشدا.

لێرە لە بەریتانیا ئەوە بۆ ماوەی نیو سەدەیە گفتوگۆ و مشتومڕ لەسەر ئەوەیە ئایا ببین بە بەشێك نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەورووپا یان نا. لە هەموو قۆناغە یەك لەدوای یەکەکاندا لایەنگرانی هەردوولا لەجیاتی لۆژیك و بیرکردنەوە هەست و سۆزیان بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسی بەرامبەردا بەکاردەهێنا. هێشتا یەکلایی نەبوونەتەوە، من و تۆش دەزانین ئەگەر بەریتانیا بڕیارێکی بدایە ئەوکات ئێستا دەیبینی ڕاستی کردووە یان هەڵە. سوود و ئەرزشی مشتومڕەکە نەماوە، بەڵام ئەوان هێشتا قسەی لەبارەوە دەکەن.

باشە بۆچی وەڵامێکی ڕاستیان دەست ناکەوێت؟ زۆر سادە و ساکارە. چونکە بۆ ئەم پرسیارە وەڵامێك ڕاست یان هەڵە بوونی نییە. کەس نازانێت بارودۆخی دارایی و پەنابەری و پیشەسازی چی لێدێت. لە گفتوگۆکانیاندا هەموو پێشبینیە ناماقوول و ئەگەرە ئاسایی و خراپترین دەرەنجامەکان لێکدەدرێنەوە. هەموو ئەو کەسانەی کە بانگەشەی ئەوە



CamScanner الممسوحة ضوئيا بـ

دەکەن کە ڕاستیەکان پشتگریان دەکات ئەوا جگە لە خۆهەڵخەڵەتاندن هیچی دیکەیان بۆ نامێنێتەوە. ئەگەر ڕاستیەکان پشتگیری یەکێك لە لایەنەکانی بکردایە ئەوکات ئێمەش ڕازی دەبووین بەو پشتگیریە.

هەموو ئەو کەسانە تەنها تێڕوانینێکی کەسێتیان بۆ بارودۆخەکە هەیە. تێڕوانینەکەش بە مێشك نییە، بەڵکو بە دڵە. ئەوان "دەیانەوێت" ببن بە بەشێك لە ئەورووپای گەورە، یان "واهەستدەکەن" کە پەناهەندەیی بۆ ئاسایشی وڵات خراپە، یان "باوەڕیان" بە سەروەریکردنی یاسای هەیە لە هەموو شتێکدا. هەموو ئەم هەست و سۆز و بیر و بۆچوونانە شتێك نییە کە لێی تێنەگەین، بەڵام لەگەڵ یەکدا ناگونجێن، بۆیە تا ئێستاش ڕێکەوتن لە نێوانیاندا نییە. هەموو کەس دەتوانێت بەدوای ئەو زانیاری و بیرۆکانەدا بگەڕێ کە پشتگیری کەیسەکەی دەکەن، لە هەمانکاتیشدا هەموو کەس دەتوانێت خۆی لەو زانیاری و بۆچوونانە بخافڵێنێت کە پشتگیری کەیسەکەی ناکەن.

لەبەر ئەم هۆکارەشە دەڵێن هەرگیز باسی سیاسەت و دین مەکە چونکە لەکۆتایدا هەر دەبێت بە مشتومڕ و ململانێ. خەڵکی بیر و بۆچوونی خۆیان لەسەر بناغەیەکی لۆژیکی و هۆشدار ناگۆڕن، چونکە هەر لە سەرەتاوە خۆیان لە گۆشەنیگای مێشك و بیرکردنەوەوە ڕووداوەکان لێکنادەنەوە. بیر و باوەڕیان ڕێگەپێدراو و شیاوە، بەڵام ڕێگە نادەن کە بە فیلتەرێکی مێشکیدا تێبپەڕێت. سەرەڕای ئەوەش خەڵك حەز دەکات گفتوگۆ و دیبەتیان لەسەر بکات و وەکو بیرکردنەوەیەکی لۆژیکی پیشانی بدات بە بەڵگە مێشکی و باوەڕپێکراوەکانی پارێزگاری و بەرگری لە خۆی بکات.

نازانم بۆچی خەڵکی هێشتا ئاگاداری ئەم حاڵەتە نین پێیان قورس و نەشیاوە بڵێن " زۆر سوپاست دەکەم من حەزم لە گفتوگۆی لۆژیکی نییە. ئەمە ئەوەی کە بە دڵ باوەڕم پێیەتی و ناتوانم بەشێوەیەکی لۆژیکی پارێزگاری لێبکەم. زانیاری و بۆچوونەکانیشم لە تێڕوانینی کەسێتی خۆمەوە سەرچاوەی گرتووە نەک لە ڕاستیەوە."

لەڕاستیدا ئێمە بۆچوونێك بەپێی بەهاکانی خۆمان دەدانێین دواتر بە فیلتەری ئەو بیرکردنەوە لۆژیکیەدا دەیبەین کە خۆمان دەمانەوێت و دواتر هەموو ئەو زانیاری و نموونە و ئامارانە بەکاردەهێنین کە پشتگیری بیر و بۆچوونەکەمان دەکات.

زۆر ئاساییە ئەگەر ئەم خاوەنی ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە بیت، بەڵام دەبێت ئاگات لە خۆت و لە بیرکردنەوەکانیشت بێت. تەماشای کەسانی دیکە بکە کە ئەم شێوازە بەکاردەهێنن و بزانە هەرگیز ناتوانیت پشتیان بدەیت لە زەوی، چونکە ئەوان مشتومڕی لۆژیکیت لەگەڵدا ناکەن، بەڵکو مشتومڕی ویستن و باوەڕ و هەست و سۆز و ..... ئەگەر حەز دەکەیت دەتوانیت مشتومڕیان لەگەڵ بکەیت، بەڵام دەبێت ئەوەیش قبووڵ بکەیت کە لەگەڵ ئەواندا بە هیچ شوێنێك ناگەیت.

**بیر و باوەڕیان ڕێگەپێدراو و شیاوە، بەڵام ڕێگە نادەن کە بە فیلتەرێکی مێشکیدا تێبپەڕێت**

# ئەمانە یاساکان بوون

کتـێبی (یاسـاکانی بیرکردنـەوە) بـە خـۆی و یاسـاکانی ناویـەوە بووەتـە بەشێك لەو زنجیرە کتێبەی کە کاری هەڵەچنی و ڕابەری بـۆ ڕووداوەکـانی ژیانمـان دەکـەن. یاسـاکانی نـاو ئـەم کتێبـە فـەرمان نـین، کـەس زۆرت لێناکات تا یاساکان جێبەجێ بکەیت. ئەم کتێبە وەکـو هـەموو کتێبـەکانی تر پەیامێکی هەیە، پەیامەکەشی لە پیشاندانی ئەو خوو و تایبەتمەنـدی و ڕاهێنانانـەدا خـۆی دەبینێتـەوە کـە کەسـانی دڵخـۆش و سـەرکەوتوویان بنیادناوە. کەواتە ئەگەر کار بەم یاسـایانە بکـەین و لـە ژیانمانـدا ڕەنـگ بداتەوە، ئـەوا لەڕێگـەی دڵخۆشـی و سـەرکەوتندا هـاوڕێ لەگـەڵ کاروانی ژیاندا ڕێ دەکـەین. وەکـو گوتمـان کـەس زۆرت لێنکـات تـا ئـەم یاسـایانە بەکاربهێنیت، بۆیە باشتر وایە بەکاریان بهێنیت.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# چۆنیەتی بەکارهێنانی یاساکان

لەوانەیە تاقەتی خوێندنەوەی ١٠٠ یاسات نەبێت، ١٠٠ یاسا و ڕێسا بۆ ژیانێکی خۆشتر و باشتر، لەوانەشە لێی بترسیت و نەزانی لەکوێوە دەستپێبکەیت. باشە هەر بەڕاست لەکوێوە دەستپێدەکەیت؟ لەوانەیە لەو ١٠٠ یاسایە هەندێکی بزانیت، بەلاّم چۆن دەتوانیت فێری ئەو هەموو یاسایەی تر ببیت و لە ژیانتدا جێبەجێی بکەیت؟ پێش هەموو شتێك مەترسە، فێربوون و جێبەجێکردنی ئەم یاسایانە بەزۆر نییە. هەمیشە لەیادت بێت کە هیچ کارێك بەزۆر نییە، ئەو کارەشی کە دەیکەیت لەسەر ویست و ڕازیبوونی خۆتە. کەوابێت با یاسایەکان بەشێوەیەکی وا جێبەجێ بکەین کە هەم ئاستی ویست و ڕازیبوونی تۆدا بێت و هەم لە قالبەکەی خۆیان دەرنەچن.

دەتوانیت بە دڵی خۆت لە هەر شوێنێکەوە بتەوێت دەستپێبکەیت، بەلاّم ئەگەر گوێ لە ئامۆژگاریەکانی من دەگریت، ئەوا چەند پێشنیارێکم هەیە. شەنوکەوی کتێبەکە جوان بکە و سێ بۆ چوار یاسا هەڵبژێرە کە وادەزانیت جیاوازیەکی گەورە لە ژیانتدا دروست دەکات و هەر لە سەرەتاوە حەزت لە خوێندنەوەیان بوو و سەرنجیان ڕاکێشایت.پێشنیار دەکەم لێرەدا بیاننووسیت:

بۆماوەی دوو هەفتە هێندە کاریان لەسەر بکە تا لە مێشک و دڵتا ڕەگی خۆیان دابکوتن و ئیدی ببن بە بەشێك لە سروشتت. ئەگەر بەکارێکی ئاوا هەستیت، ئەوا سوودێکی ئێجگار زۆرت بەخۆت گەیاندووە. ئێستا دەتوانیت سێ بۆ چوار یاسای تر هەڵبژێریت و لە ژیانی خۆتدا جێبەجێیان بکەیت. پێشنیار دەکەم لێرەدا بیاننووسیت:

زۆر باشە. نازانم باوەڕ دەکەیت یان نا، بەلاّم تا ئێستا زۆر باش هاتوویت. بە کاوەخۆ و ئیسراحەت کار لەسەر یاساکان بکە. خۆ کەس بەدواتەوە نییە! هیچ پێویست بە پەلەکردن و خۆتێکدان ناکات. ڕاستە ۱۰۰ یاسام نووسیەوە، بەلاّم هەمیشە بزانە کە منیش مرۆڤێکم و دەکرێت چاوم بەڕووی چەند یاسایەکدا نەکرابێتەوە، بۆیە ئەگەر یاسایەکی نوێت دۆزیەوە، یان هەستت کرد دەتوانیت یاسایەك لە یاساکان بەرەوپێشەوە ببەیت، ئەوا بێ دوودڵی دەست بە کاری خۆت بکە. تۆش دەتوانیت یاسا دابنێیت. چەند یاسایەکی لاوەکی – کە دەتەوێت لە داهاتوودا جێبەجێیان بکەیت – لێرەدا بنووسە:

دەزانیت ئەگەر یاسای نوێ بدۆزیتەوە و بە ئێمەی نەڵێیت عەیب و شوورەییە؟ بۆیە هەرکاتێك یاسایەکی نوێت دۆزیەوە ئێمەش حەزدەکەین بزانین و سوودی لێوەربگرین. ئەگەر ویستت لە لاپەڕەی فەرمی فەیسبووکەکەم بلاّوی بکەیتەوە، ئەوا زۆر خۆشحاڵ دەبم و دەتوانیت پەیوەندی بەم هەژمارەوە بکەیت: www.facebook.com/richradtemplar

# THE RULES OF THINKING
# RICHARD TEMPLAR

چەند یاسایەکی تازە و نوێ

چەند ڕێکارێک تا لەڕێیەوە زیرەکی و ژیری و دڵخۆشی دەست بەسەر تەواوی ژیانتدا بگرێت.

حەزدەکەیت ببیت بە خاوەنی بیرۆکەی تایبەت بە خۆت؟ حەزدەکەیت شێوەی کەسە سەرکەوتووەکان بیربکەیتەوە؟ لەوانەیە بەغیلی بە کەسانێک ببیەت کە هەموو جارێک خاوەنی باشترین بیرۆکەن، هەمیشە ژیرانەترین بڕیار دەردەکەن، لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا داهێنەرن و هەردەم و سات لە گۆشەنیگایەکی ئەرێنییەوە تەماشای ژیانیان دەکەن.
باشە هیچ شتێک هەیە ئەوان بیزانن و ئێمە لێی بێهەواڵ بین و نەیزانین؟ باشە با بڵێین شتێکی لەو جۆرە هەیە، ئەدی باشە ئێمە دەتوانن پەی پێببەین و فێری ئەو شتە پەنهان و نەزانراوە ببین؟ وەڵامەکە پڕ بە دەنگ هاوار دەکات و دەڵێت "بەڵێ، ئێوەش دەتوانن فێربن" تەنها پێویستان بە کتێبی یاساکانی بیرکردنەوەیە و بەس.
لە دووتوێی ئەم کتێبەدا یاساکان هەوڵدەدەن چەند شتێکتان بۆ بخەنەڕوو، ئەوانیش: چۆن ژیرانە بڕیار بدەین، کارەکان لەکاتی خۆیدا بەئەنجام بگەیەنین، لە کوێ و کەی لەگەڵ بارودۆخدا بسازێین، چۆن خۆمان لە هەڵەکردن بپارێزین، چۆن بژاردەی تر بدۆزینەوە و دروستبکەین، چۆن مێشکمان بە چالاکی بهێڵینەوە و داهێنەربین، وە هەروەها چۆن ببینە خاوەنی بیرکردنەوەیەکی تەندروست و شیاو.
بەکورتی و پوختی: لە میکانیزم و پرۆسەی بیرکردنەوەی مێشکی خۆت

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner